
# هەڵبژاردن

خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی

بڵاوکراوەیەکی سیاسی- رووناکبیرییە تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا
کە دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاوی دەکات


- دێموکراسی، حیزبی دێموکرات و هەڵبژاردن
- هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا
- هەڵبژاردنەکانی ئێران: سیاسەتی بایکۆت یان بەشداری؟
- ژنان و هەڵبژاردنەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران
- هەڵبژاردن لە پێناو پاراستنی دیکتاتۆرییەتدا
- ڕاسان و هەڵبژاردن




# هەڵبژاردن

**بڵاوکراوەیەکی سیاسی- ڕووناکبیرییە تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا**

**کە دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاوی دەکات**

**خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی**

دەستەی ئامادەکار: **دەزگای هەڵبژاردن**

سەرنووسەر: **سەلیم زەنجیری**

زمانەوانی بەشی کوردی: **شەریف فەلاح - بێهزاد قادری- جەمال فەتحی**

زمانەوانی بەشی فارسی: **شەهرام میرزایی**

دیزاینی سەربەرگ و ناوەوە: **هۆزان**

بڵاوکــراوەی هەڵبــژاردن تەنیــا لــە نێوەڕۆکــی ئــەو بابەتانــەدا بەرپرســیارە کــە بــە نــاوی «هەڵبژاردنــەوە» بــڵاو دەبنــەوە.

Email: halbijardin.pdki@gmail.com

Tel-  whatsapp: 009647508837095

Facebook: https://facebook.com/helbijardin.pdki.3

بڵاوکــراوەی «هەڵبــژاردن» چالاکییەکــی دەزگای هەڵبژاردنــی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێرانــە تایبــەت بــە پرســی هەڵبــژاردن لــە ئێرانــدا کــە هــاوکات لەگــەڵ ڕاگەیاندنــی سیاســەت و هەڵوێســتی «بایکــۆت»ی ئــەو حیزبــە لــە پێوەنــدی لــە گــەڵ بەنــاو هەڵبژاردنەکانــی جۆزەردانــی ١٤٠٠ی هەتاویــی ڕێژیمــی ئیســلامیی ئێرانــدا دەکەوێتــە بــەر دیــدی ئێــوە خوێنەرانــی هێــژا و خۆشەویســت.

سپاســی تایبەتــی هەمــوو ئــەو خۆشەویســتانە دەکەیــن کــە لــە ئامادەکردنــی ئــەو بڵاوکراوەیــەدا هــاوکار و یارمەتیدەرمــان بــوون.

پێشکەشە بە گیانی پاکی نوێترین
شەهیدی گەلەکەمان کاک «لوقمان مێهفەر» و
هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان

# پێڕست

دەستپێک
سەلیم زەنجیری ٩
دێموکراسی، حیزبی دێموکرات و دەزگای هەڵبژاردن
هەڵگورد ڕۆژهەڵاتی ١٢
حەسەن شەرەفی: ڕیفۆرمخوازان هەر ناویان ڕیفۆرمخواز بوو و هیچ نێوەڕۆکێکی ئیسلاحاتیی واقعییان نەبوو
ئا: هەڵبژاردن ٢٠
هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا
ئاگری ئیسماعیل نژاد ٢٦
انتخابات‌وساختارسیاسی،مذهبی‌وایدئولوژیک‌جمهوری‌اسلامی‌ایران
زاگروس کامار ٧٢
هەڵبژاردن چەکێکی دووسەرە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە
بۆزێ سینا ٧٦
هەڵبژاردن و نەبژاردن!
جەلیل ئازادیخواز ٨٦
انتخابات یا انتصابات؟
سعید فرجی ٩٧
هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوە غەیرە فارسەکان
زرێبار مەریوانی ١٠٢
هەڵبژاردن رووکەشێك بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم
چەنگیز سیلوانا ١١٢
ئەحزابی کوردی و پرسی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا
کۆساڵان ١١٨
پەڕاو کوردستانی: جمهوریت بوسیله شرع به گروگان گرفته شده و هر امر سیاسی را در خدمت تئوکراسی مبتنی بر نظر رهبریت

دینـــی خلاصـــه می‌کنـــد
گفتگو: شهرام میرزایی ١٢٣
هەڵبژاردنەکانی ئێران: سیاسەتی بایکۆت یان بەشداری؟
ڕۆژە مامەند ١٣٠
هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٤٠٠ لە ئێراندا
د. میرۆ عەلیار ١٣٥
ژنان و هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران
ئەڤین مستەفازادە ١٤٠
خوێندنەوەیـەک بـۆ شـانۆگەریی ئەمجـارەی ڕێژیـم لـە ژێـر نـاوی هەڵبـژاردن دا
تەیموور مستەفایی ١٥٢
«سـێ ئیسـم هـەن بـێ موسـەمما هـەر وەکـوو ئـاوی بەقـا/ تەیـری عەنقـا شـاری جابولقـا پـڵاوی خانەقـا»
مامۆستا حەسەن واژی ١٥٩
هەڵبـژاردن لـە پێنـاو پاراسـتنی دیکتاتۆرییـدا: نموونـەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران
د. ئیدریس ئەحمەدی ١٦٢
هەڵبژاردن و ئابووری
خالید دەرویژە ١٧٠
لێکدانەوەیەک لە سەر بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردن
باهۆز خۆرهەڵات ١٧٥
چۆنیەتی ئەندازیاریی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای ورمێ!
ئەلبورز ڕۆئینتەن ١٨٥
لە سەرەڕۆیی دینیدا هەڵبژاردن جێگای دەبێتەوە؟
هیوا کوردی ١٩١
دووفاقیگەری لە ڕووی دیزاینەوە: سیستەمی هەڵبژاردنی ئێران
یاسەمین عالەم، وەرگێڕان: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد ١٩٦

هەڵبژاردنی ئێران لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە
ئارش ساڵح ٢٠٨
یک نه دیگر به رژیم اسلامی ایران
چیا ارومیه ٢١٣
تحریم انتخابات و سراشیبی سقوط
علی منظمی ٢١٩
ڕاسان و هەڵبژاردن
وریا کوردی ٢٢٣

# دەستپێک

سەلیم زەنجیری

چەمکی هەڵبژاردن بە مانا جەوهەرییەکەی (ئازاد و بێگەرد) بە یەکێک لە پێشکەوتنەکانی سیستمی سیاسیی مودێڕن لە جیهانی دێموکرات و یاسامەنددا دەژمێردرێت کە سەرخستنی ئیرادەی گەل و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگای ڕەخساندنی دەرفەت و هیوای نوێییەوە گارانتی دەکات. خەڵکیش لەو کۆمەڵگایانەدا بە ئاگایی، وشیاری و حەماسەتەوە بە مەبەستی گەشەپێدان،گۆڕانکاری و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و شەرعیەتی یاسایی بە دەسەڵات دەبەخشن. بەڵام لە سیستمە دیکتاتۆرییەکاندا کە دامودەزگاکان بە دامەزراوەیی، یاسا و ڕێساکانیش ساخڵەم و نیشتمانی نین، هەڵبژاردن تەنیا مێتۆدێکی فۆڕمالیتەیە بۆ شاردنەوەی ڕوخساری دیکتاتۆرەکان لە پێناو سەقامگیرترکردنی فاشیزم و دیکتاتۆرییەت لە ژێر پەردەی دێموکراسیدا. واتە «مارک تواین» وتەنی لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا کە ئازادی نییە، ئەگەر

هەڵبژاردن و ئاکامەکەی بتوانێت ژیانی خەڵک باش و مانەوەی دەسەڵات بخاتە مەترسییەوە، قەت ڕێگا نادرێت هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت».

بێگومان وڵاتی ئێرانیش لەم چوارچێوەیە بەدەر نییە، چوونکە ستراکچێری سیاسیی ئێران لە سەر دوو بنەمای «ئیسلامییەت – ویلایەتی فەقیهی» و «کۆماری» بونیات نراوە، و ئەو دووالیزمە سیاسییە جۆرێک لە لێڵبوون و پارادۆکسی بەرهەم هێناوە، چوونکە بنەما بە ناو «کۆماری»یەکەی، تەنیا بۆ ڕەواییدان بە هێژموونیی دەسەڵاتی تێئۆکراتی و فاشیزمە مەزهەبیەکەی لە ژێر ناوی ویلایەتی فەقیهیدا هاتووەتە ئاراوە.

بەپێی ڕاڤە و شیکاریی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم، وەلیی فەقیهی ڕەوایی خۆی لە سەرەوە، واتە «خوا و ئیرادەی ئیلاهی» وەرگرتووە نەک لە سەر عەرز (دەنگی گەل)، هەروەها خەڵک و نەتەوەکانیش «ئوممەت»ی ئیسلامین نەک شارۆمەند!، «ئوممەت»ی ئیسلامیش لە ڕوانگەی ئەوانەوە، پێوانەیەکە کە تەنیا مافی پێڕەویکردن و کڕنۆشبردن لە بەرانبەر یاسا و ڕێسا دینییەکانی ئەواندا هەیە و هیچی تر!. ئا لەم سۆنگەیەوەیە کە دەبینین نەتەوە، ڕەگەز و کەمایەتییە دینی و مەزهەبیەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات دەبێ تەنیا ملکەچی بڕیارەکانیان بن، بەپێچەوانەوە بە «مولحید و موحارب» و ... هەژمار دەکرێن کە ئەمەش لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا، سەرکوت و ریئاکسیۆنی توند و هۆڤانەی بەدواوەیە. بۆیە بەپێی لێکدانەوەی سەرەتایی هەر دوو بنەماکە، مرۆڤ دەکەوێتە بیری ئەو پەندە کوردییەی کە «لەگەڵ گورگ دەخوا و لە گەڵ شڤانیش شین دەگێڕێت».

کەواتە هەڵبژاردن لە ژێر سێبەری ئەو ڕێژیمە تۆتالیتێرەدا، تەنیا بۆ خەملاندنی ویترینی نیزام و ڕووی دەرەوەی بینای سیاسیی ئەو ڕێژیمەیە و زیاتر لە چوار دەیەیە کە دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ پێشل و خەڵکی ناچار دەکرێت بە هیوا بە گۆڕانکارییەوە لەم هەڵبژاردنە موهەندیسی کراوانەدا بەشدار بن و بژاردە تێپەڕبووەکانی

نیزام لە پاڵوێنگەی وەلیی فەقیهی و شۆڕای نیگابان پەسند و لە نێوان خراپ و خراپتر یەکێکی هەڵبژێرن. دروست هەمان پێناسە کە «هانا ئارێنت» بۆ هەڵبژاردن لە حکوومەتە تۆتالیتێر و فاشیتیەکاندا دەکات و دەڵێت: «کاتێک خەڵک خراپەکە هەڵ دەبژێرن، پێیان وایە خراپەکە، هەمان حەقیقەتە و دەبێ داکۆکی لێ بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە، سەرکوتی پتری بەدواوەیە، چونکە دەرفەتی باشتر بۆ خراپتربوونی دەڕەخسێنن». نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو پۆلێنبەندییە ساختەیە، پەرەدان بە دووبەرەیی، واتە «توندئاژۆیی و ڕێفۆرمخوازی»یە لە پێناو گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردن، بەڵام لە کۆتایی هەموو خولی بەناو هەڵبژاردندا، دەست لە پێ درێژتر، دەڵێن لە «کاربەڕێکەرێک» پتر نەبووین.

بەم پێیە دوای چوار دەیە لە ئەزموونکردن و ناسینی چییەتی ئەو ڕێژیمە، ناکرێت لە هەڵبژاردنەکانی وەکوو فاکتەری گۆڕانکاری، هاتنەدی هیوا و دادپەروەری و سەرکەوتنی ئیرادەی گەل سەیر بکرێت، بەڵکوو دەتوانێت هەمدیس دەرفەتێکی لەبار بێت بۆ ڕێژیم لە پێناو خۆڕێکخستنەوەی دووبارە و تاودانی ئەسبی سەرکوت و تێرۆریزمی خۆی لەم دۆخە هەستیار و قەیراناوییەدا، بەڵام بە سەرنجدان بە زۆر هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ...، پێناچێت خەڵکی ئێران بەگشتی و ئازادیخوازان و ڕاسانیانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بەو ئاسانییە بێمافی، تاوان، جینایەت، دزی و گەندەڵی، سەرکوت و.... ئەو ڕێژیمە غەدارەیان لە بێر بچێت و بە بەشداریی خۆیان ئیعتبار، ڕەوایی و پێگەی بۆ بگەڕێننەوە. بەڵکوو دەکرێتە دەرفەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیم و نافەرمانیی مەدەنی کە باشترین و کەم تێچووترین ڕێگای خەبات لە دژی ئەو نیزامە سەرەڕۆیەیە و «نا» یەکی بەهێزی دیکەیە کە دەنگی لە هەموو کات زیاتر لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا دەبیسترێت.

# دێموکراسی، حیزبی دێموکرات و دەزگای هەڵبژاردن

هەڵگورد ڕۆژهەڵاتی



وەک زۆربەی چەمکە سیاسی و فەلسەفەییەکانی دیکە بۆ باسکردن لە دێموکراسیش دەبێ سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ یۆنانی کەونارا و دەوڵەت شاری ئاتن. «دێموکراسی لە وشەی دێمۆس demos)) بە مانای خەڵک و کراتس، یا کراسی بە مانای دەسەڵات سەرچاوە دەگرێت». لە گشتیترین پێناسەدا کە زۆر دووبارە ببێتەوە ئەو ڕستەی لینکولن سەرکۆماری پێشووی ئەمریکایە کە دەڵێت: «دێموکراسی حکوومەتی خەڵک لە ڕێگای خەڵکەوە و بۆ خەڵکە». دێموکراسیی (دەوڵەت - شار)ی ئاتن لەگەڵ ئەمڕۆدا جیاوازیەکی زۆری هەیە، بە جۆرێک کە بە دێموکراسیی ڕاستەوخۆ هەژمار دەکرا، چونکە خەڵک لە گۆڕەپانی شاردا کۆ دەبوونەوە و بڕیاری پێویستیان دەدا، نابێ لەبیرمان بچێت لەو کاتەدا بۆ بەشداربوون لەو چالاکییە سیاسییە سێ مەرجی «پیاوبوون، ئازادبوون (کوێلە نەبوون)، یۆنانیبوون» پێویست بوون. دێموکراسیی ئەمڕۆ کە بە دێموکراسیی نوێنەرایەتی

هەژمار دەکرێت کە لە دوای سەدەکانی شازدەوە کە ڕیفۆرم لە دینی مەسیحییەتدا دەستی پێکردبوو، بۆ جارێکی دیکە تۆووەکەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕوێندرا، «یەکەمجار، تۆماس هابز (سەدەی هەڤدەی زایینی) فەیلەسووفی بەریتانی چەمکی نوێنەرایەتی هێنایە ئاراوە».

دواتر لەڕێگەی زانایانی وەک جۆن لاک، ژان ژاک رۆسو، ڤۆلتر، مۆنتسکیۆ، جان ئستوارت میل و زۆری دیکە ئایدۆلۆژیی لیبراڵیزم پەرەی پێدرا و دێموکراسی وەک سیستمێک کە توانای باشتری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هەبوو وەک دار گەشەی کرد و لقوپۆی کرد تا بە ئەمڕۆ گەیشت کە بەشێکی دونیای لەژێر سێبەری خۆیدا حەواندووتەوە. دێموکراسیش وەک زۆر ئایدیای دیکە بەرهەمی گەشەی بەردەوام و چاکسازیی بەردەوامە، تەنیا بڕیارێکی سیاسی یا تیۆرییەکی دوگم نییە، بەڵکوو بە گوێرەی دۆخ و سەردەم، هەروەها کۆمەڵگەی جیاواز گۆڕانکاری بە سەر دا هاتووە. ئەمڕۆش بە گوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ئاستی جیاوازدا هاتوونەتە ئاراوە و دێموکراسیش وەک زۆربەی لایەنەکانی دیکەی ژیان بەردەوام بەرەوڕووی گرفت و تووشی تەنگ و چەڵەمەی نوێیە و هەوڵ دەدات چارەسەری نوێش بدۆزێتەوە. لە باشییەکانی دێموکراسی دەتوانین ئاماژە بە دابینکردنی ئازادیی بیروڕا و وێکهەڵکردن بکەین، کە بە بنەمای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن. گەورەترین جیاوازیی دێموکراسی لەگەڵ ئایدیاکانی دیکە، بەتایبەتی ئەو ئایدیایانەی کە یوتۆپیایەک بۆ مرۆڤ دروست دەکەن کە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و جەوهەری مرۆڤدا یەک ناگرێتەوە و وزەی زۆری مرۆڤایەتی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، دەرفەتی دیتنەوەی چارەسەری بۆ گرفتەکانە کە ئاسۆی ڕوونتر بە بەراورد لەگەڵ ئایدیاکانی دیکە بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت.

بنەمای دێموکراسیی پێشکەوتووی ئەمڕۆ خۆی لە حکوومەتی یاسا، جیاوازیی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری،

کۆنترۆڵکردنی ئەو دەسەڵاتانە بەسەر یەکتر، ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا، دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان، هەروەها هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیکدا دەبینێتەوە. «گەر قبووڵ بکەین کە دێموکراسی لە کردەوەدا بە مانای بەشداری و کێبڕکێی سیاسی ژمارەیەک لە گرووپ و ڕێکخراو بە مەبەستی وەدەستهێنانی هێز و بەڕێوەبردنی وڵات بە سیاسەت و بۆچوونی هەرکام لەم گرووپانەیە، لەو حاڵەدا حیزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن کاکڵە و چەقی ژیانی دێموکراتیک پێک دێنن.»

حیزبی سیاسی کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ژیانی دێموکراسی هەژمار دەکرێت، گرینگییەکی زۆری بۆ کۆمەڵگە هەیە، بەتایبەتی لە دۆخی کورددا کە خەبات دەکات بۆ بەدیهینانی ئازادی و ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی لە بندەستی، ئەو گرینگییە چەندپات دەبێتەوە، چونکە لێرەدا تەنیا بە دەسەڵاتگەیشتن ئامانجی سەرەکی نییە کە ئامانجی هەموو حیزبێکە لە وڵاتە ئازاد و پێشکەوتووەکاندا، بەڵکوو ڕزگارکردنی وڵات لە دەستی داگیرکەرو دیکتاتۆرەکان ئامانجی یەکەم و سەرەکییە، هەر بۆیەش حیزبەکان و بەتایبەتی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) کە هیوایەکە بۆ بەدیهاتنی دێموکراسی لە کوردستان و تەنانەت لە ئێرانیشدا ڕۆڵی گرینگیان لە سێ چارەکە سەدەی ڕابردوودا هەبووە و بەرپرسیارەتییەکی قورسیشیان لە بەرانبەر داهاتوودا هەیە.

## حیزبی دێموکرات

لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە بە ماوەیەکی کورت دوای گیرانی بێرلین و خۆکوژی هیتلێر دەرچوو، هاتووە کە «دونیای دێموکراسی سەرکەوت...... ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورە و بچووک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەربگرن و لەو بەڵێنییانەی کە بەهۆی مەنشووری مێژووی ئاتلانتیکەوە دراوە، سوود ببینن و هەڵسووڕاندنی

کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.» حیزبی دێموکرات کە بە مەبەستی بە ئەنجامگەیاندنی خەباتی نەتەوەی کورد دامەزرابوو، دوای ماوەیەکی کورت ئەستێرەی گەشی مێژووی هاوچەرخی کورد واتە (کۆماری کوردستان)ی کە زۆر نووسەر بە کۆماری میللی دێموکراتیک ناوزەدی دەکەن، دامەزراند. حیزب هەر لە سەرەتاوە خۆی لە بەرەی دونیای پێشکەوتووی دێموکراسیخوازدا زانیوە و تەنانەت لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا ئازادیی گەلی کورد هەروەک گەلانی ئازادی دیکەی دنیا بە دوای سەرکەوتنی دنیای دێموکراسیدا هیوا دەخوازێت. سەرەڕای دژواریی هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵگەی ئەوکات، بنەما گرینگەکانی دنیای دێموکراسی کە خۆی لە ڕێزگرتن لە بیر و بۆچوونی جیاواز و ئازادی سیاسی، یەکسانی، ئازادیی ڕاگەیاندن و ئاشتی و پێکەوەژیان و ... هتددا دەبینییەوە، لە پێکهاتەی حیزبی دێموکراتدا بەرجەستە بوون و بەو شێوەیە هەوڵی چەسپاندنیان لە کۆمەڵگەدا دەدرا. سەرەڕای کەمیی تەمەنی کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوای زانا و لێهاتوو، توانیان کاریگەرییەکی بێوێنە لەسەر خەباتی سێ چارەکە سەدەی ڕابردووی حیزب دابنێن، بەردەوامیی خەباتی حیزب بە مۆرکی خەبات بۆ پرسی نەتەوەیی و دێموکراسییەت بە بەشێک لەو کاریگەرییە هەژمار دەکرێن.

دێموکراسی کە بە ڕەهەندێکی ناسنامەی حیزب دادەنرێت، سەرەڕای هەوارز و نشێوی زۆر، بەردەوام هەوڵی پێشخستن و جێگیرترکردن و بە دامەزراوەکردنی دراوە. لە دوای پێشەوای نەمر، ڕۆڵی ڕێبەری مەزن دکتۆر قاسملووی نەمر، لە چەسپاندنی زیاتری ئەو دێموکراسیەتە لە ئاستی جیاوازدا بەرچاوە، ئەو کاریگەرییە وێڕای شوێندانەری لە سەر حیزب، شوێندانەرییەکی ئەرێنی لەسەر بزاڤی کورد دانا تاکوو وەک بزاڤێکی ڕەوای پێشکەوتنخوازانە لە ئاستی نێوخۆ و دونیای دەرەوە بناسرێت. ئەگەر دوای سێ چارەکە سەدە لە خەبات هەر جووڵەیەکی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا هیوا دەئافرێنێ،

**“ دێموکراسیش وەک زۆر ئایدیای دیکە بەرهەمی گەشەی بەردەوام و چاکسازیی بەردەوامە، تەنیا بڕیارێکی سیاسی یا تیۆرییەکی دوگم نییە، بەڵکوو بە گوێرەی دۆخ و سەردەم، هەروەها کۆمەڵگەی جیاواز گۆڕانکاری بە سەر دا هاتووە ”**



بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ شوێندانەریی هەوڵی ڕێبەرانی نەمر لە زیاتر چەسپاندنی دێموکراسی لە نێوخۆی حیزبدا. چونکە گەل دەبینێ ئارمانەکانی حیزب لەوانە دێموکراسی زیاتر لە جەوهەری سەر کاغەز، ڕێوشوێنێکن کە حیزب بۆ خۆی لەنێو خۆیدا بەڕێوەی دەبات. ئەم ڕاستییە بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی حیزب لەگەڵ خەڵک و ڕێبازیدا.

کۆنگرەکان لە ژیانی سیاسی و دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن، هەوڵەکانی ڕێبەری نەمر دکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی سێیەمدا بۆ پەسندکردنی پەیڕەو ئەساسنەمەیەکی نوێ بۆ ئەوەی حیزب بەرەوە بە دامەزراوەبوون بڕوات، بەرێوەبردنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی چوارەم لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەژێر سێبەری ئازادییەکی کەم ماوە کە هاتبووە ئاراوە بە مەبەستی جەختکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و بەردەوامیی خەبات و بەرگریکردن لە بەرانبەر هێرش و فەتوای جیهادی خومینی، پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکرتیک لە کۆنگرەی شەشدا کە ڕێبازێکی فیکری پێشکەوتوانەی بۆ حیزب دیاری کرد، هەروەها لە کۆنگرەی هەشتدا بە گوێرەی ئەو گۆڕانکارییەی لە سیستمی دەنگداندا دروست بوو، لە کۆنگرەی نۆیەمدا بە پەسندکردنی ڕاپۆرتێکی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی پوخت وەڵامدەرەوەی سەردەم بوو بۆ ئەوەی بە دۆست و دوژمن بسەلمێنێ کە خەبات دوای دکتۆر قاسملووش هەر بەردەوامە.

پەسندکردنی دروشمی فیدراڵی لە کۆنگرەی سێزدە، هەروەها گۆڕینی پێکهاتەی کارگێڕی لە کۆنگرەی شازدەدا، هەموو وێستگەی گرینگی نێوخۆی حیزبی دێموکراتن کە دوای باسێکی زۆر بە دەنگی کۆنگرە یەکلایی کراونەتەوە. ئەو تابلۆیە نیشان دەدات پەنابردن بۆ دەنگی ئەندامان لەنێو حیزب و پەسەندکردنی بابەتە گرینگەکان لە کۆنگرە، هەروەها هەڵبژاردنی بەردەوامی بەڕێوەبەرانی حیزب لە کۆنگرەکاندا بە بەشێکی دانەبڕاوی دێموکراسیەتی نێو حیزبی دێموکرات هەژمار دەکرێت.





**«لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە بە ماوەیەکی کورت دوای گیرانی بێرلین و خۆکوژی هیتلێر دەرچوو، هاتووە کە «دونیای دێموکراسی سەرکەوت**

لە درێژەی هەوڵەکانی حیزب بۆ پەرەپێدانی دێموکراسیەتی نێوخۆیی لە کۆنگرەی شازدەی خۆی کە بە کۆنگرەی (ڕاسانی ڕۆژهەڵات) ناوزەد کرابوو، پێکهاتەی نوێی خۆی پەسند کرد و دواتر خستییە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو پێکهاتەیە لە چەند ئاستی جیاوازی وەکوو هەڵبژێرانی لێپرسراوی حیزب بە دەنگی ڕاستەوخۆی هەموو ئەندامانی کۆنگرە، دابەشکردنی دەسەڵات، گرینگیدان بە یاساتەوەری، گرینگیدان بە پسپۆڕی، هەروەها دامەزراندنی چەندین ئۆرگانی نوێ لەوانە دەزگای هەڵبژاردن و هەروەها دەزگای چاوەدێری و بەدواداچوون بە هەنگاوێکی دیکەی حیزب بۆ پەرەدان بە دێموکراسیی نێوخۆی هەژمار دەکرێت. ئەوەی لەو بابەتەدا زیاتر مەبەستە، تیشکخستنە سەر دەزگای هەڵبژاردنە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەرەپێدانی زیاتری دێموکراسیی نێوخۆی حیزب هەیە.

## دەزگای هەڵبژاردن

دێموکراسی وەک پرۆسەیەکی بەردەوام کە هەوڵی بەرەوپێشچوون و چارەسەری گرفتەکان دەدات، زۆر بنەمای گرینگی هەیە، هەڵبژاردن یەکێک لەو بنەما گرینگانەیە کە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە. «بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەوانیش دەپارێزرێ و نیشانەی ئەم بابەتەشە کە ئەوە خەڵکن کە سیاسەتمەداران دەبێ لە بەرانبەریاندا وەڵامدەر بن.» ئەو بنەمایەش لە دێر زەمانەوە لەنێو حیزبی دێموکراتدا گرینگیی پێدراوە، لە پێکهاتەی نوێی حیزبدا کە لە کۆنگرەی شازدەدا پەسند کرا، لەژێر ڕۆشنایی ئەو گرینگیپێدانەدا دەزگایەکی تایبەت بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هەرچی باشتر، یاسایی و پرۆفیشناڵانەتری ئەو بوارە دیاری کرا.

ئەم دەزگایە کە دواتر دامەزرا لە ڕێگای ئاییننامەی تایبەت بە خۆی کە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە پەسند کراوە، لە ئاستی جیاوازدا دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە. هەڵبژاردن کە یەکێک

لە بنەما گرینگەکانی دێموکراسییە لە دنیای ئێستادا و لە ئاستی جیاوازدا وێڕای ئەوەی کە کارێکی تەکنیکیی ئاڵۆز و وردە، پێویستی بە یاسا و ڕێسای تایبەت و دادگەرانەیە، «دادگەرانەو ئازادبوونی هەڵبژاردن بەستراوەتەوە بە چونیەتیی بەڕێوەبردنی، بەو مانایە کە هەر دوەرەیەکی هەڵبژاردن بە کردەوە چۆن بەڕێوە دەچێت و لە قوناخی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران و دەستەبەرکردنی بێلایەنی و بە هەندگرتنی قانوون و دووری لە هەرچەشنە فڕوفێڵێک کە ڕاستی ئەنجامی هەڵبژاردن نەخاتە شک و گومانەوە.»

دەزگای هەڵبژاردنیش هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی لە ڕێگەی ئەو یاسایانەی کە لە ناوەندی سیاسی چ وەک ئاییننامەی دەزگا و چ وەک ڕێکارنامەی یاسایی هەڵبژاردن پەسند کران، هەوڵی داوە چۆنیەتیی باشتر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان وەک ئامانج بۆ خۆی دیاری بکات و لەو ڕێگەیەوە گرینگی بدات بە دابینکردن و پاراستنی مافەکانی دەنگدەران و دەنگوەرگران، دابینکردنی دادپەروەری و شەفافیەت لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، پارستنی ئەسڵی سەروەریی یاسا لە هەڵبژاردنەکان، بەڕێوەبردنی باشتری هەڵبژاردنەکان لەڕووی تەکنیکییەوە، هەروەها گەشەدان بە کولتووری دێموکراسی. لە یەکەمین ئەزموونی ئەو دەزگایەشدا لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب لە هەرێمی کوردستان، توانیویەتی بەشی هەرە زۆری ئەو ئامانجانە دەستەبەر بکات.

بە یاسایی و بە دامەزراوەیی بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری حیزب لەژێر چەتری دێموکراسیدا لە زۆر ڕووە گرینگی هەیە، ئەم پرسە وێڕای سەلماندنی پێشکەوتوویی حیزب، شوێندانەری لەسەر کۆمەڵگەش لە ئاستی جیاوازدا دادەنێت. ئەگەر دێموکراسی پێویستی بە کولتووری یاساتەوەری و تولێرانس هەبێت، هەبوونی ئەو بنەمایەنە لەنێو حیزبدا دەبێتە هۆی چاندنی ئەو تۆیانە لەنێو کۆمەڵگەشدا، ئەگەری سەرکەوتووانە بەڕێوەبردنی وڵات لە داهاتووی کوردستاندا لە گرەوی

بە دامەزراوەیبووندا بێت، هەبوونی دەزگای وەک دەزگای هەڵبژاردن و بەردەوام پەرەپێدانیان لەنێو حیزب، بە بناغەی دروستکردن و بنیاتنانی کولتووری دێموکراسی لە داهاتووی کوردستاندا هەژمار دەکرێت. ئەگەر دێموکراسی پێویستی بە تەمرین و فێربوونی بەردەوام بێت، ئەو قوناغەی ئێستا دەبێ بە ئەزموون و خۆپێگەیاندنی زیاتر بۆ داهاتوو.

> “
> **دێموکراسی زیاتر لە جەوهەری سەر کاغەز، ڕێوشوێنێکن کە حیزب بۆ خۆی لەنێو خۆیدا بەڕێوەی دەبات**

هەمووی ئەو خاڵانە و زۆری دیکەش هیوا لەنێو خەڵکدا دروست دەکەن کە ناوەندی شۆڕش بە بەڕێوەچوونێکی سەرکەوتوانە کە هەیەتی، داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات. پێکهاتەی نوێ بەگشتی و دەزگای هەڵبژاردن بەتایبەتی، بە نموونەی ئەو بەڕێوەبردنە سەرکەوتووە هەژمار دەکرێت. لە هەمووی گرینگتر کە خاڵە ئەرێنی و سەرکەوتووەکان باس دەکەین، بەو مانەیە نییە کە کەموکووڕی نییە یا گەیشتوون بە خاڵی کۆتایی، بەڵکوو نابێ لەبیرمان بچێت زۆربەی ئەو بابەتانەی کە باسمان کردن، بە تایبەتی دێموکراسی پرۆسەی بەردەوام و زیندوون، پێویستیان بە ڕەخنە لەخۆگرتن و پێداچوونەوەی بەردەوام و باشترکردنە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سبەینێمان لە ئەمڕۆ باشتر بێت، بەڵام ئەوەی لەلای من زیاتر بەرجەستەیە، پوتانسیلی بەهێزی حیزبی دێموکراتە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسانە بەردەوام بەرەو پێشەوە ببات.

حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ کە یۆبیلی ٧٥ ساڵەی خۆی پیرۆز کردووە، بەسەر زۆر قۆناغی ئەستەم و هەوراز و نشیودا تێپەڕ بووە، بەڵام ئەوەی وەک ڕێچکە و بەشێک لە ناسنامەی حیزب لە جەوهەری حیزبدا ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت و بڕیار و خەباتی هەبووە، پرسی نەتەوایەتی و دێموکراسیەتی نێوخۆیی دێموکراتە کە پێویستن بۆ بوون بە چوارچێوەیەک کە هیوای ڕزگاریی وڵات لەنێو کۆمەڵگە بەردەوام بگەشێنێتەوە، هێز و وزەی کۆمەڵگە ڕێک بخات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ڕەوایانە، تا خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ئامانج بگات.



حەسەن شەرەفی:

# ڕیفۆرمخوازان هەر ناویان ڕیفۆرمخواز بوو و هیچ نێوەڕۆکێکی ئیسلاحاتیی واقعییان نەبوو

## هەڵبژاردن





بەرەبەرە لە کاتی بەڕێوەچوونی سێزدەیەمین دەورەی بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران نێزیک دەبینەوە و یاسا و ڕێساکان و بەڕێوەبەرانی، هەمان یاسا و دەسەڵاتن کە زیاتر لە چوار دەیەیە بە سەر گەلانی ئێران و یەک لەوانیش گەلی کورددا سەپاون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە تا ئێستا، بە ناسینی چییەتی و نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەڵبژاردنەکانی ئەو ڕێژیمەی بە شانۆگەری وەسف کردووە و بەردەوام بایکۆتی کردووە. لەم وتووێژەدا بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراو و بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، هۆکارەکانی ئەم سیاسەتە و هەروەها هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ڕێژیم ڕون دەکاتەوە.

سەرەتا بەڕێزیان هۆکاری بەشداریکردنی حیزب لە هەڵبژاردنی

"

سەرەتای شۆڕشی (دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی) بەم شێوەیە ڕوون کردەوە:

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران لە کاتێکدا کە هێشتا ڕێژیمی نوێ بە تەواوی جێگیر نەببوو و کەش و هەوایەکی تا ڕادەیەک لەبار بۆ بەشداریی حیزب و کەسایەتییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەخسابوو، خەڵک دەرەتانی دەنگدانی ئازادانەیان لێی بەربەست نەکرابوو، ئەوەش دەرفەتێک بوو تا هەر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەک لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بن و سەنگ و قەبارەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بخەنە بەر تاقیکارییەوە. بۆیە حیزبیش لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداریی کرد و ئاکامەکەی ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو وەک کاندیدی حیزب بۆ مەجلیسی خوبرەگان لە پارێزگای ئۆرمیە هەڵبژێردرا و کاندیداکانی حیزبیش لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان توانییان دەنگی متمانەی خەڵک بۆ مەجلیس وەدەست بێنن و هەڵبژێردرێن. بەڵام بەداخەوە خومەینی بە هەڕەشە و بەربەست دروستکردن بۆ ئامادەبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێگای بەشداریی لێی بەربەست کرد و بەگشتی هەڵبژاردنەکانی مەجلسیش هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا و ڕێگە بە ئامادەبوونی کاندیداتۆرە هەڵبژێردراوەکان نەدرا.

لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە، چەندی خایاند تا نێوەرۆک و چییەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ حیزب ڕوون ببێت و بڕیاری بایکۆتی بدات، بەڕێزیان وەهای وڵام دایەوە کە، «ئەگەر مەبەست خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەوە دەبێ بڵێین هەر لە سەرەتاوە بۆیان ڕوون بوو کە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینزایی نە دەتوانێت دێمۆکراسی دابین بکات و نە دەتوانێت مافی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دابین بکات، نەک هەر دابین ناکات بەڵکوو لە دژیان دەوەستێتەوە. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردستان لەو ڕیفراندۆمەدا بەشدار نەبوون کە بەستێنی بۆ جێگیربوونی

ڕێژیمێکـی لـەو بابەتـە پێـک دەهێنـا. بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت خەڵکـی ئێرانـە بـە گشـتی چەنـد سـاڵی کێشـا تـا بەشـێک لـە حیـزب و ڕێکخـراو و کەسـایەتییەکانی ئێـران لـە نێوەرۆکـی ئـەو ڕێژیمـە بەمجـۆرە کـە هەیـە تێبگـەن. کۆمەڵانـی خەڵکیـش لـە ئێـران زۆربـەی ئێسـتا لـەو ڕێژیمـە بێـزارن و بـە وێرانکـەری ئێـران و تێکـدەری ئارامیـی ناوچـە و شـپرزەکردنی ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی ئێرانـی دەزانـن. بـە کورتـی بەپێـی لێکدانـەوەی هـەر لایـەک، بەشـێک زووتـر و بەشـێک بـە مەوداتـر لەوانـی دیکـە، نێوەڕۆکـی زاڵمانـەی ئـەو ڕێژیمەیـان بـۆ دەرکـەوت و ئێسـتا ڕوانگەیـان بەرانبـەر بـە ڕێژیـم بـە جۆرێکـی دیکەیـە».

ئۆپۆزیسـیۆنی ئێسـتا و بـە تایبەتـی لایەنـە کوردییـەکان سـەرەتا چەنـدە لەگـەڵ هەڵوێسـت و دیـدی حیـزب بەنیسـبەت ڕێژیـم «همسـویی» یـان هەڵوێسـتی هاوشـێوەیان هەبـوو یـان ناکۆکـی لـەو پێوەندییـەدا چەنـدە بـوو، پرسـیارێکی دیکـە بـوو کـە وڵامەکـەی بـەم شـێوەیە بـوو: لایەنـە کوردییـەکان هـەر لـە سـەرەتاوە بۆچوونیـان جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ بۆچوونـی حیـزب نەبـوو، بـەڵام حیـزب و ڕێکخراوەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێـران ئـەوکات بـە کەمـی لەگـەڵ هەڵوێسـتی واقیعبینانـەی حیـزب هـاوڕا بـوون و بەشـێک تەنانـەت دژایەتیشـیان دەکـرد، بـەڵام هەرچـی کات و زەمـان تێپـەڕی، پـتر بـە هەڵوێسـتی واقیعبینانـەی حیـزب ئاشـنا بـوون و تەنانـەت بەشـێکی بەرچاویشـیان دواتـر بوونـە هـاوڕا، بـە جۆرێـک ئێسـتا دان بـە هەڵـەی ئەوکاتـی خۆیـان و دروسـتیی هەڵوێسـتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دادەنێـن.

کاک حەسـەن شـەرەفی لـە وڵامـی ئـەو پرسـیارەی کـە ئایـا کایـەی ئیسـڵاحتەڵەبی - ئوسـولگەرایی لـە دیـدی لایەنـە کوردییـەکان و خەڵکـی کوردسـتان کۆتایـی پێهاتـووە، وەهـا وڵامـی دایـەوە: حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هـەر لـە سـەرەتاوە بـاوەڕی بـەوە نەبـووە کـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران ئاڵوگـۆڕ هەڵگـرە،

> **"ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینزایی نە دەتوانێت دێموکراسی دابین بکات و نە دەتوانێت مافی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دابین بکات، نەک هەر دابین ناکات بەڵکوو لە دژیان دەوەستێتەوە.**

جیا لەوەش ڕیفۆرمخوازانیش هەر ناویان ڕیفۆرمخواز بوو و هیچ نێوەڕۆکێکی ئیسلاحاتیی واقعییان نەبوو، هەر بۆیە قەت نەیانوتووە کە لە چیی کۆماری ئیسلامی نارازین و چ ئاڵوگۆڕێک پێک دێنن. تەنیا میرحوسێن مووسەوی دەیوت کە هەوڵدانمان بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خومێنییە کە ئەوەش نەک مانای ئاڵوگۆڕ نادات، بەڵکوو نیشانەی قەتیس مانەوەی ڕێژیمە لە باوەڕە دژە ئازادی، نەتەوەیی و مافە مرۆڤییەکان. بەو حاڵەش ژمارەیەکی زۆر کەم لە کوردستانیش فریوی ئەو کۆمەڵەیان خوارد کە بە کردەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە خەباتێکی جیددی دژی ڕێژیم ئەوەیان کردە بیانوو.

لە سەر هۆکاری پەیڕەوکردنی بەردەوامی سیاسەتی بایکۆت لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، بەڕێزیان وڵامیان دایەوە: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئارەزوومەند بوو کە لە ئێراندا دەسەڵاتێک لەسەر کار بوایە کە باوەڕمەند بە دێمۆکراسی بوایە و مافی نەتەوەکانی لەبەرچاو گرتبا و هەڵبژاردنەکان ئازاد بوایەن، ئەوکات هیچ لایەنێک بایکۆتی نەدەکرد، بەڵکوو بە خۆشییەوە بە پێشوازییەوە دەچوون، بەڵام لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەڵبژاردن هەر قاڵبەکەی هەیە و لە ناوەرۆکی واقیعیی خۆی بەتاڵ کراوە. بۆ کاندیداتۆرەکان شەرت و مەرجی جۆراوجۆر دانراوە و لەوەش زیاتر هەموویان لە بێژینگی دەزگا ئەمنییەتییەکان دەدرێن، تەنانەت جاری وا هەیە کەسێک لە دەورەیەک سەڵاحییەتی و شیاوبوونی تەئید دەکرێت و لە دەورەی دواتردا ڕەت دەکرێتەوە و بەپێچەوانەش، لەو ماوەیەدا چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر کاندیداتۆردا هاتووە هەر ڕێژیم دەزانێت. تەنانەت وا هەبووە کەسانی وەک ڕەفسەنجانیش سەڵاحیەتیان ڕەت کراوەتەوە، یان کەسانی دیکە کە بە ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕێژیمە گۆش کراون. باشە لە دۆخێکی وەهادا بێجگە لە بایکۆتکردن چ ڕێگایەکی دیکە بۆ «نا»وتن بەو شانۆگەرییە کە لەژێر ناوی هەڵبژاردندا





“ لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەڵبژاردن هەر قاڵبەکەی هەیە و لە ناوەرۆکی واقیعیی خۆی بەتاڵ کراوە

بەڕێــوە دەچێــت، دەمێنێتــەوە. هــەر بۆیــەش لــە ڕابــردوودا حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران، بــە قەولــی ئێــوە بــەردەوام سیاســەتی بایکۆتــی پەیــڕەو کــردووە.

بــەڵام بــا وڵامــی خەڵکــی کوردســتان بــەم بانگــەوازە سیاســییەی حیزبــی دێموکــرات لــە زاری بەڕێزیانــەوە ببیســتین کــە فەرموویــان: وڵامــی خەڵــک بــەم بانگەوازانــەی کــە تــا ئێســتا لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ هەڵبژاردنەکانــدا کــراون، بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەم هەمــوو فشــارە کــە لــە ســەریان بــووە و هەیــە، جێــگای ڕەزامەنــدی بــووە.

کەواتــە هــۆکاری بەشــداریی بەشــێکی بەرچــاو لــە خەڵــک لــەو بەنــاو هەڵبژاردنانــەدا بــۆ چــی دەگەڕێننــەوە، بــەم شــێوەیە لــە لایــەن کاک حەســەن شــەرەفی یــەوە وڵام درایــەوە، «هەلومەرجــی ژیــان لەژێــر حاکمییەتــی ڕێژیمــە دیکتاتــۆر و ســەرکوتکەرەکاندا، هێنــدێ جــار، هەندێــک کــەس ناچــار دەکات بەپێچەوانــەی مەیــل و ئیــرادەی خۆیــان کارێــک بکــەن کــە بــە دروســتی نازانــن، بــەڵام هەرچــی زەمــان تێپــەڕ دەبێــت، ژمــارەی ئەمجــۆرە کەســانەش کــەم دەبێتــەوە و ڕەوتــی بایکۆتکــردن بەرینــتر دەبێتــەوە.

بەڕێــز شــەرەفی لــە ســەر ئــەو پرســیارەی کــە بایکــۆت تــا چ ڕادەیــەک ســەرکەوتوو بــووە و بووەتــە گوتــاری هاوبــەش، گشــتگیر و کاریگــەری هەمــوو لایەنــەکان، وەهــا وڵامــی دایــەوە: بایکۆتــی هەڵبژاردنــەکان ئەگــەر پێشــتر گوتــاری گشــتگیر و بــە تــەواوی کاریگــەر نەبووبێــت کــە تــا ڕادەیــەک بــووە، بــەڵام لــە هەلومەرجــی ئێســتا و پــاش ناســیاوی زیاتــر لەســەر ماهییەتــی ڕێژیــم، خەریکــە پــتر لــە پێشــوو پــەرە دەســتێنێ و گشــتگیر دەبــێ. ئێســتا دەبینــن زۆربــەی رێکخــراوە سیاســییەکانی ئۆپۆزیســیۆن و تەنانــەت لــە کەســانی نێــو ڕێژیمیــش بــاس لــە بــێ کەڵــک بوونــی بەشــداری لــە هەلبژاردنــدا دەکــەن.

پرســیاری کۆتایــی ئێمــە لــە ســەر هەڵوێســت و سیاســەتی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــە نیســبەت ئــەم خولــەی

شانۆگەریی ڕێژیم لە ساڵی ١٤٠٠ دا بوو کە ناوبراو بەم شێوەیە وڵامی دایەوە: «هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنیا ڕواڵەتییە و لە نێوەڕۆکی هەڵبژاردنی واقیعیی بەتاڵ کراوە، هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕابردوودا ئەم شانۆسازیانەی بایکۆت کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچ شتێک لە وەزعەکە نەگۆڕاوە، من پێموایە هەڵوێستی ئەمجارەی حیزبیش هەر بایکۆت بێت و بێگومان هەڵوێستی حیزب لەو پێوەندییەدا بە زوویی ڕادەگەیەندرێت».

# هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا

ئاگری ئیسماعیل نژاد





بە تەواوی لەو باوەڕەدام کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی نە دێمۆکراتیکە و نە دەرفەتێکی سیاسییە بۆ ئەوەی چکۆلەترین مافی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات دابین بکرێت، بەڵام هەڵبژاردن لە ئێران کایەیەکی سیاسییە و ڕێژیم هەوڵ دەدات بۆ سەلماندنی ڕەوایی خۆی، خەڵک پەلکێشی سەر سندووقەکان بکات و باڵەکانی ڕێژیمیش هەوڵ دەدەن کە هەرکامەی دەنگی زیاتر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە، هەتا لە ململانێی نێوانیاندا سەربکەوێت؛ بە کورتی هەڵبژاردن لە ئێراندا جۆرێک ڕێککەوتنی سیاسیی نێو باڵەکانی ڕێژیمە، بەو مانایەی کە باڵەکانی ڕێژیم لەگەڵ یەک وا ڕێک کەوتن کە بۆ ئەوەی هیچیان لە دەسەڵات و هێز بێبەش نەبن، هەڵبژاردنێک ڕێک بخەن کە تەنیا خۆیان مافی بەشداریکردنیان تێدا هەیە و ئەو هەڵبژاردنە لە ڕاستیدا لە پێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی خۆیان و کەمتر کردنەوەی ڕێژەی خەساری ململانێی نێوخۆی ڕێژیمە. کەوایە ئێمەی دەرەوەی بازنەی

ڕێژیم تەنانەت ئەگەر یاسای هەڵبژاردنی ئەوانیش قەبووڵ بکەین، مافی ئەوەمان نییە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەین چون ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا جۆرێک دیمۆکراسی پەیمانییە کە لەو دیمۆکراسییەدا دوو بەرەی بنەماڵەی خامنەیی و خومەینی بوونیان هەیە و هەر کامەی هەوڵ دەدات بە ڕاکێشانی خەڵک بۆلای خۆی، کورسیی دەسەڵات زیاتر لەوی تریان داگیر بکات. هۆکاری تونا وتوون بوونی ئەو یارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەمای کۆماری ئیسلامی لەسەر دوو سیستەمی هەڵبژاردن و دانان دامەزراوە و هاوکات لە بەشی هەڵبژاردن، دیمۆکراسیی پەیمانی پیادە دەکەن. بۆیە ئەگەر بەوردی لەو پێکهاتەیە نەڕوانین ڕەنگە لەگەڵ ئەوەی کە بزانین هیچ دیمۆکراسییەک لە گۆڕێدا نییە، بۆمان نەچێتەوە سەر یەک کە بۆ هیچ دیمۆکراسییەک لە گۆڕێدا نییە.

سەرەڕای ئەو باسە دەبێ بڵێین کە بێگومان ئەو کایەیە کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، بە دوو مانا:

یەکەم: بنەمای ڕاکێشانی خەڵک بۆ هەڵبژاردن کە سیاسەتی گشتیی ڕێژیمە و لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا وەک بەڵگەی ڕەوایی خۆی دەستنیشانی دەکات، لەسەر پێداویستی، خواست و شوناسی جەماوەری ئێران دامەزراوە، با ئاکامی هەڵبژاردنیش لە خزمەت ئەو بابەتانەدا نەبێت.

دووەم: کاتێک بنەمای پڕوپاگەندای ڕێژیم لە هەڵبژاردندا لەسەر خواست و پێداویستیی خەڵکە، کەوایە پرۆسەی هەڵبژاردن (بەبێ ئەوەی ئاکامەکەیمان لەبەرچاو بێت) ڕاستەوخۆ کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگا و ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، بەو مانایە کە دەتوانێت قەیرانەکان زەق بکاتەوە، جیاوازییەکان مانادار بکات و زۆر دیاردەی تر کە بەپێی توانا لە خوارەوە باسی لەسەر دەکەین.

کەوایە ئێمە دەبێ باس لەسەر هەڵبژاردن لەنێو کۆماری ئیسلامیدا بکەین، بەڵام نەک بۆ ئەوەی وەک دەرفەتی سیاسی ببینین یان وەک یارییەکی دیمۆکراتیک یان نادیمۆکراتیک لێکدانەوەی لەسەر بکەین،

بەڵکوو وەک کایەیەک کە کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە دەبێ شێوازی کارتێکەرییەکەی و خەسارەکانی بدۆزینەوە و بەرپەرچیان بدەینەوە.

لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک بابەت تاوتوێ دەکەین هەتا زیاتر بۆمان ڕوون ببێتەوە کە کایەی هەڵبژاردن چ کارتێکەرییەکی لەسەر کۆمەڵگا هەیە:

## قەیران یان شەڕەدرۆزنە

یەکەم بابەت وا باشە ڕوونکردنەوەیەک لە پەیوەندی بە ناکۆکیی نێوخۆیی ڕێژیم باس بکەین، لەسەر بابەتی ناکۆکیی نێوان دوو باڵی نێو ڕێژیم زۆر جار کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکدانەوەیان ئەوەیە کە ئەم شەڕەدندووکەیەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم «شەڕە درۆزنە»یە و هیچ جێگای دڵخۆشی نییە، هەڵبەت ئەگەر لە ڕوانگەی بوون یان نەبوونی دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات سەیری ململانێی نێو ڕێژیم بکەین، بێگومان کێشەی ئەو دوو باڵە شەڕە درۆزنەیە و هیچی بۆ ئەو بوارانە لێی شین نابێتەوە.

هاوکات لە کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا، بابەتێکی تریش کە زۆر جاران دێتە ئاراوە، ئەو باسەیە کە دەوترێت باڵەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی پێکهاتەی ڕێژیم هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە و ئەوەی ئەمڕۆ ئەوانی کردووەتە لایەنی سەرەکیی سیاسیی نێو ئێران، هەبوونی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامییە. لە پەیوەندی بەو باسەشدا دەبێ بوترێت بێگومان پێگەی کۆمەڵایەتیی هیچکام لە باڵەکانی ڕێژیم لە دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیکدا، لە ئاستێکدا نییە کە بتوانن هاوشێوەی ئێستا ڕۆڵی سەرەکییان لەنێو دەسەڵاتدا هەبێت و سەرەڕای ئەوەش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێژوویەکی پڕ لە جینایەت و خوێندا هاتووەتەدی و بەرپرسان و بڕیاردەرانی هەر دوو باڵی نێو ڕێژیم، بێ جیاوازی دەستیان لە خولقانی ئەو مێژووەدا هەبووە

و ئـەوەش بووەتـە مەترسـییەک بـۆ داهاتـووی سیاسـییان لـە دەرەوەی چوارچێـوەی کۆمـاری ئیسـلامیدا و ئـەو داهاتـووە لایـان هیـچ ڕوون نییـە و ئـەوەش وای کـردەوە کـە ئـەو باڵانـەی ڕێژیـم مانـەوەی پێکهاتـەی ئێسـتای ڕێژیـم بـە تەنیـا ڕێـگا بـۆ مانـەوەی خۆیـان بزانـن و بۆیـەش ململانێـی نێوخـۆی ڕێژیـم هەیـە، بـەڵام هەتـا ئـەو جێگایـە درێـژەی هەیـە کـە پێکهاتـە گشـتییەکە تووشـی مەترسـیی تێکڕووخـان نـەکات.

کەوایـە ئاشـکرایە کـە ناکرێـت نکۆڵـی لـەوە بکەیـت کـە کەڵەوەکێشـی نێـوان باڵەکانـی ڕێژیـم هـەم لـە پێنـاو دێمۆکراسـی و مافـی خەڵکـدا نییـە و هەمیـش بـۆ هـەر دوو لایەنیـان گرینگـە کـە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری ئیسـلامیدا چالاکـی بکـەن، چـون زۆر بـە باشـی ئـاگاداری مەترسـییەکانی لاوازبـوون یـان نەمانـی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ سـەر خۆیـان هـەن.

بـەڵام پـاش ئـەو پێشـەکییەش پرسـیارێک دێتـە گـۆڕێ، ئایـا کەڵەوەکێشـی نێـو باڵەکانـی ڕێژیـم شـەڕەدرۆزنەیە؟

بـۆ وڵامـی ئـەو پرسـیارە دەگەڕێینـەوە بـۆ ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانـی ١٣٩٤ کاتێـک کـە هاشـمی لـە پەیوەنـدی بـە ڕەتکردنـەوەی «حەسـەن خومەینـی» لەلایـەن شـورای نیگەهبانـەوە ڕوو بـەو شـورایە، وتـی: «دان بـە شـیاویی کەسـێکدا ناهێنـن کـە نـەوەی ئیـمام خومەینییـە، بـۆ ئێـوە ڕەوایـی خۆتـان لـە کـێ وەرگرتـووە؟!، کـێ ئیزنـی بـە ئێـوە داوە کـە دانیشـن و چارەنووسـی مەجلیـس، حکوومـەت و شـوێنەکانی تـر دیـاری بکـەن؟!».[1]

هاشـمی لـە درێـژەی ئـەو قسـەیەیدا وتـی: «کـێ ئیزنـی بـە ئێـوە داوە کـە چـەک و تریبـۆن هـی ئێـوە بێـت؟! ئەگـەر ئیـمام خومەینـی نەبـوو، ئێسـتا هیچـکام لـەو شـتانە لـە گۆڕێـدا نەدەبـوو... خـودا لـە گوناحتـان خـۆش بێـت»[2].

هاشـمی ڕەفسـنجانی هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا، باسـی لـە ئـاژاوەی نێوخۆیـان کـرد و باسـی ئـەوەی هێنـا گـۆڕێ کـە هێندێـکک مـەلا کـە هیـچ دەسـتیان لـە «شـۆڕش»دا نەبـووە ئێسـتا دەسـتیان لـە ئاژاوەگێڕیـدا هەیـە.

ئەگـەر مـەودای پـاش ئـەو لێدوانـەی هاشـمی بکەینـەوە جەغزێـک

بــۆ کات و هەڵســوکەوتی نێــو باڵەکانــی ڕێژیــم لــە ئــەو ماوەیــەدا تاوتــوێ بکەیــن، هەڵســوکەوتیان بــەو شــێوەیە بــووە:

پێــش هەمــوو شــتێک ئــەوان لەســەر بنەمــای دوو باڵــی هەڵســوکەوتیان لەگــەڵ یــەک کــردووە و بــەردەوام هەوڵیــان داوە بــە بیانــووی جیــاواز بابەتــی دووباڵــی دووپــات بکەنــەوە و بــاس لــە ناکۆکــی، جیــاوازی و تەنانــەت کەڵەوەکێشــی نێــوان ئــەو دوو باڵــە بکــەن.

هــەر لــە پێنــاو ئــەو بەرهەمهێنانــەوەی دوو باڵیشــەش، حەســەن ڕووحانــی بابەتــی «بەرجامــی دوو» دێنێتــە گــۆڕێ، مەبەســتی ڕووحانــی لــە زاراوەی «بەرجامــی دوو» وەلانانــی ناکۆکییــەکان و ئاشــتبوونەوەی باڵەکانــی ڕێژیمــە، بــە مەبەســتی دابەشــکردنی دەســەڵات لەنێــو ئــەو دوو باڵــەدا بــوو؛ خامنەیــی بــە ڕوونــی هــەم نەهــی لــە «بەرجامــی دوو» کــرد، و هــەم بــوو بــە ڕەخنەگــری ســەرەکیی «بەرجامــی یــەک»، چــون بــەردەوام باڵــی ڕێفۆرمخــواز بەرجامیــان بــە دەســتکەوتی خۆیــان دەزانــی.

لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ بەرجامــی یەکیشــدا خامنەیــی وتــی: «بــۆ گرێبەســتی بەرجــام پەلــە کــرا»، لــەو نێوانــەدا حەســەن ڕووحانــی و محەمــەد جــواد زەریــف بــە ڕاشــکاوی بــاس لــەوە دەکــەن کــە ئــەوان لــە بابەتــی «بەرجــام»دا هیــچ هەنگاوێکیــان بــێ ڕەزامەندیــی خامنەیــی هەڵنەهێناوەتــەوە[٣].

هــەر لــە درێــژەی بابەتــی دووپاتکردنــەوەی دووباڵــی، علــی ئەکبــەر هاشــمی ڕەفســنجانی، ڕۆژی ١٣ی خەزەڵــوەری ١٣٩٥ لــە کۆبوونەوەیــەک لەگــەڵ خوێنــدکاران لــە وردانــەوەی بیرەوەرییەکانیــدا دەڵێــت: «لــە کاتــی پاڵێورانــی بەربژێــرەکان لــە ســاڵی ١٣٩٢دا، وەزیــری ئیتلاعــات بــە ئەندامانــی شــورای نیگەهبانــی وتــووە، ئــەو بەختــەی کــە لــەو ماوەیــەدا ڕووی کردووەتــە هاشــمی، ئەگــەر ئــەو بپاڵێــون، ڕیســی دە ســاڵەمان لــێ دەکاتــەوە خــوری».

وەزیــری ئیتلاعاتــی ئەوکاتــی کۆمــاری ئیســلامی، «حەیــدەر موســلحی» بــوو کــە وەک هەمــوو ئــاگادارن خامنەیــی هێنــدە بــاوەڕی پــێ هەبــوو کــە لەســەر مانــەوەی ئــەو لــە وەزارەتــی ئیتلاعــات، مەحمــوود ئەحمەدینــژاد

١٠ ڕۆژ چووە ماڵەوە و ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی ناکۆکیی نێوان ئەحمەدینژاد و خامنەیی ئاشکرا بێت.

هاشمی ڕەفسنجانی ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ مرد، هەرچەند بابەتی مردنی هاشمی دەنگۆیەکی زۆری نایەوە و لە ئاستێکی بەریندا باسی کوژرانی ئەو هاتە گۆڕێ، بەڵام محەمەد خاتەمی کە بە سەرۆککۆماری سەردەمی ڕیفۆرمخوازی ناسراوە، لە پاش مردنی هاشمی داوای «ئاشتەوایی نەتەوەیی» کرد، واتە دیسان دووپاتکردنەوەی دووباڵی و داننان بەوەی کە لەنێوان ئەو دووباڵەدا ناکۆکی و ئاژاوە هەیە، چەند ڕۆژ دوایی ئەوەی خاتەمی باسی «ئاشتەوای نەتەوەیی» کرد، عەلی خامنەیی هەمدیسان بابەتی ئاشتەوایی ڕەت کردەوە، باسی لەوە کرد کە ئەوان لەگەڵ کەسانی دژی کۆماری ئیسلامی ئاشت نابنەوە، خامنەیی باسی لەوە کرد کە ئەوان لە کەسانێک کە هاتوون «بەسیجییەکانیان ڕووت کردووەتەوە خۆش نابن»، هاوکات لەگەڵ ئەوە سادق لاریجانی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریش لەسەر باسی «ئاشتەوایی نەتەوەیی» خاتەمی وتی: «خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئاشتە و پێویست ناکات»[٤].

هاوکات لەگەڵ ئەوە لە هەڵبژاردنی خولی ١٣ی سەرۆککۆماریدا، عەلی خامنەیی بابەتی «دولت جوان حزب اللهی» هێناوەتە گۆڕێ و لە ڕاستیدا ئەو بەو چەمکە دەیەوێت جارێکی تر جەغزی خۆیی لەنێو ڕێژیم و باڵی خۆیدا دیاری بکات.

هەڵبەت لە بەرانبەردا ڕیفۆرمخوازەکان لە زاری محەمەد مووسەوی خوینیهاوە خامنەییان کرد بە هێمای قەیرانەکانی پێش دەم کۆماری ئیسلامی و خۆیان لێ بێبەری کرد.[٥]

ئەگەر بمانەوێت ئەو ناکۆکییانەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم کۆ بکەینەوە دەبێ بڵێین لایەنێک پێداگرە لەسەر ناکۆکی و جیاوازی و خوازیاری بەشداری لە دەسەڵاتە و لایەنەکەی تریش ئەوان بە خائین و کەسی نەشیاو دادەنێت و ئامادە نییە دەسەڵاتیان لەگەڵ دابەش بکات. کەوایە ئاڵۆزی و ناکۆکی لەسەر ڕێژە و ئاستی بەشداری لە

دەسەڵاتدا لەنێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە.

لە درێژەی ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی ڕێژیم پێویستە ئاماژە بە هێندێک خاڵی تری بکەین کە بۆ ڕای گشتی دەرخەری ئاستی ناکۆکییەکەیە.

بەر لە دەستپێکی فەرمیی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە خولی دوازدەدا هەتا ئێستا، خامنەیی بابەتی ئەوەی هێنا گۆڕێ کە «بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری نابێ چاو ببڕدرێتە دەرەوەی سنوورەکان»، گرینگیی ئەو قسەیە لەوەدایە کە بەرەی ڕیفۆرمخواز، لەسەر لاوازیی ئابووری و قەیرانی هەنووکەی ئابووری پێداگرن، لەسەر ئەوەی کە هۆکاری لاوازیی ئابووری هەبوونی قەیرانی سیاسی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و چالاکیی هێزی چەکدار لە ئابووریی وڵاتدایە.

خامنەیی ڕۆژی ١٠ بانەمەڕی ١٣٩٦، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کرێکاراندا، باسی ئەوەی کرد کە هێندێک لایەن باس لەسەر ئەوە دەکەن، گوایە «ئەوانن کە سێبەری شەڕیان لەسەر ئێران لا بردووە، نا ئەوان نین بەڵکوو خەڵک ئەو کارەی کردووە»، ڕوونە کە «لابردنی سێبەری شەڕ» درووشمی سەرەکیی ڕووحانی و بەرەی ڕیفۆرمخوازە و لێرەدا خامنەیی ڕاستەوخۆ هێرشی کردووەتە سەر کۆڵەکەی دیپلۆماسیی بەرەی ڕیفۆرمخواز.

لە پاش ئەو لێداوانەی خامنەیی بەرەبەرە ئاستی هێرشکردنی بەرەی ڕیفۆرمخواز بۆ سەر بەرەی بناژۆخواز بەگشتی و بۆ سەر سیاسەت و دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خامنەیی بەتایبەتی زیادی کرد و ڕیفۆرمخوازەکان بەتایبەتی ڕووحانی تەنیا هێرشیان نەدەکردە سەر پاڵێوراوەکانی سەر بە بناژۆخوازکان، بەڵکوو هێرشیان دەکردە سەر دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی عەلی خامنەیی و سپای پاسدارانیش. ڕووحانی ناڕاستەوخۆ باسی ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی کرد و ڕەخنەی توندی لە دەسەڵاتی دادوەری گرت کە سەرۆکەکەی ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەڵدەبژێردرێت.

عەلی خامنەیی لە زانکۆی ئیمام حوسێن ڕۆژی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٦ هێرشێکی توندی کردە سەر ڕووحانی و بەرەی ڕیفۆرمخواز و وێڕای ئەوەی هەڕەشەی لێکردن، پێشی وتن کە ئاگای لە خۆی بێ و «نەبێتە تەواوکەری نەخشەی دوژمنان»[٦].

ڕوونە کە هەبوونی هەڕەشەی دوولایەنە وای کردووە کە ئاستی ناکۆکیی نێو باڵەکانی ڕێژیم زیاد بکات و سنوور و کەوشەنە سیاسییەکانی نێو کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بکات.

لە کۆبونەوەی لایەنگرانی ڕووحانی لە ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٦ کە لە تاران و لە هۆڵێکی یاریگەی ئازادی بەڕێوە چوو، لەگەڵ ئەوەی کە ڕووحانی وەک چەند کۆبوونەوەی پێشووتری وتاری توندی نەدا، بەڵام چەند سنووری یاسایی نێو کۆماری ئیسلامیی شکاند کە لە هەموویان گرینگتر ئەوە بوو کە ناوی «محەمەد خاتەمی»ی هێنا، لە کاتێدا کە لە ساڵی ١٣٩٣وە، ناوهێنان لە خاتەمی قەدەغەیە و ڕووحانی بە دابی حەمەڕەزا پەهلەوی وتیشی: «هاشمی ئارام بنوو، ڕێگاکەت درێژە دەدەین»؛ ئەو هەر لەو وتارەدا باسی لە «هەڤپەیڤینی نەتەوەیی» کرد، هەڤپەیڤینی نەتەوەیی لە کاتێکدا دێتە گۆڕێ کە خامنەیی زۆر بەتوندی دوو جار ئەو پێشنیارەی ڕەت کردووەتەوە.

ئەگەر بە وردی بچینە نێو نێوئاخنی ئەو لێدوان و وتارەی کە لە پاش هەڵبژاردنی خولی ١٠ی مەجلیسەوە بەرەی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز لە دژی یەک داویانە، بە ڕوونی دەردەکەوێت:

یەکەم: ناکۆکیی نێوان باڵەکانی ڕێژیم لە ناکۆکی و جیاوازی ترازاوە و بووەتە بەشخوازی و بەشخوراوی و ئەوەش قەیرانی ناوەتەوە.

دووەم: ئاست و سنووری ئەو قەیرانەی کە لەنێوان باڵەکانی ڕێژیمدا هەیە لە سەرەوەیە و بە ئاسانی ناتوانن چارەسەری بکەن.

سێهەم: هەر دوو لایەنی نێو ڕێژیم لەسەر خواست و ویستی خۆیان سوورن و پێداگرن.

چوارەم: ڕیفۆرمخوازەکان لە ڕەخنەکانیان لە دژی بناژۆخواز هەموو بنیاتی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییان کردووەتە ئامانج و ئەو

> “
> بەپێی پێنج مادەی دەستووریی کۆماری ئیسلامی کەسانی باوەڕمەند بە ئاییینی سوننە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات ناتوانن ٥ جومگەی گرینگی دەسەڵاتداری بەدەستەوە بگرن، ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە مەزهەبی سوننە مەزهەبی فەرمیی ئێران نییە، بەڵکوو مەزهەبی ڕێگەپێدراوە لە ئێراندا



جـۆرە ڕەخنەیــش بــە مانــای ڕەخنەگرتــن لــە عەلــی خامنەیــی و وەلــی فەقێیــە، هــەر بۆیــەش عەلــی خامنەیــی لــە ئێســتادا ناتوانێــت ڕۆڵــی کۆتاییهێنــەر و بڕیــاردەری ســەرەکی لــە کێشــەکانی نێــو ڕێژیــم هەبێــت، بەڵکــوو خــۆی وەک خوڵقێنــەری کێشــەکان ســەیری دەکرێــت و ئاڕاســتەی ڕەخنــە و قەیرانەکــە ڕووی لــەوە.

پێنــج: لــە پێشــوودا وا دەرکەوتبــوو کــە پلــە هەڵبژێــردراوەکان بەجۆرێــک بــۆ ڕیفۆرمخــوازەکان بــوو و پلــە دانــدراوەکان بــۆ بناژۆخــوازەکان و لــە ئێســتادا دەرکەوتــووە کــە ڕیفۆرمخــوازەکان چاویــان بڕیوەتــە پلــە داندراوەکانیــش و لەوێشــدا بەشــیان دەوێــت.

بەپێــی ئــەو چەنــد خاڵــە، ئــەو ناکۆکییــەی ئێســتا لەنێــوان باڵەکانــی ڕێژیمــدا لــە گۆڕێیــە، شــەڕەدرۆزنە نییــە، بەڵکــوو شــەڕی مــان و نەمانــە کــە لەگــەڵ یــەک دەیکــەن و ئاشکراشــە کــە ســنوور و ئاســتی ناکۆکییــەکان بــە هیــچ شــێوەیەک کۆنتڕۆڵکــراو نییــە و لانیکەمــی هیــچ لایەنێــک هەتــا ئێســتا ئامــادە نەبــووە، لــە بەرانبــەر لایەنەکــەی تــر و لەســەر خواســتی خــۆی کورتــی بیبڕێتــەوە و بــە پاشەکشــەی خــۆی وەک پێشــووتر دەکــرا، هەنــگاو بــۆ چارەســەرکردنی ناکۆکیئەکــە هەڵێنێتــەوە، کەوایــە دەکرێــت لــە جیاتــی ناکۆکــی، بڵێیــن لــە ئێســتا لەنێــوان باڵەکانــی ڕێژیــم «قەیــران» هەیــە.

هەڵســوکەوتی ئــەم چەنــد ســاڵەی دوایــی زیاتــر لــە هەمــوو شــتێک دەرخــەری ئەوەیــە کــە ســنوورەکانی قەیرانــی نێــو باڵەکانــی ڕێژیــم ڕووی لــە زیــادی کــردووە و لــەو قۆناغــە تێپەڕیــوە کــە بتوانــن لــە ژوورە داخــراوەکان و بــە ساتوســەودایەکی بچــووک چارەســەری بکــەن.

### سەرۆککۆماری لە ئێران و هەشت قەیران_بەرژەوەندی

ململانێــی نێــو باڵەکانــی ڕێژیــم لــە ململانــێ بــۆ گۆڕینــی ئاڕاســتەی سیاســییەوە، گــۆڕدراوە بــۆ شــەڕی مــان و نەمــان، باڵــی بناژۆخــواز لــە ٢٠ ســاڵی ڕابــردوودا، هەرچــی لــە دەســتی هاتــووە، لــە دژی باڵــی ڕیفۆرمخــوازی کــردووە و ئەوانــی بــە تــەواوی لــە دەســەڵات پەراوێــز

خستووە و ڕیفۆرمخوازیش بە تەواوی هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئەو ڕەوتی نەرمینواندنە درێژە بدەن، تەنیا دۆڕاوی گۆڕەپانی سیاسیی نێو کۆماری ئیسلامی دەبن. بۆیە هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمی سەرکۆماری بۆ ڕیفۆرمخوازەکان شەڕی مان و نەمان لەنێو دەسەڵاتدایە.

ئەوەی پێی دەوترێت گەندەڵی، لەڕاستیدا تەنیا گەندەڵییەکی پێهکاتەمەندی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو زاتی پێهکاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو گەندەڵییە دامەزراوە و بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتداری بازنەیەکی تایبەتی نێو کۆمەڵگایە و ئەو بازنەیەش نەتەنیا دەسەڵات بە هی خۆیان دەزانێت و بەڵکوو لە بازنەی ئەو دەسەڵاتەدا باوەڕیان بە ئەوە هەیە کە مافی وەرگرتنی پوانی تایبەتیان دەبێ هەبێت، بۆیە لە ڕاستیدا زاتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر گەندەڵی دامەزراوە و هیچ لایەنێکی نێو کۆماری ئیسلامی لە گەندەڵیی نێو ئەو ڕێژیمەدا بێبەری نییە.

سەرەڕای ئەو دوو گرفتە پێکهاتەیی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم هەشت قەیرانی گەورەی لەسەر ڕێیە، بەڵام بەر لەوەی کە باسی هەشت قەیرانەکە بکەم، دەبێ بڵێم خاڵی هەرە گرینگ لەسەر ئەو  قەیرانانە، ئەوەیە کە بژاردەی نێو بازنەی دەسەڵاتداریی ڕێژیم نەک ڕوانگەیان لەسەر چییەتی و چۆنێتیی قەیرانەکان یەک نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیشیان لەسەر چارسەرکردنی ئەو قەیرانانە یەک ناگرێتەوە، ئەوەش وای کردووە کە ئەو قەیرانانە ناو بنێم «قەیران-بەرژەوەندی».

قەیران- بەرژەوەندی وای کردووە کە هەڵبژاردن لە پێکهاتەی ڕێژیمدا هەموو جارێک ئاڕاستەیەکی دوو جەمسەری بەخۆیەوە بگرێت:

## هەشت قەیران- بەرژەوەندی گرینگەکەی بەردەم ڕێژیم بریتین لە:

### ١- چوونە سەرەوەی تەمەنی بەڕێوەبەرانی جومگە گرینگەکانی دەسەڵاتی نێو کۆماری ئیسلامی

پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، بناغەیەکی توتالیتێری هەیە کە لە سەرەتای دامەزراندیەوە، لەنێو بازنەیەکی بچووک بەڵام باوەڕپێکراودا خولاوەتەوە، پێشووتر خاڵی هاوبەشی بەرەی یەکەمی ئەندامانی ئەو بازنیە لەوەدا بوو کە هەموویان پێش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی یان لە سەردەمی سەقامگیریی ئەو ڕێژیمەدا، تێچووی قورسیان بۆ دامەزران و مانەوەی ڕێژیم دابوو، لە ئێستادا بەرەی دووەم هاتووەتە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئەو بەرەیە کە نەک هیچ تێچوویەکی بۆ ئەو ڕێژیمە نەداوە، بەڵکوو هەرچی هەیەتی لەو ڕێژیمەی وەرگرتووە، ئەوەش ململانێی بەرەی دووەمی نێو بازنەی دەسەڵاتی قووڵ کردووەتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوە ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتداری دەیان جار بازنەی خۆی و ناوخۆی پێناسە کردووەتەوە و هەر جارێک کە بازنەی خۆی دەستنیشان کراوە، کەسانێکی گرینگ کەوتوونەتە دەرەوەی ئەو بازنەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر هەم لە دەسەڵات پەراوێز خراون و هەم ئەوەی تووشی مەرگی سیاسی یان تەنانەت مەرگی جەستەیی هاتوون، ئەو فەرهەنگەش وای کردووە کە لە بازنەی بژاردەی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ متمانەیەک لەنێوانیاندا بوونی نەبێت. کۆی ئەو دوو بابەتە قەیرانێکی بۆ کۆماری ئیسلامی ساز کردووە بە ناوی «قەیرانی جێگرەوە» واتە کاتێک مەلایەکی دەسترۆیشتوو دەمرێت، لەسەر جێگرەوەی ئەو مەلایە بەردەوام ململانێ و پەراوێزخستن و مەرگ دێتە گۆڕێ، لێرەدا مەرگی دوو مەلا بە نموونە باس دەکەم:

### یەکەم: عەباسی واعزی تەبەسی

تەبەسی لە سەردەمی ژیانیدا سێ بەرپرسیاریەتیی گرینگی هەبوو:

ئا: سەرۆکی ئاستان قودسی ڕەزەوی بوو

بێ: نوێنەری وەلی فەقێ لە پارێزگای مەشهەد بوو

سێ: سەرۆکی قوتابخانەی دینیی مەشهەد بوو

بەڵام پاش مردنی، ئەو سێ پۆستە لەنێوان سێ کەسدا بەش کرا.

### دووەم: عەلی مشکینی

عەلی مشکینی سەرۆکی مەجلیسی «خوبرەگانی ڕەهبەری» بوو

یان لە پاش مردنی عەلی مشکینی لە ساڵی ١٣٨٦ هەتا ١٣٩٥، ٥ جار سەرۆکی ئەو مەجلیسە گۆڕدراوە و لە کاتێکدا دوو جار هەڵبژاردن بۆ ئەو مەجلیسە کراوە، هەر گۆڕینێکی سەرۆکی ئەو مەجلیسەش لەگەڵ خۆی قەیرانێکی ناوەتەوە یان پیشاندەری قەیرانێکی نێو ڕێژیم بووە، بۆ ئەوەی قەیرانی باسی سەرۆکایەتیی مەجلیسی «خوبرەگان» دەرکەوێت، دەبێ بڵێین: عەلی مشکینی لە ساڵی ١٣٦٢وە هەتا ساڵی ١٣٨٦ واتە کاتی مردنی سەرۆکی ئەو مەجلیسە بوو.

## ٢- قەیرانی ڕادەستکردنی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی خامنەیی

دووەمین قەیرانی گەورەی بەردەم ڕێژیم، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی بێباوەڕی لەنێو بازنەی بژاردەی نێو دەسەڵاتی ڕێژیمدا، عەلی خامنەیی کە باوەڕپێکراوی بنەماڵەی خومەینی بوو، نەتەنیا دەسەڵاتی لەژێر چۆکی کوڕەکەی خومەینی هێنا دەرەوە، بەڵکوو کوشتیشی و بنەماڵەکەشی لە هەموو شتێک خست، ئەو ئەزموونە بۆ بنەماڵەی خامنەیی گرینگترین ئەزموونی سیاسییە، ئەوان پێیان وایە تەنیا ڕێگای مانەوەیان لە دەسەڵاتی ئێراندا ئەوەیە کە پاش عەلی خامنەیی دەسەڵات ڕادەستی کوڕەکانی بکرێت و بۆیەش ڕادەستکردنی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی خامنەیی دووەمین قەیرانی گەورەی نێو کۆماری ئیسلامییە.

### ٣- ئابووریی بەرتیلکاری

ئابووریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای بەرتیلکاری تایبەت بۆ چینی مەلا و ناوەندە ئایینییەکان، وەک بنەمای ڕاگری دەسەڵاتی ئایینیی کۆماری ئیسلامی و چینی چەکداری ڕێژیم وەک باڵی پارێزەری مەلاکان و هەروەها باڵی بەڕێوەبەریی بڕیارە ئایینییەکان دامەزراوە.

ئابووریی بەرتیلکاریی تایبەت، ئابووریی ئێرانی تووشی قەیرانێکی قووڵ کردووە و تەنیا ڕێگای دەرچوون لەو قەیرانە، لابردنی بەرتیلکاریی تایبەتە و ئەوەش بە مانای ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی ئێران ناچارە دوو کۆلەکەی مانەوەی خۆی لاواز و تەنانەت لە پەراوێز بخات.

### ٤- قەیرانی نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران پێکهاتەیەکی فرەنەتەوە و فرە ئایینە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، پەیوەندیی نێوان فارسی شیعە لەگەڵ نەتەوەکانی تر و لەگەڵ ئایینەکانی تر، پەیوەندییەکی داگیرکارانە بووە و بەردەوام هەوڵ دراوە فەرهەنگ، زمان، مێژوو، دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران بە ناوی فارس و لە پێناو فارس مۆنۆپۆل بکرێت و ئەوەش وای کردووە کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران کەلێنی زۆر قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بێت و بە شێوەیەک کە دەکرێت بڵێین لە ڕووی کەمینەی ئایینی و مافی نەتەوەکانەوە، دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران تووشی قەیرانێکی قووڵی تەناهی- سیاسی هاتووە.

### ٥- قەیرانی هەژاری

بەهۆی ئابووریی بەرتیلکارانە و بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام دەسەڵات ئاڕاستەی ئابووری بە قازانجی نەتەوەی فارس و ناوچەی فارسنشین شکاندووەتەوە، لە ئێران چینێکی بەرفراوان بە ناوی «چینی پەراوێزخراوەکان» ساز بووە و ڕێژەی ئەو چینە، لە ڕووی ژمارەوە زۆر لەسەرەوەیە و بەپێی ئاماری خۆیان، تەنیا لە تاران چوار ملیۆن کەسن.

پێنجەمین قەیرانی گەورەی بەردەم ڕێژیم، قەیرانی «پەراویزخراوەکانە» کە خۆیان «حاشیەنشین» یان «مستضعفین»ی پێ دەڵێن و دوو خۆپیشاندانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ باشترین بەڵگەن بۆ ئاستی بەرینی ئەو قەیرانە، ڕەنگە خاڵی گرینگی ئەو قەیرانە ئەوە بێت کە لایەنە سیاسییەکان گەلاڵەیەکی تایبەتیان بۆی نییە و لە بەرانبەردا سپای پاسداران هەوڵی زۆری داوە کە سەرکردایەتیی ئەو چینی نارازییە بەدەستەوە بگرێت[٧].

## ٦- قەیرانی لێککشانەوە سیاسەتی ناوچەیی

کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری «هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی» دەستی کرد بە دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا و لە ئێستادا لە دەیان ئاژاوەی ناوچەکەیدا، ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، بەڵام خاڵی جێگای ئاماژەی ئەو دەستتێوەردانە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا توانیویەتی ئاژاوە ساز بکات. بەڵام نەیتوانیوە دەسەڵاتداری بکات و ئەوەش وای کردووە کە لە باتی ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاوەنی پێگە و دەسەڵاتی سیاسی بێت، تووشی لێککشانەوەی سیاسی هاتووە، بەو مانایە کە ئەو نە دەتوانێت لە ناوچەکەدا بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێت، نە توانایی ئەوەشی هەیە لە ئاژاوەکەدا پاشەکشە بکات و هاوکات بەهۆی قەیرانی ئابووری توانای درێژەدانی ئاژاوەکانیشی نییە، بۆیە دەکرێت بڵێین کۆماری ئیسلامی تووشی لێککشانەوە لە سیاسەتی ناوچەیی هاتووە و سیاسەتی ناوچەیی توانایی هیچ چەشنە کردەوەیەکی نەماوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەش چەندین دوژمنایەتیی قووڵیشی لە ناوچەکەدا تووش هاتووە.

## ٧- قەیرانی ژینگە و ئاو

کۆماری ئیسلامی هەم لە قەیرانی کەمیی «ئاو»دایە و هەم لە قەیرانی ژینگەیی وەک خۆڵبارین و وشکبوونی تالاو و زیادبوونی بیاوان و...

ئەو قەیرانانە سەرەڕای ئەوەی کە تێچووی زۆری دەوێت بۆ

دەربازبوونــی و ئــەو تێچــووە لــە تاقەتــی ئابووریــی بەرتیلکارانــەی کۆمــاری ئیســلامی بــەدەرە، لــە ڕووی دەســەڵاتی سیاســییەوە بەشــێکی لــە چوارچێــوەی دەســەڵاتی کۆمــاری ئیســلامیدا نییــە و قەیرانێکــی ناوچەییــە و بەپێــی ئــەوەی کــە سیاســەتی ناوچەیــی کۆمــاری ئیســلامی تووشــی لێکشــانەوە هاتــووە، بێگومــان کۆمــاری ئیســلامی توانــای چارەســەرکردنی قەیرانــی ئــاو و ژینگــەی نییــە.

> ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تووشی سێ قەیرانی زۆر گەورە هاتووە کە بریتین لە: «دۆسیەی ناوکی، دۆسیەی مووشەکی و پرسی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی

## ٨- قەیرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی

ڕێژیــم لەلایــەک ئاڕاســتەی سیاســەتی ڕوو لــە ڕۆژهەڵاتــی دونیــا بەڕوونــی چیــن و ڕووســیە کردووەتــەوە و لەلایــەک ڕاســتەوخۆ دژایەتیــی بەرژەوەندییەکانــی ڕۆژئــاوا دەکات، ئــەوە وای کــردووە کــە سیاســەتی نێودەوڵەتیــی ڕێژیــم لــە قەیرانێکــی لاســەنگدا بێــت، ئــەو نــە دەتوانێــت بەتــەواوی پــاڵ بــە چیــن و ڕووســیەوە دا و نــە دەتوانێــت بەتەنیــا خــۆی جەمســەرێک ســاز بــکات یــان تەنانــەت پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ڕۆژئــاوا و بەڕوونــی ئامریــکا ئاســایی بکاتــەوە. ئێــران لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا تووشــی ســێ قەیرانــی زۆر گــەورە هاتــووە کــە بریتیــن لــە: «دۆســیەی ناوکــی، دۆســیەی مووشــەکی و پرســی هەناردەکردنــی شۆڕشــی ئیســلامی و کۆمەڵــگای جیهانــی بــەدەر لــە جەمســەربەندیی نێودەوڵەتــی، خوازیــاری چارەســەرکردنی ئــەو قەیرانانەیــە و هیــچ وڵاتێــک لــە سیاســەتی نێودەوڵەتیــدا لەســەر ئــەو پرســانە پشــتیوانی ئێــران نییــە، بۆیــەش دەتوانیــن بڵێیــن قەیرانــی سیاســەتی نێودەوڵەتــی یەکێــک لــە ٨ قەیرانــی گــەورەی بــەردەم ڕێژیمــە.

دوو جەمســەری نێــو هەڵبژاردنــی کۆمــاری ئیســلامی لەســەر هەمــوو ئــەو قەیرانانــە هــەم وەک چەندایەتــی و چۆنایەتــی و هــەم وەک چارەســەری و تەنانــەت ئاڕاســتەی بەرژەوەنــدی ناکۆکییــان هەیــە، ئــەوەش وای کــردووە هــەر کام لــە قەیرانــەکان بــۆ باڵەکانــی ڕێژیــم هــاوکات هــەم قەیــران بــن هــەم بەرژەوەنــدی و لێــرەدا دیــاردەی «قەیــران- بەرژەوەنــدی» ســەر هەڵبــدات.

قەیــران- بەرژەوەنــدی بــەو مانایەیــە کــە لەگــەڵ ئــەوەی کــە قەیرانێــک

لە گۆڕێدایە، بەڵام ئەو قەیرانە وای کردووە بەرژەوەندییەکی تایبەتیش بۆ چینی دەستڕۆیشتوو و بڕیاردەر ساز بێت، ئەو بەرژەوەندییە لەسەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی قەیرانەکە و تەنانەت پێناسەکردنی قەیرانەکە کارتێکەری و بڕیاردەر دەبێت.

لێرەدا دەکرێت بڵێین هەشت قەیران- بەرژەوەندی ئاڕاستەی ململانێی نێو پێکهاتەی دەسەڵاتداریی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکات، گرینگ نییە کێ لە سندووقی دەنگدانی ڕێژیم دێتە دەرەوە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە داهاتووی کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری ئەو هەشت قەیران- بەرژەوەندیدایە و بۆیەش چاوەڕوان دەکرێت.

## دەنگی ئەریێ و نەریێ (ئیجابی و سەلبی)





“ بەگشتی بەشدارانی هەڵبژاردن لە کوردستان لە دوو جەغزی زۆرینەیەک کە بنەمای کردەوەکانیان دەستەبەرکردنی مافی کوردە و کەمینەیەک کە دۆخی سیاسیی ئێران بۆ قازانجی خۆیان بەکار دەێنن، پێک دێنێت

بەرەی ڕیفۆرمخوازیی نێو ڕێژیم تەوەری بانگەشەی خۆی لەسەر کۆکردنەوەی دەنگی نەریێ (دەنگی سەلبی) داناوە؛

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هۆکاری گۆڕینی تەوەری بانگەشە لەلایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە چییە؟

ئەگەر مێژووی بەرەی ڕیفۆرمخوازی تاوتوێ بکەین، لەوان لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ساڵی ١٣٩٢دا بەگشتی ئامانجی سەرەکیی خۆیان لە ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییەوە گۆڕی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدارێتیدا. ئەو ئاڵوگۆڕەش ڕەوتی دووەمی ڕیفۆرمخوازیی هێنا گۆڕێ کە خۆیان پێیان دەوت "نێوانگیر"، هۆکاری سەرهەڵدانی بەرەی نێوانگیر شکست ڕیفۆرمخواز لە سیاسەتی پێشوویان بوو، بۆیە لە قۆناغی نێوانگیریدا ئامانجی سەرەکیی ئەو بەرەیە مانەوە لە بازنەی دەسەڵاتە نەک گۆڕینی بازنەی دەسەڵات یان گۆڕینی یاساکانی بازنەی دەسەڵات. لە پاش هەڵبژاردنی جۆزەردانی ١٣٩٢ و پێداگریی خامنەیی و باڵەکەی لەسەر مانەوەی «مەهدی کەڕووبی» و «میرحوسێن موسەوی» لە زیندانی ماڵەوە و هەروەها نەبەخشینی ئەو بەشە لە بەرپرسانی

ڕیفۆرمخوازی کە دەسبەسەر کرابوون، دەرکەوت کە ڕاگرتنی ئامانجی نوێی ڕیفۆرمخوازی هێندەش ئاسان نییە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی ڕەشەمەی ١٣٩٤ و ١٣٩٨دا و بە ڕێگەنەدان بە بەشداریی کەسانی وەک «حەسەن خومەینی» بۆ هەڵبژاردنی «مەجلیسی خوبرگان» دەرکەوت کە بەرەی بناژۆخواز بەگشتی و خودی خامنەیی قایل بەو ئاڵوگۆڕە نوێی نێو بەرەی ڕیفۆرمخواز نین. لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای مەرگی گوماناویی «عەلی ئەکبەری هاشمی ڕەفسنجانی» لە چەندین بابەتی وەک «بەرجام»، «بەرجامی دوو»، «ئاشتەوایی نەتەوەیی» بەرەی نێوانگیری نوێ و ڕیفۆرمخوازی پێشوو، لەگەڵ خامنەیی تێکگیران و هەر کات کە ئەوان هەوڵیان دەدا زاراوەیەکی نوێ دامەزرێنن یان دەسکەوتێکی دیپلۆماتیکی تایبەت بە خۆیان یان داخوازییەکی دیپلۆماتیکی خۆیان بێنە گۆڕێ، خامنەیی بەتوندی بەرپەرچی دانەوە و ڕێگای لێگرتن. وێڕای ئەوەی کە خامنەیی لە چەند هەڵبژاردندا هەتا ئێستا چەندین جار هەوڵی داوە کە تەستی ڕێفۆرمخوازەکان لەو بوارەدا بداتەوە، ئەوان لە هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی نەرێی خەڵکدان، هۆکاری ئەو سووربوونەی بەرەی نێوانگیر لەسەر کۆکردنەوەی دەنگی نەرێ، دەتوانێت بەگشتی ئەو چەند خاڵە بێت:

١- کۆکردنەوەی دەنگی نەرێ لە هەموو دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا باوە بەڵام لە پێکهاتەیەکی وەک کۆماری ئیسلامیدا کە پێکهاتەیەکی تۆتالیتێر و داخراوە، کۆکردنەوەی دەنگی نەرێ دەتوانێت بە مانای هەبوونی ئاڵۆزی و ناکۆکی لە پشت ڕووداوەکان بێت، واتە یەکەم مانای هەبوونی ناکۆکی لە بازنەی دەسەڵاتە، ئەو ناکۆکییە ناکرێت بە باش و خراپ دابەشی بکەین، چون وەک لە سەرەوە باسم لێ کرد، ئامانجی سەرەکیی بەرەی نێوانگیر مانەوە لە بازنەی دەسەڵاتە.

٢- وتاری ڕیفۆرمخوازی شکستی هێناوە و لە کردەوەدا ناتوانێت هیچ دروشمێکی «ئەرێ» سەر بخات، بۆ خۆپاراستن لە دانی بەڵێن و دروشمی ئەرێ تەوەری بانگەشەکەی لەسەر کۆکردنەوەی دەنگی

«نـــەرێ ″ دانـــاوە و بەهـــۆی لاوازیـــی کردەوەیـــی بـــەرەی بناژۆخوازیـــش ئـــەوان لـــە بەســـتێنەکدا بەختـــی ســـەرکەوتنیان هەیـــە.

٣- پێگـــەی کۆمەڵایەتیـــی ڕیفۆرمخـــوازان لـــە کەمیـــی داوە و ئـــەوان دەیانەوێـــت، ئـــەو بەشـــەی لـــە کۆمەڵـــگا کـــە باوەڕیـــان بـــە ڕەوتـــی ڕیفۆرمخـــوازی نییـــە و هـــاوکات لەگـــەڵ بناژۆخوازیـــش نیـــن، لـــە خۆیـــان کـــۆ بکەنـــەوە، باشـــترین ڕێـــگاش بـــۆ ئـــەوە، ترســـاندنی کۆمەڵـــگا لـــە بناژۆخوازەکانـــە.

٤: لـــە قۆناغـــی پـــاش هاشـــمی ڕەفســـنجانی بـــەرەی نێوانگیـــر یـــان هەمـــان بـــەرەی ڕیفۆرمخـــواز تەنیـــا ڕێـــگای بـــۆ مانـــەوە لـــە دەســـەڵات ئەوەیـــە بیســـەلمێنێت دەتوانێـــت دەنگەکانـــی دەرەوەی بناژۆخـــوازی لـــە خـــۆی کـــۆ بکاتـــەوە، ئەگـــەر لـــەو پرۆســـەیەدا ســـەرکەتوو نەبێـــت، بێگومـــان زۆر ئاســـانتر خامنەیـــی لـــە بازنـــەی دەســـەڵات وەدەریـــان دەنێـــت.

## پڕۆپاگاندای بناژۆخوازەکان لە هەڵبژاردندا

پڕوپاگەنـدای بناژۆخـوازەکان بـۆ ڕاکێشـانی خەڵـک بـۆ دەنگـدان دوو کۆڵەکـەی سـەرەکیی هەیـە:

١- بـــە بایەخکردنـــی هـــەژاری و دەســـتکورتی و دژایەتیکـــردن لەگـــەڵ دەوڵەمەنـــدی و دەستڕۆشـــتوویی ئابـــووری.

٢- کەڵک وەرگرتن لە خۆرافاتی ئایینی

ئیسـلامی شـێعە لـە سـەرەتاوە لەسـەر بناغـەی ئـەو دوو کۆڵەکەیـە ڕاوەسـتاوە و هەڵبژاردنەکانـی ئێـران لـە ٧٠کانـەوە ئـەو جـۆرە وتارەیـان وەلا نابـوو، ئامانجـی سـەرەکی لـە گەڕانـەوە بـۆ ئـەو دوو وتـارە بـۆ دنەدانـی چینـی هـەژاری کۆمەڵگایـە. بناژۆخـوازەکان لـەو بـاوەڕەدان کـە ئـەوان لەنێـو چینـی هـەژاری کۆمەڵـگادا دەنگـی باشـتر دێننـەوە هەتـا چینـی مامناوەنـد، دیـارە هـۆکاری جۆراوجۆریشـی هەیـە، بەگشـتی دەکرێـت ئـەو هۆکارانـە وەک هـۆی دەنگهێنانـەوەی بناژۆخـوازەکان لەنێـو چینـی هـەژاری کۆمەڵـگا لەبەرچـاو بگریـن.

١- کڕینـی دەنـگ لەنێـو ئـەو چینـەدا تێچـووی کەمـە وەک بینیـمان

لە هەڵبژاردنی خولی ١٢ی سەرۆککۆماریدا ئیبراهیم ڕەئیسی «ئارد و نەباتی موتفەرکی» وەک دیاری بۆ خەڵک دەنارد بەو شێوەیە کارتێکەریی لەسەر دەنگی چینی هەژاری شێعە مەزهەب هەیە و لە هەڵبژاردنی خولی ١٠، ئەحمەدی‌نژاد پەتاتەی لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە.

٢- ڕاگەیاندنی فارسی بەگشتی و بی‌بی‌سی بەتایبەتی لە دژی بناژۆخوازەکانە، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنانە زیاترین کارتێکەرییان لەسەر چینی مامناوەندیی ئێرانە نەک چینی هەژاری ئێران.

٣- لە چەند هەڵبژاردنی پێشوو ڕێفۆرمخوازەکان بە هێنانە گۆڕی بابەتی وەک ئازادیی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان و مافی هاووڵاتی لە هەوڵی ئەوەدان وتارێکی سیاسیی تایبەت بە خۆیان ساز بکەن و خەڵکی لە دەور کۆ بکەنەوە هەتا بەو ڕێگایە کەڵەوەکێشی هەڵبژاردن ببنەوە. لە بەرانبەردا بناژۆخوازەکان لەگەڵ ئەوەی لە ڕێگای هێندێک ناوەندی وەک شورای نیگەهبان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکەن، دەیانەوێت بە هێنانە گۆڕی بابەتی وەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی چینانەتی چینی هەژاری کۆمەڵگا لە خۆیان کۆ بکەنەوە. ڕوونە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە پاش خۆپیشاندانی ٩٨ دەتوانێت وەک گرینگترین پرسی ژیانی خەڵک سەیری بکرێت.

٤- قەیرانی ئابووری، یەکەم و بەرینترین قەیرانی ئێستای نێوخۆی ئێرانە.

لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەگەر لایەنێک بخوازێت بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنی ڕێژیم چالاکی بکات، پێویستە بەشێک لە بەرنامە و چالاکییەکانی ڕوو بە چینی هەژاری کۆمەڵگا بێت و باس لە قەیران و نەدامەتییەکانی ئەوان بکات. باسکردن لە بابەتی مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و نەبوونی هەڵبژاردنی ساغ و... بەگشتی کەڵکەڵەی چینی مامناوەندی شارییە و زیاتر ڕیفۆرمخوازەکان بنەمای پڕوپاگەنداکانیان لەسەر

**“ لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٤٠٠داشیمانەی ئەوەدەکرێت کە چینی مامناوەندی شاری بایکۆت هەڵبژێرێت، بۆیەش ئەگەری هەیە زیاتر لەهەموو پرسێک، پرسگەلی ئابووری بنەمای پڕوپاگاندای باڵەکانی ڕێژیم لە هەڵبژاردندابن**



ئـەو بابەتگەلـە دادەمەزرێنـن، بەپێـی ئـەوەی کـە لـە هەڵبژاردنـی سـاڵی ١٤٠٠دا شـیمانەی ئـەوە دەکرێـت کـە چینـی مامناوەنـدی شـاری بایکـۆت هەڵبژێرێـت، بۆیـەش ئەگـەری هەیـە زیاتـر لـە هەمـوو پرسـێک، پرسـگەلی ئابـووری بنەمـای پڕوپاگانـدای باڵەکانـی ڕێژیـم لـە هەڵبژاردنـدا بـن.

## پرسی ئابووری لە پڕوپاگەندای هەڵبژاردندا

ئابووریـی ئێـران لـە پـاش دەوڵەتـی مودێـڕن هەتـا ئێسـتا ئابوورییەکـی ڕانتیـی یەکلایەنـە بـووە. ڕانتیـی یەکلایەنـە بـەو مانایەیـە کـە بـەردەوام لــە ١٠٠ سـاڵی ڕابـردوودا نەتەوەیـەک، چینێـک و گرووپێـک لـە ئێـران لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتی تێکدانـی پێکهاتـەی ئابووریـان هەبـووە، بەرتیلیـان دراوەتـێ، بـەڵام ئـەو بەرتیلـە بـەردەوام بـە چینێکـی تایبـەت لەنێـو نەتەوەیەکـی تایبـەت دراوە، کەوایـە ئابووریـی ئێـران ئابوورییەکـی بەرتیلـکاری یەکلایەنەیـە (ڕانتیـی یەکلایەنـە).

نەتـەوەی فـارس هـەر چەشـنە پێکهاتەیەکـی ئابـووری کـە دەرهاویشـتەکەی نەبوبێتـە کەڵەکەبوونـی سـەرمایە لـە ناوچـە فارسـەکان لـە دژی بـووە و یاسـا و دەسـەڵاتی چەکـداری ڕێـگای پێنـەداوە گەشـە بـکات، دەرهاویشـتەی ئـەو بەرتیلکارییـەش بووەتـە ئـەو دیاردەیـەی کـە ئەمـڕۆ بـە زمانـی ئاکادمیـک پێـی دەڵێـن «گەشـەی لاسـەنگ»، باشـترین نموونـەی ئێسـتاش لەنێوبردنـی بـازاڕە سـنوورییەکان لـە کوردسـتان و بەلووچسـتان و سـەرهەڵدانی گەشـەی لاسـەنگ لـە ئێرانـە و ڕاکێشـانی ئـاوی کوردسـتان بـۆ ناوچـەی عەجەمسـتانە. چینـی مـەلا و پێشـنوێژانی ئایینیـی شـێعە بەهـۆی بـڕەوی قسـەیان لەنێـو خەڵکـی ڕەشـایی، بـە هەمـان شـێوە هـەر کات، ئاڕاسـتەی بـازاڕ بـە قازانجیـان نەبـووە، چەکـی حـەڵاڵ و حەرامیـان بـەکار هێنـاوە و دەیـان نموونـە هەیـە لـە حـەڵاڵ و حـەرام بوونـی شـەکر و توتـن و کۆکاکـۆلا...

چینـی دەسـەڵاتداری سیاسـیی فـارس بـە هەمـان شـێوەی ناوەنـدە قانونییەکانـی نێـو دەسـەڵات یاسـایان کردووەتـە سـەرچاوەیەکی ئابـووری بـۆ توێژێکـی تایبـەت و بـەردەوام یاسـا و ڕێسـای گۆڕەپانـی ئابووریـی

ئێرانیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیاری کردووە.

لە ئێستادا سپای پاسداران و چینی ئاخوندی شێعە، وەک دەسەڵاتێکی سیاسی، ئەمنییەتی، ئایینی و چەکداری کە هەموو بڵاڤۆکە یاساییەکانی ئێرانیان لەبەر دەستە، پێکهاتەی ئابووریی بەرتیلکاریی ئێران بەڕێوە دەبن؛ بنەمایی سەرەکیی ئەو پێکهاتەیە لەسەر دوو کۆڵەکەی شێعەگەری و فارسیگەری دامەزراوە.

هۆکاری سەرەکیی ئابووریی بەرتیلکاریی نێو ئێران دەرهاویشتەی فەرهەنگی سیاسی و هەبوونی دیاردەی نەتەوەی باڵادەست (فارس) و نەتەوەی ژێردەستە (نەتەوە نافارسەکان)، دیاردەی نەتەوەی باڵادەست و ژێردەست لە قۆناغی جیاوازیی مێژوویی دەبێتە هێز و چەکی بەرهەمهێنەوەی ئابووریی بەرتیلکاری و ئەو هێز و چەکە هەر جارێک دەکەوێتە دەست چینێکی تایبەت لە دەسەڵاتداری ئێرانی بەڵام بەهەرەی سەرەکی بۆ نەتەوەی فارسە و هیچ کات بەهەرەی بۆ نەتەوەیەکی تر نییە و نابێت.

لە ئێستادا چەقی دەسەڵاتی ئابووریی بەرتیلکاری، سپای پاسداران و مەلاکانی نێو دەسەڵاتن، یەکەمیان بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی- چەکدار و دووەمیان بەهۆی پێگەی ئاخوند لە ئایینی شێعەدا بڕەو بە ئابووریی بەرتیلکاری دەدەن، بەڵام بەرژەوەندییەکی گەورەتر لە پشت ئەو شێوە ئابوورییە هەیە، ئەو بەرژەوەندییە یان قازانجە، بەرژەوەندیی نەتەوەی فارس لە بەرانبەر نەتەوەکانی تردایە کە ساڵانێکە پێکهاتە و بناغەی ئابووریی بەرتیلکاریی ئێران دیاری دەکات، بەڵام شاراوەیە و بۆ خەڵکی نەتەوەکانی تر ڕوون نییە.

## کرێکار و کۆماری ئیسلامی

پرسی چینایەتی لە ئێران لەگەڵ ئەوەی کە ئاوێتەی چەندین پرسی تر وەک قەیرانی ئابووری و پەرەی هەژاری بووە، بەڵام چون ئابووریی ئێران ئابوورییەکی بەرتیلکارانەیە و ناوەندی بەرتیلکاریش خودی حکوومەتی ئێرانە کەوایە لەو نێوانە بابەتی چینی کرێکار وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئێران نەک وەک چینێکی سیاسی گرینگیی

هەیە لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

سەرەڕای ململانێی نێوان ئابووریی حکوومەتی و کەرتی تایبەت و بابەتی هەبوون یان نەبوونی ڕێژیمی «سەرمایەداری» لە ئێراندا.

سێ قەیرانی گەورە لەبەردەم چینی کرێکاری ئێراندایە:

١- کرێکاران ناتوانن هیچ سەندیکا و ڕێکخراوەیەکیان هەبێت و مافی ئەوەیان نییە کە لە پێناو وەرگرتنی مافەکانیان هیچ چشنە چالاکییەک بکەن؛ نەبوونی ڕێکخراوەی کرێکاری وای کردووە کە هەمیشە کرێکار دەستی لەژێر باری خاوەنکاردایە و هیچ کات ناتوانێت خاوەنکار پێملی لانیکەمی خواستەکانی خۆشی بکات.

بە کورتی نەبوونی ئازادیی سندیکایی و ڕێگەنەدان بە چالاکیی کرێکاری و داپڵۆسینی چالاکانی کرێکاری بەدەست دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وای کردووە ئەو چینە هیچ کات نەتوانێت بە لانیکەمی خواستەکانی خۆی بگات.

٢- ئابووریی ڕانتی و گەندەڵیی سیاسی، دووەم قەیرانی گەورەی بەردەم چینی کرێکارانی ئێرانە، لە ٧٠کانی کۆچی هەتاوییەوە هەتا ئێستا، سیاسەتی ئابووریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی مادەی ٤٤ی دەستووری ڕێژیم و چکۆلەکردنەوەی دەوڵەتی ئابووری و ڕێگەدان بە چالاکیی کەرتی تایبەت دامەزراوە، لە ڕێژیمێک کە گەندەڵیی سیاسی و جەغزی خۆی و ناخۆیی هەیە، کەرتی تایبەت زۆر بە ئاسانی دەتوانێت گەندەڵیی سیاسی وەک ڕەهۆڵێک بۆ خواستەکانی خۆی بەکار بێنێت و لە ڕووی یاساییەوە هەموو ڕێککەوتن، یاسا و ڕێساکان بە قازانجی خۆی بنووسێت و بە لای خۆیدا بیشکێنێتەوە، لە بەرانبەر ئەو گەندەڵییە سیاسییەدا، کاتێک کە چینی کرێکار هیچ سەندیکا و ڕێکخراوەیەکی نییە کە داکۆکیی لێ بکات، ڕوونە کە خاوەنکاری لە کەرتی تایبەتدا، هەمیشە براوەی نێو ململانێی خاوەنکار و کرێکار دەبێت.

بە کورتی گەندەڵیی سیاسی وای کردووە کە خاوەنکار هەم لە ڕووی یاساییەوە و هەم لە کردەوەدا باڵادەست بێت و هەمیشە بتوانێت

> "سێهەمین کێشەی گەورەی بەردەم چینی کرێکار لە ئێراندا، بابەتی هەبوونی کۆمپانیی ئایینی-چەکداری لە ئابووریی ئێراندایە



خواست و بەرژەوەندیی خۆی بەسەر چینی کرێکاردا بسەپێنێت.

٣- سێهەمین کێشەی گەورەی بەردەم چینی کرێکار لە ئێراندا، بابەتی هەبوونی کۆمپانیی ئایینی- چەکداری لە ئابووریی ئێراندایە. وەک ڕوونە لە ئابووریی ئێراندا، هەم سپای پاسداران وەک هێزێکی چەکداری و هەم ناوەندە ئایینییەکان کە بریتین لە مەرقەدە پیرۆزەکان و قوتابخانە ئایینییەکان، مەلا دەستڕۆیشتووەکانی نێو ڕێژیم لەژێر دەسەڵاتی چەک و ئاییندا بەشێکی یەکجار زۆر لە ئابووریی ئێرانیان لەژێر چۆکی خۆیان ناوە و دەیان کۆمپانی و ناوەندی ئابووریی جۆراوجۆریان بەدەستەوەیە.

ئەو کۆمپانییە ئایینی - چەکدارییانەی نێو ئابووریی ئێران لە چوار ڕووەوە کۆسپی سەر ڕێی چینی کرێکاری ئێرانن:

یەکەم: ئەوان هیچماڵیاتێک نادەن.

دووەم: پێگەی سیاسی- چەکداری و ئایینیی خۆیان بەکار دێنن بۆ داسەپانی بەرژەوەندیی خۆیان بەسەر هەموو بەرژەوەندییەکانی تردا کە بەرژەوەندیی چینی کرێکاریش دەگرێتەوە و ئەوان خۆیان بەشێکن لەو گەندەڵییە سیاسییەی کە لە خاڵی دووەمدا باسی کرا.

سێ: ئەو کۆمپانیانە ڕێگە لە سازبوونی ململانێی ئابووری لە ئابووریی ئیراندا دەگرن و بەو کارەش دەرفەتی کار و تەنانەت بەختی سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکار کەم دەکەنەوە.

چوار: ئەو کۆمپانیانە پێگەی ئایینی و چەکداریی خۆیان ڕوو بە جەماوەر چ وەک کرێکار و چ وەک کڕیار بەکار دێنن، بۆ وێنە زۆر جار وا نیشان دەدەن کارکردن بۆ کۆمپانییەکی سەر بە قەبری «ئیمام ڕەزا» تەنیا داهاتی ئابووریی نییە، بەڵکوو خێری ئایینی و ئاقیبەت بەخێریشی تێدایە، بەو شێوەیە بەر دەگرن لەوەی کرێکاران مافی ئابووری تەواوی پێ بدرێت، یان سپای پاسداران لە بابەتی سەرکوتی مانگرتنێکی کرێکاری تەنیا بە ڕوانگەی ئەمنییەوە سەیری ناکات، بەڵکوو بە ڕوانگەی ئەمنی- ئابوورییەوە سەیر دەکات و هەتا ڕێژەی سەرکوتەکە زیاتر بێت، قازانجێکی ئابووریی زیاتر ڕاستەوخۆ

دەکەوێتــە چنــگ ســپای پاســدارانەوە.

لــە کۆتاییــدا دەبــێ بڵێیــن دەنگــی چینــی کرێــکار بــۆ باڵێکــی تایبەتــی ڕێژیــم نییــە و هــەر دووک باڵــی ڕێژیــم لــە هەڵبژاردنــی ئێــران زیاتــر بــە شــێوازی دەنگــی نــەرێ هــەوڵ دەدەن کرێــکاران بەشــداری هەڵبــژاردن بــن و وەک چینێــک هیــچ کات ناتوانــن لــە هەڵبژاردنــدا بەرژەوەندییەکانــی چینــی خۆیــان لەبەرچــاو بێــت و بەپێــی ئــەو بەرژەوەندییانــە بڕیــار بــدەن.

## کۆماری ئیسلامی و باوەڕمەندانی سوننە مەزهەب

لــە چەنــد دەیــەی ڕابــردوودا کۆمەڵــگای ســوننە مەزهەبــی ئێــران کۆمەڵگایەکــی سیاســی بــووە و چەندیــن ڕێکخــراوەی جۆراوجــۆر بــۆ کۆکردنــەوەی ئــەو کۆمەڵگایــە دامــەزراوە و هەرچەنــد لەنێــو ڕێکخراوەکانــدا جیاوازیــی زۆر هەیــە، بــەڵام ئامانجــی ســەرەکی ئــەوە بــووە کــە خەڵکــی ســوننە مەزهــەب لــە پێنــاو بەرژەوەندیــی خــۆی کــۆ بکاتــەوە. خاڵــی گرینگــی ئــەو باســە لــە ململانێــی نێوخــۆی ڕێژیمــدا ئەوەیــە کــە کەمــتر بناژۆخــوازەکان خۆیــان ســەرقاڵ دەکــەن بــەوەی کــە دەنگــی ســوننە مەزهــەب کــۆ بکەنــەوە. هەڵبــەت ســوننە مەزهــەب بــوون لــە ئێرانــدا لەلایــەن دەســەڵاتدارانەوە وەک پرســێکی تەناهــی ســەیری دەکرێــت، بۆیــەش ڕەنگــە ئــەوە هۆکارێــک بێــت بــۆ ئــەوەی هیــچ لایەنێــک خــۆی زۆر بــۆ دەنگــی ســوننەکان مانــدوو نــەکات. وەک ڕوونکردنــەوە پێویســتە لــە ڕووی یاساییشــەوە ســەیرێکی پێگــەی کەســانی ســوننە مەزهــەب لــە دەســتووری کۆمــاری ئیســلامیدا بکەیــن.

بەپێــی مــادەی ٩ی دەســتووری (یاســای بنەڕەتــی) کۆمــاری ئیســلامی، مەزهەبــی فەرمیــی ئێــران شــێعەی دوازدە ئیمامییــە. بەپێــی مــادەی ٩١ی هەمــان دەســتوور، دەبــێ ٦ مــەلای ئەندامــی شــورای نیگەهبــان «موجتەهــد» (مجتهد) لــە ئایینــی شــێعە بــن، لــە مــادەی ١٠٩ی هەمــان مــەرج بــۆ «ڕەهبــەر» دیــاری دەکرێــت و لــە مــادەی ١١٥ بەڕوونــی مەرجــی شــێعەبوون بــۆ ســەرۆککۆماری دانــراوە و لــە مــادەی ١٥٧دا مەرجــی «موجتەهد»بــوون لــە ئایینــی شــێعەدا بــۆ ســەرۆکی دەزگای داد دیــاری

کراوە و لە مادەی ١٦٢ مەرجی «موجتەهد»بوون بۆ سەرۆکی «دیوانی عالی»ش دیاری کراوە.

بەپێی پێنج مادەی دەستووریی کۆماری ئیسلامی کەسانی باوەڕمەند بە ئاییینی سوننە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات ناتوانن ٥ جومگەی گرینگی دەسەڵاتداری بەدەستەوە بگرن، ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە مەزهەبی سوننە مەزهەبی فەرمیی ئێران نییە، بەڵکوو مەزهەبی ڕێگەپێدراوە لە ئێراندا.

ئەوەی کە بە یاسا ڕێگا لە بەرپرسیاریەتیی کەسانی سووننە مەزهەب گیراوە، وای کردووە کە لە کردەوەشدا ژیان و چارەنووسی ئەوان لەگەڵ کەسانی شێعە مەزهەب جیاواز بێت. لەو بوارەدا دەکرێت بڵێین: لە پاش شۆڕشی ئیسلامی و لە سەردەمی دەوڵەتی کاتبەڕێکەر، برایم یوونسی لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ هەتا پووشپەڕی ١٣٥٨ پارێزگاری سنە بووە، کە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەو پارێزگایە لە ڕاستییدا شەڕی سنە بوو کە لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەستی پێکرد و دواتر بە نەورۆزی خوێناوی ناسرا.

لە پاش برایم یوونسی هیچ کوردێکی سوننە و هیچ سوننە مەزهەبێک لە کۆماری ئیسلامیدا، وەک پارێزگار هەڵنەبژێردراون و لە پاییزی ساڵی ١٣٩٢ لە کۆبونەوەی ناساندنی پارێزگاریی پارێزگای سنە، عەبدلرەزا رەحمانی فەزلی، وەزیری نێوخۆ وتی: ئێمە کەسێکی کوردی شیاوی ئەو پلەیەمان دەست نەکەوتووە، دەنا کوردمان دادەنا. (دیارە مەبەستی ئەوە بوو کە لە کوردی شێعە و سوننە کەسی شیاویان بۆ پەیدا نەبووە).

لە ماوەی ٤٢ ساڵی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، یەک کەسی باوەڕمەندی سوننە مەزهەب بە ناوی ساڵەی ئەدیبی، خەڵکی سنە وەک باڵوێزی کۆماری ئیسلامی هەڵبژێردراوە، ئەدیبی لە ساڵی ١٣٩٤ وەک باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە ویێتنام هەڵبژێردرا، هەڵبژاردنی ئەدیبی لەلایەن دەزگا هەواڵنێرییە فارسییەکان دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری هەبوو و فارسەکان ئەو کارەیان وەک دەستکەوتێک بۆ

سوننە مەزهەبەکان دادەنا و زۆر زیاتر لە پێگەی باڵوێزخانەکە، سوننە مەزهەببوونی ئەدیبی بوو بە بابەتی هەواڵ و لێکدانەوە.

هەتا ئێستا ١٣ دوڵەت و شووڕایەکی شۆڕش لە کۆماری ئیسلامیدا دەستبەکار بوون کە یەک لەو دەوڵەتانە، دەوڵەتی کاتبەڕێکەر بووە، لە هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا هیچ باوەڕمەندێکی سوننە مەزهەب وەک وەزیر یان جێگری وەزیر یان جێگری سەرۆککۆمار یان جێگری سەرۆکوەزیران هەڵنەبژێردراون.

> تاران تەنیا پایەتەختێکی جیهانە کە مزگەوتی سوننە مەزهەبی لێ نییە

تاران تەنیا پایەتەختێکی جیهانە کە مزگەوتی سوننە مەزهەبی لێ نییە و باوەڕمەندانی سوننە مەزهەب لە تاران بە شێوەی نایاسایی نوێژی هەینی دەکەن.

## سیمای داگیرکەر لە کوردستان

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر ئەوەیە کە بەرژەوەندیی تایبەت بۆ لایەن، چین یان بازنەیەک لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی دەخوڵقێنێت، بەو مانەیە کە هەر دەسەڵاتێک کە دیکتاتۆر یان سەرتر لە دیکتاتۆر، واتە تۆتالیتێر بێت، لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بە ئامانجی دابینکردنی هێزی باوەڕپێکراوی خۆی، بەرژەوەندیی تایبەت بۆ چینێک، لایەنێک یان بازنەیەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگا دەخوڵقێنێت و دابین دەکات. ئەو چینە ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتیی دیکتاتۆر بۆ خۆی قایل دەبێت، بۆ وێنە دەسەڵاتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی هەموو بەرژەوەندییەکانی چینی ئاخوند بە باشی دابین دەکات، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئاستێک کە ئاخوندێک کە یاسای کۆماری ئیسلامی بە تاوانباری دەزانێت و دەبێ سزا بدرێت، لە دادگایەکی تایبەت دادگایی دەکەن، نەک لە دادگا گشتییەکان کە خەڵک لەوێ دادگایی دەکرێت.

کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەرژەوەندیی بۆ چینێک لە دەرەوەی بازنەی جاشی چەکدار خولقاندووە، بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ دەسەڵاتداریێتی لە کوردستان کۆمەڵێک بەرژەوەندیی

تایبەتی سنووردار بۆ بازنەیەکی زۆر بچووک لە خەڵکی کوردستان دابین کردووە، ئەو بەشە کە دەکرێت وەک دەسندەخۆرەکانی پاشخانەی کۆماری ئیسلامی ناویان لێ نین، ڕۆڵی بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەگێڕن بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی لە بری ئەو بەرژەوەندییە تایبەتانەی کە بۆ ئەو چینە دابین کراوە، درێژەی دەسەڵاتداریی خۆی لە کوردستان دابین دەکات. ئەگەر بمانەوێت ئەو بابەتە ڕوونتر بکەینەوە، دەبێ بڵێین ئەو بازنەیە لە کۆمەڵگای کوردستان کە لەوانەیە جاشی چەکداریش نەبن، بەڵام هاوکات هەم جاشێتی باو دەکەن و لە شێوەی «دژەبایەخی» دەردێنن، بۆ ئەوە خەڵکێکی زیاتر بۆ لای کۆماری ئیسلامی رابکێشن و هەم ئەوەی خۆیان دەکەن بە دەمڕاستی کۆمەڵگای کوردستان و ئاستی خواست و ویستی کۆمەڵگای کوردستان لە بەرانبەر داگیرکەردا دادەبەزێنن.

ئەو چینە کە زۆربەیان وەک بژاردەی کۆمەڵگای کوردی سەیریان دەکرێت، لە ڕووی توانای تاکەکەسی و ئابووری بەرچاون و لە کۆمەڵگادا دەبیندرێن و بەردەوامیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە زەق دەکرێنەوە و تەنانەت دەزگا ئەمنییەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە پێگەی جەماوەری بۆ ئەو کەسانە پەیدا بکەن و لەنێو خەڵکدا خۆشەویستیان بکەن؛ بۆ وێنە کاتێک کە کەسێک لەسەر کوردایەتی دەگرێت، زۆر جار «ئیمام جومعەکان» بە تەلەفۆنێک دەبنە هۆی ئەوەی کە بنەماڵەی کەسی دەسبەسەرکراو هەواڵێک لەو کەسە لێ بزانێت یان ئەوەی پەیوەندییەکی چەند چرکەیی لەگەڵ بگرن، لێرەدا ئەو بنەماڵەیە بەهۆی زەختێکی زۆری دەروونی کە لەو کاتەدا لە سەریانە، بەو کارە بچووکە بەتەواوی دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو ئیمام جومعەیە پیاوێکی باشە و ئاسانکاری بۆ کردوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئیمام جومعەکە بەڕێوەبەری سیاسەتی ئەو ڕێژیمەیە کە بەناحەق کوڕ یان کچی ئەو بنەماڵەی دەسبەسەر کردووە و ئەگەریش ڕزگارکردنی بنەماڵەکە لە دڵەڕاوکێ

بە پیاوەتی دانێین، ئەوە دەچێتە خانەی ڕێژەی باوەڕپێکراوی و جاشێتیی ئیمام جومعەکە، چون ئەو دەزگا ئەمنییە ئەو کارەیان کردووە، هەتا ئەو جاشەیان پێگەی کۆمەڵایەتی پەیدا بکات و بە سۆنگەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەوە بتوانێت ئامانجەکانی ڕێژیم باشتر دابین بکات. کەوایە ئەگەر جاشێک، کەسێکی نیشتمانپەروەری پێی ئازاد بکرێت، یان بتوانێت هەواڵێک لە کەسێک بزانێت، ئەوە نیشانەی باشبوونی نییە، بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە هێندە خائینن و جاشەکە توانیویەتی بازنەی ئەو قسەیە کە دەڵێن «جاشەکان سەد کەسیان پێ بەگرت دەدرێت، بەڵام کەسێکیان پێ ئازاد ناکرێت» ببڕێت و ببێتە باوەڕپێکراوی داگیرکەر.

لەو بەشەدا ئەوە بڵێم لە بابەتی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، ئێمە کەمینەیەک کە دەکرێت وەک بژاردەی کۆمەڵگای کوردیش سەیریان بکەین، لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوەن، ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ زۆرینەی خەڵک بە وادە و بەڵێنیی درۆیینە بەرەو دەنگدان و یان بۆ ئامانجەکانی تری ڕێژیم هان دەدەن، ئەوان کوردبوونی خۆیان دەکەن بە هەوێنی ئەوەی خەڵک فریوی داگیرکەر بخۆن و پێملی خواستێکی ڕێژیم بن، بێگومان ئەو کەمینەیە هەمان سیمای داگیرکەر لە کوردستانن، بۆیە لە باسی کردەوەی ئەواندا دەبێ چالاکییەکانیان بۆ هاندانی خەڵک بخەینە بابەتی جاشێتییەوە، کەوایە هەموو ئەو کەسانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەشداری دەکەن جاش نین، بەڵام ئەو بژاردانەی کۆمەڵگای کوردی کە بە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان بە دوای دابینکردنی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، ئەوانە نەک ئەوەی جاشن، بەڵکوو سیمای شاراوەی داگیرکەر لە کوردستان دان و کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەری عەجەمن.

“ هەموو ئەو کەسانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەشداری دەکەن جاش نین، بەڵام ئەو بژاردانەی کۆمەڵگای کوردی کە بە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان بە دوای دابینکردنی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، ئەوانە نەک ئەوەی جاشن، بەڵکوو سیمای شاراوەی داگیرکەر لە کوردستان دان و کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەری عەجەمن.



**«بژاردەی نێوخۆیی کورد»**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام، لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات بابەتێک هاتە گۆڕێ کە پێیان دەوت: «بژاردە یان نوخبەی نێوخۆی کوردستان»، لێرەدا مەبەست ئەوە بوو هەموو لایەنێک چ ئەوانەی لە دەرەوە دەژین و چ ئەوانەی لە نێوخۆ دەژین، بێدەنگ بن و قسە نەکەن و لەسەر هەرچی باس و بابەتی پەیوەندیدار بە کوردستانە، جڵەوی کار بسپێرن بە هێندێک کەس کە خۆیان ناو ناوە «بژاردە» و ئەو بژاردانە لە نێوخۆی کوردستان دەژین و چون لەوێ دەژین، کەوایە مافی تەواویان هەیە چارەنووسی کوردستان دیاری بکەن.

بەگشتی بژاردەکان ئەوانە بوون، پارلەمانکارە لێکەتووەکانی پێشوو، هێندێک کەسی کە هەموو ئەزموونیان چەند ساڵ ڕۆژنامەنووسی لە گۆڤارە خوێندکارییەکان و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بوو، بەڵام خاڵی زەقیان هەبوونی بڕوانامەی زانکۆ بوو.

ئەوان بە مافی خۆیانیان دەزانی کە ئەو باسانە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بێنە گۆڕێ:

١- هەموو دەنگەکانی نێوخۆ کپ بێت یان کپ بکەن چون تەنیا ئەوان کاریان لەدەست دێت.

٢- دەنگەکانی دەرەوەی جوغرافیای ڕۆژهەڵات هیچ ڕەواییەکان نییە چون ئەوان لێرە نین هەتا بزانن چی بکرێت و چی نەکرێت.

٣- هیچ بژاردەیەک بە غەیرە ڕیفۆرمخوازی بۆ کێشەکانی کوردستان نییە و بەڵگەشیان بۆ ئەو باسە ئەوەیە کە لە سەردەمی سەروکلاوی سەرۆککۆمارە ڕیفۆرمخوازەکاندا ڕێگا بە خوێندنی زمانی کوردی دراوە.

٤- ئەو تاقمە سەرەڕای شەڕەپلار و بێڕێزیکردن بەم و بەو خۆیان ئیجازە بە خۆیان دەدەن لەسەر هەموو بابەتی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە قسە بکەن و پێیان وایە تەنیا سەرچاوەی خاوەن شەرعییەتن.

لێرەدا چەند بابەت بە پێویست دەزانم بیر ئەو کۆمەڵە بژاردەیە بخەمەوە:

١- لە بازنەی بژاردەی کوردستان ڕێژەیان کەمتر لە ١٠ لەسەدی بژاردەی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە بەرچاون، ئەوەیە ڕاگەیاندنیان بەدەستە و بێ ئەوەی ترسیان لە گرتن و کوشتن هەبێت، لە چوارچێوەی دەستوور و وتاری کۆماری ئیسلامیدا چالاکی دەکەن.

٢- بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەوترێت و دەنوسرێت ئامانجی سەرەکیی وتاری ئەو تاقمە ئەوەیە خواستی کورد بێننە چوارچێوەی دەستووری کۆماری ئیسلامییەوە و هیچ کات گەڵالەیان نەبووە بۆ ئەوەی دەستووری کۆماری ئیسلامی بەپێی خواستی کورد بگۆڕن، واتە وتاری ئەوان هێنانە خوارەوەی ئاستی خواستەکانی کوردە نەک بەرفراوانکردنی چوارچێوەی دەستووری کۆماری ئیسلامی.

٣- بنەمای کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵە لەسەر خواستی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان دامەزراوە، بەڵام کاتێک ئەو خواستە کۆمەڵایەتییە وەردەگێڕنەوە سەر خواستی سیاسی، ئاستی خواستە سیاسییەکە دادەبەزێنن بۆ هێندێک خواستی لۆکاڵی.

٤- هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو ساڵانەی دوایی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە پەیوەندی بە کورددا پێک هاتووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی سیاسەتی گشتیی ڕێژیم نەک سیاسەتی باڵێکی ڕێژیم. بۆ وێنە ئەگەر خوێندن بە زمانی کوردی بکەین بە مێعیارێک کە گوایە ڕووحانی هێناویەتی، پرۆسەی دانانی کۆرسی «زمان و ئەدەبیاتی کوردی» لە زانکۆی سنە بەو شێوەیە بوو:

یەکەم: لەلایەن شورای باڵای ئەمنییەتی نەتەوەیی بڕیاری لەسەر درا نەک لەلایەن سەرۆککۆماری یان ئەنجومەنی وەزیران یان تەنانەت «شورای شۆڕشی فەرهەنگی»یەوە. دووەم: تەنیا ڕێگە بەوە دراوە کە زمانی کوردی لە زانکۆی سنە بخوێندرێت، ئەوەش جۆرێک سنووردارکردنی خواست و ویستی فەرهەنگی لە کوردستانە.

سێهەم: کاتێک زمانێک تەنیا ڕێگای خوێندنی لیسانسی پێ دەدرێت و هیچ بازاڕی کارێکیشی بۆ دابین ناکرێت، بێگومان پاش چەند ساڵی تر بابەتی کەمیی داخوازیکاریش دێتە گۆڕێ بۆی و

ئیتر ئەگەر دوو خول دەرچووانی ئەو کورسە هیچ کارێکیان نەبوو، ڕێژەی داخوازی دێتە خوارەوە. باشە لیسانسی زمانی کوردی لە کوێ کار بکات؟ لە قوتابخانە کە ڕێگەی نادەن، ئەوەی کە ئێستا وەک ڕێنووسی زمانی کوردی لە قوتابخانە دەوترێتەوە، هەر بەو مامۆستایانەی کە ئێستا هەن ڕێک دەخرێت و پێویست بە کارناس ناکات، هەموو ئیدارەکانی ڕێژیمش بە زمانی فارسییە و پێویستیان بە کارناسێکی زمانی کوردی نییە، کەوایە خۆی لە خۆیدا ئەو کورسە پاش چەند ساڵێک مەحکووم بە مەرگە.

ڕەنگە بابەتێکی تر باسی لێ بکرێت بەرپرسی کورد لە ئاستی فەرماندار لە شارەکانی کوردستانە! کاکی برام، ئەو کارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لەسەر ڕۆژژمێری دانێی ڕێککەوتەکەی هاوکاتە لەگەڵ ڕووخانی سەدام یان بەقەول ئازادبوونی باشووری کوردستان.

ئەو کاتە هێندێک کەس لە هێندێک شار کرانە فەرماندار بەڵام خاڵی جالبی ئەوە بوو کە پاش نەمانی خاتەمی ڕێژەی فەرماندارە کوردەکان زیادی کرد نەک کەم! ڕەنگە بوترێت ئەوان جاش بوون یان سپایی بوون. با من باسێکتان بۆ بگێڕمەوە، بۆکان لەو شارانەیە کە لە چاو شارەکانی تری کوردستان زۆر زووتر فەرمانداری کوردی بۆ دیاری کرا، ئەو شارە سێ فەرمانداری کوردی هەبوو، ڕەحمان ئەبازەری وەک دەڵێن ئەندامی کۆمەڵە بووە و خۆی تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە و بووەتە «تەواب» و گوایە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان لە ٦٠ەکاندا دەستی هەبووە. ناوبراو پێش فەرمانداری بۆکان، وەک شاردار لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاری کردبوو، بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا، ئێستا دەنگۆی ئەوەی هەیە کە گوایە کوشتوویانە.

دووەم کەس حەسەن عەباسی بوو. حەسەن پیاوێکی گێلۆکەیە کە بۆ ئەوەی بیکەن بە مودیری قوتابخانە هاوکاریی سپای دەکرد و لە ناکاو لە مودیری قوتابخانەوە هەڵیان گرت و کردیان بە فەرماندار.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٧ خەڵکی بۆکان دووکان و بازاڕیان بۆ یەکەم جار داخستبوو، ئەو کابرایە وا پەشۆکابوو کە خۆی هات لە شەقامی سەرەکیی شار دەڕابەی دووکانەکانی بەر شەق دەدا و دەیوت بۆ داتانخستووە، من ئەو ڕووداوەم بە چاوی خۆم دیت کە جێگرەکەی هێوری کردەوە. جێگرەکەی کابرایەکی عەجەمی میاندواو بوو.

پاش ئەو گێلۆکەیە کەسێکیان دانا بە ناوی جەماڵی خوسرەوی، خوسرەوی دوکتورای کۆمەڵناسیی هەیە و پێشتر سەرۆکی زانکۆی پەیامی نووری بۆکان بووە. جەماڵ لە سێ مانگی یەکەمی فەرمانداریێتیدا وتارێکی لەسەر پێگەی عیرفانیی خومەینی لە کۆمەڵگادا نووسی. دەی با لێرەدا پرسیارێک بکەم! شەق لە دەڕابە هەڵدان باشترە یان وتار لەسەر پێگەی عیرفانیی خومەینی بنووسی؟! سەرەڕای ئەوەش تەواوی فەرماندارە کوردەکان جێگری سیاسی-ئەمنییان، کەسێکی غەیری کوردە کە ئەوەش بۆ خۆی هەڵگری ئەو واتایەیە کە پاش ئەو ماندووبوونەشیان لە پێناو ڕێژیم، بۆ بەشی ئەمنی و سیاسیی کۆماری ئیسلامی جیگای باوەڕ نین.

## دەنگدەری کورد

لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، بەردەوام دوو بەرەی «بایکۆت و بەشداری» لە ململانێدا بوون.

لە ڕووی زەینییەوە، لەسەر ململانێی گشتیی ئەو دوو بەرەیە، چەند خاڵێکی جێگای سەرنج هەیە کە گرینگترینیان ئەوەیە کە هەر دووک بەرەی «بایکۆت» و «بەشداری» شرۆڤەکان و لێکدانەوەیان بۆ ڕوانگەی خۆیان لەسەر یەک «ژێرخانی مافی» دامەزراندووە.

ژێرخانی مافی بەو مانایەیە کە هەر دووک لایەن بناغەی لێکدانەوەکانیان لەسەر ئەو بابەتە دادەنێن کە کورد نەتەوەیەکە کە مافی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە و دەسەڵات دابینکردنی ئەو مافانەی پشتگوێ خستووە.

ئەو تایبەتمەندییە پێش هەموو شتێک دەرخەری ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان لەسەر خواست و ویستی خۆی ساغ بووەتەوە، بەڵام لە چۆنێتیی پێگەیشتنیدا لێکدانەوەی جیاواز هەیە، ڕەنگە لێرەدا کەس یان کەسانێک بێن و بڵێن ئەوەی کە بەرەی بەشداری باس لە مافی کورد و بابەتی بەڕێوەچوونی چەند مادەیەکی دەستووریی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافی کورد دەکات، هەمووی فێڵە و هیچی ڕاست نییە. دیارە من وەک خۆم لەو باوەڕەدام کە گرینگ ئەوە نییە کە بانگەشەکارانی بەشداری لە هەڵبژاردن بە چ نییەتێک بانگەشە بۆ بەشداریکردن دەکەن، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە ئەوان بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار ببێت، دەبێ بەپێی هەمان بنەما کە بەرەی بایکۆت لە ڕووی زەینییەوە باوەڕی پێیەتی، بانگەشە بۆ بەشداریکردن بکەن.

لە ڕاستیدا بەرەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەپێی بڕوا یان بۆ هەڵفریواندنیش بێت، ناچارە وتار یان وێژمانی بەرەی بایکۆت قەبووڵ بکات و لە چوارچێوەی ئەو وتارەدا هەڵسوکەوت بکات؛ گرینگیی ئەو پێمل بوونەوەش لەوەدایە کە دەرخەری ئەوەیە کە وتاری بەرەی بایکۆت پێگەی کۆمەڵایەتیی هەیە و تەنانەت لایەنی بەرانبەریشی ناتوانێت لە بازنەی ئەو وتارەدا دەربچێت.

بەپێی ئەو خویندنەوەیە ئێمە لە کوردستاندا سێ جۆر بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا هەیە:

١- زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەتەمای دابینکردنی مافی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی کوردستان دەنگ دەدەن، بەڵگە بۆ ئەو قسەیەش ئەوەیە کە لە ٧ هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆککۆماریدا دەنگیان بە ڕیفۆرمخوازەکان داوە، چون بانگەشەی ڕیفۆرمخواز لە چوارچێوەی وتاری بەرەی بایکۆتدا بووە.

٢- بەشێک لە خەڵکی کوردستان کە دەچنە بازنەی بژاردەی کوردستانەوە، بە نییەت، مەبەست و تەماح بەشدارییان لە بازنەی «مافیای دەسەڵات» و هاوبەشی لە گەندەڵیی پێکهاتەمەندی نێو

کۆماری ئیسلامی، بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن.

٣- بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەهۆی بەشداریی ڕاستەخۆیان لە جینایەتەکانی ڕێژیم خۆیان بە هاوچارەنووسی ڕێژیم دەزانن و هەر بەو پێیەش لە هەڵبژاردن بەشداری دەکەن.

بەگشتی بەشدارانی هەڵبژاردن لە کوردستان لە دوو جەغزی زۆرینەیەک کە بنەمای کردەوەکانیان دەستەبەر کردنی مافی کوردە و کەمینەیەک کە دۆخی سیاسیی ئێران بۆ قازانجی خۆیان بەکار دەهێنن، پێک دێنێت. ڕەنگە لێرەدا بوترێت ئەو زۆرینەیە بۆ بەردەوام ئەو ڕێگایە تاقی دەکەنەوە لە کاتێدا لە ڕووی دەستکەوتەوە هیچ دەستکەوتێکی نییە؟! دیارە ئەوە دەبێتە بابەتێکی تر و هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بەپێی توانا ڕوونی بکەمەوە.

"
دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو پارچەکان دەکەوێتە چوارچێوەی بابەتی وڵاتی داگیرکەر و وڵاتی داگیرکراوەوە



## ژنانی کورد و هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی

دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناچێتە خانەی کێشەی دێمۆکراسی یان نەبوونی ئازادی یان هەبوونی گەندەڵی و مافیای دەسەڵاتداری لە کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو پارچەکان دەکەوێتە چوارچێوەی بابەتی وڵاتی داگیرکەر و وڵاتی داگیرکراوەوە.

ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردستان باس لەسەر چەمکی دێمۆکراسی لە ئێراندا دەکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەبوونی دێمۆکراسی دەرفەتی ئەوە بە کۆمەڵگای کوردستان دەدات کە بە کەمترین تێچووی مرۆڤی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی بتوانێت دۆزی کوردستان چارەسەر بکات.

بۆ ڕوونبوونەوەی بابەتەکە دەکرێت، وڵاتی بریتانیا وەک نموونە باس بکرێت، دەسەڵاتداریی بریتانیا لەسەر بناغەی دێمۆکراسی دامەزراوە و ئەوەش وای کردووە کە ئەگەر هەرێمێک وەک ئیسکاتلەند بیەوێت لە بریتانیا جیا ببێتەوە، لەباتی ئەوەی بە ناچاری چەک دەستداتێ و دەیان کەسی لێ بکوژرێت، دەنگدانی گشتی بەڕێوە

دەبات و دەسەڵاتداری بریتانیاش لەباتی ئەوەی دەیان چەکدار بەرنە سەر ئیسکاتلەند و هەڕەشەی کوشتن و بڕینیان لێ بکات و ژینۆسایدیان بکات، یان دەیان بەکرێگیراو و قەڵەمفرۆش پەیدا بکەن و مێژوو، دابی کۆمەڵایەتی، زمان و فەرهەنگی ئیسکاتلەندی تێک بدات، پێملی دەرئەنجامی گشتپرسییەکە دەبن.

لە دۆزی کوردستان دێمۆکراسی بۆیە گرینگە چونکە لە دەسەڵاتداریی دێمۆکراتیکدا دەرفەت بۆ هاتنەدیی ئامانجە گەلییەکان زیاتر، زووتر و کەم تێچووتر دەخولقێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی کوردستان وەک «وڵاتێکی داگیرکراو» سەیری دۆزی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە بابەتی مافی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ لەسەر ئەو بابەتە، بە دوو ئاڕاستە خوێندنەوەمان هەبێت:

**ئاڕاستەی یەکەم:**

یەکەم ئاڕاستە، بابەتی ماف و کێشەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لەو ئاڕاستەیەدا بابەتی ماف و کێشەکانی ژنان لە چوارچێوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا سەیر دەکرێت و بەپێی ئەو چوارچێوەیە ئەو بابەتە دەبێتە بابەتێکی زایەندی و پەیوەندیی بە ڕوانینی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە و پێویستی بەوە هەیە کە بەپێی بەستێنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستانی ڕۆژهەڵات تاوتوێ بکرێت و ڕێگاچارەی بۆ دیاری بکرێت.

**ئاڕاستەی دووەم:**

ئاڕاستەی دووەم بابەتی مافی ژنانی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریی داگیرکەردایە کە لەو ڕوانگەیەوەیە، کێشەی ژنان لە چوارچێوەی زایەندی خۆی دێتە دەرەوە و دەبێتە کێشەی ژنی کورد. واتە هاوکات هەم کێشەی زایەندییە و هەم کێشەی نەتەوەییە. بەو مانایە کە هەم لە ڕووی دەقی یاسایی و هەم لە ڕووی کردەوە، دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی کە داگیرکەری کوردستانە، هاوکات تاوانی هەڵاواردنی نەتەوەیی و زایەندیی لە دژی ژنانی کوردستان دێتە ئەستۆیەوە.

هەرچەنـد لـە ڕووی دەقـی یاسـاییەوە تەنیـا لـە مـاددەی ١١٥ی دەسـتووری کۆمـاری ئیسـلامیدا بـاس لـەوە کـراوە کـە ژن مافـی خۆپاڵاوتنـی بـۆ سـەرۆککۆماری نییـە، وەک لێکدانـەوەی فەرمیـش «شـورای نیگەهبـان» ئامـادە نەبـووە کـە ڕوونکردنـەوە لەسـەر ئـەو ماددەیـە بـدات؛ بـەڵام لـە کـردەوەدا لـە ١٢ هەڵبژاردنـی پێشـووی کۆمـاری ئیسـلامیدا، ڕێگـە بـە هیـچ پاڵێوراوێکـی ژن نـەدراوە کـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداری بـکات و زیاتریـن ڕێـژەی ژنـی ئەندامـی مەجلیسـی کۆمـاری ئیسـلامیش لـە خولـی ١٠ی ئـەو مەجلیسـەدایە کـە ١٧ ئەندامـی ژنـە و دەکاتـە ٥.٨ لەسـەدی ئەندامانـی پارلەمـان. بـەڵام خاڵـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە بەپێـی ئامـاری فەرمیـی وەزارەتـی نێوخـۆی ئێـران ڕێـژەی دەنگـدەری ژن لـە هەڵبژاردنـی خولـی ١٠ی مەجلیسـی کۆمـاری ئیسـلامی، ٤٨ لەسـەد بـووە؛ ئەگـەر بـە ئامـاری ئەندامانـی ژنـی مەجلیسـی کۆمـاری ئیسـلامی ئـەوە زیـاد بکەیـن کـە لـە سـەرەتای هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی هەتـا ئێسـتا، تەنیـا یـەک ژن وەک وەزیـر دانـراوە، لـە کـردەوەدا بەڕوونـی دیـارە کـە ئاسـتی ڕێـژەی ژنـان لـە بەڕێوەبەریـی کۆمـاری ئیسـلامیدا زۆر کەمـە و تەنانـەت لەگـەڵ وڵاتانـی وەک عێـراق و ئەفغانیسـتانیش ناکرێـت هەڵسـەنگێندرێت.

هـەروەک لـە سـەرەوەدا باسـی لـێ کـرا ژنـان لـە ئێـران نـە لـە پلـە هەڵبژێـردراوەکان و نـە لـە پلـە داندراوەکانـدا، ڕێگەیەکیـان پـێ نادرێـت کـە لـە بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـگا بەشـدار بـن، هـاوکات لەگـەڵ ئـەوە هـەر لـە چوارچێـوەی کۆمـاری ئیسـلامی یاسـا دادەنرێـت و بـۆ ئـەوەی ژنێـک کـە منداڵـی تەمـەن ژێـر ٦ سـاڵی هەیـە، لـە حەتـوودا ٨ سـەعات کەمـتر کار بـکات، یـان گەڵالـەی یاسـا پێشـکەش دەکرێـت کـە ڕێگـە بـدەن ژنـان لـە ٢٠ سـاڵ کاردا خانەنشـین بکرێـن.

هەمـوو ئـەو یاسـایانە لەژێـر نـاوی «پاراسـتنی بنەماڵـە» بـەڵام بـە ئامانجـی کەمکردنـەوەی ڕێـژەی بەشـداریی ژنـان لـە بەڕێوەبەریـی کۆمەڵـگادا دادەنرێـت.

ئەگـەر کـردەوەی کۆمـاری ئیسـلامی بەپێـی ٤٢ سـاڵی ڕابـردوو

> باشترین جۆری بەشداریکردنی ژنانی کورد لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا، بایکۆتکردنی دەنگدان و بەشداری نەکردن لە دەنگدانە

لەبەرچاو بگرین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی کورد لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک ماشینێکی دەنگدان سەیریان دەکرێت، نەک وەک هاوڵاتییەک کە خاوەنی مافە و دەیەوێت لە ڕێگای دەنگدانەوە لە وەدیهێنانی مافەکەیدا دەستی هەبێت.

بۆیەش دەبێ بڵێین باشترین جۆری بەشداریکردنی ژنانی کورد لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا، بایکۆتکردنی دەنگدان و بەشداری نەکردن لە دەنگدانە، هەتا بەو شێوەیە، ڕەوایی کۆماری ئیسلامی بەرنە ژێر پرسیارەوە و خۆشیان نەبن بە بەشێک لە سیستەمێک کە هەڵاواردنی زایەندی و نەتەوەیی بەسەر ژنانی کورددا سەپاندووە.

## شوراکانی کوردستان

بێ هیچ پێشەکییەک پرسیاری یەکەم ئەوەیە، ئایا هەڵبژاردنی شورا لە کوردستان دەتوانێت دەرفەتێک بۆ بەشداری لە بەڕێوەبەریی نێو شارەکان بێت؟

لەو پرسیارەدا دوو بابەت دەبێ باسی لێ بکرێت:

١- هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک کە بتوانێت کەسی تایبەت و دڵخوازی خۆت بنێریتە نێو شوراوە.

٢- پێکهاتەی بەڕێوەبەریی شار

## یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی شورا لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا پرۆسەیەکە کە لەودا کەسانێک خۆیان دەپاڵێون و بەربژێرەکان بۆ پاڵاوتن دەبێ خۆیان بە مەجلیس بناسێنن و لە قۆناغی دوای پاڵاوتن ماوەی ١٤ ڕۆژیان دەرفەت دەدەنێ کە بانگەشە بکەن و پاشان بە چاوەدێریی وەزارەتی نێوخۆی ئێران، سندووقی دەنگدان دەبژێردرێت و لە کۆتاییدا ئاکامەکان ڕادەگەیەندرێت و کەسانێک دەبن بە ئەندامی شورای شار و گوند.

ئەگەر باس لەسەر ئەوە نەکەین کە بەربەستی یاسایی چین و

ئایا هەموو هاوولاتییەکی لێهاتوو دەتوانێت لە پارزینک و پالێوکەی مەجلیس دەرچێت و تەنانەت باسی ئەوەش نەکرێت کە چ گەرانتییەک هەیە کە فەرمانداریيەکان دەنگەکە بێلایەن بخوێنەوە و دەرئەنجامەکان بە دروستی ڕاگەیەنن.

**بۆ هەڵبژاردن پرۆسەیەکمان پێویستە :**

ئا: ڕێکخراوەیەک یان ڕێکخراوەگەلێک هەبن کە پێگەی کۆمەڵایەتییان لە سەرەوە بێت و هاوکات ئەو ڕێکخراوانە، بتوانن چەند کەسی لێهاتوو و بەتوانا ببینەوە و هانیان بدەن بۆ بەشداریکردن وەک بەربژێر و لە تەواوی ماوەی هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردن ماوەی شورایەتی پشتیان بگرن و لەگەڵیان بن.

ب: دەبێ ئامێر و کەرەستەی بانگەشە لە ڕاگەیاندن هەتا سەرمایەی پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی پۆستێر و بەکارهێنانی فەزای مەجازی و... لەبەر دەست بێت، هەتا بەو شێوەیە بتوانی بانگەشە بۆ پاڵێوراوانی خۆت بکەیت و خەڵک لە توانایی ئەوان ئاگادار بکەیەوە و خەڵک قانع بکەیت کە دەنگی خۆیان بەپێی خزم خزمێنە و بەرژەوەندیی تاکەسی نەدەن و دەنگ بە کەسانێک بدەن کە بەرژەوەندیی گشتییان لەبەر چاوە.

س: لە قۆناغی دوایی هەڵبژاردن دەبێ ڕاگەیاندنی بەهێزت هەبێت کە بتوانی لە ڕێگای ئەو ڕاگەیاندنەوە پشتگیری لەو ئەندامە بکەیت کە نوێنەرایەتی تۆ دەکات.

لە کوردستان هەموو حیزبە سیاسییەکان سەرەڕای ئەوە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لاوازن، لە ڕووی یاساییشەوە نایاساییین و ئەگەر بێتوو پاش هەڵبژاردنیش تەنانەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆش لایەنگری لە ئەندامێکی شورا بکەن، ئەوە ئەو کەسە بێگومان تووشی کێشەی ئەمنی دەبێت، کەوایە هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستان ناتوانێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی شورا بکات یان پاش هەڵبژاردن پشتگیری لە سیاسەتێک یان ئاکارێکی ئەندامێکی شورا بکات.

لێرەدا دەمێنێتەوە ئەو لایەنە مەدەنییە کە لە ڕاوێژی سیاسیدا پێی دەوترێت «کۆمەڵگای مەدەنی» واتە کاتێک حیزب نایاساییە، بۆشایی ئەو حیزبە دەکرێت یان دەبێ بە ڕێکخراوەی مەدەنی- ناسیاسی پڕ بکرێتەوە، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵاتیش دوو قەیرانی گەورەی هەیە:

یەکەم: لەژێر چاوەدێری و گوشاری دەزگا ئەمنییەکانەوە و لە زۆر بواردا دەستی ئاوەڵا نییە و بەردەوام هەموو هەڵسوکەوتێکیان بە چاویلکەی ئەمنییەوە سەیر دەکرێت.

دووەم: ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕاستیدا تاکی مەدەنییە، بەو مانایەی کە کۆمەڵێک تاکن کە بەبێ هەبوونی ڕێکخراوەی یاسایی و بەبێ هەبوونی پێکهاتە و فۆرمێکی ڕێکخراوەیی، پێکەوە لەسەر بناغەی هاوفکری و هاوخەمی کار دەکەن و نەبوونی ڕێکخراوە وای کردووە کە تاکی مەدەنی پتر لەوەی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی بچێت و پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگا لەسەر بناغەی ئێلێمانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، پەیوەندییەکەی تەنیا لەسەر بناغەی دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگا دامەزراوە و ئەو جۆرە پەیوەندییەش هێندە بە توانا نییە کە بتوانێت سوار بێت بەسەر بەرژەوەندیی خزم خزمێنە و بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا.

ڕەنگە لێرەدا بوترێت کاتی وا دەبێ «باوەڕت بە خەڵک هەبێت»، یان «خەڵک خۆیان دەتوانن چاکترین بڕیار بدەن»، ئەو قسەیە موفترین و بێتامترین و گەوجانەترین باوەڕی سیاسییە کە ڕۆژانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا دووپات دەبێتەوە، لە کۆمەڵگا ئازادەکان وەک وڵاتانی ڕۆژئاوا کە دەیان ڕۆژنامە و کاناڵ هەیە و ساڵانێکە ڕای گشتی لە باس و بابەتی ڕۆژی کۆمەڵگای خۆیان ئاگادار دەکەنەوە، پاش ئەوەش ئێستا سیاسییەکان باوەڕیان بە ڕای گشتی نییە، لە دێمۆکراسیی خۆیاندا ترسی هەرە زۆریان لە پۆپۆلیزم هەیە و دەترسن کە کەسانی بەرژەوەندیخواز ئەو ڕای گشتییە هەڵخەڵەتێنن؛ ئێستا من چۆن دەتوانم لە کوردستانێک کە تاقە یەک ساڵیشی

لە هەمووی مێژووی خۆیدا ڕاگەیاندنی ئازادیی ئەزموون نەکردووە، باوەڕم بە ڕای گشتی هەبێت و بڵێم خەڵک خۆیان دەتوانن بچن لە نێو ١٠٠ کەسدا، ٥ کەسی لێوەشاوە و بەتوانا هەڵبژێرن، لە کاتێدا کە شارێکی کوردستان کە ئەگەر ١٠٠ کەس بەشداریی کردبێت، ئەو شارە ١٠٠ گەڕەکی نییە و ٥٠٠٠ کۆڵانیشی تێدا نییە، واتە هەر ٥ کۆڵان کەسێک و هەر گەڕەک چەند کەس بەشداریی کردووە و بەو شێوەیە خەڵک لە نیوان لێوەشاوەیی و خزمایەتی و لەنێوان توانایی و بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا دەمێننەوە و زۆربەی جارانیش کەسانی زۆر لاواز توانیویانە ئەو دەرفەتە بۆ ئامانجی خۆیان بەکار بێنن و پێیدا بچنە سەرەوە.

«بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی شورا لە کردەوەدا «کاڵە دڕان و هیچ پێنەبڕانە»

## دووەم: پێهکاتەی بەڕێوەبەریی شار

لە پاش هەڵبژاردن کەسی هەڵبژێردراو، چاک یان خراپ بەرەوڕووی گەندەڵییەکی پێهکاتەمەندی ڕێکخراوەیی دەبێتەوە، بەپێی بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی و ڕاگەیەندراوی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیش بێت، ساڵانە لە ئاستی هەموو ئێران بە کوردستانیشەوە، دەیان دۆسیەی گەندەڵی لەنێو شارداربیەکان دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا پێکهاتەی شارەداری لە ئێران یەکێک لە گەندەڵترین ڕێکخراوەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە، نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی دەستڕۆیشتوو و نەبوونی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و بەتوانا لە ڕووی ڕێژەی بەردەنگەوە وا دەکات کە هەموو ئەندامانی شورا وەک تاک بچنە نێو شوراوە و بۆیەش پاش هەڵبژاردنیان هەم مەترسیی ئەوە هەیە کەسی هەڵبژێردراویش لە گەندەڵیدا تێوەگلێ و هەم مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەگەر تێوەش نەگلێ، هیچی لە دەست نییە و تەنانەت گیانیشی لەلایەن مافیاکانی نێو شاردارییەکانەوە بکەوێتە مەترسییەوە، چون ئەو یەک کەسە و لە ڕاستیدا هیچ پشتیوانەیەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە لێرە دەبێ بڵێین، بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی شورا لە کردەوەدا "کاڵە دڕان و هیچ پێنەبڕانە».



لە باسی هەڵبژاردنی شوراکاندا پرسیارێکی تریش دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە بۆ لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆر لە کاندیداکانی شورایان بۆ هەڵبژاردنی شورا پاڵاوتووە؟! هۆکاری ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆریان خەڵک پاڵاوتووە ئەوەیە:

١- وەک چۆن بابەتی فەرمانداری کورد هاتووەتە گۆڕێ بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی هەڵچوونی کۆمەڵگای کوردستان، دەیانەوێت لە ئاستی شوراشدا هێندێک کەس کە خۆشەویستی خەڵکن بپاڵێون، ئەو گەلاڵەیەش هیچ پەیوندیی بە ڕیفۆرمخوازانەوە نییە، بەڵکوو گەڵاڵەی دەزگا ئەمنییەکان و باقری قالیبافە و لە کتێبی «حکومت محلی یا استراتژی توزیع قدرت سیاسی در ایران» بە وردی باسی لێ دەکات.

٢- ئێران تووشی «قەیرانی ئاو» هاتووە و تەنیا ڕێگای دەرچوونی لەو قەیرانە بەکارهێنانی ئاوی کوردستانەوە، و ڕووحانی بە کوردستان دەڵێت: «شاڕێی ئاویی ئێران» و هاوکات لەگەڵ ئەوە، کوردستان هەمیشە ناوچەیەک بووە کە سیاسەتی ئەمنی و کۆمەڵایەتیی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکانی پێش ئەوەیش تێیدا شکستی خواردووە و وەک ناوچەیەک کە بەردەوام داخوازیی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیی هەبوو، سەیری دەکرێت و ئێرانییەکان وەک ناوچەی پڕمەترسی سەیری دەکەن، ئەوان لە ئێستادا بۆ ئەوەی بتوانن ئاوی کوردستان بۆ ناوچەی خۆیان ڕابکێشن، ناچار بوون لە ئاستی شورادا ڕێگە بە کەسانێک بدەن کە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن کە ئەو کەسانە بەشێکیان خۆشەویستی خەڵکی کوردستانن و هیچ پەیوەندیی سیاسییان بە ڕێژیمەوە نییە.

٣- پاڵاوتنی شورا لە ئەستۆی مەجلیسە و ئەوانیش بۆیان گرینگە کە ڕووحانی دەنگ بێنێتەوە و بەپێی ٦ هەڵبژاردنی پێشوو دەنگی کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری بۆ بەرەی ڕیفۆرمخوازە نەک بۆ بناژۆخوازەکان. هەڵبژاردنی ئەو جارەی شورا لە کوردستان هەستیارترین هەڵبژاردنی شورایە، کەسانی خۆشناوی نێو پاڵێوراوەکان کەم بن یان زۆر، بەختی سەرکەوتنیان چ لە هەڵبژاردن و چ لە پاش ئەندامێتیی شورا زۆر کەمە ئەوەش دەیان مەترسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دێنێتە ئاراوە.

## کورد و سیاسەتی گشتیی ڕێژیم

لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا، لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان ئەو بەرەیەی کە باوەڕی بە دەنگدان هەیە، لە هەوڵدایە باڵێکی ڕێژیم، نزیکتر یان تەنانەت باشتر و وەک دۆستی کورد پێناسە بکات و باڵەکەی بەرانبەری وەک دوژمنی کورد پێناسە بکات کە چڵەپۆپەی ئەو جۆرە بانگەشەکردنە لە هەڵبژاردنی خولی دوازدەی سەرۆککۆماری ئێران ڕووی دا.

پرسیار ئەوەیە چ شتێک چۆنێتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیم دەرهەق بە کوردستان دیاری دەکات؟!

لە هەڵبژاردنی دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ەوە، بەرەی چەپ و بەرەی ڕاستی نێو ڕێژیم لەگەڵ یەک کەوتنە ململانێیەکی ئاشکرا، لە ٢٠ساڵی ڕابردوودا، ١٢ ساڵی دەسەڵات لە دەست بەرەی چەپ یان هەمان ڕیفۆرمخواز یان نێوانگیرەکاندا بووە و ٨ ساڵیشی دەسەڵات لەدەست بەرەی ڕاست یان بناژۆخوازەکاندا بووە.

بە وردبوونەوەیەکی سەرپێیی لە سیاسەتەکانی ئەو دوو بەرەیە لە کوردستان لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستان لە ئاستی باڵی نێو ڕێژیمدا دیاری ناکرێت، بەڵکوو چۆنێتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە کوردستان دەکەوێتە خانەی سیاسەتی گشتیی ڕێژیمەوە و ئەو جۆرە سیاسەتەش بەپێی ماددەی ١١٠ی دەستووری کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی وەلیی فەقیدایە، نەک سەرۆککۆمار یان لایەنێکی تر.

باشترین وێنا و بەڵگە بۆ ئەو قسەیە باسی فەرمانداری کوردە، ئەگەر سەیری بکەن، ئەوەی کە ڕیفۆرمخوازە کوردەکان پێیان دەوت: «بەڕێوەبەری خۆجێیی» و چڵەپۆپەی ئەو بەڕێوەبەرییە خۆجێییەش وەرگرتنی فەرمانداریییەکان لە هێندێک شاری کوردستان بوو، کاتێک کە دەسەڵات لە ڕیفۆرمخوازەوە، ڕادەستی بناژۆخوازەکان کرا، بابەتی فەرمانداریی کورد نەک کەمی نەکرد یان پەراوێز نەخرا، بەڵکوو ڕێژەکەی زیادیشی کرد.

لەسەر باسی خوێندن بە زمانی کوردیش بە هەمان شێوەیە، کۆرسی زمانی کوردی لە زانکۆی سنە لە سەردەمی سەرۆککۆماری ئەحمەدی‌نژاد و لە «ئەنجومەنی تەناهی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی» بڕیاری لەسەر درا و چەند ساڵ دوایی ئەوە لە ساڵی ١٣٩٥دا کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

## ئەوەی ئاڕاستەی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان دیاری دەکات، لە ئێستادا ئەو بابەتانەن:

١- ڕێژیم دۆزی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە مەترسی لەسەر تەناهیی خۆی دەزانێت و لە دژی ستراتیژییە ناوچەییەکانی خۆی دادەنێت، هەر بەو پێیەش یەکێک لە ئەو خاڵانەی کە کارتێکەری لەسەر سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە، پێگەی دیپلۆماتیکی بەشەکانی تری کوردستانە، هەر کات پێگەی دیپلۆماتیکی بەشەکانی تری کوردستان بەرز بێتەوە، ئەوە ڕێژیم هەوڵ دەدات لە هێندێک خواستی سنوورداری نێو کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری فەرهەنگی و بواریتردا بێنێتە دی، یان پێشیان لێ نەگرێت، بەو مانایەی کە دەستی لە هێنانەدییاندا نییە بەڵام بە کارێکی نایاساییشیان دانانێت؛ ئەگەر سەیریشی بکەین بەرەی یەکگرتووی کورد، ڕیفۆرمخوازە کوردەکان، فەرمانداری کورد و تەنانەت کۆڕی فێرکاریی زمانی کوردی کە لەلایەن ئەنیستیتۆی کوردی تارانەوە دامەزرا و هیچ کاتیش کارا نەکرا، ڕێککەوتی دامەزرانیان لەگەڵ ڕێککەوتی ڕووخانی سەدام و چوونە سەرەوەی پێگەی دیپلۆماتیکی کوردستانی باشوور یەک بوو.

٢- چالاکیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە دژی ڕێژیم دووەمین خاڵە کە سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستان دیاری دەکات.

٣- سێهەم خاڵی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بووەتە خاڵی دیاریکاری سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستان، بابەتی قەیرانی ئاو و قەیرانی تەناهیی خۆراک لە ئێرانە، ئێران تووشی قەیرانێکی ئاوی بەرفراوان بووە و بۆ دەرچوون لەو قەیرانە، پێویستییەکی زۆری بە ئاوی کوردستان هەیە.

«ئـاو» ماکەیەکـە بەپێـی فەرهەنگـی کشـتوکاڵ سـاڵانێکی زۆرە لەژێـر دەسـتی خەڵکـدا بـووە و لـە فەرهەنگـی کوردسـتاندا خاوەنـی ئـاو، خەڵکـە و ئـەو ماکەیـە کارتێکەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر ئابووریـی خەڵکـی کوردسـتان هەیـە و ڕێـژەی کارتێکەرییەکـەی هێنـدە زۆرە کـە پێویسـتی بـە ڕەوتـی کات نییـە، هـەر بۆیـەش ڕاکێشـانی ئـاوی کوردسـتان بـۆ ناوچەکانـی تـری ئێـران، دەتوانێـت قەیرانـی ئەمنیـی زۆر گـەورە بنێتـەوە، وەک چـۆن تەنانـەت لـە هێندێـک ناوچـەی وەک ئسـیفەهانیش بـەردەوام ئـاو ڕاکێشـان قەیرانـی ناوەتـەوە، کەوایـە تـرس لـە قەیرانـی ئەمنـی کـە لـە دەرئەنجامـی ڕاکێشـانی ئـاو دێتـە دی، وا دەکات کـە ڕێژیـم سیاسـەتێکی نەرمونیانـتر دەرهـەق بـە کوردسـتان بگرێتـە بـەر، چـون لـە ڕاسـتیدا ڕێژیـم لـەو باوەڕەدایـە کـە کوردسـتان بـەردەوام قەیرانـی تەناهیـی لـێ بـووە و ئەگـەر بێـت و ئـەو قەیرانـە قەیرانێکـی تریشـی پـێ زیـاد ببێـت، ئەگـەری ئـەوەی هەیـە نەتوانێـت بەسـەر قەیرانەکـەدا زاڵ بێـت.

## باکووری پارێزگای ورمێ و شورای شار

بەهـۆی گرینگیـی شـاری ورمـێ لـە پرسـی دیاریکردنـی سـنووری کوردسـتاندا بـە باشـی دەزانـم باسـێکی کـورت لەسـەر هەڵبـژارن لـە باکـووری پارێـزگای ورمـێ بکـەم:

لـە چەنـد هەڵبژاردنـی شـوراکان کـە لـە ورمـێ بەڕێـوە چـووە، بنەمـای ڕەتکردنـەوەی کاندیـدا کـوردەکان لەسـەر دوو پێـوەر بـووە:

یەکـەم: بەشـێک لـەو کەسـانەی ڕەت کراونەتـەوە، وەک چـالاک یـان دڵسـۆزی چانـدی کـوردی نـاسراون، کەوایـە سـەرەڕای خواسـتی سیاسـی لـە پرسـی فەرهەنگیـش وەک پرسـێکی تەناهـی سـەیری کـراوە.

دووەم: بەشـێک لـەو کەسـانەی ڕەت دەکرێنـەوە لەنێـو خەڵکـی کـوردی ئـەو دەڤـەرەدا نـاسراون یـان ئـەوەی توانایـی ئەوەیـان هەیـە کـە دەنگـی خەڵکـی کـوردی ئـەو ناوچەیـە بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـن.

هـۆکاری ئـەو کردەوەیـەی ڕێژیـم لـە باکـووری پارێـزگای ورمـێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو باسـانە:

١- ڕەوتــی ناســیۆنالیزمی تورکــی بــەرەی سیاســیی بناژۆخوازیــی لــە پارێــزگای ورمێــی بەدەســتەوەیە و بــە نــاوی هاوئاییــن بــوون و لــە پشــت ئاییــنی شــێعەدا لــە هەوڵــی ئەوەدایــە ســیمای کوردســتانیی ناوچــەی باکــووری پارێــزگای ورمــێ بســڕێتەوە. دیــارە لــە قۆناغــی داواتریــدا واتــە کاتێــک کــە شــورای شــارەکانی یەکدەســت کــرد بــە تــورک، بەپێــی ئەزموونــی ڕابــردوو سیاســەتی فەرهەنگــی و تەنانــەت سیاســەتی ئاوەدانــی وا ئاڕاســتە دەکــەن کــە هــەم ســیمای کوردســتانی بوونــی ئــەو شــارانە بشــاردرێتەوە و هەمیــش لــە ڕووی خزمەتگوزاریــی گشــتی ئــەو گەڕەکانــەی کــە زۆرینەیــان کــوردە، هیــچ خزمەتگوزارییەکیــان بــۆ ناکرێــت، بــە مەبەســتی ئــەوەی لــە پێگــەی ئابــووری و ســیمای شارســتانییەتی گەڕەکەکــە بــدەن، ناڕاســتەخۆ کــورد وەک کەســێکی وەدواکەوتــوو نیشــان بــدەن، ئاســتی نەبوونــی خزمەتگــوزاری لــە گەڕەکــە کوردییــەکان هێنــدە لــە ســەرەوەیە کــە غەیــری خەڵکــی هــەژاری کــورد هیــچ کەســی تــر لــەو گەڕەکانــە ناژیــت و چینــی مامناوەنــدی کــورد لــەو شــارانە زیاتــر دەچنــە گەڕەکــە تورکــەکان دەژیــن و کەمــتر ئامــادەن لــە گەڕەکــە کوردییــەکان بژیــن بەهــۆی نەبوونــی خزمەتگوزارییــەوە.

٢- بناژۆخــوازەکان هیــچ پێگەیەکــی جەماوەرییــان لەنێــو کوردەکانــدا نییــە و ئــەوەش وای کــردووە کــە ڕەوتــی ناســیۆنالیزمی تــورک بــە دەســتێکی ئاوەڵاتــر و بــە بیانــووی لایەنگــری لــەوان ئامانجەکانــی خــۆی بەرێتــە پێشــەوە، لــە ٧ هەڵبژاردنــی پێشــوودا بەپێــی ئامــاری ڕاگەیەنــدراوی ڕێژیــم، کــورد لــە پارێــزگای ورمــێ دەنگــی بــەو کاندیدانــە داوە کــە لــە دۆخــی هەڵبژاردنــدا وەک دژبــەری خامنەیــی نــاسراون.

٣- بوونــی کــورد لــە هەمــوو ئێــران و بەتایبەتــی لــە باکــووری پارێــزگای ورمــێ وەک بابەتێکــی ئەمنــی ســەیری دەکرێــت و زۆر لــە مێــژە سیاســەتی گۆڕینــی دیمۆگرافیــی ئــەو ناوچەیــە بــە شــێوەیەکی زۆر نهێنــی لەلایــەن دەزگا ئەمنییەکانــەوە بەڕێــوە دەچێــت و بــەرەی ناســیۆنالیزمی تورکیــش زۆر بــە نهێنــی، بــەڵام بەچــڕی پشــتی ئــەو کردەوەیــەی دەزگا ئەمنییــەکان دەگرێــت.

"
بەشداری لە هەڵبژاردن بەمانای ئەوەیە کە چووینە نێو یارییەکەوە کە نەتەنیا هیچ مافێکمان تێدا نییە، بەڵکوو دەبێت دۆڕاوی نێو یارییەکەش بین

## کۆتایی:

ڕەنگە کۆتایی ئەو بابەتە هەمان پرسی سەرەتایی بابەتەکە بێت کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتی سیاسی نییە، بەڵام پرۆژەی هەڵبژاردن کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە و ئەوەش وا دەکات کە هەڵبژاردن وەک کایەیەکی سیاسی سەیری بکرێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو لێکدانەوانەم لە پەیوەندی بە هەڵبژاردن لە ئێراندا باس کرد.

لەگەڵ ئەوەش ئێمە وەک ئەکتێری شەقامی سیاسیی ئێران و کوردستان تەنیا بژاردەی بەردەممان، بایکۆتکردنە، چون یەکەم: هەڵبژاردن لە سیستمی ڕێژیمدا، لە چوارچێوەی دێمۆکراسییەکی بەلێندراو لە نێو باڵەکانی ڕێژیمدا بەڕێوە دەچێت نەک لە چوارچێوەی دێمۆکراسی دا.

دووهەم: هەڵبژاردن دەرفەتێکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی چکۆلەترین مافی خەڵکی کوردستان دابین بکرێت.

سێهەم: بەشداری لە هەڵبژاردن بەمانای ئەوەیە کە چووینە نێو یارییەکەوە کە نەتەنیا هیچ مافێکمان تێدا نییە، بەڵکوو دەبێت دۆڕاوی نێو یارییەکەش بین.

کەوایە لایەنی سیاسیی کوردستان خۆشی بێت و ترشی بێت، تەنیا بایکۆتی لەبەر دەمەوە و هیچیتر.

---

1 https://bit.ly/3qz2s0G

٢ هەمان

3 https://bit.ly/2PIQg0B

4 https://bit.ly/3kVHqIw

5 https://bit.ly/3eyeMvP

6 https://bit.ly/3tsWW1u

7 https://bit.ly/3lrQsNF

# انتخابات و ساختار سیاسی، مذهبی و ایدئولوژیک جمهوری اسلامی ایران

زاگروس کامار



در سراسر جهـان دیدگاه‌هـای مختلفـی در مـورد سیاسـت، انتخابـات و رای دادن و یـا رای نـدادن وجـود دارد. عـده‌ای از مـردم رای دادن را وظیفـه شـهروندی خـود می‌داننـد و عـده ای دیگـر اینـکار را عملـی بیهـوده می‌بیننـد. روشـنفکران، نویسـندگان، هنرمنـدان، کنشـگران و... در مـورد انتخابـات اظهـار نظرهـای متفاوتـی دارنـد. بـه نظـر مـن ایـن گفتـه اسـتالین «مردمـی کـه رای می‌دهنـد، تیجـه انتخابـات را تعییـن نمی‌کننـد بلکـه آنـان کـه آرا را مـی شـمارند نتیجـه را تعییـن مـی کننـد» در مـورد انتخابـات ایـران صدق مـی کنـد. تـا زمانیکـه فهـم درسـتی نسـبت بـه پدیـده سیاسـی انتخابـات نداشـته باشـیم، ایـن تفکـر پیـش می‌آیـد کـه انتخابـات در ایـران پدیـده‌ای مهـم از جهـت سیاسـی و تعییـن سرنوشـت ملـت ماسـت. در ایـران صرفـا رویـه ظاهـری انتخابـات اعـم از ثبـت نـام، تبلیغـات و رقابـت بـرای اخـذ رای را بـه عنـوان مسـاله‌ای مهـم تلقـی کـرده و

در تحلیـل اتفاقـات مهـم دچـار اشـتباه مـی شـویم.

«هانتینکتـون» در کتـاب «مـوج سـوم انتخابـات» از انتخابـات در جهـان سـوم تحـت عنـوان انتخابـات گیـج کننـده و یـا شـگفت انگیـر یـاد می‌کنـد. انتخابـات در ایـران همینگونـه اسـت کـه «هانتینگتـون» اشـاره می‌کنـد. لازم می‌دانـم در پنـج محـور ذیـل انتخابـات را مـورد بررسـی قـرار دهیـم. هـر چنـد کـه کل سـیکل و کارزار انتخاباتـی ایـران از زاویـه‌ای سـلیقه‌ای اسـتفاده می‌شـود. بـه نظـر بنـده ایـن پنـج مـورد کلیـدی از بدیهیـات انتخابـات ایـران اسـت: ۱- نظـارت اسـتصوابی ۲- فقـدان سـاختار حزبـی ۳-ضرورت تفکیـک زمانـی ٤- تبعیض‌هـای گسـترده سیاسـی و تبلیغاتـی ٥-عـدم شـفافیت در قانـون اساسـی ایـران.

۱- شـورای نگهبـان ناظـر بـر انتخابـات اسـت، کـه متشـکل از شـش فقیـه - بـه انتخـاب رهـبر- و شـش حقوقـدان بـا معرفـی رئیـس قـوه قضائیـه بـه مجلـس اسـت. در حقیقـت تمامـی اعضـای آن بـه صـورت مسـتقیم یـا غیرمسـتقیم منتخـب رهـبر مـی باشـند. پـس فقـط کسـانی کـه از فیلـتر شـورای نگهبـان عبـور می‌کننـد کـه بـا رای و نظـر رهـبر موافـق باشـند و اگـر کسـی یـا کسـانی بـا ظاهرسـازی از ایـن فیلـتر رد شـوند، در مجلـس در مرحلـه رای اعتـماد نماینـدگان اعتبـار نامـه آن‌هـا باطـل خواهـد شـد و در مـورد ریاسـت جمهـوری، عـدم کفایـت سیاسـی توسـط نماینـدگان و یـا رد شـدن اعتبارنامـه از سـوی رهـبر. خلاصـه کلام اینکـه بـرای نماینـدگان در حـوزه سیاسـی جمهـوری اسـلامی ایـران مطیـع و مریـد رهـبر بـودن شرط اساسـی و لازم اسـت کـه اگـر چنیـن شرایطـی بـرای نماینـده یـا کاندیدایـی احـراز شـد می‌توانـد بـه عنـوان نماینـده حضـور داشـته باشـد. حـال سـوال اساسـی اینجاسـت آیـا مـی تـوان چنیـن نمایندگانـی را مردمـی نامیـد؟

۲- فقـدان سـاختار حزبـی. علی‌رغـم شـعارهای اولیـه انقـلاب اسـلامی مبنـی بـر آزادی احـزاب حتـی کمونیسـت‌ها، ایـن شـعار

فقط در مجلس اول تا حدودی بدان عمل شد. بعد از سال ٦٨ نه تنها آثاری از احزاب و تشکل‌های سیاسی و حزبی نماند حتی به ائتلاف‌های خودی هم رحم نشد. در چنین فضایی انتخابات به جای اینکه بر محور تفکرات سیاسی و برنامه‌های عمرانی یک یا چند حزب یا گروه‌ها متمرکز شود، اشخاص محور شده اند. یعنی در هر جای این کشور افرادی صاحب رای شده‌اند که دارای پایگاه حکومتی، اجتماعی، طایفه‌ای باشند و در عوض نخبگان در چنین فضایی به حاشیه رانده شده‌اند. چه بسا این پدیده قابل لمس است که بسیاری از نمایندگان پارلمان حتی به درستی ادبیات سخن گفتن را نیاموخته‌اند حال چگونه می‌توان از این چنین افرادی انتظار اجرای برنامه‌های سیاسی، عمرانی و علمی داشت.

۳- ضرورت تفکیک زمانی. تقریبا در اکثر نقاط دنیا حتی کشورهایی نظیر عراق و افغانستان چند ماه قبل از انتخابات کسانی که شرایط رای دادن دارند در حوزه‌های نزدیک محل سکونت خود ثبت نام می‌کنند و اسامی آن‌ها همراه با کارت و یا شماره شرکت در انتخابات برای آن‌ها از سوی کمسیون مستقل انتخابات ارسال می شود. فقط کسانی قادر خواهند بود در روز انتخابات به پای صندوق رای بروند که پیشتر ثبت نام آن‌ها محرز شده باشد آنهم در همان حوزه صندوق رای که برای آنان مشخص شده است. اینکار مانعی بر سر راه تخلفات انتخاباتی است.متاسفانه در ایران چنین رویه‌ای وجود ندارد و هر کسی در هر جای ایران می‌تواند رای دهد. این امر در مناطقی که دارای قومیت‌های چندگانه هستند بارها با لشکرکشی انتخاباتی نتیجه بعضی از حوزه‌ها را تغییر داده است. برای نمونه هجوم رای دهندگان از تبریز به ارومیه می‌تواند نتیجه انتخابات را به شکلی ناعادلانه و دور از واقعیت تغییر دهد و دست شورای نگهبان و وزارت کشور را باز گذاشته که در تجمیع رای مردم به

نفـع شـخص یـا اشـخاصی تداخـل کننـد.

٤- تبعیض‌هــای گســترده سیاســی و تبلیغــی. از آنجــا کــه در پروســه انتخابــات ایــران جایــگاه احــزاب و اپوزیســیون خالــی اســت و گــروه حاکــم چــون تمــام ثــروت و ســامان کشــور را در اختیــار دارد و هیــچ دســتگاه ناظــری نیــز وجــود نــدارد، بســیاری از نامزدهــا بــه واســطه اســتفاده از امکانــات حکومتــی و تبلیغــات سراسری و صرف هزینه‌هــای فــراوان از بیــت المــال، بارهــا مــردم را فریــب داده‌انــد علــی الخصــوص کــه رســانه رادیــو و تلویزیــون در قبضــه رهــبری اســت و روزنامه‌هــا نیــز تحــت کنــترل دولــت هســتند ایــن تبغیض‌هــا همــواره علیــه افــراد حلقــه دوم و بــه نفــع و پیــروزی افــراد حلقــه اول اســتفاده مــی شــود.

> از آنجا که این سیستم سیاسی خود را دارای مشروعیت الهی می داند، مشروعیت مردمی هیچ اهمیتی برای اینان ندارد

٥: فقــدان شــفافیت لازم. در جــای جــای دنیــا اشــکالاتی در نحــوه رای دادن و شــمارش آن صــورت می‌گیــرد امــا ناظــران و آمــران انتخابــات بــا شــفافیت لازم اشــکالات را رفــع و پاســخگوی ابهامــات و ســوالات پیــش آمــده خواهنــد بــود زیــرا در نظام‌هــای دموکراتیــک، مشروعیــت مردمــی بســیار حائــز اهمیــت اســت. امــا در جمهــوری اســلامی ایــران آنچــه کــه اهمیــت نــدارد مشروعیــت مردمــی اســت و از آنجــا کــه ایــن سیســتم سیاســی خــود را دارای مشروعیــت الهــی مــی دانــد، مشروعیــت مردمــی هیــچ اهمیتــی بــرای اینــان نــدارد. حتــی گاهــی هــم کــه بحــث مشروعیــت مردمــی پیــش می‌آیــد تمــام موضــع گیری‌هــا در ایــن خصــوص در تریبون‌هــای رســمی، فقــط بــرای فریــب مــردم و ظاهرســازی در ایــن مــورد اســت. در ایــران دســتگاه نظــارت رژیــم در بــالا و پاییــن کــردن آرای مــردم، مختــار اســت چــون هیــچ سیســتم کنترلــی و نظارتــی خــارج از شــورای نگهبــان و وزارت کشــور وجــود نــدارد و بــه ســادگی می‌تواننــد در تجمیــع آرا، میــزان شــمارش را کــم یــا زیــاد کننــد. البتــه ســاز و کار بصورتــی اســت کــه ایــن رونــد بایــد بــه نفــع شــخص یــا جناحــی باشــد کــه مــورد تاییــد رهــبری اســت.



# هەڵبژاردن چەکێکی دووسەرە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە

**بۆزێ سینا**



خاکەلێوەی ٢٧٢١



هەڵبژاردن وەك جەوهەری دێموکراسی، پرۆسەیەکی گرنگ و هۆکاری زیندوو ڕاگرتنی دێموکراسییە کە ئایندە و چارەنووسی گرووپ، حزب و لایەنی سیاسی و جڤاکی و کلتووری و لە سەرووی هەمووشیان، چارەنووسی وڵات و نەتەوەکان لە تەواوی وڵاتاندا پێوە پەیوەستە. هەڵبژاردن لە سەدەی هەڤدەیەمەوە وەك میکانیزمێکی باو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی دێموکراسیی ڕاستەقینە بەکار دێت.

هەڵبژاردن تەنیا ئەو پرۆسەیە شارستانی و دێموکراسییە نییە، کە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا خەڵك دەچنە سەر سندووقی دەنگدان و لایەنێك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست دێنێت و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت. هەڵبژاردن بە ڕێوشوێنە یاساییەکانییەوە لە جیهانی ئازاددا، تەنیا ڕێگەی ڕەوا بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە.

بەڵام ئەمە تەنیا لایەنی رووکەشی پرۆسەکەیە، کە

ناوەڕۆکێکـــی زۆر گەورتـــر لـــە خـــودی پرۆســـەکە لـــە هەنـــاوی خۆیـــدا حەشـــارداوە. بـــەم واتایـــە کـــە هەڵبـــژاردن لـــە هەنـــگاوی یەکەمـــدا، پێویســـتی بـــە رەخســـاندنی کـــەش و زەمینەیەکـــی گونجـــاو بـــۆ ئازادانـــە بەرێوەچوونـــی پرۆســـەکە، دابینکردنـــی دەرفەتـــی یەکســـان و رەچاوکردنـــی ئازادیـــی تـــاك و ئازادیـــی دەنگـــدان و ئازادیـــی خـــۆ پاڵاوتـــن و ئازادیـــی رێگـــەدان بـــە ئیـــرادەی تاکەکەســـی و ســـەرکۆت نەکردنـــی مافـــی کەمایەتییـــەکان و بەکارنەهێنانـــی توندوتیـــژی و دارایـــی گشـــتی و هێـــزە ئەمنییـــەکان لـــە لایـــەن بەشـــداربووانی هەڵبژاردنـــەوە هەیـــە.

چوارچێـــوەی یاســـایی هەڵبـــژاردن لـــە کۆمەڵـــە یاســـایەکی گرنگـــی تایبـــەت بـــە پاراســـتن و دیاریکردنـــی مـــاف و ئـــەرك و دەســـتەبەرکردنی شـــەفافییەت و دادپەروەرانـــە بەرێوەچوونـــی پرۆســـەکە پێکهاتـــووە. هەربۆیـــە هەمـــوو هەڵبژاردنێـــك بـــە مانـــای راســـتەقینەکەی، هەڵبـــژاردن نییـــە، بەڵکـــو تەنیـــا داپۆشـــینی تاکـــڕەوی و دیکتاتـــۆری و نمایشـــی ســـاختەکارانەی ئـــازادی و دێموکراســـییە. واتـــە ســـەرکەوتن لـــە هەڵبژاردنـــدا نابێـــت ببێتـــە ئامرازێـــك بـــۆ دەســـت بەســـەرداگرتنی دەســـەڵات و ســـەپاندنی ئیـــرادەی خـــۆی و ســـەرکۆت کردنـــی نەیارانـــی سیاســـی و لـــە ئەنجامـــدا بەکارهێنانـــی ئامرازەکانـــی دەوڵـــەت بـــۆ بردنـــەوە لـــە هەلبژاردنەکانـــی داهاتـــوودا.

هەڵبـــژاردن بـــۆ هاووڵاتییـــان بووەتـــە ئەرکێکـــی نیشـــتیمانی بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئەرکەکانیـــان بـــۆ پێشـــیگرتن بـــە قورخـــکاری و دەستبەســـەر داگرتنـــی دەســـەڵات و بەدیهێنانـــی ئازادیـــی سیاســـی و ئابـــووری. هـــەر ئـــەو ئازادییـــەی کـــە داینەمـــۆی دێموکراســـی و زینـــدوو راگرتنـــی هەڵبژاردنەکانـــی ئایینـــدەیـــە.

هیـــچ دێموکراســـییەکی راســـتەقینە، بەبـــێ هەڵبژاردنـــی ئـــازاد و بێگـــەرد و بەشـــداریکردنی ئازادانـــەی خەڵـــك و نوێنەرانـــی لـــە پرۆســـەی پێکهێنانـــی دەســـەڵاتدا، ناتوانـــێ تـــەواو بێـــت. چۆنکـــە دێموکراســـی کـــە زادەی هەڵبژاردنـــە، ناکـــرێ وەك زاراوەی باشـــترین و خراپتریـــن دیکتاتـــۆری، مامەڵـــە لەگەڵـــدا بکرێـــت. ئـــەو وڵاتانـــەی کـــە نیمچـــە ئازادییـــەك بـــۆ





"هەڵبژاردن بە رێوشوێنە یاساییەکانییەوە لە جیهانی ئازاددا، تەنیا رێگەی رەوا بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە

هەڵبژاردن دابین دەکەن، بەم مانایە نییە کە دەسەڵاتێکی دێموکرات و ئاشتیخوازن و بە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە.

زۆرن ئەو دەسەڵاتانەی کە لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆیاندا، یان بەهۆی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بردنەوەی حەتمیی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا، بە رواڵەت پرۆسەیەکی ئازادی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن و ڕێگە بە بەشداریکردنی نەیارە سیاسییەکانیان لە هەڵبژاردندا دەدەن، لە کاتێکدا کە بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە دارایی، ئەمنی و ئابوورییەکانی وڵات، پێشوەخت سەرکەوتنی خۆیان لە هەڵبژاردندا گرەنتی کردووە.

هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی نێوان خراپ و خراپتر، یان تەنیا لە نێوان ڕاست و چەپ، یان تەنیا لە نێوان کەسانی دیاریکراو یان فیلتەرکراودا نییە. بەڵکو سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا، دەبێ دوای بە دەسەڵات گەیشتن، ئەنجامەکەی بەوە کۆتایی بێت، کە ئازادی و دادپەروەری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات مسۆگەر بکات.



## هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئازاددا

هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئازاددا، بەم مانایە نییە کە تەنیا بەوە لێک بدرێتەوە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوە لەسەر چارەنووس و ڕێڕەوی ژیانی هاووڵاتییان هەیە، کە مان و نەمانی خۆیان بە هەڵبژاردنەوە ببەستنەوە. بەڵکو بۆ دیاریکردنی ئاراستەی سیاسی، بەتایبەتی سیاسەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی، ژینگە، ژنان و منداڵان لەناو سیستەمێکی شەفاف، دادپەرور و وەڵامدەر بۆ ئەو ماوەیەشە کە لایەنی سەرکەوتوو لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

هەڵبژاردن لەم وڵاتانەدا بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەماکانی لە پێشدا دیاریکراوی دێموکراسی، پێکەوەژیان و پاراستنی مافی کەمایەتییەکانە و لە کۆتاییدا خستنەڕووی پێگەی

جەماوەریی لایەنە سیاسییەکانە، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراودا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و ڕوانین و بەرنامەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات جێبەجێ دەکەن و ئەنجامە باشەکانیشی بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا بەرجەستە دەکەن.

هەڵبژاردن یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ماف و ئەرکی هەموو لایەك لە پرۆسەی بانگەشە، هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگەکان بە ڕوونی دەخاتەڕوو. هەر وڵاتێك یاسای تایبەت بە خۆی بۆ هەڵبژاردن هەیە. لەم یاسایەدا، دەتوانرێ خەملاندنی ئاستی ئازادی و دیموکراسی لە وڵاتاندا بکرێت.

هەڵبژاردن بەم مانایە نییە، کە زۆرینە مافی ئەوانەی دیکە پێشێل بکات و دەسەڵات و ئیمکاناتی دەوڵەت بۆ مانەوەی خۆی و بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەکار بێنێت. کاتێ کە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکار و دادوەری و هەروەها میدیا و ڕێکخراوەکانی ناحوکمی و کۆمەڵی مەدەنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان دەگێڕن و ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزە ئەمنییەکان بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری سیاسی نادرێت، زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد دەرەخسێت.

لە مێژووی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئازاددا، باسی سەرەکی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە تێپەربوونی کات و ڕووداوەکان، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. سەردەمانێك بەتایبەتی لەسەردەمی شەڕی سارد، لە وڵاتانی ئازاددا، ڕکابەرایەتی لە هەڵبژاردن بە زۆری لە نێوان ڕاست (ڕاستگرا، کۆنەپارێز و نەتەوەیی) و چەپ (سوسیالسیت) و دواتر بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە نێوان چەپی ناوەڕاست و لیبراڵدا و ڕکابەرکانی دیکەدا بووە، کە بە ڕوودانی هەر ڕووداوێك بابەتی نوێ هاتوونەتەوە ناو گۆڕەپانەکە، کە دواترینیان بەهۆی قەیرانی کۆچبەران، دیاردەی پۆپۆلیستی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرهەڵداوە.

هەڵبژاردن بە درێژایی تەمەنی خۆی، داینەمۆی زیندوو

> “
> هیچ دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، بەبێ هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەرد و بەشداریکردنی ئازادانەی خەڵك و نوێنەرانی لە پرۆسەی پێکهێنانی دەسەڵاتدا، ناتوانێ تەواو بێت



راگرتنی سیستەمی دێموکراسی، شەفافییەت، بە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی، دادپەروەری بووە. هەڵبژاردن لە سیستەمی دێموکراسیدا بە چەندین قوناغ و بەربەرستی وەك پێشلکردنی مافی ژنان و رەنگ پێستان تێپەڕیوە و شێوازی جوراوجۆر تاقی کردووەتەوە.

ئەو هەڵبژاردنەی کە بەناوی راپرسی لەسەر دیاریکردنی یاسای بنەڕەتی و دەستووری وڵات و چارەنووسی حوکم و وڵات بەڕێوە دەچێت، نابێت بە هێچ شێوەیەك، چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو کە هێشتا مافی دەنگدانیان نییە، بخاتە ژێر رکێفی خۆی و یاری بە چارەنووسیان بکات، کە دواتر ناچار بن لەنێوان خراپ و خراپتر یەکێکیان هەڵبژێرن.

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

بەر لە باسکردنی ئەم بابەتە، پیویستە رووی راستەقینەی رێژیم لە بواری هەڵبژاردن روون بکەینەوە. ئەرکی مرۆڤی و ئەخلاقیی تەواوی ئەو کەس و لایەنانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن، ئەوەیە کە راستییەکانی بۆ جیهانی دەرەوە ئاشکرا بکەن و تەنیا میدیای دەوڵەت و پیشاندانی دەنگدەران لەسەر سندووقەکانی دەنگدان نەبنە پێوەرێکی یاسایی و فەرمی، بۆ ئەوەی کە جیهانی دەرەوە لە رێگەی ئەم هەڵبژاردنانەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بناسن.

شووڕبوونەوە بۆ ناو سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو راستییە دەخاتەڕوو کە هەر لە ریفراندۆمی سالی ١٣٥٨ەوە، خەڵك خرایە بەر دووڕێیانێکی نادیار و هەستیار، کە لە کەشێکی شۆڕشگێرانەدا، یان دەبێ کۆمارێکی ئیسلامی هەڵبژێرن کە هیچ شارەزاییەکییان لەسەر نییە و تەنیا قسەکانی خومەینی هەیە کە دەڵێت هەموو شتێك بێ بەرانبەر بۆ خەڵك دابین دەکات، یان ئەوەی کە لایەنی بەرانبەرەکەی، گەڕانەوەی رێژیمێکی دیکتاتۆری وەك ئەوەی پێشووە.

تێگەیشتن لەم چەمکە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵبژاردن، ڕێگە بۆ ناسینی زیاتری ڕوانینی ڕێژیم بۆ هەڵبژاردن دەخاتەڕوو. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ریفراندۆمی (بەڵێ و نەخێر بۆ کۆماری ئیسلامی) لە هەڵبژاردنەکانی دوای ریفراندۆم بە درێژایی چل ساڵی ڕابردوو ڕەنگی داوەتەوە و تەواوی هەڵبژاردنەکان لە هەمان بازنەدا دەسووڕێنەوە.

> "
> بە باوەڕی حیزبی دێموکرات، هەڵبژاردن تەنیا لە سیستەمێکدا ڕەوایەتی هەیە، کە خەڵك بە ئازادانە خۆی هەڵبژێرن و بە ئازادانەش دەنگ بدەن و دەرفەتی یەکسانی بۆ بەشداربوونی پرۆسەکە فەراهەم کرابێت

بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، «شورای نیگابان» ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە کە بازنەی هەڵبژاردن دیاری بکات و ڕێگەی خۆ پاڵاوتن تەنیا بەو کەسانە بدات، کە بەشێکن لە سیستەمەکە و هەندێجاریش بۆ بەشداری پێکردنی زیاتری خەڵك یان هەندێجاریش بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان باڵەکانی ڕێژیم بازنەی هەڵبژاردنەکە کەمێك فراوانتر کردووە و بەشێك لە پاڵێوراوانی ریفۆرمخوازانی ناوخۆی ڕێژیم مۆڵەتی پاڵاوتنیان پێدراوە.



ڕوانینی حیزبی دێموکرات بۆ هەڵبژاردن

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی تاقمەکەی خومەینی و دەست بەسەرداگرتنی شۆڕش و زەمینە خۆشکردن بۆ سەرکۆتکردنی لایەنەکانی دیکەی رکابەر، بڕیارێکی بوێرانە و سەربەخۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی سیاسیی خومەینی بۆ هەڵبژاردن دا.

بایکۆت کردنی ریفراندۆمی ساڵی ٥٨، لە لایەن حێزبی دێموکراتەوە، ئەم راستییە خستەڕوو کە هەر ئەوکات حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی شەهید د. قاسملوو لە نییەتی خومەینی بۆ خراپ بەکارهێنانی دەنگی خەڵك بۆ مەرامە سیاسییەکانی تێگەیشت و نەچووە ژێر باڵی ئەو بەرپرسیارێتییە کە بەهۆی جەماوەری بوونی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببێتە هاوبەشی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕێگەی بەشداریکردن لەم ریفراندۆمەدا.

حیزبی دێموکرات، نزیکەی تەواوی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بایکۆت کردووە. بۆ خستنەڕووی راستیی ئەم بڕیارانەی حیزب، پێویستە لە لایەکەوە، جارێکی دیکە بۆ ناوەرۆکیی سیستەمی کۆماری ئیسلامی شۆڕ ببێنەوە و لە لایەکی دیکەوە، رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی رێژیم لە هەموو ڕوویەکەوە شرۆڤە بکرێت.

هەڵبژاردنێک کە لە پێشدا پاڵێوراوانی، پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن لە دەسەڵاتێك بە ئایدۆلۆژییەکی ئایینیەوە بۆ خۆپاڵاوتن هەبێت، لەگەڵ روانینی حیزبی دیموکرات بۆ بەدیهێنانی هەڵبژاردنێکی ئازاد یەك ناگرێتەوە. تێگەیشتنی سیاسی و خەبات و قوربانیدانی ئەم حزبە رێگە بەوە نادات کە فەلسەفەی بوونی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە و لە ژێر کاریگەری بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردندا بەهەر هۆکارێك بێت، هەڵەیەکی ستراتیژی بکات.







> لەهەڵبژاردنەکانی کۆماریئیسلامیی ئێراندا،چاودێر هەربۆخۆیەتی، سەرکەوتووی هەڵبژاردن هەربۆ خۆیەتی،ئۆپۆزیسیۆن هەربۆخۆیەتی. هەربۆیەبەهیچ پێوەرێکی نێودەوڵەتی ویاساکانی هەڵبژاردن ناتوانێ دادپەروەرانەبوونی هەڵبژاردنەکانی کۆماریئیسلامی لەناو خۆدی بازنە داخراوەکەی خۆیدا بسەڵمێنرێت

هەرچەندە حیزبی دێموکرات سەروبەندی زۆریك لە هەڵبژاردنەکاندا لە ژێر گوشاری دەروونی و پروپاگەندەی ریفۆرم لەناو کۆماری ئیسلامیشدا بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی دیاردەی خاتەمی و سەرهەڵدانی پرسی ریفۆرم و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێ لە هەڵبژاردنەکانی دیکە، بەڵام بەهۆی ناسینی رووی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ راکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، تێگەیشتن لە چەمکی سیاسیی رێژیم بۆ هەڵبژاردن و پابەندبوون بە فەلسەفەی بوونی خۆی، بڕیارەکانی لەمبارەوە دروست دەرچوون.

بە باوەڕی حیزبی دێموکرات، هەڵبژاردن تەنیا لە سیستەمێکدا رەوایەتی هەیە، کە خەڵك بە ئازادانە خۆی هەڵبژێرن و بە ئازادانەش دەنگ بدەن و دەرفەتی یەکسانی بۆ بەشداربووانی پرۆسەکە فەراهەم کرابێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی چل ساڵی رابردوو، رێگەی

بە هەڵبژاردنی ئازاد لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار، پەرلەمان و شورای شارو دێهاتەکانی نەداوە. ئەگەر لەوەی دوایی، بازنە داخراوەکەی ڕێژیم کەمێك فراوانتر بووە، نابێت بەوە شی بکرێتەوە کە هەڵبژاردنەکە ئازاد بووە، چونکە بە هەندێ ڕێوشوێنی دیکە، هەڵبژاردنی شووڕای شار و گوندی خستووەتە خزمەتی بەرژوەندییەکانی خۆیەوە.

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپێچەوانەی خۆدی فەلسەفەی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، واتە ئەوەی کە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکات، خۆی دەپاڵێوێت، بانگەشە دەکات، هەڵبژاردن بەڕێوە دەبات و لایەنی سەرکەوتوو و دۆڕاوی هەڵبژاردن دیار دەکات، خۆدی دەسەڵاتە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێ لە بەدەگمەنترین وڵاتانی جیهانە کە ڕێگە بە چاودێرانی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی نادات و تەنیا بۆ خۆی تەواوی پرۆسەکە بەڕێوە دەبات.

«هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەر» بە گرنگترین پێوەری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردن دەژمێردرێت و لەم ڕێگایەوە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن دەکرێت، کە ئایا هەڵبژاردنێکی ئازاد بووە یان نا؟ چاودێرانی هەڵبژاردن ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییە دەگێڕن. ئۆپۆزیسیۆن یان لایەنی کەمایەتی لە هەڵبژاردندا، بەشێکی زۆری بواری ئازاد و دادپەروەربوونی هەڵبژاردنەکە دەخەنەڕوو.

لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، چاودێر هەر بۆ خۆیەتی، سەرکەوتووی هەڵبژاردن هەر بۆ خۆیەتی، ئۆپۆزیسیۆن هەر بۆ خۆیەتی. هەر بۆیە بە هیچ پێوەرێکی نێودەوڵەتی و یاساکانی هەڵبژاردن ناتوانێ دادپەروەرانەبوونی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لەناو خۆدی بازنە داخراوەکەی خۆیدا بسەلمێنرێت.

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە سیستەمی دێموکراسیدا بەناوی جیاوازەوە ئەرکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنیان لە ئەستۆدایە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن. لە کاتێکدا لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، وەزارەتێکی ئەمنییەتی، پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی بەڕێوە دەبات و ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، یاری بە دەنگی هاووڵاتییان بکات.

دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەنجامێکی زۆری خراپی هەبووە، کە رەخنەگرانی ناوخۆی سیستەمەکەشی بە دژایەتیکردنی رێژیم و بنەما سەرەکییە پێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبار کردووە و خراونەتە بەر چارەنووسێکی نادیارەوە.

هەر بۆیە حیزبی دێموکرات بە تێگەیشتن لە چەمکی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵبژاردن وەك ستراتیژیی رێژیم بۆ بەکارهێنانی هەڵبژاردن بۆ درێژەپێدان بۆ بەدەستهێنانی رەوایەتیی خەڵك، هەرگیز نەکەوتووە ژێر کاریگەریی تاکتیکە سیاسییەکانی رێژێم بۆ فریودانی هەموو لایەك.

لە هەمووی گرینگتر، شێواز و بازنەکانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی گشتی و لۆکالییە. ئەم بوارە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نامۆیە و تەنیا شێوازی «ناوەندی» بۆ هەڵبژاردن بە فەرمی ناسراوە و کاری پێ دەکرێت.

چۆنکە هەڵبژاردن بەو مانایە نییە کە دەسەڵاتی ناوەندی بەهۆی زۆرینەوە، حوکم بەسەر کەمینەکاندا بکات و مافە مرۆڤییەکانیان لەبواری زمان، کلتور و ئایین پێشێل بکات.

هەڵبژاردن بۆ بەدیهێنانی دێموکراسی و بەشداری پێکردنی خەڵك لە حوکم و بەڕێوەبردنی وڵاتە. هەر بۆیە لە وڵاتانی ئازاددا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە، سیستەمی حوکمڕانی بەپێی خواستی هاووڵاتییان لەسەر بنەمای کلتور، زمان، جوگرافیا

دارێژراوە، بە جۆرێك كە لە هەر ناوچەیەكی دیاریكراودا، تەنیا دانیشتووانی ناوچەكە بڕیار لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچەكانی خۆیان دەدەن.

ئەم سیستەمە حكومڕانییە، ڕێگە بەوە نادات كە شارە گەورەكان یان پێكهاتەی زۆرینە لە وڵاتدا بڕیار لەسەر چارەنووس و كاروباری كارگێڕی و جێبەجێكار لە ناوچەكانی دیكەی وڵات بدات و دەسەڵاتەكان لە ناوەندە بۆ شوێنەكانی دیكە لەسەر بنەمای جوگرافیا، كلتور و زمان و هتد... شۆڕ كراوەتەوە.

كۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا باوەڕی بەوە نییە كە نەتەوەكانی ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی جوگرافیا یان پارێزگاكانی خۆیاندا، لەسەر ئاستی ناوخۆیی خۆیان بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكانی خۆیان بكەن.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ بەدیهێنانی هەڵبژاردنێكی ئازاد، باوەڕی بە پێكهێنانی سیستەمێكی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكدا هەیە، كە پێكهێنەرانی جوگرافیای ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا لە بواری كارگێڕی و ئەمنییەتەوە ناوچەكانی خۆیان بەپێی هەڵبژاردن بەڕێوە ببەن و دەسەڵاتی دارایی، دیپلۆماسی و پاراستنی سنوورەكانیش بەدەست دەسەڵاتی فیدراڵییەوە بێت.





# هەڵبژاردن و نەبژاردن!

**جەلیل ئازادیخواز**

هەڵبژاردن، وەک یەکێک لە ڕەگەز و پێکهاتەکانی دێموکراسی سەیر دەکرێت، کە ڕۆڵی گرنگ و بنەمایی هەیە. ناکرێت باس لە دێموکراسی بکەین بە بێ هەڵبژاردن. هەروەک ڕوونە هەڵبژاردن لە پێکهاتەیەکی دێموکراسیدا، ڕۆڵی چەند لایەنە و گرینگ دەگێڕێت. دەستاودەستبوونی هێز [دەسەڵات]ی سیاسی لە نێوان بژاردەکاندا چ بە شێوەیەکی کراوە و چ داخراو، گرینگترین دەرەنجامی هەڵبژاردنە. واتە گوێزانەوەی ئاشتیانە و یاساییانەی دەسەڵات لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دیکە، کە تا دوێنێ ئۆپۆزیسیۆن بووە. سەرەڕای ئەم ڕۆڵە گرینگەی هەڵبژاردن کە خۆی لە ماف و دەسەڵاتی جەماوەردا دەبینێت، هەڵبژاردن هەڵگری دوو سیفەتی هەرە گرینگی‌ترە لە دێموکراسی و جیهانی سیاسەتی دێموکراسیدا. هەڵبژاردن تەنیا میکانیزمێکە لەم جیهانە دێموکراسییەدا، کە ڕەوایی بە دەسەڵات دەدات. لە هەمانکاتدا ئەوە هەڵبژاردنە کە سیمایەکی یاسایی دەداتە

دەسـەڵات و یاسـا دەبـێ ملکەجـی بـە یاسـاییکردنی دەرنجەماکـەی بێـت، کـە دەسـەڵات و دەوڵەتـە. لـە کایـە دێمۆکراسـییەکاندا لەڕاسـتیدا یاسـا ناتوانێـت خـۆی لـە دەرەنجامەکانـی هەڵبـژاردن بپارێزێـت. سـەرەڕای ئەمانـەش هەڵبـژاردن سـەلمێنەری ئیـرادەی تـاک و کـۆی کۆمەڵگەیـە کـە لـەم ڕێگایـەوە بڕیـار و ئیـرادەی خۆیـان وانوێـن دەکـەن و دەسـەلمێنن.

دەبـێ ئـەوە بزانیـن بـۆ بەرجەسـتەبوونەوەی ئیـرادەی تـاک و کـۆی کۆمەڵگـە و ڕادەی نواندنـی دەسـەڵات و ئیـرادەی هەڵبـژاردن و بڕیاردانیـان، پێکهاتـە و دەوڵەتـە دێمۆکراتـەکان کـۆ میکانیزمێکـی باوەڕپێکـراو و جێگیـر بـەکار دێنـن کـە زامنـی پاکیـی هەڵبـژاردن و دەنگـی جەمـاوەر و پرۆسـەی هەڵبـژاردن و ڕوانگـەی پێکهاتـە و ڕێکخـراو حیـزب و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ناوەنـدە کۆمەڵایەتـی و کولتوورییەکانـن. باشـترین میکانیزمـی ئـەم زامنکـردن و دەسـتەبەرکردنە، بێگومـان ڕێکخسـتنی کۆمیسـیونی هەڵبژاردنەکانـە. ڕێکخـراوی چاودێـری و بەڕێوەبردنـی هەڵبژاردنـەکان وەک ناوەندێکـی بێلایەنـی یاسـایی و جەماوەریـی ئەرکـی هەڵبـژاردن و پاکژبـوون و سـەلماندنی راسـتیی دەسـەلات و ئیـرادەی خەڵکـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا. لـە پـاڵ ئـەم ناوەنـدەدا بێگومـان ناوەنـدی بەدواداچـوون و سـکاڵاش دەبـێ ڕێکخـراو و ئامـادە بێـت. چاودێریـی ناوەنـدە جیهانییـەکان و ڕێکخـراوە جیهانییەکانـی دێمۆکراسـی و نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بەشـەکانی دیکـەی جیهانـی دێمۆکراسـی لـەو مکانیزمانـەن کـە زامنـی دەنگـی خەڵـک و ڕەوایـی هەڵبـژاردن و دەستاودەسـتکردنی تەندروسـتیی هێـز دەکـەن. رای گشـتی و زەینییەتـی ئەرخەیـان و پێشـینە و ئەزموونـی دێمۆکراسـی و هەلبژاردنـەکان لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا پاڵپشـت و میکانیزمێکـی بەهێـزی هەڵبـژاردن و مانـەوە و ڕسـکانی دێمۆکراسـییە. کەوابـوو دەتوانیـن بڵێیـن؛ هەڵبـژاردن لـە جیهـان و ژیانـی دێمۆکراسـیدا تەنیـا میکانیزمێکـی ئاسـایی و سـاکاری بەڕێکردنـی پرۆسـەی هەڵبـژاردن نییـە، واتـە هەڵبـژاردن تەنیـا لەبـەر هەڵبـژاردن ناکرێـت، بەڵکـوو هەلبژاردنـە کـە ڕەوایـی و پەسـەندی و یاسـاییبوون دەداتـە یەکـە و پێکهاتـەی هەڵبژێـردراو. زامنـی دەسـەڵات و ئیـرادەی جەمـاوەر و زامنـی بەرجەسـتەبوونەوەی ویسـت و ئاراسـتەی

روانیان لە پرۆسەی ژیانی هەڵبژێردراودا. وڵاتانی دێمۆکراسی جیا لەم پرۆسەیە لەسەر سێ ئاستی دیکە هەوڵی قووڵکردنەوە و چڕکردنەوەی دێمۆکراسی دەدەن، وەک بوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تا بتوانێ ڕووبەرێکی فراوانتر لە ژیان و کۆمەڵگە بگرێتەوە و زەینیەتی ئەرخایەن و بەئەزموون و هاوبەش ساز بکات. کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەک لەو میکانیزمانەن، کە دەتوانن بە شەفافی ئاستی دێمۆکراسی و هاوبەشیی جەماوەری و بەرجەستەبوونەوەی ڕا و ئیرادەی گشتی لە هەر دوو ڕەهەندی هاوبەشی و دەسەڵاتداریدا بەرجەستە بکەنەوە. ناوەند و ڕێکخراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیش دیسان هەر ئەم ڕۆڵە دەبینن. باسی هێزە سیاسییەکان و بوونی ئۆپۆزیسیۆن و چاپەمەنی و میدیای ئازاد و سەربەخۆش بابەتێکی دیکەی ئەم پرۆسەیەن.

کاتێک کە باسی هەڵبژاردن دەکەین، لانیکەم ئاوەها هەڵبژاردنێک لە زەین و دیدەی زۆرینەماندا بەرجەستە دەبێتەوە. ئێستا کە دەخوازین کورتە وێستانێک لەسەر هەڵبژاردن لە ئێراندا بکەین و لەم پەنجەرەیەوە چاوێک لە هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان بکەین. [هێزەسیاسییەکانی سەراسەری ئێران وا دیارە و مێژوویش پێمان دەڵێت؛ کە ئەوان روانگە و بۆچوونی خۆیان هەیە و ڕەنگە زۆر خۆیان پێبەندی ئەم جۆرە ڕوانینانە نەکەن] ئەوەی زۆرتر مەکۆی سەرنج و ڕوانینە، هەڵوێست و تێڕامانی هێزە کوردییەکانە.

## ئێران و هەڵبژاردن

پێکهاتەی دەسەڵات و دەوڵەتی ئێران، پێکهاتە و دەسەڵاتێکە تا سەر ئێسقان توتالیتەر و دژە دێمۆکراسی. کۆی دەسەڵات لە ئێراندا و هەموو بونیاد و بنەما سەرەکییەکانی ژیانی سیاسیی ئەم دەسەڵاتە، نەک هەر بە هەناو نادێمۆکراسییە، بەڵکوو دژە دێمۆکراسیشە. تایبەتمەندییەکانی توتالیتەربوونی دەسەڵاتی ئێران بەرجەستە و ڕوونن و ناخوازێت لێرەدا جارێکی دیکە بچینەوە سەریان. ڕژێم لە ئێراندا

لەسەر بنەمای کۆیلە و خواوەند دامەزراوە. خەڵک و جەماوەری لە هەموو ماف و داوا و ویستێک لە دەرەوەی مانیفێستی ئەم دەسەڵاتە داماڵیوە.

ئەم دەسەڵاتە بە ڕوونی و ئاشکرا دەڵێت دەسەڵات ئەمانەتی خوایە کە دراوە بە دەستەبژێر و هەڵبژاردراوەکانی لە توێژێکی تایبەتی [[مەلاکانن]] بە ڕوویەکی دیکەدا لە ڕوانگەی دەسەڵاتی ئێرانەوە، گەلانی ئێران هێشتا لە دەورانی منداڵی ئاوەز و ئەقڵدان و بە ئاستێک لە ئاوەز و وشیاری نەگەیشتوون کە خۆیان بتوانن بڕیاری گرنگ و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. وەک کانت دەڵێت؛ هێشتا گەلانی ئێران لە دەورانی[سەغیریدان] پێش زەمەنی ڕۆشەنگەرییە. بە ڕەهاییش ئەندێشەی سیاسی و ئاوەزی کۆمەڵایەتی دەسەڵات لە ئێراندا هەنووکەش پێش زەمەنی ڕەوشەنگەرییە و هەموو ڕوانگە و پرۆژەکانی لە واقعی ژیان دوورن و ئاسمانی و پیرۆزکراو دەبینرێن و بۆ خەڵک وا نوێنە دەکرێنەوە. بە تێکڕا دەتوانین بڵێین؛ هەڵبژاردن بە پێناسەی سەرەوە، میکانیزمێکی بنەمایی و گرنگی دێمۆکراسییە، هەروەها دێمۆکراسی وەک فۆرمێک لە دەسەڵاتی سیاسی لەلای فەرمانڕەوایانی ئێران هیچ جێگە و شوێنێکی نییە. ئەم فۆرمە لە دەسەڵاتی سیاسی، بە کۆی پێکهاتە و بنەمایەوە لە ئاوەزی سیاسی و ئەندێشەی کۆمەڵایەتیی ئەم ڕێژێمە و بەڕێوەبەرانیدا وەک دژە ئیدەی سەیر دادەنرێت. فەلسەفەی سیاسیی ئەم رێژێمە تئۆکراتە و میتافیزیکی و سەرووی ئاوەزی مرۆڤ و ئەمرێکی ئاسمانییە. هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان، دەگەڕێتەوە بۆ خوا و خواش هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاستەوخۆ سپاردۆتە مەلاکان. گەلان و جەماوەری ئێران کەسانێک یا کۆمەڵگەیەکی کەمئاوەز، یا بێ ئاوەزن کە دەبێ ئەرکە پێسپێردراوەکانی خۆیان وەک ئەرکی پیرۆز ڕاپەڕێنن. لە بەرامبەریشدا لە ئاست ئەم دەسەڵاتە سەروو ئاوەز و ئاسمانییەدا خاوەنی هیچ ماف و بڕیارێکی سەربەخۆ نین.

هەڵبژاردن لە ئێراندا وەک رووکاری دەرەوەی دەسەڵات سەیر

> **"کۆی دەسەڵات لە ئێراندا و هەموو بونیاد و بنەما سەرەکییەکانی ژیانی سیاسیی ئەم دەسەڵاتە، نەک هەر بە هەناو نادێمۆکراسییە، بەڵکوو دژە دێمۆکراسیشە**



دەکرێت، کە ئەرکێکی دینی و کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتییەکی سەروو ئەقڵە و دەبێ وەک ئەرک جێبەجێی بکەن. کەوابوو دەبێ بپرسین ڕێژیم بۆ ڕێگا دەدات و هانا بۆ ئەمجۆرە لە کردەی سیاسی دێنێت کە خۆی میکانیزمێکی فۆرمی دەسەڵاتی دێمۆکراسییە. هەرچەندە ڕوونە کە ڕێژێم و دەسەڵات لە ئێراندا تەنیا لەم ڕەهەندەدا نییە بۆ دیزاینکردنی فەلسەفەی سیاسیی خۆی هانا بۆ بازنەی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوا دەبات. پێش هەموو شت شیاوە هەندێک ئاماژە بدەینە واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئێستای ئێران و ئەو دابڕانە فکری و کولتوورییەی لە نێوان فەرمانڕەوایانی ئێران و جەماوەری خەڵک و گەلانی ئێراندا هەیە. ئێرانی هەنووکە بە هەموو گرفت و خەسارەکانی خۆیەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەی چاو لە ڕۆژئاوایە. جۆری ژیانی ڕۆژئاوا وەک نموونەی تاسق و هەڵبژێردراوی خەڵکی ئێران لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکەیدا توانیویە شێوەژیانی پێشنیاری ڕێژێم بنکۆڵ و هەڵوەشاوە بکات. خواردن و پۆشین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر و کولتوور و سینەما و پەیوەندیی نێر و مێ. دەتوانین بڵێین سەرلەبەری، یا زۆرینەی ڕەهای ڕۆژئاواییە و لەم ڕەهەندانەدا کورد واتەنی «داری لە دەستی ڕێژێم خستووە». ڕێژیم دەخوازێ بە ئەندازیاریکردن و دیزاینی ڕووبەری  دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی جۆرە هاوئاهەنگی و فۆرمێک لە نێوان خۆی و خەڵکدا لانیکەم ئەگەر بە شێوەیەکی شکڵیش بێت نمایش بکات.

گەلانی ئێران خاوەنی کۆمەڵگەیەکی بەتەواوی کراوەن. ڕێژیم بە پێچەوانەوە، یەکەیەکی داخراوی پەیوەندیی پساوە، یا پەیوەندییەکانی ناوخۆیین و دەکرێ بڵێین؛ ناو بنەماڵەیین. واتە پەیوەندیی کۆنەپەرست و کۆنەپەرستە و هیچ هەوڵێکی بۆ گرتنی پەیوەندیی دەرەکی و لە دەرەوەی کاستە سیاسییەکەی خۆی نییە و نادات. گەلانی ئێران روو لە دەرەوەن و کراوەن و پێشکەوتووخوازن. ڕێژیم سەری لەژێر باڵی خۆیدایە و دژە دەرەوەیە. ئاسۆی ڕوانینی لە قووڵاییەکانی مێژووی کۆندایە.

> فەلسەفەی سیاسیی ئەم ڕێژێمە تئۆکراتە و میتافیزیکی و سەرووی ئاوەزی مرۆڤ و ئەمرێکی ئاسمانییە

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەی سڤیل و ناوەندە نادەوڵەتییەکان و وێژمانەکانی دەرەوەی وێژەمانی دەسەڵات بەهێزن و زۆر جار توانیویانە بوون و ویستی خۆیان بەسەر رێژیمدا بسەپێنن، بەتایبەتی لە رەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووری و هونەرییەکاندا. هەرچەندە ئەم دۆخە توانیویەتی خەرجی سیاسیی شیاوی سەرنجیش بخاتە ئەستۆی رێژیم، کە دەتوانین ئاماژە بدەینە ٣١ی جۆزەردان و هەڵبژاردنی ٨٨ و بزووتنەوەی سەوز و بزاوتی ژنان و یاسای بنەماڵە و ...هتد.

> دەبێ بپرسین رێژیم بۆ ڕێگا دەدات و هانا بۆ ئەمجۆرە لە کردەی سیاسی دێنێت کە خۆی میکانیزمێکی فۆرمی دەسەڵاتی دێمۆکراسییە

ئەم دۆخەی ناوەوە و سەرەڕای ئەمانەش هەلومەرجی بزاوتی کوردستان و گەلانی ئێران و ئاستی وشیاریی سیاسیی ئەم بزاوتە و فۆرمی مامەڵەی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەو هۆکارە هەرە گرنگانەن، کە رێژیم دەخوازێت بە ئەندازیاریکردن و دیزاینی رووی دەرەوەی، خۆی بە شێوەی تەیرێکی مەعقوولتر نیشان بدات.

ئەمە دۆخی ناوەوەی کۆمەڵگەی ئێران و تا ڕادەیەکیش ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری و کاریگەریی گرنگ و بونیادی بزاوتی کوردستانە و یەک لە هۆکار و میکانیزمەکانی هانابردنی رێژیمە بۆ هەڵبژاردنەکان.

بێگومان سەرەڕای ئەمانە، هەلومەرجی ناوچەکە و هەڵوێست و دۆخی سیاسیی جیهان و زەمەنی هەنووکەیی دەسەڵاتدارییە سیاسییەکان و گەشە و تا رادەیەک بە بەها و جیهانیبوونی دێمۆکراسی و ڕەوایی و پەسندی رێژیمە دێموکراتەکان، پەسەندی و یاساییبوونیان لە ئاستی جیهاندا، وایان کردووە کە ڕێژێم پەنا بۆ هەڵبژاردن بەرێت. لەڕاستیدا هەڵبژاردن بارێکی نەخوازراو و سەربارێکی ناحەزی رێژیمی ئێرانە و بە ناچار لە لایەن جەماوەر و دۆخی جیهانی بۆ دیزاینی دیوی دەرەوەی خۆی، ناچار بە ئەنجامدان و قبوولکردنیەتی. رەنگە لە کۆی تەمەنی رێژیمدا هیچ شتێک بە ئەندازەی هەڵبژاردن ئازاری ئەم

ڕێژیمـەی نەدابێـت. بۆیـە ڕێژیـم لـە بۆسـەیەک دەگەڕێـت کـە لەکـۆڵ خـۆی بکاتــەوە و بــۆ هەمیشــە خــۆی لــە دەسـتی ئەگەرەکانــی ئــەم مەترســییە لەســەر بــوون و مانــەوەی ڕێژیــم ڕزگار بــکات. ئــەوەی ڕوونــە تــا هەنووکــە ڕێژیــم بــە هەمــوو پــرۆژە و بەرنامــە و خــەرج و بۆســەکانییەوە نەیتوانیــوە هەڵبــژاردن لــە کــۆڵ خــۆی بکاتــەوە. ڕێژێـم بـۆ خاڵیکردنـەوەی هەڵبـژاردن لـە مەترسـییە گریمانەییەکانـی و کردنــی بــە بوونێکــی پرۆتۆکۆلــی بــە ناچــار پەنــای بــردووە بــەر هەڵبــژاردن و بانگەشـەی دێمۆکراسـی، بـەڵام بـە ئەندازیاریـی خۆیـی و لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی ئەجنداکانـی خۆیـدا. هەرچەنـدە دەزانیـن بـەم شـێوەش دیسـان هەڵبـژاردن زەبـری لـە ڕێژیـم داوە و ئاماژەمـان داوەتــێ چــۆن؟

## هەڵبژاردن، بایکۆت یا نا

ئایــا دەبــێ هەڵبــژاردن واز لــێ بێنیــن بــۆ ڕێژیــم؟ کاتێــک بــە روونــی دەزانیــن نــە لــە فەلســەفەی سیاســی و نــە لــە ئــاوەز و جیهانــی ئەندێشــەی ئــەم ڕێژیمــەدا جێیــەک بــۆ هەڵبــژاردن و دێمۆکراســی ناکاتــەوە و وەک نەیــار و دژەبەهــا، ســەیری دەکات. لــە باشـترین دۆخـی خۆیـدا دەیکاتـە هـۆکاری دیزاینـی دیـوی دەرەوەی خــۆی، ئایــا دەبــێ لــە ئاســتی هەڵوێســتماندا بێــت، چ بایکــوت چ بــێ بایکــوت؟

هۆکارەکانـی هانـای ڕێژیـم لەسـەرەوە بـاس کـرا بـۆ چـی و چۆنـە؟ هــۆکار و میکانیــزم و هۆیەکانــی گوشــار و مەبەســتی ڕێژیمیــش دەزانیــن. بــەم دۆخــەوە دەبــێ چــۆن بڕوانینــە هەڵبژاردنەکانــی ئێــران؟.

ئـەم هەڵبژاردنانـە لەسـەر سـێ ئاسـت بـۆ ئێمـەی کـورد شـیاوی ڕامـان و کار لەسـەرکردنە. گومانـی تێـدا نییـە بـۆ هەڵوێسـتوەرگرتن لـە ئاسـت هەڵبژاردنەکانـی ئێـران هـەر هێـز و ڕێکخراوێکـی سیاسـی بــە تایبەتــی و ســڤیل بەگشــتی بڕیــار و هەڵوێســت و خوێندنــەوەی

سەربەخۆی خۆی هەیە. لە پەنجەرەی ئەم هەڵوێست و خوێندنەوەیەوە دەڕوانێتە هەڵبژاردنەکان. لەگەڵ ئەمەشدا کۆ هۆکارێکی گرینگ و پێکهاتەیی هەن، کە دەتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خۆیان لەسەر ئەم هەڵوێست و خوێندنەوانە دانێن. ئێمەی کورد بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی گشتیی ئۆپۆزیسیۆن و کۆی جەماوەر و گەلانی ئێران، لەسەر چەند ئاستدا بە هەر هەڵوێستێکەوە کە هەمان بێت، ناتوانین لە ئاست ئەم هەڵبژاردنانە بێ هەڵوێست و خوێندنەوە و پرۆژە بین، نەک کاردانەوە.

> ❝ لەڕاستیدا هەڵبژاردن بارێکی نەخوازراو و سەربارێکی ناحەزی ڕێژیمی ئێرانە و بە ناچار لە لایەن جەماوەر و دۆخی جیهانی بۆ دیزاینی دیوی دەرەوەی خۆی، ناچار بە ئەنجامدان و قبووڵکردنیەتی

هەڵبژاردنەکان سەرەڕای هەموو کەمایەسی و خەسارەکانی، زەبری توند لە پەیکەرەی ڕێژیم داوە و تا ئاستانەی هەڵوەشاندنەوە و درزی مەزنی ساز کردووە، بە جۆرێک لە لووتکە و جەستەی دەسەڵاتدا ناکۆکیی خولقاندووە. هەڵبژاردن هەمیشە دەرفەتێکی گرینگ و هەلێکی شیاوی بە تەنگەژەوە پێچانی ڕێژیم بووە لە ئێراندا. هەڵبژاردنی ٣١ی جۆزەردان و ساڵی ٨٨ هەتاویمان لەبیرە. یەکیان درز و کەلێنی گەورە و شیاوی ڕامانی خستە لووتکە و جەستەی ڕێژێمەوە. دەسەڵات و هێژمۆنیی سەربازیترین و پۆلیسیترین ناوەندی ڕێژیمی تێکشان و زەین و هورەی جەماوەر و خەڵکی لە ئاست دەسەڵات و هێژمۆنیی ڕێژیم گۆڕی. گەلانی ئێران هەنگاوێکی گەورە چوونە پێشەوە و ڕێژێمیش زیاتر لە هەنگاوێک پاشەکشەی کرد و کشایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆی دەسەڵات و قودسیبوونی ڕێژیم و پێکهاتە و فەلسەفەکەی بۆ هەمیشە شکا و کەوتە پەراوێزەوە. دووهەمیان دەسەڵات و کۆی بوون و هەژمۆنیی بردە لێواری ڕووخان و هەرەسی هەمیشەیی. ئەوەی بۆ ئەم دوو زەبرە نەیتوانی ڕێژیم بخەن یا بگۆڕن، کۆ هۆکارێکی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی هەیە، کە لە شوێنی خۆیدا شیاوی لەسەر وەستانن.

کورد لەم زەمەنە و لە هەنووکەی ئێراندا، بە سێ پێکهاتەی



گرینگ و کاریگەرەوە دەتوانێ لە هەردوو ڕەهەندی ناوەوە و دەرەوەدا شقڵی نەیاری خۆی لەم هەڵبژاردن و ڕێژێمە بدات. هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەک بەشێکی کۆمەڵگەی کوردستان بە خوێندنەوە و هەڵوێستی گونجاوی خۆیان و خۆ ئامادەکردنی تەواوی میدیایی و مادی و دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتی، دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو ببینن، کە ڕەنگە هەنووکە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و جەماوەری دەستەبژێر و گوتارە ڕەوشەنگەرییەکەی کە فاکتەری هەرە گرینگ و مەزنی ناوخۆییە، گونجاو نەبێت. کورد پێش هەموو شت، لەسەر ئاستی سیاسی و هەڵوێست دەبێ خۆی لە دووفاقیی هەڵوێست دوور بخاتەوە. هێزی بزووتنەوەکەی دابەش و پەرەم پەرەم نەکات. هەر دوو رەهەندی کۆمەڵگەی سڤیل و گوتاری ڕەوشەنگەری کە دەتوانن بنەما و بونیادی هەر جۆرە هەڵوێستێک بن. ئەو پەنجەرە گرنگە سیاسیانەن کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد هەوڵی لێکتێگەیشتن و هاوهەڵوێستیی خۆیان و ئەوان بدەن. لە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەنددا هەموو هێز و تواناییەکانی خۆیان لە ڕێکخستنی جەماوەر و ڕێکخستنە سڤیلەکان و هەتا سیاسییەکانیشدا یەک بخەن. بە دەرەنجامێکی هاوبەش و هێزی فکری و میدیاییەوە و لەڕێگای زۆر چەشنەوە بە یەک مەبەست بگەن. میتۆد و شێوەی هەرکام لەمانە دەتوانێ جیاواز بێت، بەڵام دەکرێت یەک دەرەنجامیان بێت، کە دەرەنجامی ویست و داخوازییەکانی جەماوەر و واقعی بن. هەر سێ لا دەتوانن لەو دەرفەتە «ئاولەمەیەی» کە هەمیشە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا لە ناوخۆی وڵاتدا دەڕەخسێن، باشترین کەڵک وەربگرن بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و قووڵکردنەوەی ناڕەزایەتی و داخوازییەکان. شەفافسازی و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ دابینکردن و نزیکبوونەوە لە داخوازییەکانیان و هەر کامیشیان بە میتۆدی خۆیان ئەم کارە بکەن.

سێ فاکتەری ڕێکخستن، میدیا، ڕەوشەنگەری و قووڵکردنەوەی قەیرانەکان، ئەو سێ ئاستەن کە دەبێ ڕۆژەڤی کارکردنی هەموو لایەک بێت. دیارە لە هەندێک لەم بوارانەدا هێزە سیاسییەکان دەستکراوەترن، وەک؛ میدیا و لۆجستیک، لە هەندێک ڕەهەندیشدا کۆمەڵگەی سڤیل و گوتاری ڕەوشەنگەری دەستکراوەترن، وەک؛ ڕێکخستنی ئاشکرا و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بڵاوکردنەوە و ڕەوشەنگەری و بردنەسەرەوەی ئاستی داخوازییەکان و شەفافسازی و شرۆڤەی خەسارەکانی هەڵبژاردن و ڕێژیم بە گشتی.

> سێ فاکتەری ڕێکخستن، میدیا، ڕەوشەنگەری و قووڵکردنەوەی قەیرانەکان، ئەو سێ ئاستەن کە دەبێ ڕۆژەڤی کارکردنی هەموو لایەک بێت

سەرەڕای ئەمانە، هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و حیزبەکان دەتوانن لەسەر دوو ئاستی گرینگی دیکەش هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ و بە چڕکردنەوەی تواناییەکان، پرۆژە و بەرنامەی گونجاو و شیاویان بۆ ئەم هەڵبژاردنانە هەبێت. سروشتی پەیوەندییەکانی حیزبەکانی کوردستان و[هێزە ئێرانییەکان]! سروشتێکی سیاسییە و زۆر ئاسانتر و بەدەستەوە هاتووترە. دەتوانن لەگەڵ ئەوانەیان کە دەتوانن پرۆژەی هاوبەش بدەن، هەوڵی هاوکاری و پرۆژە و بەرنامەی هاوبەش بدەن. لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، وەک هێزی چالاک وەگەڕ بخرێن و بتوانن لە دۆخەکەدا ئامادەیی بەرچاویان هەبێت. کۆبوونەوە و میتینگ و دیدار و دیمانەی بەربڵاوی جیهانی لە ئاستی ئورووپا و ئەمریکا و بە هاوبەشی ئەو هێزانە دەتوانێ بەرنامەیەکی دیکەی حیزبەکانی کوردستان بێت. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئورووپا و هەروەها [ئەنترناسیۆناڵ] و جیهانی سۆسیال دێمۆکراسیی دونیا بێننە سەر خەت و هەوڵ بدەن هەرچی زۆرتر چاودێری ئەم هەلبژاردنانە بکەن و نایاسایی و ناڕەوابوونیان ئاشکرا بکەن و بیکەن بە دیاردەیەکی جیهانی و لە چوارچێوەی تەسکی ئێران دەری بێنن. ڕێژیم زۆرتر و زۆرتر ڕووبەڕووی گرفت و تەنگەژە بکەنەوە. دەرەنجام سەرەڕای ئەوەی ڕێژیم دژە دێمۆکراسی و توتالیتێرە. بە هەموو شێوەیەک هەڵبژاردنەکانی

بــێ نــاوەڕۆک کــردووە و دەیەوێــت بیــکات. دیســـان هەڵبــژاردن بوونێکــی پڕمەترســی و زەبروەشــێنە، کــە دەتوانــێ بــە هــەردوو دیــوی بایکــوت و نەبایکوتــدا زەبــر لــە ڕێژیــم بــدات. بــۆ ئــەوەی هەڵبــژاردن بتوانێــت دەرەنجامــی خــوازراو و کارای هەبێــت، پــڕۆژە پێویســتە. یەکخســتنی ئاســت و تواناکانــی دەوێــت. ئەمــەش دەبێــت لــە ئاســتە جۆراوجــۆرەکان و لــە دەرەوە و نــاوە ئامادەیــی تەواویــی بــۆ بکرێــت و پــڕۆژە و پــڕۆژەی جێگرەوەشــی بــۆ ئامــادە بکرێــت. پڕۆژەیەکــی بەرفراونــی جەمــاوەری دێمۆکراتیــک، کــە ویســت و داخــوازی هەمــوو جەمــاوەر و چیــن و توێژەکانــی کۆمەڵــی کــوردەواری دابیــن بــکات.

# انتخابات یا انتصابات؟

سعید فرجی



آدمـی از حیـث اینکـه موجـودی اجتماعـی اسـت بـرای بقـا مجبـور بـه تشـکیل جامعـه می‌باشـد. بی‌شـک جامعـه بایـد دارای قانـون باشـد ایـن قانـون بنـا بـه مقتضیـات و شرایـط زندگـی هـر جامعـه‌ای نشـأت گرفتـه از افـکار و اندیشـه‌های نخبـگان آن و اجـرای آن منـوط بـه قـدرت مـردم و شـیوه حاکمیـت سران آن می‌باشـد. تدویـن قانـون، اجـرا و محافظـت از آن نیـاز بـه نهادهـا و دسـتگاه‌هایی دارد تـا خواسـته‌ها و قـدرت اردەی مـردم در آن تجلـی یابـد. در نظام‌هـای دمکراتیـک ایـن نهادهـا از طریـق انتخابـات عهـده‌دار مسـئولیت‌هایی می‌شـوند کـه بـه آن‌هـا محـول می‌گـردد. بنابـر ایـن انتخابـات یعنـی مکانیزمـی کـه مـردم از طریـق آن در فواصـل منظـم نماینـدگان خـود را انتخـاب کـرده و هـر زمـان کـه بخواهنـد آن‌هـا را تغییـر دهنـد. بصـورت سـاده‌تر می‌تـوان گفـت انتخابـات نمـادی از اراده‌ی مـردم جامعـه و عامـل قـوام بخشـی بـه

حاکمیـت سیاسـی منتخـب می‌باشـد. در یـک انتخابـات دمکراتیـک:

- همه باید بتوانند به نماینده‌ی واقعی خود رای دهند.

- احـزاب و نامزدهـا بایـد در انتخابـات شرکـت کننـد و گزینـه‌ی واقعـی را بـه رأی دهنـدگان ارائـه دهنـد.

- نامزد مورد نظر اکثریت باید انتخاب شود.

- انتخابـات بایـد آزاد و منصفانـه انجـام شـود تـا نماینـده‌ی واقعـی مـردم قـدرت را بدسـت بگیـرد.

انتخابـات و نتایـج حاصلـه آن از شـاخص‌های مهـم ارزیابـی و کیفیـت عملکـرد نظام‌هـا می‌باشـد. بـا توجـه بـه قـدرت و آرای رأی دهنـدگان در انتخـاب نامزدهـا عملکـرد نمایندگان‌شـان مشـخص می‌شـود، اهمیـت ایـن فراینـد تنهـا رفـتن مـردم پـای صندوق‌هـای رأی نیسـت بلکـه مدیریـت صحیـح و بی‌طرفانـه، ایجـاد فرصت‌هـای یکسـان بـرای رقابـت سـالم و بـدون فشـار و تهدیـد و اجتنـاب از محـدود کـردن افـراد یـا جریان‌هـا، از ضروریـات آن می‌باشـد. همچنیـن از اعتـماد، روحیـه‌ی مشـارکت مدنـی، مشـارکت سیاسـی و آزادی قانونـی بـه عنـوان متغیرهـای موثـر در یـک انتخابـات می‌تـوان نـام بـرد.

هـدف از انتخابـات ایجـاد تغییـر، فراهـم آوری شرایـط و اسـتفاده از فرصت‌هـا جهـت سـوق جامعـه بـه جهت‌هـای رو بـه رفـاه شـهروندان، پیشرفـت و توسـعه همه‌جانبـه می‌باشـد امـا در جمهـوری اسـلامی بـا ایـن همـه انتخابـات چـه تغییـر رو بـه رشـدی در وضعیـت جامعـه و کشـور رخ داده اسـت؟ جوامـع آزاد از ایـن پروسـه عمـلا بـه عنـوان نمـاد نقطـه‌ی قـوت اراده‌ی مـردم و عامـل تغییـر اعتقـاد دارنـد. آیـا در نظـام جمهـوری اسـلامی هـم چنیـن بـوده اسـت؟

رژیـم ولایـت فقیـه بـا یـدک کشـیدن عنـوان جمهـوری بـرای توجیـه مردمـی بـودن حکومت‌شـان از ابتـدای بـه دسـت گرفـتن قـدرت بـه طـور منظـم امـا پـر ابهـام، ۳۳ بـار انتخابـات انجـام داده



است -۱۱ بار مجلس شورای اسلامی، ۱۲ بار ریاست جمهور، ۵ بار مجلس خبرگان و ۵ بار هم شوراهای شهر و روستا- حال سئوال اساسی این است آیا این انتخابات بصورت آزاد و دلخواه مردم بوده است؟ نتایج آن چه تغییراتی در جامعه‌ی ایران داشته است؟ آیا اساسا می‌توان آنرا انتخابات نامید؟

براساس شرایط انتخابات هرکس حق انتخاب کردن داشته باشد باید حق انتخاب شدن را هم دارا باشد. منع افراد از این حق علاوه بر مخالفت با آزادی، اساس تبعیض نیز هست در ایران اسلامی برای ریاست جمهوری، زنان حق کاندید شدن را ندارند در اینجا حق نصف جمعیت نادیده گرفته می‌شود، رئیس جمهور باید مسلمان و شیعه باشد، از میان شیعه‌یان باید ۱۲ امامی (اثنا عشری) درآخر از میان این اثنا عشری و قبول اصل ولایت فقیه، شورای ۱۲ نفره‌ی نگهبان باید در مورد صلاحیت آن‌ها اظهار نظر کند.

شورای نگهبان ، شورای انتصابی که شش نفر مستقیم از سوی رهبر و شش نفر حقوقدان توسط رئیس قوه‌ی قضائیه که خود او منصوب رهبر است، تشکیل می‌شود. مردم اگر بخواهند به کسی رأی دهند باید تابع نظر شورای نگهبان و موافقت نهاد رهبری، نماینده‌ی خود را انتخاب کنند. بعد از انتخابات دوباره تصمیمات و مصوبات این نهادها برای تأیید رهبر باید به شورای نگهبان ارجاع در صورت موافقت به اجرا در بیاید در صورتی هم که اختلافی بر سر مصوبه‌ای صورت پذیرد با حکم حکومتی رهبر حل و فصل می‌شود. حتی نمایندگان مجلس خبرگان که وظیفه‌ی آن انتخاب و عزل رهبر!؟ و نظارت برکارکرد وی است نیز باید از سوی این شورا، تأیید صلاحیت شوند. بنابراین در نظام جمهوری اسلامی انتخابات معنای واقعی خود را در اینجا به نمایش می‌گذارد، نهادهای که مردم قانونا حق انتخاب آن‌ها را دارند در واقع قبلا توسط

**“ وقتی که نظر من در خارج از قدرت تحمل آن‌ها با ریا و تزویر در چارچوب خواسته‌های‌شان محبوس و مورد سوءاستفاده برای تقویت جایگاه آن‌ها و سرکوب اهداف من و استبداد روزافزون گردد، من مرده چرا برای زنده نگه‌داشتن آن‌ها تقلا کنم**



نهادهای تحت اختیار رهبر منصوب می‌شوند و بدون آزادی عمل درراستای صلاح دید نهاد انتصابی «رهبر» انجام وظیفه نمایند نهادی که خود انتصابی است اما قدرت انحلال نهادها و مهندسی اجرا و شکل گیری موسسات انتخابی مردمی را در دست و اختیار دارد. رهبر مشروعیت خود را از مجلس خبرگان می‌گیرد، مجلس خبرگان از شورای نگهبان، شورای نگهبان مشروعیت خود را از رهبر می‌گیرد، این به چه معناست؟ یعنی رهبر خود مشروعیت را به خود می‌دهد. پس اگر چنین نیست این شیوه در فلسفه، «دور باطل » نامیده می‌شود، براساس این اصل یک موجود از آن جهت که علت پیدایش چیز دیگری هست نمی‌تواند معلول آن چیز باشد. رهبر چطور خود شورای نگهبان را ایجاد می‌کند و این شورا هم رهبر را ایجاد می‌کند (این سوال قدیمی در ذهن پی جواب می‌گردد آیا اول مرغ بوجود آمده یا تخم مرغ). با این حال براساس این دلایل، شواهد ومستندات درمورد ۳۳ انتخابات گذشته می‌توان ادعا کرد که هرگز انتخاباتی وجود نداشته است آنچه که بوده تنها انتصابات بوده است، برای شکل دهی انتخابات و مانورهای تبلیغاتی به آن برای بازار گرمی پروسه‌ی مورد نظرشان درمیان خود جبهه بندی کرده، با طرح و برنامه‌های گوناگون اقدام به تخریب چهره، ترور شخصیت، برملا کردن فساد و درنهایت برگشت به اصل بد و بدتر مردم را وارد عرصه نموده تا از میان آن‌ها گزینه خود را انتخاب کنند.

این شیوه بعد از دادگاه میکونوس و تحریم دیپلماتیک جمهوری اسلامی و برملا شدن چهره واقعی رژیم برای مردم و جهان با ظهور خاتمی و پیش کشیدن گفتگوی تمدن‌ها شکل جدیدی به خود گرفت.

جناحی را تحت عنوان اصلاح طلب در مقابل انحصارگران قرار دادند تا افکار عمومی داخل و خارج را فریب دهند. با رو

شدن دست آن‌ها و خانش دسیسه‌های‌شان توسط مردم که با «شعار اصلاح طلب اصولگرا، دیگه تمام ماجرا» با طرح ریزی دسیسه‌های دیگر قصد فریب مردم را دارند از احمدی نژاد پوپولیست گرفته تا ظریف خنده‌رو و از دیگر سو تندروهای سپاه دوباره برای آنکه از میان بد و بدتر مردم را مجبور و وادار به انجام عملی ناخواسته نمایند.

سوال اینجاست همه‌ی مردم می‌دانند که این انتخابات نیست بلکه از میان انتخاب آن‌ها باید به ناچار به یک یا چند نفر رأی دهند، اما چرا مردم باید در انتخابات شرکت نکنند؟ جواب آن روشن است: انتخاب اولیه را شورای نگهبان با رد و تایید صلاحیت با نظر رهبر انجام داده، خودش هم نهایی کند. وقتی که نظر من در خارج از قدرت تحمل آن‌ها با ریا و تزویر در چارچوب خواسته‌های‌شان محبوس و مورد سوءاستفاده برای تقویت جایگاه آن‌ها و سرکوب اهداف من و استبداد روزافزون گردد، من مرده چرا برای زنده نگه‌داشتن آن‌ها تقلا کنم. شرکت نکردن در انتخابات و نه به جمهوری اسلامی تنها انتخاب اکثریت مردم ایران است.

# هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوە غەیرە فارسەکان

زرێبار مەریوانی





پاش ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی دنیای دووجەمسەری و گۆڕانی سەردەمی ژێئۆپۆلیتیکی ئیدئۆلۆژیک لە بەرژەوەندیی دنیای لیبراڵیزم بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، چەمکی دێمۆکراسی و ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها داخوازیی سەربەخۆیی لەلایەن وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، دۆخێکی لەباری بۆ نۆرم و بەها دێمۆکراتییکەکان کە لەلایەن مەکتەبی لیبراڵیزمەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، هێنایە ئاراوە و لەم پێناوەدا بیرۆکەی «کۆتایی مێژوو» لەلایەن فرانسیس فۆکۆیاما کە هەڵگری پەیامی سەرکەوتنی یەکجارەکیی لیبراڵیزم و گرینگایەتیی نۆرم و بەهاکانی ئەو مەکتەبە بوو، هاتە ئاراوە. هەرچەندە بیرۆکەی «کۆتایی مێژوو» لەگەڵ هەموو ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک ناخۆێنێتەوە، بەڵام داخوازیی دێمۆکراسی و سەروەریی یاسا و فرەچەشنی و ئازادیی ڕادەربڕین، وەک خواستێکی جیهانی لێی هاتووە

و زۆربەی وڵاتانی جیهان و تەنانەت دیکتاتۆرترینی دیکتاتۆرەکانیش بۆ وەرگرتنی ڕەوایی و مشرووعییەت لەلایەن خەڵکی خۆیان و کۆمەڵگای جیهانی، لە ڕەواڵەتێکی بێشەرمانە لە چەمکی ئازادی و دێمۆکراسی کەڵک وەردەگرن.

ئازادی و مافی ڕادەربڕین بەرهەمی پەیوەندیی ئێکۆلۆژیکی مرۆڤ لەگەڵ سروشتە.

هەر مرۆڤێک لە ڕێڕەوی ژیانی ئاسایی خویدا، پەیوەندییەکی قووڵ و پتەو لەگەڵ سروشتی دەوروبەری (فەزای جۆگرافیایی) پێک دەهێنێت و بە تێپەڕبوونی کات و زەمەن، جۆرێک لە خۆشەویستیی نێوان مرۆڤ و ژینگە لە ژیانی دروست دەبێت کە لە ڕوانگەی جۆگرافیاییەوە، پێی دەڵێن «حێسی مەکانی و مێهری مەکانی».

مرۆڤ بە نیسبەتی شوێنی لەدایکبوون و ئەو شوێنەی کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تێیدا دەژی، هەستێکی دەروونی و زاتیی هەیە کە بزوێنەری خۆشەویستیی خاک و وڵاتی لێ ساز دەبێت؛ ئەم هەستەسۆزاوییە لە پێوەرێکی بچووک وەک گوند و گەڕەک دەست پێدەکات تا دەگاتە ئاستی وڵات و نەتەوە.

ناسیۆنالیزم بەرهەمی ئەو پیوەندییە ئێکۆلۆژیکەیە کە لە ئاستێکی بەرز و لە پێناو بەڕێوەبەرایەتیی نەتەوەیی دێتە کایەوە.

بێگومان پەیوەندیی ئێکۆلۆژیکیی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی ژیانی، مافێکی بۆ دەخولقێنێت کە پێی دەوترێت مافی ئاو و خاک یان فارس وتەنی «حق آب و گل»؛ ئەو مافە سروشتییە، فەلسەفەی بەشداری لە چارەنووسی وڵات بۆ هەموو مرۆڤەکانی دانیشتووی ئەو شوێن و وڵاتە بەرهەم دێنێت.

بەشداری لە چارەنووسی «شوێن» یان «وڵات» چەمکی شارۆمەندی زەق دەکاتەوە و شارۆمەندی بە ئاوەز و هۆگریی خاک و وڵات، بەشداری لە چارەنووسی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵاتەکەی وەک مافێکی سروشتی چاو لێ دەکات و خوازیاری بەشداری لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانیەتی.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا سندووقی دەنگدان و دەنگی هاووڵاتییان ڕۆڵی تەواوکەر و یەکلاکەرەوە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەگێڕێت

لە وڵاتانی دێمۆکراتیک، مافی بەشداریی ڕاستەقینە و بەبێ جیاوازی، بەخشراوەتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و هەموو تاکێک بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی، زمانی، نەتەوەیی و ئایینی دەتوانێت ئازادانە لە چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. لەم وڵاتانەدا پرۆسەی هەڵبژاردن، کەم تێچووترین شێوازی بەشداریی سیاسییە. لەم وڵاتانەدا سەندووقی دەنگدان و دەنگی هاووڵاتییان ڕۆڵی تەواوکەر و بڕیاردەری کۆتایی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەگێڕێت؛ بۆیە هاووڵاتییان بە دەگمەن پرۆسەی هەڵبژاردن بایکۆت دەکەن و ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتووە کە یاسا پارێزەری دەنگ و بڕیاراتی سیاسیی ئەوانە و هەموو دەسەڵاتدارانیش بە باشی ئەوە دەزانن کە گۆڕانی دەسەڵات تەنیا لە ڕێگای دەنگدانی خەڵکەوە مسۆگەر دەبێت. بەڵام لە وڵاتانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر، یان ئەساسەن خەڵک لە چارەنووسی حکوومەت و دەسەڵات هیچ جۆرە ڕۆڵێکیان نییە یان ئەگەر مافی بەشدارییان پێ دراوە، تەنیا نواندنێکی شانۆگەرایانەیە کە مەبەستی سەرەکی لەو جۆرە لە هەڵبژاردن مەشرووعییەتدانێکی دووبارەیە بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دەمکوتکردنی نەیارانی ڕێژیمە کە گوایە ڕێژیمی دیکتاتۆر مەشرووعییەت و ڕەوایی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەردەگرێت و بە پێچەوانەی نەیارەکان هیچ جۆرە بەربەستێک بۆ هەڵبژاردن و گۆڕانی دەسەڵات لە ئارادا نییە. بەداخەوە ئەو جۆرە لە هەڵبژاردن، تەنیا شانۆیەکی بێ شەرمانەیە کە بۆ تۆمارکردنی ڕاپۆرت و فیلم و پیشاندانی ڕەواڵەتێک لە بەناو هەڵبژاردەن لەبەردەم کۆمەڵگای جیهانییە کە ئاکامەکەی دووپاتبوونەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و نەگۆڕ و جاروبار گۆڕانی دەموچاوەکانی مۆرە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیمی لێ دەکەوێتەوە.

> “
> **ڕۆژی دوای هەڵبژاردن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەشداریی خەڵکی لە هەڵبژاردن بە مانای مەشرووعییەت دانی دووبارە بۆ ئەو ڕێژیمە لە قەڵەم دەدا و ئاکامی هەڵبژاردنی «نا»یەکی گەورە دژ بە ئامریکا و نەیارەکانی نێوخۆیی و دەرەکی دەزانێت**



## ئێرانی نوێ و نەتەوەکانی غەیری فارس

ئێرانی نوێ بەرهەمی سیاسەتی بەشیعەکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییە.

شا ئیسماعیلی سەفەوی بە بڕیاری ڕەسمیکردنی ئایینزای شیعە، ئێرانی نوێی لە بەرانبەری هێژمۆنیی عەرەب و تورکانی سوننە مەزهەبی عوسمانی دامەزراند. ئێرانی نوێ، لەسەر ئەساسی پابەندی بە مەزهەبی دوازدە ئیمامی دامەزرا کە ئەوکات زۆربەی دانیشتووانی وڵات لەسەر پێڕەوانی مەزهەبی سوننە بوون.

شا ئیسماعیلی سەفەوی بە زەبری هێز و کوشتاری بێڕەحمانە توانی زۆربەی زۆری خەڵکی بەشە ناوەندی و هەروەها تورکنشینەکانی ئازەربایجان قائیل بە گۆڕینی مەزهەب بکات، بەڵام بەشێکی زۆری کوردستان، بەلووچستان و تورکمەنسەحرا لە بەرانبەری ئەو پەلامارە مەزهەبییە بەرەنگار بوونەوە و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت لەسەر بیروباوەڕی مەزهەبیی خۆیان ماونەتەوە.

بە باوەڕی زۆرێک لە جوگرافیدانە سیاسییەکان، هۆکاری بوونی حکوومەت لە ئێرانی نوێ، مەزهەبی شێعەی دوازدە ئیمامییە؛ هەر بۆیە لە دوای سەفەوییەکان، هەموو حکوومەتەکانی ئێران هەوڵیان داوە یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی (nation-state)، شێعەگەری و پەرەپێدانی بەها پیرۆزەکانی ئەو مەزهەبە بێت و بە هەموو شێوەیەک بۆ یەکدەستکردنی ئایین و فەرهەنگی هەموو ئێران لەسەر ئەو ئەساسە، لە هیچ تێکۆشانێک سڵیان نەکردووەتەوە و سیاسەتی شێعەسازی لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیی حکوومەتەکانی سەفەوی، قاجاڕی و پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی پەیڕەو کراوە.

لە ڕوانگەی ئێرانیستەکانەوە مەزهەبی شێعە هەستی نەتەوەیی نەتەوەکانی جیا لە فارس خاو دەکاتەوە و هەستی ناوەندگەرایی و نزیکبوونەوە لە حکوومەتی ناوەندی بەهێز دەکات. لە ڕوانگەی ئەم گرووپانەوە یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارەکانی مانەوەی ئێران مەزهەبی شێعەی دوازدە ئیمامییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە سیاسەتی

حکوومەتەکانی ئێران لە ماوەی پانسەد ساڵی ڕابردوو و بە تایبەت لە سەردەمی نوێ، ئاوڕدانەوەی جیدی لە ناوچە شێعەنشینەکانی نەتەوە جیا لە فارسەکان بە تایبەت ئازەرییەکان بووە. لە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، بەهۆی ڕانتی مەزهەبی، کاربەدستانی ڕێژیم هەوڵیان داوە نەتەوە جیا لە فارسەکانی شێعە مەزهەب لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆی هاوتەریب بکات و ئیجازە نەدات باسی زمان و فەرهەنگ و هەروەها شوناسی نەتەوەیی بەسەر شوناسی مەزهەبیی ئەو نەتەوانە زاڵ بێت و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە؛ هەر بۆیە لە کاتی هەڵبژاردنەکان ئەو نەتەوانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان وەک ئەرکی مەزهەبی لەبەرچاو هێناوە و هەمیشە جۆرێک لە هاوفیکریی سیاسییان لەگەڵ ناوەند پەیڕەو کردووە.

### هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ڕەواڵەتێکی بێشەرمانە لە پرۆسەی دێمۆکراسی و هەڵبژاردنە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمە، سیاسەتی یار و نەیار پەیڕەو کراوە و کەسانێک کە بە شێوەی ئیدئۆلۆژیکی و کردەیی وەفادارییان بۆ کۆماری ئیسلامی نیشان نەدابێت، دەرەتانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنیان بۆ نەڕەخساوە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی لە بەرژەوەندیی تاقم و دەستە هۆسار کردووە. بەپێی مادەی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی هەموو جومگەکانی دەسەڵات لەژێر دەستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی قۆرخ کراوە و ئەگەر دێمۆکراسی واقعیش لە ئێرانی وەلیی فەقێ بێتە کایەوە، بەپێی ئەوە دەسەڵاتی بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی دراوە، هیچ یەک لە هەڵبژێردراوانی سەرۆک کۆماری و پارلمان و... توانای تێپەڕاندنی ئەرک و چالاکیی خۆیان نییە و ئەو ڕاستییە لە سەردەمی سەرکۆماری خاتەمی و ڕووحانی بە ڕوونی چەسپاوە و هەروەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە بەم سیستەم و یاسایە، سەرۆک

کۆمار تەنیا بووکەڵەیەک لەژێر هێژمۆنیی ڕێبەردایە و تەنیا ڕۆڵی تەدارۆکاتچی دەگێڕێت.

بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەم ڕێژیمە، لە دێمۆکراتیکترین شێوازی هەڵبژاردنیش و ئەگەری هەڵبژێرانی خەڵکیترین کەسیش،هێزی گۆڕانی دەسەڵات بە هیچ جۆر ناگاتە دەسەڵاتی یەکەم لە کۆماری ئیسلامی کە وەلی فەقێیە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا مادەی ١١٠ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، هەموو دەسەڵاتە کاریگەرەکانی وەک هێزی نیزامی وئینتیزامی، هەواڵگەری، ڕاگەیاندنی ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنی، دەزگای داد، شورای نیگەهبان، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و هەموو بنکە و بارەگا ماڵییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی بەناو دەزگای بەڕێوەبەری، لەژێر دەستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چڕ کردووەتەوە و هەرکات ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەست بە گۆڕانی بنەڕەتیی دەسەڵات بکات هەر بەپێی ئەو مادە یاساییە، دەست لە کاروباری هەموو وڵات وەردەدات.

لە سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئیسلامی، نیوەی کۆمەڵگا واتە ژنان، و هەروەها ئایین و ئایینزاکانی جیاواز لە شێعەی دوازدە ئیمامی بە هیچ جۆر مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ سەرۆک کۆماری نییە و لەنێو شێعەکانیش کەسانێک بڕوا و وەفادارییان بۆ وەلیی فەقێ مسۆگەر نەکرابێت، لەلایەن شورای نیگابانەوە ڕەت دەکرێنەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر گۆڕانی دەسەڵاتی لێ ناکەوێتەوە و ئەگەر ٩٠ لەسەدی خەڵکی ئێرانیش لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن و کەسێکی بە ڕواڵەت خەڵکیش هەڵبژێرن، ڕۆژی دوای هەڵبژاردن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەشداریی خەڵکی لە هەڵبژاردن بە مانای مەشرووعییەت دانی دووبارە بۆ ئەو ڕێژیمە لە قەڵەم دەدا و ئاکامی هەڵبژاردنی «نا»یەکی گەورە دژ بە ئامریکا و نەیارەکانی نێوخۆیی و دەرەکی دەزانێت.

## کورد و هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی، وەک پێشەنگی دژایەتی سیاسەتی ئەو ڕێژیمە خۆی پێناسە کردووە.

شعووری سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ناسینی ناوەرۆکی نادێمۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی، لە دەسپێکی دامەزرانی ئەو ڕێژیمە دەستی پێ کردووە و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت کوردستان وەک گرانیگای دژایەتیی سیاسی ئەو ڕێژیمە دەناسرێت و ئەگەر چەند جارێک خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان بەشدارییان کردووە و دەنگیان بە سیمایەکی تری ڕێژیم داوە تەنیا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزاییەتی لە سیاسەتەکانی کۆلییەتی ڕێژیم و بە تایبەت دەستوپەیوەندییەکانی سپای پاسداران بووە.

ماهییەتی بەشداریی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە ئێران زۆر جیاوازە لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئەم وڵاتە. کورد بە باشی پێگە و سەنگی خۆی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەزانێت و ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوتووە لە ڕێژیمێک کە بناغەی دامەزرانی لەسەر مەزهەب و زمان و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست پێکهێنرابێت، هیچ جۆرە شانسێکی لە وەدیهاتنی ماف و بەڕێوەبەرایەتی لە ئاستی سەرانسەری و ناوچەیی بۆی بەدی ناکرێت و هەڵبژاردن تەنیا دەرتانێکی تاکتیکییە بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەتی و بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەییەکانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان.

لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە خەڵکی کوردستان لە کاتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن بەشێک لە کاربەدەستانی ڕێوی سیفەتەوە بۆ هاندانیان لەمەڕ بەشداری لە هەڵبژاردن بەسەر دەکرێنەوە و کۆمەڵێک دروشمی بریقەدار بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی ساویلکە و خۆشباوەڕ بەرز دەکرێتەوە؛ بەڵام هەر لە ڕۆژی دوای شانۆگەریی هەڵبژاردن، ئەوەی هەر لە بیری ئەو فێڵبازانە

> هاتنە خوارەوەی تێچووی جاشایەتی کە لە ئێستادا بە فۆرم و شێوازێکی نەرمئەفزارییەوە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، هۆکارێکی بنەڕەتییە کە ئەو جۆرە تاقمانە بەبێ ترس و تێچوو، خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان دەکەن



بوونی نامێنێت ئەو بەڵێن و دروشمانەیە کە خەڵکی بەشخوراوی کوردستانیان پێی فریو داوە. بۆ وێنە لە ماوەی ڕابردوو، هەم سەرۆکی دەزگای بەناو داد و هەم سەرۆکی بەناو پارلمان سەردانی پارێزگاکانی ورمێ و سنەیان کردووە.

بەداخەوە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو، کەسانێک لە کوردستان لەژێر ناوی ڕێفورمخوازی حکوومەتی هەمیشە لە کاتی هەڵبژاردنەکان، بەبێ هیچ شەرم و حەیایەک سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و تاوانانەی کە کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان ڕەوای دەبینێت و ئەو هەموو درۆ و دەلەسەی کە لەژێر ناوی ماف و گەشەی فەرهەنگی و ئابووریی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو دراوە، دیسانەوە ئەم تاقمە ڕیسوایە بنکە و بارەگا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەکەنەوە و ئەوەی زۆر جێگای داخە لە هەموو ئایکۆن و هێما نەتەوەییەکان بۆ ڕاکێشانی خەڵک لە هەڵبژاردن کەڵک وەردەگرن. بە باوەڕی نووسەری ئەم وتارە، نەبوونی هێژمۆنیی ئەحزابی سیاسیی کوردی و هاتنە خوارەوەی تێچووی جاشایەتی کە لە ئێستادا بە فۆرم و شێوازێکی نەرمئەفزارییەوە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، هۆکارێکی بنەڕەتییە کە ئەو جۆرە تاقمانە بەبێ ترس و تێچوو، خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان دەکەن. ئەوەی ڕاستی بێت بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردنەکان هیچ جۆرە دەستکەوتێکی بۆ گەلی کورد نەبووە و نییە و ئەزموونی ڕابردوو، بەڕوونی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.



## ئاکام

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو باسەی کە کرا، دەکرێت ئەم خاڵانە وەک ئاکام و دەستکەوتی باسەکە زەق بکرێنەوە:

- وڵات و حکوومەت (nation-state) لە ئێرانی نوێ، لەسەر بناغەی یەک مەزهەب یەک زمان دامەزراوە و هەر حکوومەتێک لە ئێران دەسەڵات بگرێتە دەست هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە ئەو دوو فاکتەرە وەک ڕەمزی مانەوەی ئێران بەسەر نەتەوەکانی بێجگە لە

فارس بیسەپێنێت و بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆریش لە بڕێک شوێنی کوردستان سەرکەوتوو بووە.

- پێگەی کورد، بەلووچ، تورکەمەن و تا ڕادەیەکیش عەرەب لەگەڵ نەتەوەکانی تر جیاوازە و دەسەڵاتی ناوەندی بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبیی ئەواندایە. لەم نێوەدا کورد زۆر جیاوازە؛ لەبەر ئەوەی لەنێو هەموو نەتەوەکانی تری ئێران هیچ یەک وەک کورد داخوازییەکانیان لە ڕێگای حیزبی ئەکتیو و شۆڕشگێڕ پراکتیزە نەکراوە؛ هەر بۆیە کوردستان وەک گرانیگای دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە کراوە و هەموو هەوڵی ڕێژیمەکانی دەسەڵاتداری ناوەندی و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی لەوە چڕ کراوەتەوە کە کوردستان نەتەنیا لە بواری جوگرافیایی پێوەری کەم بکرێتەوە بەڵکوو پەیوەندیی کوردستانی شوناسخواز لەگەڵ نەتەوەکانی تر بە پڕوپاگەندەی ناشیانە بپچڕێنێت.

- پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی بەپێی یاسای بنەڕەتی بە شێوازێک داڕێژراوە کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی کاریگەر، لە دەستی وەلی فەقێی چڕ کراوەتەوە و بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەو ڕێژیمە لە باشترین دۆخی سیاسی و دێمۆکراتیکیش، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەتوانێت هێژمۆنیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو لایەک بسەپێنێت؛ هەر بۆیە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە تایبەت هەڵبژاردنی مەحەمەدی خاتەمی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دەنگدانەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت و بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن تەنیا مەشرووعیەتدان بە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیە و تەمەنی درێژ دەکاتەوە.

- بۆ کورد کە ئامانجێکی سیاسی و نەتەوەیی هەیە، هەڵبژاردن و بەشداریی سیاسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەدڵنیایەوە بێ دەسکەوت دەبێت هەر بۆیە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان تەنیا لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدایە و هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە گەشە و باشتربوونی دۆخی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی

کوردستانی لێ سەوز نابێت.

- هەر وەک پێشتر ئاماژم پێ دا، دەسەڵاتی ڕەها لە کۆماری ئیسلامی لە دەستی ڕێبەری ئەو ڕێژیمەیە و لایەنەکانی تری سیستەمی حوکمڕانی لە ئێران، تەنیا ڕەواڵەتێکی ئیداری و خەڵک خەڵەتێنەیان هەیە؛ بۆیە نوێنەرایەتیی وەلی فەقێ و هەروەها سپای پاسداران کە وەک دەستی ڕاستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە هەموو پارێزگاکان دانراون، ڕۆڵێکی کاریگەر و بڕیاردەریان لە موعادیلاتی ناوچەیی و ئوستانی هەیە؛ ئەم کاریگەرییە لە کوردستان بە شێوەیەکی دووبەرابەر بەرز دەبێتەوە و ئەو دوو لایەنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک سەرچاوەی بڕیار دێنە ئەژمارکردن.

- بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی کورد لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، هیچ دەسکەوتێکی بۆ گەلی کورد لە بوارە جۆراجۆرەکاندا نییە و حیزبە کوردستانییەکان تا ئێستا کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارییان بایکۆت کردووە، هەڵوێستێکی واقعگەرایانەیان نواندووە.

# هەڵبژاردن رووکەشێك بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم

**چەنگیز سیلوانا**





رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە، هەڵبژاردنەکانی ٤٠ساڵی رابردووی بە ئاراستەیەکدا دیزاین کردووە کە ببێتە پاڵپشتێکی یاسایی و جەماوەری بۆ پتەوکردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سیستەمە تۆتالیتەرەکەی.

یەکەم هەڵبژاردنی ژێر دەسەڵاتی ئەم رێژیمە کە خۆی لە ریفراندۆمی ٥٨دا دەبینێتەوە، بە شێوەیەك دارێژرا کە خەڵك لە نێوان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان ئایندەیەکی باشتر کە خومەینی لە لێدوان و گوتارەکانیدا مژدەی دەدا، یەکێکیان هەڵبژێرن. هەر بۆیە خەڵك بەبێ ئەوەی کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو ئایندەی باشە هەبێت، بە ئاراستەی ویستی ئەم رێژیمە دەنگیان دا.

ئەم پرۆسەیەی دیزاین کردنی هەڵبژاردن بە تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی ئەزموون و لەناوبردنی دەنگی جیاوازی سیاسی، بەرگێکی یاسایی پێ درا و دامەزراوەی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی

ئەم شانۆ بەناو هەڵبژاردنە دروست کرا و تەنانەت بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکانی، کارە پەیوەندیدارەکانی لە نێوان دامەزراوەکانی ڕێژیمدا دابەش کرا. هەر لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لەجیاتی هەبوونی دامەزراوە سەربەخۆکانی هەڵبژاردن تا دەگاتە فیلتەری "شووراى نیگابان" (ئەنجومەنی چاودێران) بەشێکن لە پرۆسەی دیزاینکردنی هەڵبژاردن و تەنانەت گۆڕینی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کە بە دڵیان نەبووە، هەروەك چەندین جار بینیویمانە و هەندێکیشیان توندوتیژی و پێکدادانی بەدوای خۆیاندا هێناوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبژاردن لە ئێران بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمدایە و هیچ لایەنێکی سەربەخۆ، یان چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەناو پرۆسەکەدا نین. هەر بۆیە ڕاگەیاندنی هەر ئامارێك سەبارەت بە ژمارەی بەشداربوان، یان ئەنجامەکانی بەشێکە لە سیاسەتی ڕێژیم کە لە پێشدا دیزاینی بۆ کراوە.

کۆی پرۆسەی دیزاینکردنی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی لە چوارچێوەی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو باڵی کۆنەپارێز و بەناو ڕیفۆرمخوازی حکوومەتی بە ئاراستەی باڵادەستبوونی کۆنەپارێزان لە دەسەڵاتەکانی دادوەری، سەربازی و میدیایی بەڕێوە دەچێت. واتە بەپێی پێویست و ستراتیژیی ڕێژیم، تەنیا هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە نێوان ئەم دوو باڵەی ڕێژیمدا دەستاودەست دەکرێن.

هەر کاتێکیش بەهۆی بە بنبەستگەیشتنی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بە یەکجاری متمانەی خەڵکیان لەدەست دابێت، پەنایان بۆ ترساندنی خەڵك لە ئەگەری سەرکەوتنی باڵەکەی دیکەی ڕێژیم بردووە. هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر، یان کلیلی کردنەوەی کێشەکانی خەڵك بەشێکی بەرچاوی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بۆ

ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بووە. تەنانەت لەو کاتانەش کە بەهۆی گەندەڵیی زۆری دارایی و بەڕێوەبەری، قەیرانی ئابووری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سنووردارکردنی بواری کۆمەڵایەتی، سەرکوت و چەوسانەوەی کەمایەتییەکان، خەڵك لە ڕژێم گەڕاوەتەوە، بەرپرسانی ئەم ڕژێمە لەڕێگەی دیزاینکردنی هەڵبژاردنەکانەوە خواستی خویان بەسەر ئیرادەی خەڵکدا سەپاندووە.

سیاسەتی ڕژێم و خواستی سەرەکیی خامنەیی، بەشداریی هەرچی زیاتری خەڵکە لەو شانۆگەرییەدا بۆ ڕەواییدان بە ڕژێمەکەی، هەر بۆیە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، لە کاتی خۆیاندا کەسان و سیماگەلێکی وەك خاتەمی، مووسەوی و ئەحمەدی‌نەژاد بوونە ئامرازێکی گرینگ بۆ گەرمکردنی شانۆی هەڵبژاردن. هەرچەندە لە هەندێکیان ئەنجامی چاوەڕواننەکراو و بەپێچەوانەی خواستی ڕژێم بەدەست هاتووە و هەندێجاریش توندوتیژی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم توانیویەتی بەم ڕێگایانەوە بە ملیۆنان کەس ڕابکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و خواستی خامنەیی بەجێ بێنن، بەبێ ئەوەی کە لە دوای هەڵبژاردن گۆڕانێکی هەستپێکراو بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش هەڵبژاردن روو بدات، تەنیا گۆڕینی هەندێ دەموچاو بۆ پاراستنی ڕژێم و درێژکردنەوەی تەمەنی بووە.

هەندێجاریش بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، کە بەهۆی هەندێ فاکتەری دیکەوە ڕێژەی بەشداریکردن بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری زیاترە، فیلتەری "ئەنجومەنی چاودێری" دەست بەکار دەبێت و نایەڵێت مەجلیس لە کۆنتڕۆڵیان دەربچێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێدانی مۆڵەت بە پاڵێوراوان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی داڕشتنی دەستوورەوە لەسەر بنەمای باوەڕمەندی بە کۆماری ئیسلامی

وردتر دەبێتەوە و دەچێتە ناو خودی بازنەکەیانەوە و هەندێجار لێدوانی پێشووی پاڵێوراوان وەك پێوەر بۆ ڕەتکردنەوەی شیاوبوونیان کاری پێ دەکرێت.

لە هەڵبژاردنی سێزدەیەمین خولی سەرۆکایەتیی کۆمار و شەشەمین خولی ئەنجومەنی شار و گوند کە بڕیارە هاوکات لە ڕۆژی ٢٨ جوزەردانی ساڵی ١٤٠٠دا بەڕێوە بچێت، بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ئاستەنگی زۆر فراوان لەبەردەم ڕێژیمدایە. ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٩٦، گەمارۆکانی سەر ئێران، قەیرانی بێوێنەی ئابووری، هەڵاوسان، نەبوونی دەرفەتی کار، لەدەستدانی متمانەی خەڵك، شکستی ڕێژیم لە چارەسەرکردنی قەیرانی بژێوی خەڵك، بەتاڵبوونی سفرەی خەڵك و چەند بەرانبەر زیاتربوونی ڕێژەی هەژاری لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم ڕێژیمن لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٨ جوزەردانـدا.





وشیاربوونەوەی خەڵك کە بە تێپەڕبوونی کات ئەزموونیان بەدەست هێناوە، ئەوەندەی دیکە باری ڕێژیمی قۆرستر کردووە، بەتایبەتی لەمیانەی ناڕەزایەتییەکانی سێ ساڵی ڕابردوودا دیتمان کە خۆپیشاندەران بە دروشمی "اصلاح‌طلب، اصولگرا دیگە تمومە ماجرا" پەردەیان لەسەر رووی ڕاستەقینەی ڕێژیم هەڵدا.

هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای لەخۆگرتنی کۆی گشتی ئەم پرۆسە دیزاین کراوە، خاوەن تایبەتمەندییەکی دیکەیە، کە بەهۆیەوە گرنگی هەڵبژاردن لە کوردستان بۆ ڕێژیم چەندین بەرانبەر زیاتر کردووە.

کوردستان بەهۆی ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە تاکە شوێن بووە لە جوگرافیای ئێران کە بە ئاشکرا و بە هێزی جەماوەریی خۆی لەدژی سیاسەتی خۆسەپێنی ڕێژیم وەستاوە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی قوربانی داوە، کەوتووەتە بەر شاڵاوێکی

گرنگــی پروپاگەنــدەی ڕێژیــم بــۆ شــاردنەوەی ڕووی ڕاســتەقینەی خــۆی لــە کوردســـتان لەڕێگـــەی هەڵبژاردنەکانییـــەوە.

لــە بیرمــان نەچــووە کــە بــە بەرزکردنـــەوەی وێنەکانـــی بارزانـــی و تاڵەبانـــی لـــە هەڵبژاردنێکـــی ســـەرۆکایەتیی کۆمـــاردا چـــۆن هەوڵیـــان دا ســـۆز و عاتیفـــەی دەنگدەرانـــی کـــورد بەدەســـت بێنـــن، یـــان بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە جیاوازییەکانـــی نێـــوان ناوچـــە و هـــۆز لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان خەڵکیـــان بـــۆ ســـەر ســـندووقەکانی دەنگـــدان ڕاپێـــچ کـــردووە.

لــە ناوچــە کوردســـتانیەکانی هاوبــەش لــە نێــوان کــورد و نەتەوەکانـــی دیکــە، بەتایبەتـــی لـــە پارێـــزگاری ورمـــێ، پاڵێوراوانـــی کـــوردی باڵەکانـــی ڕێژیــم بــۆ ڕاکێشــانی خەڵــك بــۆ ســەر ســندووقەکانی دەنگــدان، یــان بەدەســـتهێنانی دەنـــگ بـــۆ گەیشـــتن بـــە ئیمتیـــازی زیاتـــر، خۆیـــان دەهێننــە ئاســتی ئــەو تێکۆشــەرانەی کــە گیانــی خۆیــان بــۆ ڕزگارکردنــی وڵاتەکەیـــان لەســـەر دەســـت دانـــاوە.

بایکۆتکردنـــی هەڵبـــژاردن لـــە ئێـــران و کوردســـتان تاکـــە بژاردەیـــە بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی ئـــەم ڕێژیمـــە و تەنانـــەت دەکرێـــت وەك ســـەرپێچییەکی مەدەنـــی لـــە بەرانبـــەر ڕێژیـــم بـــەکار بهێندرێـــت. ئەگەرچـــی باڵەکانـــی ڕێژیـــم بەهـــۆی باڵادەســـتبوونیان لـــە کوردســـتان و گرێدانـــی بەرژوەندیـــی ئابووریـــی خەڵـــك بـــە خۆیـــان و خوڵقاندنـــی کەشـــوهەوایەکی تایبەتـــی لـــە هەڵبژاردنەکانـــدا، تـــا ئاســـتێك لـــە گەرمکردنـــی شـــانۆی هەڵبژاردنـــدا ســـەرکەوتوو بـــوون، بـــەڵام ئـــەوە بـــە مانــای ئــەوە نییــە کــە خەڵــك بــە گشــتی بــە حــەز و ئــارەزووی خۆیــان دەچنــە ســەر ســندووقەکانی دەنگــدان.

گەلێــك هــۆکاری گرنــگ هــەن کــە ڕێژیــم بــۆ ڕاکێشــانی خەڵــك بــۆ ســـەر ســـندووقەکانی دەنگـــدان لـــە کوردســـتان بەکاریـــان دێنێـــت. هـــەر بۆیـــە بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی ئـــەم سیاســـەتەی ڕێژیـــم و خســـتنەڕووی ئامانجـــی ســـەرەکیی ڕێژیـــم لـــە هەڵبـــژاردن، پێویســـتە هەوڵێکـــی جیـــدی و هەمەلایەنــە بدرێــت کــە لــە ڕاســتای لابردنــی رووکەشــەکە بێــت.

ئەرکێکـــی قـــورس دەکەوێتـــە سەرشـــانی ئـــەو چینـــەی کـــە خۆیـــان

لــە چوارچێــوەی چالاکوانانــی مەدەنــی، ڕۆشــنبیران، ڕۆژنامەنووســان، مامۆســتایان، ژینگەپارێــزان و وتاربێژانــی دەرەوەی بازنــەی دەســەڵات دەبیننــەوە و پێویســتە ببنــە چاوســاخی کۆمەڵانــی خەڵکــی کوردســتان بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی هەڵبژاردنەکانــی ڕێژیــم و وشــیارکردنەوەی هاووڵاتییــان لــە بەرانبــەر ئامانــج و نیەتــی ڕاســتەقینە و شــاراوەی ڕێژیــم لــە شــانۆگەرییەکانی لەژێــر نــاوی هەڵبژاردنــدا.

# ئەحزابی کوردی و پرسی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا

کۆساڵان

گەشـەی سیاسـی هـەر وڵات، لایـەن و حیزبێـک پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆی بـە پرسـی هەڵبژاردنـەوە هەیـە، چوونکـە هەڵبـژاردن کۆڵەکـەی سـەرەکیی دێمۆکراسـییە. هەڵبژاردنـی تەندروسـت و سـەردەمیانە، هۆکارێکـە بـۆ زیندوڕاگرتـن و بەخشـینی گیانـی تـازە بـە بەدەنـە و پێکهاتـەی سیاسـیی وڵات. سـەردەمی ئێسـتە کـە سـەردەمی خێرایـی، تێکنۆلـۆژی و کێبڕکێـی دەوڵەتانـە، هەڵبـژاردن و گۆڕینـی سیسـتەمی سیاسـی چەنـد سـاڵ جارێـک، بـە واتـای گۆڕینـی موتـۆری حەرەکەتـی ئـەو ماشـینەیە کـە لـە کێبڕکێـی نێودەوڵەتیدا بەشـدارە. هەڵبـژاردن لـە هـەر وڵاتێکـدا ئـازاد و دێمۆکراتیـک بێـت، بێگومـان لەوێـدا ڕووداو و پێشـهاتەگەلێکی وەک کودیتـا، شـۆڕش و سـەرهەڵدانی جەمـاوەری و ڕادیـکاڵ و... کـەم دەبێتـەوە یـان ئـەوەی قـەت ڕوو نـادات. لـە کەشـی دێمۆکراتیکـدا هەمـوو لایـەن و دەنگـە جیـاوازەکان دەرەتانـی خۆدەرخسـتن و بەشـدارییان لـە پرۆسـەی سیاسـیی وڵاتـدا بـۆ دێتـە پێشـەوە.

وڵاتانــی جیهانــی ســێهەم کــە ئێرانیــش لــە ناوەڕاســتی ئــەو قەوارەیەدایــە، هەموویــان تایبەتمەندیــی هاوبــەش و وەک یەکیــان هەیــە، کــە لێــرەدا بــە کورتــی شرۆڤــەی هەڵبــژاردن لــە مێــژووی سیاســیی ئێــران و کۆمــاری ئیســلامیدا دەکەیــن. هەروەهــا کاریگەریــی ئەحزابــی سیاســیی کــورد ســەبارەت بــە ڕێژیمەکانــی تــاران و هەڵبــژاردن دەخەینــە بــەر بــاس.

ژێئۆپۆلیتیکــی هــەر وڵاتێــک، ڕۆڵــی گرنگــی لــە دیاریکردنــی شــوناس و چییەتــی سیاســیی ئــەو وڵاتــەدا هەیــە. جوغرافیــای سیاســیی وڵاتــی ئێــران لــە ڕاســتیدا دیاریکــەری جــۆری دەســەڵاتە سیاســییەکانیەتی. باندەشــتیی (فــلات) ئێــران وەک ســایتێکی بڕیــاردەر، ئاقــاری سیاســەت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا دیــاری دەکات. حکوومەتــە سیاســییەکانی ئــەو وڵاتــە بێجگــە لــە پێوەندییــە فەرمییەکانیــان لەگــەڵ وڵاتانــی جیهانــدا، شــاکان و بەرپرســانی بــاڵا وەک شــەخس پێوەندیــی جیاوازتــر و نەهێنییــان بــە دامــودەزگا تایبەتەکانــی وڵاتانــەوە هەبــووە و هەیــە. بەهــۆی ئــەوەی کــە خۆســەپاندنی شــا و ئاخونــدەکان هــەر لــە ســەرەتاوە زۆرەملــێ و نــاڕەوا بــووە، ئیــتر بــە جۆرێــک پێویســتیان بــە دەســتێکی دەرەکییــە کــە پێگــە و بەرژەوەندیــی خۆیــان و دامــودەزگا سیاســییەکەیان بپارێزرێــت. بەپێــی ئــەو فاکتــە ئێمــە دەتوانیــن بڵێیــن کــە بوونــی وڵاتــی ئێــران بــەو قــەوارەوە بــۆ وڵاتانــی جیهــان پێویســتە، چوونــکا ئــەو ژاندارمــەی ناوچەکــە هێشــتا مەئموورییــەت و ئەرکــە پــێ ســپێردراوەکانی ســەبارەت بــە ڕۆژهەڵاتــی ناویــن تــەواو نەبــووە. **ســەقامگیربوونی دێمۆکراســی لــە ئێــران تەنیــا بــە دابەشــبوونی ئــەو جوغرافیایــە بــەدی دێــت.**

ئەگــەر خوێندنــەوەی بەربــڵاو و زانســتی ســەبارەت بــە ئێــران ئەنجــام بدرێــت، بێگومــان بابەتــی هەڵبــژاردن تەنیــا گەمەیەکــی سیاســیی منداڵانەیــە کــە بــۆ هەڵخەڵەتاندنــی بیــروڕای گشــتی کەڵکــی لێوەردەگــرن. لــە ســەردەمی شــادا ســەرەڕای هەبوونــی ئەحزابگەلێکــی سیاســی لــە ئێرانــدا قــەت هەڵبژاردنێکــی سەرتاســەری ســەبارەت بــە هەڵبژاردنــی ســەرکۆماری بەڕێــوە نەچــووە، بەڵکــوو تەنیــا لــە ئاســتی پارلەمانێکــی کــەم دەســەڵات و بەســتراوە بــە شــای ئێــران هەڵبــژاردن بــە نیوەچڵــی

بەڕێوە دەچوو. دەسەڵاتی «موسەدیق» لە ئێراندا هەندێک چاکسازیی ئابووریی لێکەوتەوە کە بەڕاستی دەسەڵات و باری ماڵیی شای بەرتەسک کردەوە. بە میللی و جەماوەریکردنی سەنعەتی نەوت بەڕاستی شکستێکی گەورە بوو بۆ شای ئێران، چوونکە هەم دەستی شای لەنێو گەنجینەی وڵاتدا نەهێشت و هەم وەرەی بە خەڵکی ئێران دا.

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا «انتصابات»ییە، واتە پێشتر کەسەکان بۆ پۆستە باڵاکان دیاری کراون و دواتر بە هەڵبژاردنی فۆرماڵیتە، ڕەوایی و شەرعییەتی پێ دەدەن. هەڵبژاردنە گشتییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا هەر چەند ساڵ جارێک بۆ هەڵبژاردنی «سەرکۆماری و شورای شار و دێ» و «نوێنەرانی پارلمان و خوبرەگان» بە جیا بەڕێوە دەچێت. ئەو پرۆسە جەنجاڵە بە ڕاستی کاریگەریی لەباری دەروونی و مەعنەویی جەماوەر هەبووە و هەروەها بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان تا ئاستێکی نزم کە بۆ کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیێ زیانمەند نەبێت، دەرەتانی بەشداریی خەڵکیان داوە. هەر چەند سەبارەت بە شورای تەنانەت گوندێکیش فیلتر و چاوەدێریی شاراوە هەیە، بەڵام دەرەتان و ئازادییە ڕێژەییەکان سەبارەت بە هەڵبژێرانی نوێنەرانی پارلمان و شوراکان بەو هۆیەوەیە کە خەڵکی لە گەندەڵییەکان و کەمایەسییەکانەوە تێوەگلێنن و لە ڕێگای ئەو هەڵبژێراوە خەڵکیانەوە دەنگی ئۆرگان و ناوەندە دەوڵەتییەکان بە جەماوەر بگەیەنن و پردێکی پێوەندیی مەعنەوی و مادی لەگەڵ خەڵکدا دروست بکەن.

ئیختیارات و ئەرکەکانی بەربژێرەکان هەر لە سەرەتاوە دیاریکراو و ناتەندروستە و بە گەندەڵی گۆشدەکرێت. بۆ نموونە دەستەبەندیی ئۆرگانی و وەزارەتخانەیی بەر لە هەڵبژاردنی نوێنەری پارلمان و شوڕاکان بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت و دابەشکارییەکان بە ڕاستی کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردنی تاکەکان بە تایبەت لە هەڵبژێرانی نوێنەرانی مەجلیس و شوڕای شارەکاندا هەیە.

بێ بەرنامەیی ئابووری و دۆخی شپرزەی بژێو و گوزەرانی چینی

خوارووی کۆمەڵگا، بە ڕاستی هاندەرێکە بۆ بەشداریی ڕێژەیی ( نسبی) خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. دۆخی ئابووریی وڵات و دابەشبوونی خەڵک بەسەر چینگەلی تایبەتدا دەرەتانی بۆ ڕانتخۆری و گەندەڵی لەبار کردووە، و کەسانی نەفس نزم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە سەرمایە و پارە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەبن. بازاڕگەرمیی هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم زۆر ئاسانە و بەپێی هەلومەرجی ناوچە و شارەکان بازاڕتیژی لەنێو بەربژێرەکاندا دەکات. بۆ نموونە لەنێو پێکهاتە زمانی و زاراوەییەکان، هۆز و خێڵەکان، پێکهاتە دینی و مەزهەبییەکان، ڕەگەزە جیاوازەکان (ژن و پیاو) و... کێبڕکێی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەکات.

**لە کوردستان بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا باسی ناسیۆناڵیزم و نەتەوەگەری کە ئامانجی سەرەکیی خەڵکە، لەلایەن هەلپەرستانەوە پەرە دەستێنێت.** بۆ کاندید و بەربژێرەکان مەرج نییە لە چ بوارێکدا خوێندوویانە یان خوێندەوارییان هەیە، بەڵکوو بڕوانامەیەکی زانکۆ و نەبوونی پێشینەی کەیفەری و تاوان و دواتر باوەڕ بە ئەسڵی ویلایەتی فەقێی بەسە بۆ وەرگیران. لێپرسینەوە بۆ تەحریم و بەشداری نەکردن سەبارەت بەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە بە تەمای دامەزراندن لە ئۆرگانێکی دەوڵەتیدان، ئەگینا ڕێژیم بۆی گرینگ نییە کە کێ بەشداری دەکات یان نە. هەڵبژاردن لە ئێراندا لەژێر چاوەدێریی چاوەدێرانی نێونەتەوەییدا نییە و هەروەها بەهۆی بوونی دەزگای زەبەلاحی میدیاییەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا جۆرێک جەنجاڵی و شۆر و شۆق دروست دەکات کە هەمووی ئەندازیاری کراوە.



پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان جیاوازترە لە هەموو شار و ناوچەکانی ئێران. خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتی ئەحزابی کوردی بە ڕاستی جۆرێک ڕۆشنبیریی سیاسی و نەتەوەیی لە ناو جەماوەردا دروست کردووە کە بێجگە لە پرۆسەگەلی وەک هەڵبژاردن تەنانەت خودی دەسەڵاتی ناوەندی لەژێر پرسیاری ڕەواییدایە. خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارێکی

نواندندا (خەباتی چەکداری، مەدەنی و خۆپیشاندان و...) دەرحەق بە دەسەڵاتی ئاخوندەکان ڕێفراندۆم و گشتپرسیی ئەنجام داوە و ڕێژیمی تارانیش بەو ڕاستییە دەزانێت. بەپێی هەموو داتاکان ڕێژەی بەشداری و گەرموگوڕیی هەڵبژاردن لە کوردستان کەمتر و لاوازتر لە ناوچەکانی تر
ە.

لە کوردستاندا دەنگهێنانی لایەنی ڕیفورمخواز لە هەموو کێبڕکێیەکانی هەڵبژاردندا دیسان باسێکی کێشدارە، چوونکە خەڵکی بەشداربووی پرۆسەی هەڵبژاردن لەنێوان بەناو هەر دوو باڵی بەشداربوودا، دەنگیان بە ڕیفورمخوازان داوە و بێزاریی خۆیان لە ئەسڵی ویلایەت دەربڕیوە. بێ باوەڕیی خەڵک سەبارەت بە دەسەڵات قەت پینە نابێت، بەڵام بەرزڕاگرتنی ڕۆشنبیری خەڵکی، دەبێ بەردەوام کاری لەسەر بکرێت. **ئەحزابی کوردی بەگشتی و ڕاسانییان بەتایبەتی دەبێ سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو قۆناخەی ئێران شێلگیرتر، یەکگرتووتر و سەردەمیانەتر ڕۆشنگەری بۆ تەحریم بکەن.** هەر لە ئێستاوە دەبێ کارگرووپی هاوبەش بۆ بەتاڵ هێشتنەوەی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان وەڕێ بخرێت. ئەحزابی کوردی بەهۆی دوورە وڵاتی و نەبوونی دامودەزگای بەهێز بۆ بانگەشە دژی نمایشی هەڵبژاردن، تەنیا لە ئاستی کوردستاندا دەوریان هەیە و ئیتر بۆ جەماوەری بەرینی ئێران هیچ کاریگەرییەکیان نییە، چونکا بەردەنگیان تەنیا خەڵکی ڕۆژهەڵاتە. نەبوونی زمانێکی هاوبەش و تەنانەت بڕیاری هاوبەش خەسارێکی سەرەکیی دیکەیە کە لە ئەحزابی ڕۆژهەڵاتدا پێشتر بینراوە و هیواداریـن کە لەم قۆناخەدا بە هەبوونی ناوەندی هاوکاری، یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی بە تەواوی باڵ بە سەر دۆخەکەدا بکێشێت.

# جمهوریت بوسیله شرع به گروگان گرفته شده و هر امر سیاسی را در خدمت تئوکراسی مبتنی بر نظر رهبریت دینی خلاصه می‌کند

گفتگو: شهرام میرزایی





**با اینکه در قانون اساسی ایران به صراحت به مساله ولایت فقیه مطلقه اشاره شده و بنابر این اصل «ولی فقیه» مرکز تمام تصمیمات و اختیارات است، چرا تاکنون جمهوری اسلامی ایران در چیدمان مهره‌های خود همچنان به خیمه شب‌بازی انتخابات پناه می‌برد و بنام مردم، انتصابات خود را انجام می‌دهد؟**

ببینید «دموکراسی» و مشارکت اجتماعی مهمترین امر سیاسی میان نظام‌های مبتنی بر توتالیتاریسم و همچنین نظام‌های دموکرتیک است. منتهی نظام‌های توتالیتر، دموکراسی را در جهت سرکوب، انقیاد و قبضه نمودن قدرت و مشروعیت‌گردانی سیاسی خود بکار می‌برند، اما نظام‌های دمکراتیک اقتدار سیاسی ناشی از نظام صندوق‌های رای را در جهت حاکمیت قانون و توزیع قدرت

مشروع برای جلوگیری از فساد طولانی مدت آن به خدمت می‌گیرند. لذا نظام توتالیتری مانند جمهوری اسلامی که قائم به فرد و گروه محدود و مشخصی از نخبگان نظامی و سیاسی است برای ادامه سیستم در سطح داخلی و بین‌المللی، نیازمند مشروعیت سازی است و این مشروعیت سازی را از طریق صندوق‌های رای پیگیری می‌کند. در این عمل مهندسی و مدیریت شده که خارج از چارچوب و درونمایه‌ی آزادی انتخاب و در قالب دموکراسی نیم‌بند و ناقصی است، جایگاه انتخاب با انتصاب تعویض شده و نظام بر اساس مدل «هراس سیاسی» دست به گزینش می‌زند و افراد همسویی را در گردونه چرخش نخبگانیش قرار می‌دهد که به چکیده ایدئولوژی حاکم بدل می‌شوند. اینجا آزادی کنش سیاسی و نقد ساختاری بر قدرت برای منتصبان هم به حاشیه رفته و مد و ستایش «ولایت‌فقیه» شاکله دموکراسی به زنجیر گرفته شده در جمهوری اسلامی می‌گردد که همچنان نیز ادامه دارد.

> **"**
> **امر سیاسی-مدنی نیز در چهارچوب یک اختاپوس چند رنگ و عظیم الجثه‌ای بنام «ولایت فقیه» محصور شده است که هر امر سیاسی را در خدمت تئوکراسی مبتنی بر نظر رهبریت دینی خلاصه می‌کند**

**ملت‌های ایران در قیام آبان ۹۶ و دی ۹۸ با شعار «اصلاح طلب اصولگرا دیگه تموم ماجرا» به بیش از دو دهه سیرک حکومت در زمینه دو جناحی نشان دادن خود پایان داد، به نظر شما در انتخابات آینده ریاست‌جمهوری رژیم از چه سناریوئی بهره می‌برد؟**

برای پاسخ به این پرسش واجب است نگاهی به قانون اساسی جمهوری اسلامی بیاندازیم. قانون جمهوری اسلامی هم بر شرع و هم بر حقوق مدنی استوار شده است. در واقع جمهوریت بوسیله شرع به گروگان گرفته شده و امر سیاسی-مدنی نیز در چهارچوب یک اختاپوس چند رنگ و عظیم الجثه‌ای بنام «ولایت فقیه» محصور شده است که هر امر سیاسی را در خدمت تئوکراسی مبتنی بر نظر رهبریت دینی خلاصه می‌کند. در حال حاضر آقای خامنه‌ای و دستگاه دینی‌اش «جمهوریت ایران» که ناظر بر آراء مردمی در



انتخاباتی آزاد است را بوسیله قانون اساسی، متناقض با اصول دموکراتیک و نیروهای نظامی همسو، به اسارت گرفته و اصلاح‌طلب و اصولگرا در آن نقش چندانی ندارند، بلکه بصورت مستقیم و غیر مستقیم شرعیت نظام سیاسی را بوسیله ابزارهایی همانند انتخابات و دستگاه دیپلماسی خارجی(وزارت خارجه) بروز می‌کنند. در قضیه انتخابات پیشرو نیز همانطور که رژیم در انتخابات پارلمانی سال ۹۸ از آن‌بهره برد، مشارکت پایین سیاسی را وسیله‌ای در جهت انتصاب نیروهای همسوتر می‌داند. در این برهه دیگر برای مقامات جمهوری اسلامی مشارکت پرشکوه اولویت ندارد بلکه حفظ نظام از اهم مسائل است همچنانکه در انتخاب پارلمانی سال ۹۸ برخی از مسئولان عالیرتبه نظام اعلام کردند که مشارکت پایین چیز بدی نیست و عین دموکراسی است و فرانسه و کشورهای اروپایی نیز از مشارکت سیاسی پایینی در انتحابات برخوردارند ولی نظامشان قائم به رای مردم است! در حقیقت جمهوری اسلامی خود را برای مشارکت سیاسی پایین مردم آماده کرده و در مهره گزینی خود بدنبال مهره‌ی اصولگرای همسویی است چرا که در حال حاضر مجلس در دست نیروهای همسوتر و تغییر در دولت جدید آمریکا نیز شرایط را برای ادامه سیاست‌های پیشین جمهوری اسلامی فراهم کرده است.

**در برخی از استان‌های کوردستان همانند کرماشان و ارومیه، ما علاوه بر تنوع بافتی از لحاظ گویش‌های کوردی و یا تعدد مذاهب همچون شیعه و سنی و یارسان، شاهد حضور دو ملت (ترک و کورد) در کنار هم هستیم، جمهوری اسلامی آیا توانسته است از این تنوع به نفع خود در کشاندن مردم به پای صندوق‌ها بهره ببرد؟**

این مساله بیشتر در استان ارومیه و شهرهای دو فرهنگی همچون ارومیه، میاندوآب، ماکو، خوی و... دیده می‌شود. حاکمیت

بصورت جدی و با برنامه از ابتدای انقلاب مردم ایران در سال ۵۷، در این نواحی از این مساله بهره برده و برای تحمیل حاکمیت خود، سیاست تفرقه‌آمیزی را بکار برده است. در واقع با تاکید بر عنصر مذهب و جذب مهره‌های خودی از میان شهروندان ترک سعی در کنترل و به حاشیه راندن شهروندان کورد از امور سیاسی و مدنی داشته و تا حد زیادی هم موفق بوده است. کوردها همواره بعنوان گروه ملی که از لحاظ سیاسی سازماندهی‌شده‌تر هستند، در مقابل سیاست امحاء و تبعیض و ظلم و زور جمهوری اسلامی، علاوه بر مبارزه سیاسی-نظامی از مشارکت سیاسی نیز در نظام انتصابی جمهوری اسلامی سر باز می‌زنند و مشروعیت‌بخشی به جمهوری اسلامی را خطای فاحش سیاسی و استراتژیک می‌دانند. همین‌عامل باعث مشارکت پایین شهروندان کورد و مشارکت بیشتر شهروندان ترک شده است. هر چند ستم ملی که در حق کوردها و ترک‌ها می‌شود کم از یکدیگر نیست اما سیاست مذهبی و جدل بر سر ترک یا کورد بودن هویت شهرها، عامل مهمی در مشارکت فراونتر ترک‌ها در انتخابات است که ریشه تاریخی دارد و باعث می‌شود کوردها بیشتر به حاشیه سیاسی بروند و این سیاست تبدیل به پاشنه آشیل مبارزه کوردها و ترک‌ها علیه رژیم شده است.

**وظیفه احزاب کوردستان در این مورد از سویی و همچنین وظیفه فعالین سیاسی و فرهنگی داخل کوردستان برای خنثی کردن بار این مساله و پایان دادن به سواستفاده رژیم از این موضوع به نفع خود چیست؟**

بصورت عملی احزاب کورد می‌توانند کارکردهای آشکار و پنهانی در این قضیه ایفا کنند. کارکرد پنهان احزاب می‌تواند تقویت و تربیت نیروهای سیاسی برای ورود در انتخابات و ایجاد صدای سیاسی در درون دستگاه‌های رژیم ایران در جهت منافع ملی کوردها باشد که آن هم امر دشواری است. در بعد کارکرد آشکار،

احزاب کورد می‌توانند نقش روشنگر و آگاهی دهنده و دال مرکزی را در جهت مبارزه فکری، سیاسی، نظامی علیه جمهوری اسلامی چه در داخل بوسیله کادرهای مخفی و چه در سطح منطقه‌ای و بین‌المللی برای فشار بر این رژیم افزایش دهند. موضوع آگاهی سیاسی و آماده نمودن ذهن ملت کورد برای فردای ایران از اهمیت بسزایی برخوردار است و این از گذرگاه ایجاد گفتمان جدید سیاسی و دیالوگ کوردی-کوردی میان احزاب و جریان‌های کورد حاصل می‌شود. واجب است احزاب کورد هر چه سریعتر کنگره ملی شرق کوردستان را با حضور همه جریان‌ها برگزار کنند و موضوع ایجاد پارلمان در بیرون را جدی بگیرند. کنگره ملی با حضور همه جریان‌ها و افراد مستقل می‌تواند در موضوعی همچون انتخابات رویکرد واحدی اخذ کند و فضای سیاسی کوردستان و نحوه برخورد با موضوعات سیاسی را جهت‌دهی نماید. هر قدر فضای سیاسی میان جریانات کورد دموکراتیزه شود، به تبع آن جامعه مدنی کورد در داخل نیز سازماندهی شده‌تر، آگاه‌تر و مشارکتجوتر خواهد شد. بر همسازی رویکرد خارج و داخل نیروهای سیاسی و مدنی کورد بر اساس همکاری دوسویه قادر خواهد بود صدای سیاسی کوردها در برابر جریان‌های دیگر ایرانی را متحدتر و مطالبه محورتر نماید.

«واجب است احزاب کورد هر چه سریعتر کنگره ملی شرق کوردستان را با حضور همه جریان‌ها برگزار کنند و موضوع ایجاد پارلمان در بیرون را جدی بگیرند

**در پایان برای شکل دادن به یک تحریم فعال علیه خیمه‌شب بازی انتخابات در جمهوری اسلامی چه راهکار یا راهکارهایی می‌توان در پیش گرفت؟**

پیشتر به کارکرد پنهان و آشکار برخورد با مساله اشاره کردم. هر چقدر جریان‌های کورد بتوانند در خصوص آینده سیاسی ایران و کوردها در ایران به توافق، نزدیکی و جمعبندی برسند، بیشتر قادر خواهند بود در برابر نمایش سیاسی همچون خیمه‌شب بازی انتخابات رویکرد واحدی اتخاذ کنند. مهم این است هم جامعه مدنی و هم جامعه حزبی حول چند محور و آگاهی سیاسی مشترکی به توافق برسند. هر زمان که یک جبهه متحد و قوی

اما با حفظ نام و مرام سیاسی و تکثر فرهنگیشان برای فشار بر جمهوری اسلامی در میان کوردها ایجاد شود، بیشتر می‌توان از استراتژی و رویکرد تحریم یا مشارکت در انتخابات حرف به میان آورد. امروز دیگر جامعه سیاسی کوردستان یک جامعه آگاه است و خوب می‌داند که انتخابات تاثیری بر حال مردم کوردستان و ایران ندارد اما هنوز بخشی از جامعه کوردستان به دلایل متفاوت سیاسی، اجتماعی، اقتصادی به پای صندوق‌های رای می‌روند که در صورت ایجاد و مفصل بندی یک بدیل اجتماعی-سیاسی آن جمعیت رای دهنده هم همسو و همگام با دیگر بخش‌های جامعه معترض می‌شوند و ما می‌توانیم از جنبش و در نهایت انقلاب سیاسی حرف به میان بیاوریم.

**آیا مرکز همکاری احزاب کوردستان ایران می‌تواند چنین نقشی را ایفا کند و در این راستا باید چه سیاستی را در پیش بگیرد تا به بایکوت جامع و فعالی دست یابد؟**

قطعا، مرکز همکاری احزاب کوردستانی قادر به چنین سیاستورزی است، منتهی باید به اقدامات عملی روی آورند و از تعلل و منافع کوچک محدود عبور کنند. به نظر می‌رسد برای رسیدن به این هدف ما با دو مشکل اصلی روبرو هستیم. اول، فراوانی احزاب و دسته‌های سیاسی کوردی در پهنه کوردستان ایران و دوم، یک شکل نبودن دیدگاه سیاسی آن‌ها در قبال ایران و فردای ایران و کوردستان است. پاشنه آشیل مرکز همکاری احزاب کوردستانی، محدود شدن به چند حزب با بدنه و قدیمی کوردستان ایران است که می‌طلبد گردانندگان این مرکز برای رسیدن به وحدت منافع کوردها در فردای سیاسی ایران و کوردستان، استراتژی جدیدتری اتخاذ کنند. هویت سیاسی مستقل کوردی در شرق کوردستان یک امر واجب و پذیرفتنی است منتهی ما نمی‌توانیم شهروندان را مجاب کنیم که حتما ایدئولوژی متعلق به حزب و جریان ما را بپذیرند و فضای

آزاد سیاسی و فکری را از آن‌ها بگیریم کما آنکه هم ناسیونالیسم و هم سوسیالیسم و مارکسیسم، ایدئولوژی‌های سیاسی-فرهنگی بیرونی هستند که به مدد احزاب کوردی بومی شده‌اند و بوسیله‌ای برای آزادیخواهی و مبارزه علیه استعمار و استبداد و زورگویان مبدل گشته‌اند. لذا ما هرگز نمی‌توانیم به جامعه بگوییم شما نباید تئوری «لیبرالیسم» یا «سوسیالیسم» و یا نمونه‌های دگر مطرح شده را نپذیرید، بلکه فضای باز سیاسی اجازه چنین بینشی را به ما نمی‌دهد. با وصف آن که احزاب کوردی بصورت فعال و رسمی در سطح شهرها و روستاهای کوردستان ایران فعال نیستند تا مردم با منطق پراکتیکی و منش سیاسی‌شان بصورت مستقیم روبرو شوند و مردم درک درستی از رویای سیاسی آن‌ها پیدا نمایند، اما ایجاد کمپلکت و دایره حضور احزاب در چارچوب مرکز همکاری احزاب کوردستان می‌تواند تبیین کننده روش و سیاق هر یک از احزاب در فردای سیاسی ایران باشد. منتهی این فراوانی فکر و ایدئال سیاسی و وابستگی فکری هر یک از جریان‌ها و احزاب سیاسی کوردی در شرق کوردستان به یکی از بخش‌های کوردستان، نباید تبدیل به گره‌ای پیش راه در اولویت بودن منافع شرق کوردستان شود. برای اینکار همانطور که پیشتر عرض کردم نیازمند برگزاری کنفرانس و ایجاد پارلمان شرق کوردستان در غربت هستیم تا با حضور همه احزاب شرق کوردستان و افراد مستقل و سیاستمداران منتقد، بر سر نقشه راهی برای حیات سیاسی موقت در فردای ایران و کوردستان تا زمان رفراندوم عمومی در کوردستان به توافق برسند. مطمئنا اگر این گام وسیع و استراتژیک برداشته شود و ایلام و کرماشان نیز در این نقشه راه اضافه گردند، جامعه چند دست کوردستان نیز در حول یک مرجعیت سیاسی جمع می‌گردند و راه برای بایکوت فعال فراهم می‌گردد.

# هەڵبژاردنەکانی ئێران:
# سیاسەتی بایکۆت یان بەشداری؟

**ڕۆژە مامەند**





لە کۆتایی بەهاری ئەمساڵدا هەڵبژاردنی خولی سێزدەیەمی سەرکۆماری و خولی شەشەمی ئەنجومەنەکانی شار و لادێ و هەڵبژاردنی نێوان خولی مەجلیس بەڕێوە دەچێت. لە قۆناغی پۆست - کۆرۆنادا چاودێران بەوردی ئەم هەڵبژاردنانە دەشۆپێنن. لەگەڵ ئەمەش گەلێک لە پسپۆڕانی کاروباری ئێران پێیان وایە بەشداری لەم هەڵبژاردنە زۆر کەم دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە ڕێژیم ڕووبەڕووی قەیرانی زیاتری ڕەوایی ببێتەوە.

ئەوەی مەبەستی ئەم بابەتەیە، دیدی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بۆ ئەم هەڵبژاردنەیە. پرسیاری کاکڵی ئەم بابەتەش ئەمەیە: گەلۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی وەکوو زۆربەی جارانی پێشوو ئەم هەڵبژاردنە بۆیکۆت بکات، یاخود بێدەنگ بێت یان بەشێوەی ڕێژەیی دنەی خەڵک بدا بەشداری بکەن؟

## کۆماری ئیسلامی: مۆدێلی ئاڵۆزی تۆتالیتاریانیزم

ڕێژیمـــی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئیـــران کـــە بـــە سیســـتەمی ویلایەتـــی فەقـــێ دەناسرێـــت، بەنـــاو کۆمـــاری و ئیســـلامییە. هەندێـــک لـــە پســـپۆڕان پێیـــان وایـــە ئـــەم ڕێژیمـــە لـــە توێـــی ڕێژیمـــە تۆتالیتارییانییەکانـــدا پۆلێـــن دەکرێـــت. هەندێکـــی دیکـــەش لـــەو بـــاوەڕەدان کـــەوا ئـــەم پۆلێنکردنـــە هـــەروا ئاســـان نییـــە، چونکـــە ئـــەم ڕێژیمـــە تـــا ڕادەیـــەک پێچکـــە و ئاڵـــۆزە، لەلایـــەک ئیســـلامییە کـــە خـــۆی لـــە ویلایەتـــی فەقێـــدا دەبینێتـــەوە و ئەمـــەش بریتییـــە لـــە دەزگا نائینتیخابـــی و ئینتســـابییەکانی وەکـــوو ڕێبـــەری، مەجلیســـی خوبرەگانـــی ڕەهبـــەری، شـــورای نیگەهبـــان و تـــاد. لەلایەکیـــش کۆمارییـــە کـــە خـــۆی لـــە دەزگا هەڵبژاردەییەکانـــی وەکـــوو: ســـەرکۆماری، مەجلیســـی شـــورای ئیســـلامی و شـــوراکانی شـــار و لادێـــدا دەبینێتـــەوە.

بەپێـــی دیـــدی دەســـتەی دووەم، ئـــەم ڕێژیمـــە لایەکـــی ســـتاتیکە و لایەکیشـــی دینامیکـــە. واتـــە لایەکـــی ئیســـلامی – ویلایەتـــی فەقێیـــە کـــە ئینتســـابییە و لایەکیـــش کۆمـــاری و ئینتخابییـــە. بۆیـــە شـــیکاریی ئـــەم ڕێژیمـــە تـــا ڕادەیـــەک ســـەختە. لەگـــەڵ ئەمـــەش هـــەردوو گرووپـــی لێکۆڵـــەرەوان لـــەو بڕوایـــەدان کـــەوا ئـــەم ڕێژیمـــە دێمۆکراتـــی نییـــە و جۆرێـــک لـــە تۆتالیتاریانـــی ئاوتۆکراتییـــە کـــەوا لـــە پلەکانـــی ســـەرەوە بـــە تونـــدی ئینتســـابی و لـــە پلەکانـــی خـــوارەوەدا کەمێـــک دەرەتانـــی ئینتخابـــی تێدایـــە.

"
لایەکیشی دینامیکە. واتە لایەکی ئیسلامی – ویلایەتی فەقێیە کە ئینتسابییە و لایەکیش کۆماری و ئینتخابییە

## کۆماری ئیسلامی: قەیرانی ڕەوایی

ئەگـــەر دواهەمیـــن هەڵبـــژاردن بـــە پێـــوەر وەربگریـــن کـــەوا هەڵبژاردنـــی مەجلیســـی شـــورای ئیســـلامی بـــوو و ســـاڵی رابـــردوو بەڕێـــوە چـــوو، ئـــەوە شـــیمانە دەکرێـــت ڕێـــژەی بەشـــداربوون زۆر لـــە کەمـــی بـــدات. پســـپۆڕان ئـــەم بەشـــداری نەکردنـــە بـــۆ کۆمەڵێـــک هـــۆکار دەگێڕنـــەوە کـــە بریتیـــن لەمانـــەی خـــوارەوە:

بێبـــاوەڕی قووڵـــی دەنگـــدەران بـــە وادە و بەڵێنەکانـــی هـــەردوو باڵـــی ئیســـڵاح تەڵـــەب و ئوســـولگەرا، گەندەڵـــی بەرینـــی دارایـــی و ئیـــداری، خۆپیشـــاندانەکانی پاییـــزی ٢٠١٧ و پاییـــزی ٢٠١٩، قەیرانـــی قووڵـــی

ئابووری و سزاکانی ئەمریکا، دروستبوونی قەیرانی متمانە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات، بێباوەڕی خەڵک بە گوتاری فەرمیی دەوڵەت و نائومێدبوون لە هەردوو باڵی سیاسی، سەرکوتی توند و نەبوونی ئازادی و پێشێلکاریی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ و تاد.

بەپێی بۆچوونی بەشێک لە پسپۆڕان فاکتەری پەتای کۆرۆنا و ناتوانایی دەسەڵات لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەش بە هۆکارەکانی دیکە زیاد دەکرێت و ئەمەش ڕێژەی بەشداری کەمتر دەکات. لەلایەکیش هەندێک لە پسپۆڕان تا ڕادەیەک بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە بیر دەکەنەوە و پێیان وایە: لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی شووراکانی شار و لادێ و هەڵبژاردنی نێوان خولی مەجلیسیش بەڕێوە دەچێت، تا ڕادەیەک بەشداری چالاکتر دەبێت و پاڵنەرەکان بۆ دەنگدەرانی مەحەلی زیاتر دەبن. هەروەها نائومێدیی خەڵک لە ڕووخانی ڕێژیم و تێسرەواندنی ئەمریکا و جەنگ و تاد، ئەگەر هەیە دیسان بەشێک لە دەنگدەران بۆ سەر سندووقەکان ڕابکێشێت!

> “
> بێباوەڕی قووڵی دەنگدەران بە وادە و بەڵێنەکانی هەردوو باڵی ئیسلاح تەڵەب و ئوسولگەرا

بەگشتی دۆخێکی نادیار هەیە. ئەگەر بۆچوونی گرووپی یەکەم سەر بگرێت و ڕێژەی بەشداربوون کز ببێت، ئەوە ڕێژیم جارێکی دیکەش تووشی قەیرانی ڕەوایی دەبێت.

### کۆماری ئیسلامی: هەڵبژاردنەکان لە کوردستان

ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی ئەم ڕێژیمەوە، بەرەنگاری بوونەتەوە. تا ئەو کاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچەی ڕزگارکراوی بەدەستەوە بوو، ڕێژەی بەشداربوونی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان گەلێک نزم بووە. لە هەڵبژاردنێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ ١٢ لەسەد دابەزیوە کە ئەمەش بەتەواوەتی دەری دەخات کە ئەگەر هاوڵاتییانی کوردستان دەرەتان و بژاردەی تا ڕادەیەک ئازادتریان هەبێت، ئەوە ڕێژیم ناپەژرێنن، پەسەندی ناکەن و ڕێژیم هیچ ڕەواییەکی لایان نییە.

لە بەرامبەردا کاتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێژەی



بەرهەڵستی پێشمەرگانەی کەمی کردووە، کاتێک ناوچەی ڕزگارکراوی بەدەستەوە نەماوە و بۆ قووڵایی باشووری کوردستان پاشەکشەی کردووە، کاتێک ڕێژیم شەڕەکەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناو کەمپەکان لە باشوور و بۆ سەر ڕێبەرەکان گواستووەتەوە، ئەوسا بۆشایی هێز بە سوودی ڕێژیم یەکلایی بووەتەوە و ڕێژیم ئەمەی قۆستووەتەوە. بەتایبەت کاتێک بەربژێرێک تا ڕادەیەک جیاواز لە بەربژێری فەرمیی ڕێژیم بەشداریی کردووە، خەڵکی کوردستان بەزۆری دەنگیان بە بەربژێری دەرەوەی دەسەڵات داوە. لە سەردەمی بەشداری ئیسلاح تەڵەبەکان بەتایبەت لە سەرەتاکاندا، ڕێژەی بەشداریی کوردستانییان زۆر بووە. لە دوای ئەوەی ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەم باڵە و بێدەسەڵاتیی نوێنەرانی کوردی ناو ئەمانەش دەرکەوتووە، ڕێژەی بەشداری کزتر بووە.

> ئەگەر هاوڵاتییانی کوردستان دەرەتان و بژاردەی تا ڕادەیەک ئازادتریان هەبێت، ئەوە ڕێژیم ناپەژرێنن، پەسەندی ناکەن و ڕێژیم هیچ ڕەواییەکی لایان نییە



## کۆماری ئیسلامی: دیدی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی

هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی پێشمەرگانەی ٢٨ی گەلاوێژ بەزۆری سیاسەتی بۆیکۆتیان (چی ئاکتیڤ و چی پاسیڤ) هەڵبژاردووە. ڕەنگبێ هەندێک جار نەرمییەکیان بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکۆماری یاخود یەک – دوو هەڵبژاردنی شوراکانی شار و لادێ نواندبێت، لەوە بەدەر بەزۆری سیاسەتی بۆیکۆتیان هەڵبژاردووە.

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئەدی بۆ ئەم هەڵبژاردنە چی بکرێت؟ ئایا بەیەک دەنگ هەموو هێزەکان لە دەوری ناوەندی هاوکاری کۆ ببنەوە و بۆیکۆتی چالاک هەڵبژێرن؟ یاخود هەڵبژاردنی سەرکۆماری بۆیکۆت بکەن و بەشداری لە هەڵبژاردنی شوراکانی شار و لادێدا بکەن؟

> دۆگماپەرستی بۆ ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک کە تا ئێستاش لە تەنیشت سنوورەکاندا هەڕەشە بۆ ڕێژیم دەئافرێنێت، سیاسەتێکی باش نییە. پێویست بە دیدێکی پراگماتی هەی

لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کەوا ئەرکی هێزی سیاسی ئەوەیە کەوا سیاسەت، چارەسەری و میکانیزمی جۆربەجۆر بەرهەم بهێنێت. دۆگماپەرستی بۆ ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک کە تا ئێستاش لە تەنیشت سنوورەکاندا هەڕەشە بۆ ڕێژیم دەئافرێنێت، سیاسەتێکی

باش نییە. پێویست بە دیدێکی پراگماتی هەیە. دەبێ پێشوەخت ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئۆپۆزیسیۆن ڕەسەدی دۆخەکە بکەن. پێویستە ڕاپرسی و پرسیارنامەی جۆربەجۆر لەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و نەبزی کۆمەڵگە بپێون کە ئاخۆ ڕێژەی بەشداری بەرز دەبێت یان نزم؟ داخۆ دۆخەکە دینامیک دەبێت یان ستاتیک؟

بەپێی ئەم داتایانەش دەکرێت دۆسێی تایبەت بۆ سەرکردایەتی و دەزگاکانی بڕیارسازی بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتێکی ڕاست بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکان بگیرێتەبەر. بۆیە لە حاڵەتێکی وادا ڕێبەریی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی دەتوانێت ئەندازیاری دۆخەکە بکات و بە هەردوو باری بۆیکۆت یان بەشداریدا ڕێژیم تەنگەتاو بکات.

خۆ ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی سەربازییەوە ئامادەیی باشتریان لە وڵات هەبوایەت، بێگومان ڕێژەی بەشداری زۆر کز دەبوو، چونکە هێزی نەتەوەیی دەبوو بە دینامیزمێکی بەهێز بۆ کۆمەڵگەی کوردستان. لە حاڵەتی پێچەوانەی ئەمەدا دەبێ هەموو میکانیزمەکان بقۆزرێنەوە بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە ڕێژیم هەست بەوە بکات کە لە هەموو گۆڕەپانەکاندا دەستپێشخەری بەدەست ئۆپۆزیسیۆنە و لە هەموو کون و قوژبنەکاندا ئەم هێزە نەتەوەییە ئامادەیی هەیە.

«خۆ ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی سەربازییەوە ئامادەیی باشتریان لە وڵات هەبوایەت، بێگومان ڕێژەی بەشداری زۆر کز دەبوو، چونکە هێزی نەتەوەیی دەبوو بە دینامیزمێکی بەهێز بۆ کۆمەڵگەی کوردستان



# هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٤٠٠ لە ئێراندا

د. میرۆ عەلیار





ئەگەر پێوەر و ستانداردە پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان بسەلمێنین و بیانکەین بە بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد و دێمۆکراتیک، بەڕوونی دەردەکەوێت کە هیچکام لەو هەڵبژاردنانەی لە کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چوون، سالم و ئازاد و دێمۆکراتیک نەبوون و بەدروستی بە «شانۆی هەڵبژاردن» ناویان دەرکردووە. لە وڵاتێکدا کە ئازادی دەخنکێندرێت، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی سەربەخۆ ڕێگەی تێکۆشان و بەشدارییان پێ نادرێت، ڕاگەیاندنە گشتییەکان لەژێر تیغی سانسۆردا بڕستیان لێ بڕاوە و لەسەر بنەمای ئەسڵی «ولایت فقیە» تاکێک بەسەر چارەنووسی خەڵکی وڵاتەکەدا زاڵە و بە فەرمانێک دەتوانێت هەر یاسایەک هەڵوەشێنێتەوە و دەزگای داد بەستراوەتەوە بە ئەمر و فەرمانی «ولی فقیە». هەروەها، بەپێی یاسا، نەک هەر ژنان کە بە «رجل» ناناسرێن، لە مافی کاندیداتۆری بۆ پۆستی سەرکۆماری بێبەشن، بەڵکوو دەیان ملیۆن لە شوێنکەوتووانی

(پیــروان) مەزهەبەکانــی ســوننە، مەســیحی، بەهایــی و... بــەوە کــە بەهــۆی مەزهەبــی ناتوانــن «مؤمــن و معتقــد بــە مبانــی جمهــوری اســلامی ایــران و مذهــب رســمی کشــور» بــن (خاڵــی ٦ی یاســای هەڵبژاردنــی ســەرۆکی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران) بــە کــردەوە مافــی خۆپاڵاوتــن و هەڵبژێــران بــۆ پۆســتی ســەرکۆمارییان لــێ زەوت کــراوە و تەنیــا پەیڕەوانــی مەزهەبــی شــیعەی «ئەسناعەشــەری» دەرفەتــی خۆکاندیدکردنیــان هەیــە و لەنێــو ئەوانیشــدا تەنیــا ئــەو کەســانە ســەڵاحییەتیان پەســند دەکرێــت کــە بــە تــەواوی بەســتراوە بــە بەیتــی ڕێبــەری و ســوپای پاســداران بــن.

کــورد و نەتــەوە بندەســتەکانی دیکــەش بــە هــۆکاری سیاســی و ئەمنییەتــی ڕێگەیــان لــێ بەربەســت کــراوە بــە ســەرکۆمار هەڵبژێردرێــن، چــالاکان و ڕێکخــراوە مەدەنییــەکان بەتونــدی ســەرکوت دەکرێــن، ناوەنــد و ڕێکخراوگەلــی بێلایەنــی نێونەتەوەیــی ئیزنــی چاوەدێــری بەســەر هەڵبژاردنەکانیانــەوە نییــە و دوای هەمــوو ئەوانــە، شــورای نیگەهبــان ســەرەڕۆیانە و بــە کەیفــی خــۆی کاندیــداکان لــە بێژنــگ دەدا و بێجگــە لــەو بەربژێرانــەی کــە لــە «ولایــت فقیــە»دا توانەتــەوە، هەمــوو ئەوانــی دیکــە حــەزف دەکات، چــۆن دەکرێــت باســی هەڵبژاردنــی ئــازاد و ســالم و شــوێندانەر و شــیاوی بەشــداریکردن بکرێــت؟!

لەمــەش بــەولاوە، لــە کۆتایــی هەڵبژاردنــدا، هــەر ئــەو کاندیــدە بــە بــراوەی هەڵبــژاردن دەناســێندرێت کــە گوێلەمســتی «ولــی فقیــە» و ســوپای پاســدارانە! جێگــەی سرنجــە، ئــەو جــارە تەنانــەت ئیســلاحتەڵەبانیش دەورێــک ناگێــڕن و «کێبڕکێ»ــی هەڵبــژاردن تەنیــا لەنێــوان کاندیداکانــی ســەر بــە لایەنێکــی حکوومــەت بەڕێــوە دەچێــت، بــە مەرجێــک لــە ئێســتاوە «بــراوەی» هەڵبــژاردن دیــاری نەکرابێــت!

هەڵبژاردنــی شــوراکانی شــار و دێ چارەنووســێکی باشــتریان لــە هەڵبژاردنــی ســەرکۆماری نییــە. لەوێشــدا، هەڵبــژاردن «مهندســی» کــراوە. تەنیــا ڕێگــە بــەو بەربژێرانــە دەدرێــت کــە لەلایــەن هێــزە ئەمنییەتــی و ناوەنــدە ئیدئولوژیکییەکانــی ڕێژیمــەوە پەســند دەکرێــن و هــەر ئەوانــەش، وەک نوێنــەری خەڵــک، لــە ســندووقەکانی دەنگدانــەوە ســەر دەردێنــن.

"هەرکەس لە ئێراندا داوای ماف و ئازادی بکات، دەکەوێتە چوارچێوەی «دوژمن»ـەوە



ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو سەلماندوویە کە ئەو بەربژێرانە ئەگەر هەڵیشبژێردرێن و تەنانەت بیانەوێت خزمەتێکیش بکەن، ڕێگەیان پێ نادرێت و ناتوانن هەنگاوێک بە قازانجی خەڵک هەڵبگرن. ئەوان بۆ خزمەت بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم دیاری دەکرێن و ڕێگەیان پێ دەدرێت. بە مەبەستی هاندانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە هەر دەورەیەکی هەڵبژاردندا فێڵێکی نوێ لە گیرفانیان دەردێنن و وا دەنوێنن کە گوایە «انتخابات رقابتی»یە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٦ خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە تێلێڤیزیۆندا دەرکەوت و وتی «ئەگەر منیشتان خۆش نەوێت، بچن دەنگ بدەن و دەنگدان ئەرکی نەتەوەیی و مەزهەبییە». ئەوجارەش ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمە هات و بە شێوەیەکی دیکە هەوڵی دا خەڵک بە هەڵبژاردن و گۆڕان هیوادار و دڵخۆش بکات و وتی: «ئەوە نییە کە دەڵێن کۆماری ئیسلامی دژ بە هەمووانە، نەخێر ئێمە هەر کەس کە دوژمنی ئێمە نەبێت کێشەمان لەگەڵی نییە. پێداگریی قورعان لەسەر دوژمنانە نە کەسانێک کە دینیان جیاوازە. تاقمێک لەو بەرواڵەت ڕووناکبیرانە عینوانی جیابیریان (دگراندیش) لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دانا. من وتم ئەوە مەسەلەی ئێمە نییە، ئێمە کارمان بە بیر و ئەندیشەی ئێوە نییە. نابێ دوژمنایەتی بکەن. قورعان لەسەر دوژمن پێداگرە». بەڵام ئەزموون شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت: لە کۆماری ئیسلامیدا، خاوەنبیر و جیابیر هەتا ئەوکاتەی بیروبڕواکەی شاراوە و نەدرکاندبێ، کاریان پێی نییە، چون نابیندرێت و هەست پێناکرێت. بەڵام کاتێک جیابیر کەوتە قسە و ڕادەربڕین و بیروبڕوای خۆی ئاشکرا کرد، ئەوکاتە خێرا دەکەوێتە مەقوولەی «دوژمن» و بە شێوەی جۆراوجۆر بە ئاشکرا و بەنهێنی بێدەنگ دەکرێت.

لە کوێن ئەو نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیر و ژوورنالیست و ڕۆژنامەوان و چالاکە سیاسی و مەدەنییانەی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە و ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی ڕێژیم گرتووە؟ تیرۆر یان





**“ سەرکۆمارەکانی پێشووش ئەگەر نیزامیش نەبووبن، بەکردەوە لەژێر نفووز و کۆنترۆڵی سوپای پاسداران و علی خامنەییدا بوون و دەوری «تەداروکچیان» گێڕاوە. پاشان، لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا کام سەرکۆمار بە وادە و بەڵێنییەکانی پابەند بووە؟**

ئێعدام کراون، بێ سەروشوێن چوون، ئەشکەنجە دراون و بەزۆر ئیعترافیان لێ وەرگیراوە یان ئێستاش لە بەندیخانەکان دان چارەنووسیان نادیارە. بەتایبەتی، لە کوێن ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە علی خامنەیی گرتووە و داوای کشانەوەی ئەویان کردووە، چییان بەسەر هێنراوە؟ مەگەر نەخراونە بەندیخانەکانەوە و بە بێزراوترین شێوە تەحقیر و ئەشکەنجە نادرێن؟! ئایا لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم سەرەتاییترین مافی سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوە بندەستەکان سەلماندووە؟ کاتێک سەیری چارەنووسی کۆڵبری کورد و سوختبەری بەلووچ دەکەین کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژن و منداڵیان گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، چارەنووسی کاسبکار و کرێکاری برسیی نارازی دەبینین، شێوەی هەڵسوکەوتی حکوومەت لەگەڵ چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و ژینگە و... لە ئێراندا دەکەین، درۆ و ڕووهەڵماڵدراویی خامنەیی جوانتر دەرکەوێت. هەموو ئەوانە وەک «دوژمن» حیساب کراون و بە دوژمن دەژمێردرێن و هەرکەس لە ئێراندا داوای ماف و ئازادی بکات، دەکەوێتە چوارچێوەی «دوژمن»ەوە و وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ کراوە و دەکرێت. دیارە هەموو ئەوانە نیشاندەری دوورکەوتنەوەی بێوێنەی خەڵک لە حکوومەت و ترس و نیگەرانیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نارەزایەتی و بەشداری نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردن دەسەلمێنن. هەروەها، هێنانەئارا و زەقکردنەوەی پرسی بەشداریی نیزامییان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی ئێران و دەنگدەران بەڕێوە دەچێت. وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی سەرکۆماریدا سوپای پاسداران لە دوورەوە بێلایەن وەستابێت و دەوری سەرەکی و یەکلاکەرەوەی لە دیاریکردنی کاندیداکان و ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا نەگێڕابێ! سەرکۆمارەکانی پێشووش ئەگەر نیزامیش نەبووبن، بەکردەوە لەژێر نفووز و کۆنترۆڵی سوپای پاسداران و علی خامنەییدا بوون و دەوری «تەداروکچییان» گێڕاوە. پاشان، لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کام سەرکۆمار بە وادە

و بەڵنییەکانی پابەند بووە؟ کوان ئەو بەڵێنییانەی حەسەن ڕووحانی بە خەڵکی ئێران، بەتایبەتی بە کورد و گەلانی بێبەش لە ئێرانی دان؟!

بۆیە حەقوایە کە گەلانی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، چی دیکە ڕێگە بە دەسەلاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەدەن کە گاڵتە بە هەست و شعووریان بکات و لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا کە هەڵبژاردن لە ئێراندا ئازادە و ڕێژیم لەنێو خەڵکدا پێگەی هەیە و خەڵک پشتیوانی حکوومەتی ئیسلامییە، حەق وایە خەڵک لەو هەڵبژاردنە نادێمۆکراتیکەدا بەشداری نەکەن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن لە دەنگی ئەوان بە مەبەستی ڕەواییدان بە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی کەڵکی ناڕەوا وەربگرێت.

خەڵک نابێ چیدیکە بکەونە داوی درۆ و دەلەسە و بەڵێنییە بێ بنەماکانی ڕێژیم و بە دەنگی خۆیان ڕەوایی بدەن بە درێژبوونەوەی تەمەنی پڕ لە نەگبەتیی کۆماری ئیسلامی کە بەرەو ڕووخان دەڕوا. دوای ئەو هەموو ئەزموونە، ئەگەر دیسان بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەنگ دەدەین بە درێژبوونەوەی سەرکوت و بێبەشیی خۆمان و فارس وتەنی «لە زەویی ڕێژیمدا کایە دەکەین»!.

“ خەڵک نابێ چیدیکە بکەونە داوی درۆ و دەلەسە و بەڵێنییە بێ بنەماکانی ڕێژیم و بە دەنگی خۆیان ڕەوایی بدەن بە درێژبوونەوەی تەمەنی پڕ لە نەگبەتیی کۆماری ئیسلامی کە بەرەو ڕووخان دەڕوا







# ژنان و هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

**ئەڤین مستەفازادە**

سێزدەیەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران لە ۲۸ی جۆزەردانی ١٤٠٠ هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی شەشەمین دەوری شوراکانی شارو لادێ بەڕێوە دەچێت.

هەندێک پێیان وایە بەشداریی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکات، ئەویش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار کە ڕەوایەتیی ئەو ڕێژیمەی لە ناوخۆ زۆر کەم کردووە، وەک بێهیوایی خۆپیشاندەران لە گەیشتن بە خواستەکانیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی خوێناویی خەڵک بەتایبەت لە خەزەڵوەری ۹۸، قەیرانی دارایی و گەندەڵیی لەڕادەبەدەر و گەمارۆکانی ئامریکا، دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی و نەبوونی ئازادی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئاشکرای سیاسی و کۆمەڵایەتی و...

لەم نێوەدا، بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەنگدەر نەک بەربژێر هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو

ڕێژیمە هەمیشە کارتێکی بەهێز بووە کە پشتی پێ بەستووە و ژنانیش بەتایبەت ژنانی ناوەند و شارە گەورەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرخستنی بەربژێری ڕیفۆرمخوازەکان هەبووە کە بە بەڵێنیی جۆراجۆر و کرانەوەی سیاسی- کۆمەڵایەتی، ژنانیان هان داوە بۆ هاتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. هەر بۆیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەنگی ژنان، وەکوو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا کۆماری ئیسلامی لە دوو بوارەوە کاری کردووە:

- یەکەم؛ بەکارهێنانی ژنان وەکوو ئامرازێک بۆ ڕەوایی بەخشین بە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری.
- دووەم؛ دروستکردنی نموونەیەک لە «ژنی موسڵمان» کە بەپێی خواستە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم بێت. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری ئەو بابەتە، پێویستە ئاوڕێک لە چەند لایەن بدەینەوە، وەکوو:

> ❝ ژنان لەگەڵ ئەم مامەڵە سەخیف و بەکەمزانینە دەبێ چۆن ڕەفتار بکەن و هەڵوێست بنوێنن؟



## مافی سیاسیی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی

لە ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە: «سەرۆک کۆمار دەبێ لەناو پیاوانی [رجال] ئایینی و سیاسی هەڵبژێردرێت».

هەرچەندە پیاوانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت لە چەند مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا لە قسەکانیان ئاماژەیان بەوە کردووە کە مانای «رجل سیاسی» ڕێک بە مانای پیاوی سیاسی نییە و بەڵکوو لە بواری تێگەیشتنەوە دەکرێت بە مانای «کەسایەتیی سیاسی» بێت. وەک چۆن عەباس عەلی کەدخودایی، وتەبێژی شورای نیگەهبان لە خەزەڵوەری ئەمساڵ وتبووی دیاریکردنی ڕاستییەتی «رجل سیاسی» بەدەستی شورای نیگەهبانە و پێویستی بە پەسەندکراوی پارلمان نییە و هەروەها لە ٢٥ی بەفرانباری ئەمساڵیش ئاماژەی بەوە کردبوو بەربەستێک بۆ ناونووسیی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بوونی نییە و ژنانیش دەتوانن خۆیان بەربژێر بکەن.

پێشووتریش هاشمی ڕەفسەنجانی باسی ئەوەی کردبوو کە

مەرجـی «رجـل سیاسـی» دەتوانێـت ژنانیـش بگرێتـەوە، چونکـە کاتێـک یاسـای بنەڕەتیـمان ئامـادە دەکـرد بـارودۆخ بـە جۆرێـک بـوو کـە پێویسـتی نەدەکـرد ژن سـەرۆک کۆمـار بێـت، بۆیـە ئـەو خاڵەمـان نـاڕوون دانـاوە».

هەمـوو ئـەو ناڕوونییانـە لـە یاسـا و قسـەی دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کاتێکدایـە کـە تـا ئێسـتا شایسـتەیی هیـچ ژنێـک بـۆ سـەرۆک کۆمـاری لـە شـورای نیگەهبـان پەسـەند نەکـراوە، هەروەهـا تـا ئێسـتا هیـچ ژنێـک لەنـاو شـورای نیگەهبـان، کـۆڕی دیاریکردنـی بەرژەوەندییەکانـی نیـزام و دادوەری وڵات بوونـی نەبـووە.

لەلایەکـی دیکەشـەوە لـە «جاڕنامـەی مـاف و ئەرکەکانـی ژنـان لـە نیزامـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران»، پەسـەندکراوی ١٤٦مین کۆبوونـەوەی شـورای بـاڵای شۆڕشـی فەرهەنگـی (١٣٨٣/٦/٣٦)دا بـۆ بەشـداریی سیاسـیی ژنـان لـە فەسـڵی چـواری مـاف و ئەرکـە سیاسـییەکانی ژنـان لـە بەنـدی ئەلفـی مـاف و ئەرکەکانـی ژنـان لـە سیاسـەتی ناوخـۆ لـە مـادەی ١١٦ تەنیـا ئامـاژە بـەوە کـراوە:

«مافـی بەشـداری لـە هەڵبژاردنـەکان و بەربژێربـوون لـە پارلمـان و شـووڕا جۆراوجـۆرەکان، بەشـداری لـە بەرنامەڕێژیـی دەوڵەتـی و لەئەسـتۆگرتنی بەڕێوەبەریـی بـاڵا بەپێـی یاسـا و ڕێسـاکان».

کەواتـە پرسـیار ئەوەیـە، بۆچـی وڵاتێـک لەگـەڵ بابەتێکـی گرنگـی وەک بەربژێریـی ژنـان بـۆ سـەرۆک کۆمـاری ئەوەنـدە ناشـەفافە؟ مەبەسـتی لـەو هەمـوو ناڕوونییـە چییـە؟ لـە هەمـوو گرنگـتر ئەوەیـە ژنـان لەگـەڵ ئـەم مامەڵـە سـەخیف و بەکەمزانینـە دەبـێ چـۆن ڕەفتـار بکـەن و هەڵوێسـت بنوێنـن؟

پێشـێلکاریی مافـی سیاسـی لـەم بـوارەدا تەنیـا کـورت ناکرێتـەوە بـە ڕەگـەزی مرۆڤـەکان لـە وڵاتـی ئێرانـدا کـە مافێکـە بـە ڕوونـی ڕەگـەزی ژن لێـی بێبەشـە، بەڵکـوو هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە جیاوازیـی تریـان لـە بـواری بیروبـاوەڕی ئایینـی و سیاسـی هەیـە لـەو مافـە بێبەشـن. وەکـوو هەمـوو کەمینـە ئایینـی، سـکۆلار و لائیکـەکان لـە ئێـران بێجگـە لـە کەسـانی شـیعە مەزهـەب.

**"**
**لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری هیچ ژنێک لە ئێران بەربژێر نەکراوە، تاکوو بگاتە قۆناغی هەڵبژێران، بۆ ئەندامی «مجلس خبرگان» تەنیا یەک ژن لە دەوری یەکەم بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرا**



## ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتی ناوخۆی ئێراندا

بەشـــداریی سیاســـیی ژنـــان و ڕۆڵیـــان لـــەو بـــوارەدا لـــە هـــەر وڵاتێـــک، لـــە دوولایەنـــی، دەنگـــدەر و بەربژێـــری بـــۆ پۆســـتە بـــاڵاکان، لەوانـــە ســـەرۆک کۆمـــاری خـــۆی دەبینێتـــەوە.

لـــە مـــاوەی ٤٢ ســـاڵی ڕابـــردوودا بـــۆ پۆســـتی ســـەرۆک کۆمـــاری هیـــچ ژنێـــک لـــە ئێـــران بەربژێـــر نەکـــراوە، تاکـــوو بگاتـــە قۆناغـــی هەڵبژێـــران، بـــۆ ئەندامـــی «مجلـــس خـــبرگان» تەنیـــا یـــەک ژن لـــە دەوری یەکـــەم بـــە دەنگـــی خەڵـــک هەڵبژێـــردرا، بـــۆ ئەندامـــی «شـــورای نیگەهبـــان» و کـــۆڕی دیاریکردنـــی بەرژەوەندییەکانـــی نیـــزام (مجمـــع تشـــخیص مصلحـــت نظـــام) تـــا ئێســـتا هیـــچ ژنێـــک هەڵنەبژێـــردراوە. لـــە کابینـــەی دەوڵەتیشـــدا تـــا ئێســـتا تەنیـــا ١ ژن بووەتـــە وەزیـــر و ٤ ژن وەکـــوو جێگـــری ســـەرۆک کۆمـــار دیـــاری کـــراون.

هەروەهـــا تـــا ئێســـتا هیـــچ ژنێـــک نەگەیشـــتووەتە بەڕێوەبەریـــی «قـــوە قضاییـــە، دادســـتانی کل کشـــور، ریاســـت دیـــوان عالـــی کشـــور و ریاســـت دیـــوان عدالـــت اداری» و لـــە پارلمانیشـــدا ژنـــان تەنیـــا خاوەنـــی ٣ لەســـەدی کورســـییەکانن.

کەواتـــە بەشـــداریی ژنـــان لـــە پۆســـتە ســـەرەکییەکان زۆر بەکەمـــی ماوەتـــەوە و بەشـــدارییان کـــورت کراوەتـــەوە بـــە پۆســـتی شـــورای شـــار و لادێیـــەکان و ئەمـــەش زیاتـــر بـــۆ خـــۆڵ کردنـــە چـــاوی ڕای گشـــتیی کۆمەڵگایـــە.





**"خومەینی دەیوت ژنان چوونەتە هەر ئیدارە و شوێنێک ئیفلیجیان کردووە و کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی و فەحشا دەبن**

## کەڵـــک وەرگرتـــن لـــە دەنگـــی ژنـــان، وەک ئامرازێـــک بـــۆ ڕەوایـــی نیزامـــی کۆمـــاری ئیســـلامی

هەرچەنـــدە بەشـــداری نەکـــردن و ڕێگـــری لـــە ژنـــان بـــۆ گەیشـــتن بـــە پۆســـتە بـــاڵاکان بـــۆ کۆمـــاری ئیســـلامی جێگـــەی گرینگـــی و نیگەرانـــی نییـــە، بـــەڵام لـــە بەرامبـــەردا بەشـــداریی ژنـــان لـــە هەڵبژاردنـــەکان بـــۆ ڕێژیـــم مەســـەلەیەکی گرینگـــە و بەتـــەواوی بـــە سیاســـی کـــراوە.

ئەگـــەر بگەڕێنـــەوە ســـەردەمی پەهلـــەوی، دەبینـــن دامەزرێنـــەری کۆمـــاری ئیســـلامی دژایەتیـــی سەرســـەختی مافـــی دەنگدانـــی ژنـــان بـــوو و لـــە وتـــار و مزگـــەوت و نامەکانـــی بـــۆ شـــا ئامـــاژەی بـــەوە دەکـــرد نابـــێ مافـــی دەنگـــدان

بە ژنان بدرێت، چونکە دەنگدانی ژنانی بە ناشەرعی و دژی ئیسلام و هەموو کارەکانی پارلمانی بەهۆی بوونی ژنان بە حەرام دەزانی، خومەینی دەیوت ژنان چوونەتە هەر ئیدارە و شوێنێک ئیفلیجیان کردووە و کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی و فەحشا دەبن.

> بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێرانیش هێشتا باوەڕی بە توانایی سیاسیی ژن نییە

بەڵام دوای شۆڕشی ٥٧، هەموو مافەکانی ژنان لە مافی حاکمبوون تا یاسای خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی لە بنەماڵە پوچەڵ کردەوە و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تەنیا مافی دەنگدان و بەربژێری و چوونە ناو پارلمانی شورای ئیسلامی بۆ ژنان هێشتەوە، هەڵبەت تەنیا و تەنیا بۆ ژنانی دەستپەروەردەی خۆیان و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە یاسادا. هێرشنەکردن بۆ سەر ئەو مافە بەسادەیی جێ تێگەیشتنە، چونکە دەیانویست شۆڕش و حکوومەتەکەیان خەڵکی و گشتی نیشان بدەن، بۆ ئەمەش نەدەکرا ژنان وەک بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا وەلا بنێن؛ بەڵکوو پێویستیان بە دەنگی ژنان بوو بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لانیکەم کارتێکی ڕەواییان بەدەستەوە بێت.



خومەینی هەر لە خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ٥٧، دەرکی بەوە کرد کە ژنانی ئێرانی هێزێکی سیاسین و دەکرێت حکوومەت لەسەر شانیان بەسەقامگیری و ڕەوایی بگات. هەر بۆیە ئاخوندەکان وێڕای پێشێلکرانی مافە بەدەستهاتووەکانی ژنان تا ئەوکات، حکوومەتێکی دژەژن و مرۆڤیان پێک هێنا و مافی دەنگدانیشیان بۆ پاراستنی نیزامی خۆیان وەکوو سامانێک هێشتەوە و وەک چۆن خومەینی ئاماژەی پێ دەکرد؛ «هێرش بۆ سەر ئەو مافە بۆ حکوومەتەکەیان زەرەرمەندە».

> لە دوای هەڵبژاردن، ژنان وەکوو ئاشتیی دوای شەڕ، دەگەڕێندرێنەوە بۆ ماڵەکانیان

پێویستییەک کە تا ئەمڕۆ بە ڕێگەی فرتوفێڵی زۆر، بەتایبەت لەلایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، ژنانی ئێرانی ڕاکێشاوەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، هەر لە سەردەمی خاتەمی کە ژنانیان بە هەندێک کرانەوە لەناو کۆمەڵگادا دڵخۆش و هیوادار کرد تا سەردەمی ڕووحانی کە بەڵێنیی زۆری بە ژنان دا. وەک چۆن لە کاتی هەڵبژاردن بەتایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دەبیندرێت کە دەرکەوتنی ژنان لەناو کۆمەڵگا سیماکەی دەگۆڕێت و گوشار بۆ حیجابی زۆرەملی کەمتر دەبێتەوە

و ژنان ئازادانەتر لەناو کۆمەڵگا و تێکەڵ لەگەڵ پیاوان دەردەکەون بۆ ئەوەی لەژێر سەرکوت بن؛ تەنانەت ئەو سیمایە لە ڕاگەیاندنە ڕەسمی و نیوە ڕەسمییەکانیش ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەت ئەو ژنانەی لەلای بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماری بە بێ حیجابی دەردەکەون.

بەڵام خۆ کەڵکوەرگرتن و بەئامرازکردنی ژنان بۆ ڕەوایی‌بەخشین بە حکوومەت نەدەکرا هەر وەکوو دەنگدەر بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبوایە لە ناو سیستەمی دەسەڵاتی خۆیاندا ڕێگایان بۆ کۆمەڵێک لە ژنان کردباوە، ژنانێک کە هەم دەستپەروەردەی خۆیان و لە خزمەت نیزام بن، هەم بەڕای گشتی نیشان بدرێت کە ڕێگەی گەیشتن بە پلە باڵاکان بۆ ژنان و دەستەبەرکردنی مافی ژنان هەیە.

## بەرهەمهێنانی نموونەی «ژنی موسڵمان» کە خزمەتکاری نیزامیش بێت

ئەو ژنانەی کە لەناو سیستەمی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت کابینەی دەوڵەتدا گەیشتوونەتە پۆستی باڵا (ئەو نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا)، هەر ئەو ژنانەن کە دەستپەروەردەی ئەو ڕێژیمەن و باوەڕیان بەو ڕۆڵ و پێگەیە هەیە کە یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان دیاری کردووە، ئەم گروپە لە ژنانی سەر بە دەسەڵات باوەڕیان بە پێناسەیەک لە مافی ژن هەیە کە لەگەڵ ڕوانگەی سێکۆلار و مرۆڤتەوەر بۆ مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی ژن یەک ناگرێتەوە و بگرە بە «فساد و تباهی» و «غرب زدگی» ناوی دەبن.

**کەوایە بۆ ژنان بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا دەکەن؟**

وێڕای چەواشەکارییەکانی ژنانی سەر بە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی هەل و ڕۆڵ بینینی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان و تواناسازییان، بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێرانیش هێشتا باوەڕی بە توانایی سیاسیی ژن نییە؛ بۆ نموونە کاتێک ژن و پیاوێک بە ڕابردووی خوێندەواری و کاری وەکوو یەک خۆیان بۆ پۆستێک بەربژێر دەکەن، ئیمان بە توانای بەڕێوەبەری و

“ مەسەلەی ژن بۆ کۆماری ئیسلامی لایەنێکی سیاسیی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتە و سەپاندنی ڕێسا و یاسا هەڵاوارد‌نئامێزەکان دژ بە ژنان یەکێکە لەسەرەکیترین هێماکانی نەزمی دینی لە کۆمەڵگا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی



هێــزی بڕیاردانــی پیــاو زیاتــرە. بۆیــە ئــەو لایەنگرییــە کۆمەڵایەتییــە کــە نیزامــی یاســایی و سیاســی کۆمــاری ئیســلامیش دیــاری و جێبەجــێ دەکات، چەوســانەوەی ژنانــی بەرهــەم هێناوەتــەوە.

لــەو فــەزا گشــتی بێبەشــی و پەراوێزخراوەیــی یاســایی ژنــان و بــاوەڕە هەڵاواردنئامێزەکانــی دژیــان، لــە کاتــی هەڵبژاردنەکانــدا، لەنــاکاو ژنــان بــۆ بەشــداری لــە هەڵبژاردنــەکان و گەرمکردنــی هەڵبژاردنــی چەنــد بەربژێرێکــی ڕەگــەزی بەرامبــەرو بانگهێشــت دەکرێــن کــە لــە ماڵــەکان بێنــە دەرەوە و پشــتیوانی لــە پیــاوان بکــەن، بــەڵام لــە دوای هەڵبــژاردن، ژنــان وەکــوو ئاشــتیی دوای شــەڕ، دەگەڕێندرێنــەوە بــۆ ماڵەکانیــان.

ئــەم لایەنــە بــە ڕوونــی لــە ژنانــی ناوەندنشــین و تەنانــەت بزووتنــەوەی ژنانــی فارســیش دەبینــدرا کــە نیگەرانییــان تەنیــا هەڵاواردنــی ڕەگــەزی لــە یاســاکانی کۆمــاری ئیســلامیدا بــوو و تــا ئێســتاش هەندێــک هیــوادار و ڕاهاتــوون بــەوەی لەنــاو ئــەو سیســتەمەدا دەتوانــن بــە مافەکانیــان بگــەن. بــۆ هەڵبژاردنــی ئەمجــارەش کۆمەڵێــک ڕووداو و مەســەلەی گرنــگ لــە چەنــد ســاڵی ڕابــردوو ڕوویــان داوە کــە مەشروعییەتــی ڕێژیمــی کردووەتــە ئامانــج و بەڕێوەچوونــی هەڵبژاردنیــش ئــەو بارودۆخــە نوێیــە لــە بەشــداری یــەکلا دەکاتــەوە.

ڕووداوەکانــی دوای شــۆڕشــی ٥٧ نیشــانی دا کــە حیجابــی زۆرەملــێ، هــەڵاواردن و بێبەشــیی ژنــان تەنیــا بەهــۆی لەبەرچاوگرتنــی تێبینییــە ئایینــی و پەیــرەوی لــە ســوننەت نییــە، بەڵکــوو مەســەلەی ژن بــۆ کۆمــاری ئیســلامی لایەنێکــی سیاســیی پەیوەندیــدار بــە دەســەڵاتە و ســەپاندنی ڕێســا و یاســا هەڵاواردنئامێــزەکان دژ بــە ژنــان یەکێکــە لــە ســەرەکیترین هێماکانــی نەزمــی دینــی لــە کۆمەڵــگا و کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی.

هەوڵــی کۆمــاری ئیســلامی بــۆ کۆنترۆڵــی جەســتەی ژن و دانانــی بەربەســتی یاســایی و کردەیــی بــۆ بوونیــان لەنــاو سیاســەت و کۆمەڵــگا، بــازاڕی کار و دونیــای زانســت و هونــەر، بەشــێکی جیانەکــراوە لــە بەئیســلامی کردنــی کۆمەڵــگای ئێرانــە.

کۆمــاری ئیســلامی هــەر لــە ڕۆژی دوای هاتنــە ســەر کاری بــە دوای

"
**تا ئەو جێگایەی پەیوەندیی بە مەسەلەی بەرابەریی ڕەگەزی، مافی ژنان و کەمینە ئایینی و کولتوورییەکانی ئێرانەوە هەیە، هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان دوو باڵی ڕیفۆرمخواز و ئوسولگەرای کۆماری ئیسلامی نییە و ئەوەی هەیە بە ڕەواڵەت و بۆ فریودانی خەڵکە**



نموونەیەک لە «ژنی موسڵمان» لە سەردەمی ئەمڕۆدا بوو، بەرامبەر نموونەی ژنی ڕۆژئاوایی؛ هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دەستوداوێنی ئەوەی دەتوانن لە ژنان بۆ ڕەوایی نیزام کەڵک وەربگرن هەستان بە پێناسەی ژن لە چوارچێوەی «ژنی موسڵمان» و دیاریکردنی ئەو پێگەیە وەکوو تەنیا پێگەی ڕێگەپێدراو بۆ ژن لە ئێراندا. یاساکانی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکان و کتیبە دەرسییەکان دوو نموونەی باشن کە تێیدا شوناسی دڵخوازی «ژنی موسڵمان» لە ڕوانگەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی دەخاتە ڕوو.

هەر وەک چۆن خومەینی دەیوت لە دەنگی ژنان دەبێ کەڵک وەربگیرێت: «ئێوە (ژنان) دەبێ ئەوەندەی ئیسلام ڕێگەی داوە بێنە مەیدان، بۆ نموونە هەڵبژاردن ئەمڕۆ کارێکە کە دەبێ ئەنجامی بدەن».

هەربۆیە ئەمڕۆ ئەگەر لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیادا مەسەلەی بەرابەریی ڕەگەزی بووەتە بابەتی سیستەمی سیاسیی وڵاتان، لە ئێران بارودۆخەکە پێچەوانەیە و گوتاری دەسەڵاتداران و ئاخوندەکان پێگەی ژێردەستی بۆ ژنان پاکانە دەکات و بە یاسا و سیستەمیش ئەو ڕوانگە دژە ژنە دەچەسپێنن.





> ئەزموونی زیاتر لە ٤٠ ساڵەی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا نیشانی داوە نەتەنیا نەبووەتە هۆی دابینبوونی مافە بنەڕەتییەکانیان، بەڵکوو هۆکاری بەرهەمهێنانەوە پێگەی ژێردەستیی ڕەسمی و ناڕەسمیی ژنانە لە کۆمەڵگادا

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران، ژنانی کەمینە و شارۆمەندی پلە چەند

شارۆمەند لە هەر وڵاتێکدا ئەندامێکی ڕەسمیی ئەو وڵاتە و خاوەنی کۆمەڵێک ئەرک و مافە و لە کاتی هەڵبژاردنیش لە مافی دەنگدان و بەربژێری خۆی دەبێنێتەوە.

هەڵبەت کاتێک باس لە هەر چەمک یان ئەرک و مافێک دەکرێت، دەبێ پێشووتر ئاورێک لە سیستەمی هەر وڵاتێک بدەینەوە کە چ جۆرە نیزامێکە؛ سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی هەم دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و هەم دژەژنە و تێیدا ژن شارۆمەندی پلە دوویە. ڕەفتاری هەڵبژاردنی ڕێژیمیش بەپێی هیچ جۆرە مۆدێلێک لە دونیادا تاوتوێ ناکرێت، چونکە کاتێک نازاندرێت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەربژێرەکان

چۆن هەڵدەبژێردرێـن، چـون دەتوانرێـت ئـەو هەڵبژاردنـە شرۆڤـە بکرێـت.

لــە هەمــوو شــوێنێکی دونیــا یاســا بەڕوونــی بەهــۆی بوونــی هەندێــک بــارودۆخ، هەندێـک کـەس لـە مافـی بەربژێـری بـۆ سـەرۆک کۆمـاری بێبـەش دەکات؛ وەکــوو مەرجــی تەمــەن، ســەواد و خوێندەواریــی گونجــاو (نــەک حەتمـەن خـاوەن بەڵگـەی خوێنـدەواری) و یـان بەدەسـتهێنانی پشـتیوانیی ســەرەتایی لــە هەندێــک بەرپرســی سیاســی یــان ئیمــزای بەشــێکی دیاریکــراو لــە خەڵــک، بــەڵام لــە وڵاتــی ئێرانــدا بێجگــە لــەو حاڵەتانــە بەشـێکی زۆر لـە هاوڵاتییانـی ئێرانـی بەهـۆی بـاوەڕە سیاسـی و ئایینـی و... مافــی بەربژێــری بــۆ ســەرۆک کۆماریــان نییــە.

بەپێـی ئەسـڵی ١١٥ی یاسـای بنەڕەتیـی ئێـران وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ کـرا؛ ژنـان، ئەهلـی سـوننە، کەمینـە ئایینییـەکان، سـێکۆلار و لائیکـەکان بـە هیـچ شـێوەیەک مافـی بەربژێـری بـۆ پۆسـتی سـەرۆک کۆمارییـان نییـە. ئەمـە واتـە ڕێژەیەکـی نادیـار لـە شـارۆمەندانی ئێـران نـەک بەهـۆی تـاوان، بەڵکـوو بەهـۆی جیـاوازی لـە بـاوەڕە سیاسـی و ئایینییـەکان لـە یەکێـک لـە مافـە گرینگەکانـی شـارۆمەندیی خۆیـان بێبەشـن.





کەواتــە ئــەو نیزامــە وێــڕای بێبەشــکردنی ژنــان و هەمــوو کەمینــەکان، بــە شــێوەیەکی زیرەکانــە ناونووســین وەکــوو نمایشــێک بــۆ هەڵبــژاردن بــۆ هەمــووان ئــازاد دەکات و وێــڕای ســووکایەتی بــە هەمــوو خەڵــک لــەو ڕەوتــە نــاڕوون و دیکتاتــۆرە، ڕەوایەتیـش دەدات بـە ولانانـی هەمـوو «ئەوانـی تر»یـش کـە مەرجـی بـوون بـە سـەرۆک کۆمـار نایانگرێتـەوە.

> لە شوێنێک کە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە، شتێک بە ناوی «ئەرکی شارۆمەندی» و بەشداری لە هەڵبژاردن نەتەنیا بێ مانایە

ئاســاییکردنەوەی ئــەو دۆخــە بــە تاکتیکگەلــی جۆراجــۆر، هــەر لــە پشــتیوانی سـلبریتی و کەسـانێک سـەر بـە کەمینـەکان، تـا چالاکوانانـی ژن و کەســانی ســەر بــە دەســەڵات و ئــەو خەڵکــەی کــە بــە نائاگایــی یــان ئاگاییــەوە پشــتی ئــەو دەســەڵاتە دەگرێــت، وای کــردووە کــە ئامادەنەبوونــی بەشـێکی گـەورەی کۆمەڵـگا واتـە ژنـان و کەمینـەکان بـۆ بەربژێـری بەرچـاو نەکەوێــت و ناونووســیی چەنــد شــارۆمەندی ئاســایی بــێ ڕابــردووی سیاســی و حیزبــی گــەورە بکرێتــەوە و حاڵەتــی کاریکاتۆریــزەی پــێ بەخشرێـت و بڕیارەکانـی شـورای نیگەهبـان ئاسـایی ببێتـەوە.

## ڕۆڵـی ژنـان لـە خسـتنە ژێـر پرسـیاری نمایشـی هەڵبـژاردن و دەنگنــەدان بــە بەرهەمهێنانــەوەی پێگــەی ژێردەسـتیی ژنــان

تــا ئــەو جێگایــەی پەیوەندیــی بــە مەســەلەی بەرابەریــی ڕەگــەزی، مافــی ژنــان و کەمینــە ئایینــی و کولتوورییەکانــی ئێرانــەوە هەیــە، هیــچ جیاوازییەکــی بنەڕەتــی لەنێــوان دوو باڵــی ڕیفۆرمخــواز و ئوســولگەرای کۆمــاری ئیســلامی نییــە و ئــەوەی هەیــە بــە ڕەواڵــەت و بــۆ فریودانــی خەڵکــە. لەوانەیــە ڕێفۆرمخــوازەکان ئاســانتر ئیزنــی بەڕێوەبردنــی کۆنسـێرت و بۆنــە فەرهەنگــی و هونەرییــەکان بــدەن، بــەڵام هــەر دوو بــاڵ لــە داڕێــژەران و پشــتیوانانی یاســا دژە ژنەکانــی ئێــران لــە یاســای بنەڕەتیــدان و نــە دژایەتــی لەگــەڵ دەکــەن و نــە میلیشــیایان بــۆ دژایەتــی هەیــە.

لــە نیزامێکــدا کــە یاســا بنەڕەتییەکــەی تەنانــەت مافــی خۆبەربژێریــی ســەرۆک کۆمــاری بــە ژنــان و غەیرەشــیعەکان نــادات، بەشــداریی ژنــان لــە هەڵبــژاردن و تەنانــەت بوونــی ڕێژەیەکیــش لەنــاو دەســەڵات بارودۆخــی ژنــان باشــتر نــاکات و ئەزموونــی زیاتــر لــە ٤٠ ســاڵەی ژنــان لــە هەڵبژاردنەکانــی ڕێژیمــدا نیشــانی داوە نەتەنیــا نەبووەتــە هــۆی دابینبوونــی مافــە بنەڕەتییەکانیــان، بەڵکــوو هــۆکاری بەرهەمهێنانــەوە پێگــەی ژێردەســتیی ڕەســمی و نارەســمیی ژنانــە لــە کۆمەڵــگادا.

هەربۆیــە دوای ٤٢ ســاڵ، ئێســتا قۆناغێــک هاتووەتــە ئــاراوە کــە نەتەنیــا نابــێ بەشــداری لــە نمایشــی هەڵبژاردنــی ڕێژیــم بکرێــت، بەڵکــوو دەبــێ دژکــردەوە بەرامبــەر بــەو نمایشــە ئەنجــام بدرێــت و ئــەو ڕێــژە لــە پێشــێلکاری و ســووکایەتیکردن بــە مافــی مــرۆڤ لەلایــەن کۆمــاری ئیســلامییەوە، بــۆی هەزینــەدار بکرێــت.

بــە واتایەکــی ســادەتر، لــە شــوێنێک کــە ســەرەتاییترین مافەکانــی مــرۆڤ بوونــی نییــە، شــتێک بــە نــاوی «ئەرکــی شــارۆمەندی» و بەشــداری لــە هەڵبــژاردن نەتەنیــا بــێ مانایــە، بەڵکــوو پابەندبــوون پێیــەوە لەلایــەن هەندێــک، بــە واتــای پێشــێلکاریی مافــی شــارۆمەندانی تــر و ڕەواییــدان بــە سیســتەمێکە کــە ئەمــڕۆ بووەتــە ســیمای دیــاری دیکتاتــۆری لــە جیهانــدا.

هــەر بۆیــە بایکۆتــی هەڵبــژاردن لەلایــەن ژنانــەوە هەڵگــری پەیامێکــی

> «
> کاتێک هەڵبژاردن نادێمۆکراتیک بێت، بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردن بە زەرەریانە و گرنگتر لەوەش بایکۆتی هەڵبژاردن وەکوو نارەزایەتییەکی گشتی لێ دێت



ڕوونە بۆ خۆیان و دونیا کە ئامادەی ملکەچی بۆ پێگەی ژێردەستی خۆیان و ڕەسمییەتدانی سیاسی پێوەی نین. ئەو کارە لە کەمترین حاڵەتدا بەکارهێنانی ژنان وەک ئامرازێک بۆ ڕەواییدان بە زوڵمی ڕۆژانە و یاسایی داسەپاوی دژی ژنان بە جیدی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەڵبژاردن کاتێک لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا بێت، بەشداریی ژنان وەکوو شارۆمەند ئاساییە و کاریگەریی هەیە، بەڵام کاتێک هەڵبژاردن نادێمۆکراتیک بێت، بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردن بە زەرەریانە و گرنگتر لەوەش بایکۆتی هەڵبژاردن وەکوو ناڕەزایەتییەکی گشتی لێ دێت کە لە کۆمەڵگاشدا ڕەنگ دەداتەوە کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا بایکۆتی هەڵبژاردنی کردووە و ئەمەش خۆپێشاندانێکی گەورە بە کەمترین هەزینەیە کە مەشروعییەت بە کۆماری ئیسلامی نادات.

لەلایەکی دیکەشەوە، مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە کە ئاپارتایدی ڕەگەزی لە کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکی بەسیاسی کراوە، ئامرازێک لەدەستی کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی نیزامەکەی، چونکە یەکسانیی ژن و پیاو وەکوو بنەمایەکی سەرەکیی دێمۆکراسی لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی سیستەمێکی دێمۆکراتە، هەر بۆیەش خەبات دژی هەڵاواردن و ئاپارتایدی ڕەگەزی دەبێ شوێنێکی گرینگ لە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی ئێران بۆ خۆی تەرخان بکات، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی نایەتە دی و ژنانیش بە ئاگاییەوە لەو بوارە دەبێ هەڵسوکەوت بکەن و بەشداری ئەم خەباتە بن هەم دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی هەم بە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کە ژنان تێیدا قوربانیی سەرەکین.

بۆ ژنانی نەتەوەکانی دیکە وەک ژنی کورد ئەم ئەرکە سیاسییە قووڵتر دەبێتەوە و دەبێ بە چاوێکی هەمەلایەنەتر سەیری بکات. چونکە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی- فیکری و شوناسێکی پێناسەکراو هەیە و هەر کردارێکیش لە ڕاستای دژایەتیی ئەو ئیدئۆلۆژییە بێت، سەرکوتی دەکەن، وەکوو شوناسە جیاوازەکانی نەتەوە و ئایین و... کۆماری

> ❝ ژنی کورد کە لەگەڵ ستەم و سەرکوتی چەندقاتی یاسایی، نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتی و بێبەشیی ئابووری و پەراوێزخراویی بەرەوڕوویە، دەبێ بە شێوەیەکی بنەماییتر دژی ئەو ستەمە بووەستێتەوە



ئیسـلامیش بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ئامـرازی سـەخت و نـەرم کەڵکـی وەرگرتـووە و شوناسـی جیـاوازی کـورد، تـورک، عـەرەب، بەلـووچ و... بـە توندی سـەرکوت دەکات. هـەر بۆیـەش دەبینیـن بـە چاوێکـی ئەمنییەتـی چـاو لـە کوردسـتان دەکرێـت و ڕووبـەڕووی هـەڵاواردن و بێبەشـیی سیسـتەماتیکی دەکاتـەوە.

هـەر بۆیـە ژنـی کـورد کـە لەگـەڵ ستەم و سـەرکوتی چەندقاتـی یاسـایی، نەتەوەیـی، ئایینـی، چینایەتـی و بێبەشـیی ئابـووری و پەراوێزخراویـی بەرەوڕوویـە، دەبـێ بـە شـێوەیەکی بنەماییـتر دژی ئـەو سـتەمە بووەسـتێتەوە؛ هەڵبـەت ژنـی کـورد و بزووتنـەوەی ژنـی کـورد بەتایبـەت لـە چوارچێـوەی هێـزە سیاسـییەکان بەڕوونـی هـەر لـە سـەرەتای هاتنـە سـەر کاری کۆمـاری ئیسـلامی ئـەو نیزامـەی ڕەت کردووەتـەوە و تـا ئێسـتاش بەتایبەتـی بزووتنـەوەی ژنانـی کـورد لەسـەر ئـەو ڕێچکەیـە خواسـتەکانی دەخاتـە ڕوو و خەبـات دەکات.

هەڵبـەت ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بوونـی بەسـتێنێکی سیاسـی لـە کوردسـتان بەهـۆی بوونـی ئەحزابـی سیاسـی کـە هـەر لـە سـەرەتای هاتنـە سـەر کاری ئـەو ڕێژیمـە متمانەیـان پـێ نەکـردووە و دژی وەسـتاونەتەوە، هـەر بۆیـە ژنـی کـورد بەهـۆی سـتەمی چەندبەرابـەری، خواسـت و موبـارزەی جیاوازتـر بـووە و لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا، دژی تەواوییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی وەسـتاوەتەوە.

هەربۆیـە ئەگـەر ئەمـڕۆ بەشـێکی زۆر لـە خەڵکـی ئێـران و ژنانـی ئێرانـی گەیشـتوونەتە ئـەو بڕوایـە، خەبـات و بزووتنەوەکەیـان دەبـێ ئەسـڵی ئـەو ڕێژیمـە بکاتـە ئامانـج، ژنانـی کـورد و ژنانـی نـاو هێـزە سیاسـییەکان هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو ئامانجەیـان بەڕوونـی بـۆ خۆیـان دیـاری کردبـوو و لەسـەر ئـەو ڕێگـەش بەردەوامـن لـە خەبـات، و بایکۆتـی هەڵبـژاردن دەتوانـێ جارێکـی دیکـە ڕووی دژە ژنـی و دیکتاتۆرییەتـی ئـەو ڕێژیمـە داسـەپاوە و بەئامرازکردنـی ژنـان نیشـانی هەمـوو دونیـا بداتـەوە و زیاتـر لـەوە، چیەتـی و مەشروحیەتـی بباتـە ژێـر پرسـیارەوە.

> ئەگەر ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران و ژنانی ئێرانی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە، خەبات و بزووتنەوەکەیان دەبێ ئەسڵی ئەو ڕێژیمە بکاتە ئامانج

# خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەریی ئەمجارەی ڕێژیم لە ژێر ناوی هەڵبژاردن دا

تەیموور مستەفایی





پێشـــبینی دەکرێـــت ڕێـــژەی بەشـــداریی خەڵـــک لـــە ســـێزدەهەمین دەورەی هەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆماریـدا تەنانـەت لـە دەورەکانـی پێشـوو لـە خوارتـر بێـت و هـۆکاری ئـەم بەشـدارییە کەمـەش لەلایـەک دەگەڕێتـەوە بـۆ ناهومێدبوونـی خەڵـک لـە جێبەجێکردنـی داواکارییەکانیـان لـە ڕابـردوودا کـە لـە هەڵبژاردنەکانـی پێشـوودا بەڵێنییـان پـێ درابـوو جێبەجـێ بکرێـن، بـەڵام جێبەجـێ نەکـران. لـەلای دیکـەوە بەهـۆی بوونـی گەندەڵییەکـی بەربـڵاوی ئیـداری و ئابـووری، ناڕەزایەتییەکانـی مانگـی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٣٩٨ی هەتـاوی و بەکارهێنانـی هێـزی سـەرکوتکەر و سـەرکوتی خۆپیشـاندەران و شـەهید و زیندانیکردنـی ژمارەیەکـی بەرچاویـان لـە جیاتـی وەڵامدانـەوە بـە داخوازییـە ڕەواکانیـان، گەمـارۆوە ئابوورییەکانـی ئەمریـکا کـە بڕسـتی لـە ڕێژیـم بڕیـوە و بووەتـە هـۆی بێکاریـی ژمارەیەکـی زیاتـر لـە خەڵـک و هەژارییەکـی زۆرتـر لەنێـو کۆمەڵـگادا، قەیرانـە جۆراوجۆرەکانـی داوینگیریـی وڵات، بـێ هیـوا بوونـی خەڵـک لـە

هەر دوو باڵی ڕێژیم و لە یەک کەلامدا نەمانی مەشروعییەتی نیزام لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا.

نارەزایەتی لە کردەوەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و باڵەکانی، تا ئەو ڕادەیە بەربڵاوە کە تەنانەت کۆمەڵێک لە بەرپرسان وەک «مەحموود سادقی و حەسەن غەفوری» لە فەرماندەکانی سپای پاسداران، بەشداریی ڕێژەی ٢٠ لەسەدی خەڵکیش لەم دەورەیەی هەڵبژاردندا بە سەرکەوتن دەزانن.

سەید محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری ئیسلاحتەڵەبی پێشووتریش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە شانۆسازییەکانی ئەوانیش بۆ ڕاگرتنی ڕێژیم بە تەواوی بۆ خەڵک ڕوون بووەتەوە، هەر بۆیە لە دەربڕینێکی تایبەتدا ڕایگەیاندووە ئیتر خەڵک بە هیچ تەرفەندێک ئامادە نابن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی بێ هیواییە لە بەشداری خەڵک لەلایەن بەرپرسانی ورد و درووشتی ڕێژیمەوە کە ئێستا ئیتر وەک ڕابردوو بە تەیف بەندی ئیسلاحتەڵەب و ئوسوولگەراییەوە کە گۆیا یەکیان لەوی تریان باشترە، ناتوانن خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە جەریانی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا خۆپیشاندەران وەک یەک و بە دروستی دروشمیان لە دژی هەر دوو باڵی ڕێژیم دا و بە دروشمی: «اصلاح‌طلب اصولگرا، دیگه تمومه ماجرا» هەر دوو باڵی دەسەڵاتیان بە یەک ئەندازە بە نارەوا لە قەڵەم دا و ئەمە تیری خەلاس بوو لە پەیکەری تەواوەتی ڕێژیم بە ئیسلاحتەڵەب و ئووسوولگەرایەوە.

لەبارەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم ڕوو لە لایەنگرانی دەڵێت کە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە گرینگترین بنەما لە هەر جۆرە هەڵبژاردنێک لە کۆماری ئیسلامیدا دەزانێت.

ڕووحانی سەرۆک کۆمار لە وتاری ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان، ٤٢هەمین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لەبارەی هەڵبژاردنەکانی

سێزدەهەمین دەورەی سەرۆک کۆماری ڕایگەیاند:

«چەند ڕۆژ پێش لە خزمەتی ڕێبەری شۆڕشدا بووم، جارێکی دیکە پێداگریی کردەوە کە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا گرینگترە لە هەلبژاردنێکی دروست» (چند روز پیش که در محضر رهبر انقلاب بودم یک بار دیگر تاکید کردند که مشارکت مردم در انتخابات مهم‌تر از انتخاب درست است، مشارکت اهم است و انتخاب درست مهم).

تا ئەو ڕادەیە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا گرینگە کە دەوڵەتی دوازدەهەمیش بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە، هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی زیاترین خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان لەم هەڵبژاردنەی سێزدەهەمین دەورەی سەرۆک کۆماریدا.

وەک لە وتەکانی بەرپرسانی ڕێژیمدا دەردەکەوێت لەم هەلومەرجە قەیراناوییە و لەوپەڕی تەریککەوتوویی جیهانی و ناوچەییدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێیدا تێدەپەڕێت، بەشداریی خەڵک لە شانۆی بەناو هەڵبژاردندا گرینگییەکی تایبەتی بۆیان هەیە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆشیان لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە خەڵک بەو هۆیانە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن. هەر بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییان تێکەڵ بە هەڵبژاردنی شوراکانی شار و دێ کردووە چونکە دەزانن هەڵبژاردنەکانی شورای گوند و شارەکان بەو هۆیەوە کە هیندێک کاری سەرەتایی خەڵک ڕادەپەڕێنن و بۆ شوراکانیش هیندێک ئیمتیازی ماددیی تێدا هەیە بەشداری دەکەن. بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگایەوە خەڵکێکی زیاتر بکێشنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و ژێستی ڕەوایی ڕێژیمەکەیانی لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا پێ نمایش بکەن.

بێجگە لەو ڕاستییانەش بۆ هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیک سالمبوونی هەڵبژاردن گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بەبێ گەرەنتیکردنی هەڵبژاردنێکی سڵامەت ئەگەر تەنانەت مەرجەکانی دیکەی هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتیکیش جێبەجێ بکرێت هەڵبژاردن لە نمایشێک

زیاتر نابێت و ئاکامەکەی لە پێشدا دیاریکراو دەبێت، لەمبارەوە زۆر بەجێیە ئاماژە بە وتەیەکی ئیستالین، دیکتاتۆری پێشووی یەکیەتی سۆڤییەت بکەم کە دەڵێت:

«ئەو کەسانە دەنگ دەدەن خاوەن بڕیار نین، بەڵکوو ئەوانەی دەنگەکان دەژمێرن یەکلاکەرەوەی کۆتایین».

لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کە بەهۆی جێگیر نەبوونی ڕێژیمەوە هەڵبژاردنێکی نیوەئازاد بەڕێوە چوو، لە ١٢ خولی دیکەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و هەموو بەناو هەڵبژاردنەکانی دیکە لە کۆماری ئیسلامیدا چاوەدێرانی هەڵبژاردنەکان لەژێر ئەمری ڕێبەردا کێیان پێ خۆش بووە لە سندووقەکانی دەنگدان دەریانچوواندووە و ئیتر هیچ گرنگییەکیشیان بە نارەزایەتیی خەڵک سەبارەت بە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن نەداوە و تەنانەت نارازیانیان بە عاملی دەرەکی لە قەڵەم داوە و وەبەر گوللەیان داون و زیندانی و سەرکوتیان کردوون کە تا ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاویان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە کە نموونەی هەرەبەرچاویان «میرحوسەینی موسەوی و مەهدی کەڕوبی»ـن.

لە کاتێکدا کە لەو وڵاتانەدا کە هەڵبژاردن ئازادە، گرینگییەکی زۆر بە نارەزایەتیی خەڵک لە ئەگەری ساختەکاری دەدرێت کە نموونەی کۆتایی لەمبارەوە، هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی سەرۆک کۆماری بوو لە ئەمریکادا کە بەهۆی تانەی «دۆناڵد ترامپ» لە هەڵبژاردنەکە و سکاڵا لەلای چەند ئۆرگانی پەیوەندیدارەوە، لە چەند ویلایەتدا بۆ جاری دووەم دەنگەکان ئەژمار کرانەوە. پاش ئەژمارکردنی دەنگەکان دادگای ویلایەتەکان و لە سەرەوەی ئەوانیش دادگای بەرزی وڵات گرینگییەکی زۆریان بەو بابەتە دا و پاش بەدواداچوونی ئەو سکاڵایە، بۆچوونی خۆیان دەربڕی، لە دوایین قۆناغی ئەو کەیسەشدا کۆنگریس لەو سکاڵایە کۆڵییەوە و بەپێی بەڵگەکانی بەردەست تەنانەت مایک پێنس، جێگری سەرۆک ترامپ کە بۆ جێگری سەرۆک کۆمار لەو

> **"هەڵبژاردن لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە نمایشێکی دراماتیک هیچ مانایەکی نەبووە، نە ئەو ڕێژە بەشدارییە کە ڕایانگەیاندووە ڕاست بووە و نە ئەو کەسانەش کە سەریان لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێناوە لە جێی خۆیدا بووە**



هەڵبژاردنەشدا دیاری کرابوو دەنگی بە سەڵامەتیی هەڵبژاردنەکە دا و مافیان بۆ خاوەن ماف گەڕاندەوە.

هەڵبژاردن لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە نمایشێکی دراماتیک هیچ مانایەکی نەبووە، نە ئەو ڕێژە بەشدارییە کە ڕایانگەیاندووە ڕاست بووە و نە ئەو کەسانەش کە سەریان لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێناوە لەجێی خۆیدا بووە، لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانەدا بەهۆی ساختەکاریی بەڕێوەبەران و چاودێرەکانەوە بە قازانجی بەربژێرێک، هەرچەند باقی کاندیداتۆرەکانیش لە مۆرە تواوەکانی نێو سیستم بوون یەکێکیان سکاڵای بۆ لای خوا بردووە و ئەوی دیکەشیان ڕایگەیاندووە دەنگەکانیان دزیوە و ئەگەریش بە تەسادوف لە دەورەیەکدا لەنێوان دوو مۆرە ساختەکاری نەکرابێت و بە ڕواڵەت کێبەڕکێیەک هەبووبێت، تەنیا کێبڕکێ بووە لەنێوان دوو مۆرەی ڕێژیمدا.

بێجگە لەوانەش بەپێی مادەی ٨ی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ڕێژیم، چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکان لە هەموو قۆناغەکانیدا لە ئەستۆی شورای نیگابانە، ئەم شورایە بەپێی مادەی ٥ی هەمان یاسا دەتوانێت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هەڵوەشێنێتەوە، دوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن لەلایەن شورای نیگابانەوە وەزارەتی ناوخۆ ئەرکیەتی هەلومەرجی هەڵبژاردنێکی دیکە ئامادە بکات.

ئەم شورایە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە ئەرکی چاوەدێری و تەنانەت پاڵاوتنی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیی لەئەستۆ بووە بۆ خۆی بەشێک بووە لەو کێشە و ساختەکارییانە کە لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانەدا هاتوونەتە ئاراوە.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە کە ئاماژەم پێدا، ڕێژیم لە هەموو تەرفەند و پیلانێک وەک بە ئەرکی ئایینیی لەقەڵەمدانی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا، پێکهێنانی کێبڕکێی تایفەیی، تەماع وەبەرنان،

> هێزەسیاسییەکان نابێ وەک هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بەناوی چارەنووسساز بوونی هەڵبژاردن لەو ناوچانە کە پێکهاتەی دیکە بێجگە لە کوردی تێدایە، سەبارەت بە هەڵبژێران یان هەڵنەبژێرانی یەکێک لە بەربژێرەکان خەڵک لە شک و گوماندا بهێڵینەوە

هەڕەشەکردن و... کەڵک وەردەگرێت تا بتوانێت خەڵکێکی زۆرتر بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەم چەشنە بە بیروڕای گشتی بڵێت کە ڕێژیمەکەیان هێشتا جێگای پشتیوانیی خەڵکە بەم هۆکارانەوە کە باسمان لێوە کردن ئەم هەڵبژاردنە بۆ ڕێژیم و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕێژیم گرینگە.

هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی سەرۆک کۆماری و شوراکانی شار و گوند بەو پێیە کە باس کرا، زۆر گرینگە، بۆیە پێویستیی هاوکاریی جیدیی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر خۆ دەنوێنێت، دەبێ شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم لێبڕاوانە و بەبێ دوودڵی بایکۆت بکرێت و بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پلانێکی ورد و توکمە لە ڕێگای تەشکیلاتی ناوخۆ، ڕاگەیاندنەکان، چالاکانی مەدەنی، خەڵکی بەنفووز و نیشتمانپەروەرەوە کار لەسەر تێگەیاندنی خەڵک سەبارەت بەم خولە لە هەڵبژاردنی ڕێژیم بکرێت و هەوڵ بدرێت کەمترین خەڵک بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بۆیە دەبێ گرینگیی ئەم بەشداری نەکردنەیان بە تەواوی بۆ ڕوون بکرێتەوە.

هێزە سیاسییەکان نابێ وەک هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بەناوی چارەنووسساز بوونی هەڵبژاردن لەو ناوچانە کە پێکهاتەی دیکە بێجگە لە کوردی تێدایە، سەبارەت بە هەڵبژێران یان هەڵنەبژێرانی یەکێک لە بەربژێرەکان خەڵک لە شک و گوماندا بهێڵینەوە. ئێستا ئیتر پاش چەند دەورە لە هەڵبژاردنەکان و پاش بەڵێندانی بەربژێرەکان کە لە ئەگەری دەرچوونیان لە هەڵبژاردن، هەوڵی چاکسازی و لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکانی خەڵک دەدەن و بە درۆ دەرچوونی بەڵێنەکانیان دوای هەڵبژاردن، بەتەواوی بۆ خەڵک ڕوون بووبێتەوە کە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتان نادرێت کەمترین چاکسازی جێبەجێ بکرێت و ئەساسەن ئەم سیستەمە بەپێی ناوەرۆکەکەی ئیمکانی چاکسازی تێدا نییە. ئێستا ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتیش بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنن کە چاکسازی لەم سیستەمەدا ناکرێت و دڵبەستن بە چاکسازی لەم ڕێژیمەدا تراویلکەیەک زیاتر نییە.

"
**ئێستا ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتیش بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنن کە چاکسازی لەم سیستەمەدا ناکرێت و دڵبەستن بە چاکسازی لەم ڕێژیمەدا تراویلکەیەک زیاتر نییە**



دەمەوێت لەسەر بۆچوونێکی هەڵەی دیکەش کە گوایە جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنی شوراکان و سەرۆک کۆماریدا هەیە بەو پاساوە کە گوایە کاری شوڕاکان، خزمەتگوزارییە بە خەڵک و نابێ ئەو دەرەتانە هەرچەندیش کەم بێت لە خەڵکی وەربگرینەوە، ئەوە بڵێم کە کاندیداتووری بۆ ئەندامەتیی شوراکانیش دەبێ بە بێژنگی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم و نوێنەرانی شورای نیگەهبان لە شارستانەکاندا تێپەڕێت و هەر بەربژێرێکی ئەندامەتیی شورای شار و گوندەکان کە کەمترین گومانی لەسەر بێت، لەو بێژنگە تێ ناپەڕێندرێت. ئەگەر لە ڕابردوودا چەند کەسێکیش لەو بێژنگە تێپەڕیوە، بێگومان ئامانجی تایبەتی ڕێژیمی لە پشت بووە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بێجگە لەوەی کە ئەو ئەندام شورایانە دەرەتانی ئەنجامدانی هیچ کارێکیان بە قازانجی خەڵک پێ نەدراوە، بەڵکوو تێکەڵبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی شورا بە سیستەمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی دەرکەوتووە. لەلای دیکەوە، هاندانی خەڵکی دڵسۆز بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی شار و گوندەکان دەبێتە هۆی گەرمترکردنی تەنووری هەڵبژاردنی ڕێژیم و ڕۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئەمەش هەر ئەو ئامانجەیە کە ڕێژیم بۆی تێدەکۆشێت و سەرمایەگوزارییەکی زۆری لەسەر کردووە و هیوای لەسەر هەڵچنیوە.

دەبێ بەبێ دوودڵی و ڕاشکاوانە، تەواوەتیی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شوراکانی شار و گوندەکان بایکۆت بکرێت و هەوڵ بدەین کەمترین خەڵک لەم شانۆگەرییەدا بەشداری بکەن. تەنیا لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدایە کە دەتوانین ئەو سیگناڵە بە دنیای دەرەوە بدەین کە خەڵکی ئێران دژی ئەم ڕێژیمەن و چارەیان ناوێت.

# «سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکوو ئاوی بەقا
# تەیری عەنقا شاری جابولقا پڵاوی خانەقا»

مامۆستا حەسەن واژی





گەلانی ئێران بەهۆی هەبوونی ژینگەیەکی ناسەقامگیر و زاڵبوونی کەشوهەوایەکی شۆڤینی کە دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران هەر یەک بە شێوەیەک خولقاندوویانە، بەردەوام نارازی بوون و لە هەر هەلێکدا کە ڕەخسابێت، هەر جارەو بە شێوەیەک دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕیوە، یان بە شێوەی گردبوونەوەی نارەزایی لە گۆڕەپان و شەقامەکان، یان بە ناچاری بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، دەستیان بۆ چەک بردووە و کەژ و کێوەکانیان وەک مەتەرێز بەکار هێناوە کە بەداخەوە تا ئێستا ڕاپەڕینەکان بە ئاکام نەگەیشتوون و شۆڕش و نارەزایەتییەکان نەزۆک کراون و دەنگەکانیش کپ.

لە ساڵانی دەیەی پەنجا کۆمەڵێک گۆڕانی سەرەکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هاتنە ئاراوە کە دەکرێ وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ناوچەکە و ئێراندا سەیر بکرێن، شەڕی سارد و بە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان

و ململانێی جەمسەری یەکیەتیی سۆڤیەت و جەمسەری ڕۆژئاوا بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە هەریەک نوێنەرایەتی فەلسەفەیەکی دەکرد بۆ بەڕێوەبردنی دنیا کە بەریەککەوتنێکی ئاسایی نەبوو و وڵاتانی دنیاشیان لەگەڵ خۆیان دابەش کرد، لە وەها دۆخێکدا گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران هەلیان قۆستەوەوە و بۆ بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانیان ڕژانە سەر گۆڕەپان و سەر شەقامەکان و گردبوونەوەی ناڕەزایەتییان ساز کرد و بەرەبەرە تۆخ و تۆختر بوو تا سەرەنجام بوو بە شۆڕشێکی سەرتاسەری و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەش و نگریسی پاشایەتی هێنا و پێیان نا قۆناغی دوای شۆڕش و دامەزراندنی دامودەزگا بۆ داکۆکی لە مافی کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکانی دانیشتووی ئێران کە بە تێکڕایی بەشداری شۆڕش بوون و سەرکەوتنەکان بەرهەمی خوێن و بەرخودان و لەخۆبوردوویی گشتیان بوو، بەڵام مەخابن سەد مەخابن هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەسکەوتەکان لەلایەن تاقمێک ئاخوندی شیعەی دوازدە ئیمامی شاگردی مەدرەسەی حەققانییەوە زەوت کران و شۆڕش و شۆڕشەکە بەلاڕێدا برا و بەپێی ئەسڵی دوازدەی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئایینی ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامی وەک تاکە ئایین و مەزهەبی فەرمی و زمانی فارسیش وەک زمانی فەرمی سەرتاسەری ئێران ڕاگەیەندران و کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکان و بەشێکیش لە شیعەکان دووبارە کەوتنەوە بەر ڕکێفی دەسەڵاتی ناڕەوای ناوەندی و لە مافەکانیان بێبەش کران و بوو بە دەستپێکێک بۆ سیاسەتی قێزەونی هەڵاواردن و پاکتاوکردنی گەلانی ناو ئێران.

هەروەها لە ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران لە بڕگەکانی «ئەلف» و « ز»دا شیعەی جەعفەری دوازدە ئیمامی وەک مەرج بۆ پاڵێوراوی سەرکۆماری دیاری کراوە و بۆتە لەمپەر لە هەمبەر خۆپاڵاوتنی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە گرینگە.

دوای ئەم بەربەستە سەرەکیانە، بەپێی مادەی ٩٨ و ٩٩ی یاسای بنەڕەتیی ئێران «نظارت استصوابی» واتە چاودێری و بڕیاردان بۆ دیاریکردنی گونجاوبوون، یان نەبوونی ئەو کەسانەی خۆ دەپاڵێون بۆ وەرگرتنی کورسییەکان، درا بە شووڕای چاودێری و پاراستنی یاسای بنەڕەتی» شورای نگهبان قانون اساسی.

هەروەها بەپێی ئەسڵی ٥٧ی یاسای بنەڕەتی هەموو هێز و لایەنەکان بەتەواوی و بەبێ بوونی مافی ناڕەزایی دەربڕین کەوتنە ژێر ڕکێفی «ولایت مطلقە فقیە» واتە کوێخای بێ ئەملاو ئەولای دەسەڵاتداری ئاخوند کە «نا» پێگوتنی، وەرگەڕانە لە ئایین و بە دژایەتیی خوا دێتە هەژمار و تاوانێکی نەبەخشراوە و سزاکەی پەت و سێدارەیە .

لە وەها وڵات و سیستمێکی داخراوی حوکمڕانیدا کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەتایبەت کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکان دەیان بەربەستیان لە بەردەمدایە کە ڕێگرن لە خۆپاڵاوتنیان بۆ وەرگرتنی کورسییەکانی دەسەڵات، هەڵبژاردن مانای خۆی لەدەست دەدا و بژاردەیەک نامێنی جگە لە ئاو لە ئاشکردنی یەک نەتەوە و زمان و یەک ئایین و مەزهەب نەبێ بۆ خۆشی ژیانیان و وەدیهاتنی خەون و خولیاکانیان .

گەلە مافخوراوەکانی ئێرانیش تا کاتێک بە نۆکەری و پاشکۆبوون ڕازی بن و وەک کوڕی چاک، گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران بن و نەبنە ژانەسەر، مافی ژیانێکی بەلارەملی و کەموکورتیان پێ دەدرێ و خەڵات دەکرێن، دەنا لە ئەگەری دەربڕینی هەر شێوە ناڕەزایی و لاسارییەکدا دەکەونە بەر هەڕەشەیەکی جیددی و بە دژایەتیی لەگەڵ نیزام تۆمەتبار دەکرێن و دەخرێنە ژێر زەخت و ئازارێکی زۆرەوە.

لەڕاستیدا هەڵبژاردن لە ئێران، ڕواڵەتێکی بێ بنەمایە بۆ هەڵبژاردنی خراپ و خراپتر، نەک باش و باشتر و ئەو بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت:

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەر وەکوو ئاوی بەقا

تەیری عەنقا شاری جابولقا پڵاوی خانەقا



# هەڵبژاردن لە پێناو پاراستنی دیکتاتۆرییدا: نموونەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

د. ئیدریس ئەحمەدی





چۆنە کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام هەڵبژاردنی بەڕێوە بردووە؟ ئەو بەناو هەڵبژاردنانە، چ سوودێکیان بۆ ڕێژیم هەیە؟ هەروەها، چۆنە خەڵک یان لانیکەم بەشێک لە خەڵک، لە ئێراندا لە هەڵبژاردنگەلێکدا بەشداری دەکەن کە نە ئازادن، نە دادپەروەرانە؟

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی کارێکی «ئەقڵانی» بێت، چوونکە بەبێ ئەوەی سوودییان هەبێت بۆ ڕێژیم، هەزینەی دانەدەنا بۆ بەڕێوەبردنیان. لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەڵبژاردنانە بەدەر لەوەی ئازاد و دادپەروەر نین، سوودیان بۆ دانیشتووانی ئێران نەبووە. بە واتایەکی دیکە، ئاکامی هیچکام لە هەڵبژاردنەکان چ بۆ مەجلیس و چ بۆ پۆستی سەرکۆماری، بریتی نەبوونە لە خزمەتگوزاریی زۆرتر، یان وەدیهاتنی ئازادی یان بەسەرکارهاتنی حکوومەتگەلێک کە لە کردەوەدا لە بواری کۆمەڵایەتی و

ئابوورییەوە، هەلومەرجی ژیانی خەڵکیان باشتر کردبێت. بەپێچەوانە، گەندەڵی، بێکاری، هەژاری، ستەم و چەوساندنەوە لەو چوار دەیەدا، درێژەیان هەبووە و بگرە ڕوویان لە زیادبوون کردووە. کەوابوو، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا، «نائەقڵانی» دێتە بەرچاو. بەو پێیە، پرسیار ئەوەیە بۆ دەنگدەران لە ئێران بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا دەکەن؟

## سوودی هەڵبژاردن بۆ کۆماری ئیسلامی

هاوشێوەی کۆمەڵێک ڕێژیمی دیکەی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر لە دنیادا کە «هەڵبژاردن» بەڕێوە دەبەن، کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا چەند مەبەستی سەرەکیی هەیە لە ڕێکخستنی هەڵبژاردندا. هەر لەو پەیوەندییەدا، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، کۆمەڵێک سوودی هەیە بۆ ڕێژیم، کە سەرەکیترینیان بریتین لەمانە:

- یەکەم، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن سوودی نێودەوڵەتیی هەیە بۆ ڕێژیم. بەهۆی ئەوەوە کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانیی زۆرینەی دانیشتووانی ئێرانی نییە، بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنگەلێک کە ئازاد و دادپەروەر نین، دەیەوێت بە دنیای دەرەوە نیشان بدات کە پشتیوانیی جەماوەری هەیە و لەو ڕێگاشەوە، بتوانێت خۆی وەک ڕێژیمێکی مەشروع لەقەڵەم بدات. ئەگەر کۆماری ئیسلامی دڵنیا بووایەت کە پشتیوانیی زۆرینەی دانیشتووانی ئێرانی هەیە، دەبوا ڕێگای دابایەت بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەر.

- سوودی دووهەمی ڕێکخستنی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، بریتییە لە بەدامەزراوەیی کردنی ململانێی دەسەڵات لەنێو نوخبەی سیاسی و نیزامیی ڕێژیمدا. لەگەڵ ئەوەی ویلایەتیی فەقیە نیزامێکی دیکاتۆرییە کە لەوێدا لە ئەساسدا یەک کەس بڕیاردەری سەرەکییە، واتە «وەلی فەقیە»، مەجلیس و پۆستی سەرکۆماری تا ڕادەیەک سروشتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییان داپۆشیوە. هاوکات، وەلی فەقیە خۆی لە بەرپرسایەتیی شکستی سیاسەتەکانی

ڕێژیم دەدزێتەوە و ئەو بەرپرسایەتییە دەخاتە ئەستۆی مەجلیس و سەرکۆمار کە لە ڕاستیدا دەسەڵاتیان لە هێندێک ڕووەوە یان نییە یان زۆر سنووردارە. لەلایەکی دیکەوە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ شوراکان، مەجلیس و پۆستی سەرکۆماریی دەستاودەستی پۆستی ئیجارایی لەنێوان کاربەدەستانی ڕێژیمدا مسۆگەر دەکات و لەو ڕێگایەوە، دەتوانن سوودی مادی لەو پۆستانە وەربگرن بەبێ ئەوەی پێویست بکات دەست بۆ کودەتا یان زەبروزەنگ دژ بە یەکتر بەرن. هەڵبەت کۆماری ئیسلامی بە تەواوی سەرنەکەوتووە لە بەدامەزراوەیی کردنی ململانێی دەسەڵات لەنێو ڕێژیمدا؛ هەر لە کەیسی «بەنی سەدر» و «مونتەزری»یەوە بگرە تاکوو هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، کاتێک بە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی بەرینی جەماوەری، کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانێکی جیددیی بووەوە، دەردەکەوێت کە ئەگەر پێویست بکات، ڕێژیمی ئیسلامی لە حەزفکردن و پەراوێزخستنی مۆرەکانی نێو ڕێژیم کەڵک وەردەگرێت، هەروەها دەست دەبا بۆ زندانیکردن، ئەشکەنجەدان و کوشتنی دەنگدەرانی ناڕازی. هەڵبەت کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکێدایە لەنێوان ڕوونەدانی کودەتای نیزامی و کوشتنی بەکۆمەڵی ئەفرادی باڵی ناڕازیی نێو ڕێژیم لەلایەک و سەقامگیریی سیستەمی سیاسی لەلایەکی دیکە. لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردن سوودی زۆرە بۆ ڕێژیم، هاوکات بێ ڕیسک نییە بۆی، وەک لە ڕەتکردنەوەی هەزاران کاندید بۆ مەجلیس و پۆستی سەرکۆماری و بەتایبەت ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ شاهیدی بووین. لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن ڕیسکی هەیە بۆ ڕێژیم، سوودی ئەو هەڵبژاردنانە تاکوو ئێستا زۆرتر بووە، بۆیە بەردەوام بووە و بەردەوام دەبێ لە بەڕێوەبردنیان.

- سوودی سێهەمی هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم، لە ڕاکێشانی خەڵک بۆ ئەو هەڵبژاردنانەدا دەردەکەوێت، ئەویش لە ڕێگای دروستکردنی بژاردەی چەواشەکارانە: واتە دانانی «ڕیفۆرمخواز» و «میانەڕەو» لەلایەک، «توندڕەو» و «ئوسولگەرا» لەلایەکی دیکەوە لە بەرانبەر یەکتردا. بە

تایبـــەت باڵـــی «ڕیفۆرمخـــواز» لـــە نێوەنـــدی نەوەدەکانـــەوە توانیویانـــە بـــە دانـــی بەڵێنیـــی ڕیفـــۆرم، خەڵـــک تەیـــار بکـــەن و لـــە هەڵبژاردنەکانـــدا بەشـــدارییان پـــێ بکـــەن. کەوابـــوو، هەڵبژاردنگەلێـــک کـــە نـــە ئـــازاد و نـــە دادپـــەروەرن، بـــەو شـــێوەیە دەبنـــە مایـــەی هیوابەخشـــین بـــە دەنگـــدەر.

- چـــوارم ســـوودی بەڕێوەبردنـــی هەڵبـــژاردن بـــۆ کۆمـــاری ئیســـلامی بریتییـــە لـــە لەتکردنـــی ئوپۆزیســـیۆنی ڕێژیـــم بەســـەر ئەوانـــەی کـــە خوازیـــاری بایکۆتـــن لەلایـــەک، لەلایەکـــی دیکـــەوە ئەوانـــەی کـــە هانـــی خەڵـــک دەدەن بەشـــدار بـــن لـــە هەڵبژاردنەکانـــی ڕێژیمـــدا. کوتلـــەی «ڕیفۆرمخـــواز» لـــەو ڕووەوە ســـوودی تایبەتـــی هەبـــووە بـــۆ لەتکردنـــی ئوپۆزیســـیۆن، هـــەروەک چـــۆن ئـــەو باڵـــەی ڕێژیـــم توانیویەتـــی ڕۆژئـــاوا وادار بـــکات کـــە ســـەبریان لەگـــەڵ ڕێژیـــم هەبێـــت، بـــە هیـــوای ئـــەوەی کـــە بـــە دەسەڵاتگەیشـــتنی ئـــەوان، سیاســـەتی نێوخویـــی و لـــە درێژەشـــدا، سیاســـەتی دەرەوەی کۆمـــاری ئیســـلامی بـــە قازانجـــی ڕۆژئـــاوا، گۆڕانیـــان بەســـەردا بێـــت.

بـــە کورتـــی لـــە کۆمـــاری ئیســـلامیدا، هەڵبـــژاردن لـــە پێنـــاو پاراســـتن و درێژکردنـــەوەی دیکتاتۆریـــدا بەڕێـــوە دەبرێـــن.

> ❝ لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن ڕیسکی هەیە بۆ ڕێژیم، سوودی ئەو هەڵبژاردنانە تاکوو ئێستا زۆرتر بووە، بۆیە بەردەوام بووە و بەردەوام دەبێ لە بەڕێوەبردنیان



## زەرەری بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بۆ خەڵکی ئێران

لـــە کاتێکـــدا هەڵبـــژاردن لـــە ئێرانـــدا کۆمەڵێـــک ســـوودی هەیـــە دیکتاتۆرییـــی وەلـــی فەقیـــە، ئـــەوا بەشـــداریکردن لـــەو هەڵبژاردنانـــەدا، کۆمەڵێـــک زەرەری هەیـــە بـــۆ دانیشـــتووانی وڵات. زەرەری ســـەرەکیی بـــۆ دانیشـــتووانی ئێـــران بێگومـــان بریتییـــە لـــە شـــەرعییەتدان و درێژکردنـــەوەی تەمەنـــی ڕێژیمێکـــی دیکتاتـــۆر کـــە خەتـــەرە لەســـەر ئاسایشـــی دانیشـــتووانی وڵات. بـــەو پێیـــە، بەشـــداریکردن لـــەو هەڵبژاردنانـــەدا، کردارێکـــی ئەقڵانـــی نایەتـــە بەرچـــاو. پرســـیار ئەوەیـــە، چـــۆن دەکرێـــت ئـــەو کـــردارە غەیرەئەقڵانییـــە شـــی بکرێتـــەوە؟

لەگـــەڵ ئـــەوەی داتـــا یـــان زانیاریـــی جێـــگای بـــاوەڕ ســـەبارەت بـــە دەنگـــدەران لـــە ئێـــران لەبەردەســـتدا نییـــە، بەهەڵـــەدا نەچوویـــن ئەگـــەر

بڵێین هاوشێوەی دەنگدەران لە وڵاتانی دیکە، لە ئێرانیش دەنگدەران یەک دەست نین. لەبەرچاوگرتنی فاکتەرگەلێک وەک جنسییەت، تەمەن و هەروەها فاکتەرگەلی پەیوەندیدار بە مەسەلەی چینایەتی و لە کەیسی ئێرانی فرەنەتەوەدا هەروەها مەسەلەی نەتەوایەتی بێگومان ئەومان پێ دەڵێت کە دەنگدەران لە ئێران یەکدەست نین. لە نەبوونی زانیاریی جێگای باوەڕ، دەتوانین پۆلێنبەندییەکی دەنگدەران بکەین کە کەم تا زۆر دەتوانێت سوودی هەبێت بۆ لێکدانەوەی بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

> هەر کاندیدێک لە هەر هەڵبژاردنێکدا سەر بکەوێت، کاندیدی ڕێژیمن و ناتوانن سیاسەتێک بەیان بکەن یان بگرنە بەر کە ناتەبا بێت لەگەڵ سیستەمی ویلایەتی فەقیە



دەنگدەری وا هەیە کە باوەڕی بە سیستەمی ویلایەتی فەقیە هەیە. هەڵبەت ئەم دەستەیە لە دەنگدەران، لە کەمینەدان. ئەگەر وا نەبایە، ئەوجا پێویستی نەدەکرد ڕێژیم هەڵبژاردنگەلێک بەڕێوەبەرێ کە نەک تەنیا ئازاد و دادپەروەر نین، بەڵکوو لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنی ساختەکارانەن بەو مانایەی کە هەر کاندیدێک لە هەر هەڵبژاردنێکدا سەر بکەوێت، کاندیدی ڕێژیمن و ناتوانن سیاسەتێک بەیان بکەن یان بگرنە بەر کە ناتەبا بێت لەگەڵ سیستەمی ویلایەتی فەقیە.

دەستەی دووەم، ئەوانەن کە بەرژەوەندیی مادییان لە مانەوەی ڕێژیمدا هەیە. ئەمانە ئەو توێژە لە کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە موچەخۆری دەوڵەتن یان بنەماڵەی کاربەدەستانی ڕێژیمن. ئەمانەش کەمینەیەکن لە دانیشتووانی ئێران. ئەم توێژە وێڕای ئەو چینانەی کە سوودی ئابووریی لە هەبوونی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن، بەرژەوەندیی ئابوورییان لە مانەوەی ڕێژیمدا هەیە.

دەستەی سێهەم لەوانە پێک دێت کە یان دەرکیان بەو ڕاستییە نەکردووە کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن تەنیا سوودی بۆ ڕێژیم و زەرەری بۆ خۆیان هەیە، یان ئەوەی فریوی بەڵێنییەکانی کاندیدەکانی ڕێژم دەخۆن، بە تایبەت ئەوانەی بە «ڕیفۆرمخواز» دەناسرێن، ئەویش بە هیوای ئەوەی گۆڕان لە سیاسەتی ڕێژیمدا بێتە گۆڕێ.

دەستەی چوارەم دەنگدەرانی سەر بە نەتەوە زوڵملێکراوەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە کوردستاندا، خەڵک تا ڕادەیەک دەنگیان بە

خاتەمی دا، بە هیوای ئەوەی ناوبراو بتوانێت ڕیفۆرم بکات.

دەستەی سێهەم و چوارم لە دەنگدەران هەروەها دەکرێت بە دەنگدان بە کاندیدی «ڕیفۆرمخواز» وای لێک بدەنەوە کە بەو شێوەیە ڕێگری دەکەن لەوەی «توندڕەوەکان» یان «ئوسولگەراکان» کورسییەکانی مەجلیس یان پۆستی سەرکۆماری بەرنەوە. ڕەنگبێت بە هەڵەدا نەچووبێتین ئەگەر بڵێین، دانانی کاندیدی «میانەڕەو» و«ڕیفۆرمخواز» لە بەرانبەر «توندڕەو» یان «ئوسولگەرا»ی کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو بووە لەوەی سەرنجی خەڵک ڕاکێشێت بۆ ئەو هەڵبژاردنانە. بەشێک لە دەنگدەرانیش بێگومان دەشێ لە ناچاریدا لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداری بکەن.

بەشداریی دەستەی یەکەم و دووەم لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا، نائەقڵانی نییە چوونکە یان لە قەناعەتەوە یان لە بەرژەوەندیی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەشداریی دەستەکانی دیکەیە کە ئەقڵانی نایەتە بەرچاو، هەڵبەت ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی تێگەیشتنی دروست سەبارەت بە دەوری هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا یان بۆ باوەڕکردن بە بەڵێنیی کاندیدەکانی ڕێژیم. یەکێک لە بێ بنەماترین، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهێزترین بەڵێنییەکان بێگومان بەڵێنیی «ڕیفۆرمە» کە لانیکەم تاکوو ساڵانی دوایی توانیویەتی خەڵک تەیار بکات، هەرچەند باڵی بەناو ڕیفۆرمخواز لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە دوو دەورەی ڕابردوودا، پشتی ڕووحانییان گرت وەک کەسێکی «میانەڕەو» بەرانبەر بە «توندڕەوەکان» و لە هەڵبژاردنی ساڵی پێشوو بۆ مەجلیس نەیانتوانی زۆرینەی کورسییەکان وەدەست بێنن. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی پەیتا پەیتای جەماوەری لە ساڵانی دواییدا، دوور نییە خامنەیی دیسان ڕێگا بدات بە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان بە مەبەستی زیادکردنی ژمارەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە ئێراندا، مەجالی ڕیفۆرم هەیە؟





> «دامەزراوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا لە بنەڕەتدا و لە هەمووحاڵەتێکدا بە مەبەستی ساختەکاریی لە بەرژەوەندی ڕێژیمدا پێک هاتوون؛ دەنگدان بە هەر کاندیدێک، دەنگدانە بە ڕێژیم و بەخشینی شەرعییەت بە دیکتاتۆریی. بۆیە، گرنگ نییە کێ کاندید دەبێت یان نابێت

“

**ئەگەر قەرارە لە ئێراندا گرنگی بە «خەباتی مەدەنی» بدرێت، لە گەڵ ئەوەیکە بایکۆتکردنی بەرینی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم کەمهەزینەترینە، بەڵام کاریگەرترین شێوەی خەباتی مەدەنییە بۆ بەربەرەکانێ دژ بە دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە**



## بۆ لە ئێراندا مەجالی ڕیفۆرم نییە

بەدەر لەوەی باڵی بەناو ڕیفۆرمخواز تاکوو ئێستا مانیفێستێکیان لە پێناو ڕیفۆرمدا پێشکەش نەکردووە و لە ڕاستیدا، ئەوان ڕێژیمپارێزن نەک ڕێژیمگۆڕ، دوو بەربەستی سەرەکی لە بەردەم ڕیفۆرمدا وەلی فەقیە ڕێگریی لە هەر هەوڵێک لە پێناو ریفۆرمدا دەکا. وەلیی فەقیە نەک تەنیا لە ڕێگای شورای نیگابانەوە کاندید بۆ مەجلیس و پۆستی سەرکۆماری پەسەند یان ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو هەروەها لە ڕێگای ئەو شوڕایەوە دەتوانێت پێش بە هەر لایحەیەک یان تەرحێک لە مەجلیسدا بگرێت کە ناتەبا بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سیستەمی ویلایەتی فەقیە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە «ڕیفۆرم» واتای تایبەتیی خۆی هەیە و بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان لە دامەزراوەی سیاسی و دواجاریش لە دەستووردا. لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لەساڵی ٢٠٠٠ دا تەرحێک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسای چاپەمەنیدا، بەڵام خامنەیی پێشی بە پەسەندکردنی گرت.

ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا باسی گۆڕینی دەستووریان نەکردووە. بە پێچەوانە، هەموویان پابەندن بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی. گلەییان ئەوەیە کە ئەو دەستوورە جێبەجێ ناکرێت.

دووەم بەربەست لە بەردەم ڕیفۆرمدا، تەنانەت ئەگەر ڕیفۆرمخوازی ڕاستەقینە لە کۆماری ئیسلامیدا سەر هەڵ بدەن، ئەوەیە کە دەستوور یان قانوونی ئەساسی، دەڵێت سیستەمی ویلایەتی فەقیە «هەمیشەییە». بۆ ئەوەی ڕیفۆرمخواز بتوانن ڕیفۆرمی دەستووری ئەنجام بدەن، ئەوجا دەبێ هەم پۆستی وەلی فەقیە، هەمیش شوڕای نیگابان بەدەستەوە بگرن. بەڵام ئەوجا دەبێ وەلیی فەقیە و شوڕای نیگابان خۆیان هەڵوەشێننەوە. ئەوەش نەک تەنیا جۆرە شۆڕشێکە، بەڵکوو ناواقعییە. بەو پێیە، ڕێگای ڕیفۆرم لە ئێراندا بەستراوە.

## دەرئەنجام

دەکرێت لەسەر دوو بنەمای سەرەکی هەڵوێستی سیاسی بەرانبەر بە «هەڵبژاردن» لە ئێراندا بگیردرێت: لێکدانەوەی دامەزراوە یان ڕێساکانی هەڵبژاردن لەلایەک، لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردووی ئەنجامی هەڵبژاردن لە ئێراندا لەلایەکی دیکەوە.

دامەزراوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا لە بنەڕەتدا و لە هەموو حاڵەتێکدا بە مەبەستی ساختەکاریی لە بەرژەوەندی ڕێژیمدا پێک هاتوون؛ دەنگدان بە هەر کاندیدێک، دەنگدانە بە ڕێژیم و بەخشینی شەرعییەت بە دیکتاتۆریی. بۆیە، گرنگ نییە کێ کاندید دەبێت یان نابێت.

ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردوو بە ڕوونی دەیسەلمێنێت کە هیچ هەڵبژاردنێک لە کۆماری ئیسلامیدا خێری بۆ خەڵک نەبووە. بە پێچەوانە، بەدەر لەوەی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانە شەرعییەتیان بە ڕێژیم بەخشیوە، هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن گەندەڵی، بێکاری، هەژاری و ستەم و چەوساندنەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەڵبژاردن سوودی بەرچاوی بۆ ڕێژیم هەیە، لە جیاتی ئەوەی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا وەک دەرفەتێک بۆ دەسکەوتی سیاسی چاوی لێ بکرێت (جا ئەو دەسکەوتانە هەر چۆن پێناسە بکرێن)، دروست وایە وەک دەرفەتێک بۆ بایکۆتکردن و لەو ڕێگایەوە، بەربەرەکانێ دژ بە دیکتاتۆری ببیندرێت. ئەگەر قەرارە لە ئێراندا گرنگی بە «خەباتی مەدەنی» بدرێت، لە گەڵ ئەوەیکە بایکۆتکردنی بەرینی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم کەمهەزینەترینە، بەڵام کاریگەرترین شێوەی خەباتی مەدەنییە بۆ بەربەرەکانێ دژ بە دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە.

# هەڵبژاردن و ئابووری

خالید دەرویژە



هەڵبـژاردن وەک میکانیـزم و ڕێـکاری سیاسـەت چ پێوەندییەکـی لەگـەڵ ئابــووری وەک زانســتێک کــە دەیهەوێــت لــە کەرەســتەی ســنووورداری بەردەســت زۆرتریــن کەڵــک بــە ئاراســتەی دابینکردنــی پێداویســتییەکانی ژیانــی مــرۆڤ وەربگرێــت، هەیــە؟ ئایــا ئابوورییەکــی بەهێــز و ســەقامگیر دەتوانێــت ڕەوتــی هەڵبــژاردن بــەو ئاقــارە کــە ئامانجــی ئابوورییــە، بەرێــت؟ هەڵبــژاردن دەتوانێــت تــا چ ئاســتێک لــە گەشــەی ئابووریــدا ڕۆڵ بگێڕێــت؟ ئایــا پێشــمەرج و بەستێنســازیی هەڵبژاردنێکــی پــاک و بێگــەرد و دوور لــە ســاختەکاری، گەشــەی ئابــووری و بەهرەمەندیــی کۆمەڵگــە لــە پێداویســتییەکانی ژیانــی شــیاوی ســەردەمە، ئایــا ئــاکام و دەرهاویشــتەی هەڵبژاردنێکــی دێمۆکراتیــک و ڕاســتەقینە، گەشــەی ئابــووری و وەڵامدانــەوە بــە داخوازیییەکانــی خەڵکــە؟ بێگومــان ئەمڕۆکــە وەڵامدانــەوە بــەو پرســیارانە و هەڵێنجانــی گوزارەیەکــی لۆژیکــی وەک دەســتپێکی هەوڵــدان بــۆ هەنگاونــان لــە ڕەیڵــی دەســتەبەرکردنی داخوازییەکانــی تــاک و

کۆمەڵگـە، داڵغـەی فیکـری ئابووریـزان و سیاسـەتوانانێکە کـە ئامانجیـان نــە دابینکردنــی بەرژەوەندیــی تــاک و تاقــم و گرووپــی و بەکردەییکردنیــان بــۆ مانــەوە لەســەر کورســی دەســەڵات، بەڵکــوو ڕەخســاندنی بەســتێنی لەبــار و کردنــەوەی دەلاقــەی دەرفــەت بــەرەوڕووی گەشــەی ئازادانــەی کەسـایەتیی تـاک و بەختەوەریـی کۆمەڵگـە و لەیـەک ڕەسـتەدا دابینکـردن و پاراســتنی کەرامەتــی مرۆڤــە.

بـە ئاوڕدانەوەیەکـی کـورت و هەڵسـەنگاندنی چەنـد نموونەیـک، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە سیاسـەت و ئابـووری بـە شـێوەیەک کاریگـەری وەک یـەک، ڕاسـتەوخۆ و یەکترتەواوکەریـان لەسـەر یەکـتری هەیـە کـە جیاکردنەوەیـان گەلێـک ئەسـتەمە و دەکـرێ بڵێیـن ئـەم دوو چەمکـە یـا ئـەم دوو هونـەر و زانسـتە دوانـەی لێـک دانەبـڕاون. کاریگەرییـەک کـە بەهێـزی لایەنێـک بەهێـزی بەرامبەرەکـەی بـەدواوە دەبێـت و بـە پێچەوانـەش لاوازیـی لایەنێـک لـە هەنـاوی خۆیـدا لاوازیـی ئەویتریـان بەرهـەم دێنێـت.

وڵاتـی چیـن کـە ئەمـڕۆ یەکێـک لـە بەهێزترینەکانـی ئابووریـی جیهانـە و دەڕوات تـا لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی سـێیەمی سـەدەی بیسـت و یـەک، ئەگـەر بتوانێـت وەک پێویسـت گۆڕانـکاری لـە سیاسـەتی خۆیـدا بهێنێـت، بەهێزتریـن ئابووریـی جیهـان واتـە ئەمریـکا، بەجـێ بهێڵێـت، لــە ســەردەمی شــیائۆپینگ و لــە هەڵوێســتێکی تــەواو پێچەوانــەی سیاسـەتی ئیدئۆلۆژیکـی مائـۆدا، بـەردی بناغـەی پێشـکەوتنی ئابـووری چینــی دانــا.

لــەدوای شــەڕی دووەمــی جیهانــی و خاپووربوونــی بەســتێنەکانی لەبــار بــۆ پێشــکەوتنی ئابــووری، لــە چوارچێــوەی دەســتکردن بــە ئاوەدانکردنــەوەی وڵات و گەشــەی پێویســت، خەڵووزەبەردینــە و پــۆڵا کەرســتەی خــاوی ژاپۆنییــەکان بــوون و لــە ســاڵەکانی ١٩٤٧و ١٩٤٨سیاسـەتی گرینگیـدان بـە بەرهـەم و پەرەپێدانـی ئـەم مـەوادە بـە دانانـی سـندووقێکی تایبـەت بـۆ پشـتیوانی و هاندانـی ئـەو کۆمپانیایانـەی لــەم بیاڤــەدا کاریــان دەکــرد چەخماخــەی گەشــەپێدانی ئابــووری لــێ درا. بەپێــی بەرنامــە ئابوورییەکانــی هایوتوئایکــدا، ســەرۆکوەزیرانی



"لەمڕێژیمەدا سیاسەتبریتییە لەشۆڕکردنەوەی بنەما ئیدئۆلۆژییەکانی تاقمێکیدواکەوتوو وگۆچکراو بەعەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ئابووری نە زانستە،بەڵکوو ئامرازێکەبۆ دەستەبەرکردنی مەرامە سیاسییەکانی تاقمیخۆسەپێن

ئەوکاتـی ژاپـۆن، کـە بڕیـار بـوو لـە مـاوەی دە سـاڵدا داهاتـی سـەرانەی ژاپۆنییـەکان دوو هێنـدە بێـت، لـە مـاوەی حـەوت سـاڵدا بـەو گرینگـە گەیشـتن و بـە شـێوەیەک  لـە درێـژەی ڕەوتـی روو بـە گەشـەی ئابووریـی ژاپۆنـدا ئەمـڕۆ کەمـتر دەتوانیـت ماڵێـک بدۆزیتـەوە کـە لانیکـەم یـەک یـا چەنـد کەرسـتەیەکی بـە گشـتی کارەبایـی بەرهەمـی ژاپـۆن نەبێـت.

هـەروەک دیـارە لـە هـەردووی ئـەم نموونانـە، دیاریکردنـی ئامانجێـک کـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە گەشـەی ئابوورییـە، ڕوون و بەرچـاوە و ئـەم ئامانجـە لـە نیزامگەلـی دێمۆکراتیـک و خەڵکـی کـە پاراسـتنی کەرامەتـی مـرۆڤ، تـەوەری سـەرەکیی بەرنامـە و بیرکردنـە و هەوڵەکانیانـە، زیاتـر بەرجەسـتە دەکرێـت و لێـرە دایـە سیاسـەت دەبـێ لەپێنـاو دەسـتەبەری کەرامەتـی دانیشـتوانی جوغرافیـای ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی کـە بریتییـە لـە دابینکردنـی بژێـوی ژیانـی شـیاوی سـەردەمی جەمـاوەر لەلایـەک و لەلایەکـی تـرەوە ڕەخسـاندنی کەشـێکی ئـازاد و دێمۆکراتیـک کـە تـاک و کـۆی کۆمەڵگـە بتوانێـت تەعبیـر لـە گەشـەی ئازادانـەی کەسـایەتیی خـۆی بکاتـەوە دوورەدیمەنـی گەیشـتن بـەو ئامانجـە دیـاری و لـە هەوڵـی گەیشـتن بـەو گرینگـەدا هەنـگاو هەڵدەبرێـت و بـەو پێیـە هەڵبـژاردن بەهێزتریـن و سـەرەکیترین ئامـرازی سیاسـەت و بەڕێوەبەرییەکـی دێموکراتیکـە، ڕۆڵـی بنەڕەتـی لـە دەسـتەبەری ئـەم مافـە دەگێڕێـت.

ئەگـەر بـۆ سـەرەتای بابەتەکـە بگەڕێینـەوە کـە هەڵبـژاردن یەکێـک و گرینگتریـن میکانیـزم و ڕێـکاری سیاسـەتە کـە ڕۆڵـی کاریگـەری هەڵبژاردنمـان بەتایبـەت لـە دەنگـدان بـەو کـەس و لایەنانـەی لەپێنـاو گەیشـتن بـە گەشـەی ئابووریـدا هەنـگاو دەنێـن، زیاتـر روون دەبێتـەوە، دیـارە هـەروەک چـۆن دیاریکردنـی ئامانـج لـە پـرۆژەی هەڵبژاردنـدا پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە، بوونـی بەرنامەیەکـی توکمـە و پتـەو کـە دەنگـدەر بـە ئاراسـتەی هەڵبژاردنـی تـاک، یـا لایـەن یـا حیزبێـک بتوانێـت ئیـرادەی خـۆی لـە ڕەوتـی وەڵام وەرگرتنـەوە بـۆ داخوازییەکانـی تەعبیـر بـکات، پارێزهەڵنەگـرە. ئـەم پێنوێنـە پێویسـتە، لـە سـاختارگەلی دێمۆکراتیـک و وڵامـدەر، ئەرکـی حیزبـە سیاسـییەکانە، دەکـرێ ڕۆڵـی

❝
**کەرامەتی مرۆڤ و دێمۆکراسی و هەڵبژاردن و دەیان بەهای ئینسانی جیهانپەسەندی تر لە باوەڕی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمەدا دەکەونە بەر تانە و تەشەر و گاڵتەیان پێ دەکرێت**

حیزبی سیاسی لە ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر لەو نموونەی خوارەوەدا وێنا بکرێت.

خواردنگەیەکی نێوان ڕێگای دوو شار لەگەڵ خواردنگەیەکی نێوشار ڕەنگە لە ڕواڵەتدا بەپێی ئەوەی هەردوویان ڕۆڵی پێشوازی لە میوان و وەدەستهێنانی داهات تەعقیب دەکەن وەک یەک بێتە بەرچاو، بەڵام کاتێک فاکتۆری ئامانج بەپێی بارودۆخی تایبەتی و هەڵکەوتوویان دێتە گۆڕێ، زۆر لە یەکتری جیاوازن. خواردنگەی نێوان دوو شار بەهۆی ئەوەی کەمتر ئەگەری دووبارە سەردانکردنی میوان بەراورد دەکات، گرینگی بە چەند و چوونی خواردنەکەی و پەرەپێدانی خواردنگەکەی نادات، لە کاتێکدا خواردنگەی نێو شار کە لەلایەک ڕکابەرێک بۆ خۆی دەبینێت و لەلایەکی ترەوە ئەگەری دووبارە سەردانکردنەوەی میوانەکە بەراورد دەکات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گرینگی بە چەندوچوونی خواردنەکە و پەرەپێدانی کار و سەرمایەکەی دەدات، بەرنامەی تۆکمە و سەرنجڕاکێش دادەڕێژێت بۆ ئەوەی میوانی زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ئەگەری ئەنجامنەدانی ئەم پێویستییانە، بەرژەوەندییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە جوغرافیای بەڵاڵێدراوی ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کام لەو فاکتورانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا و بۆ گەشەی سیاسی و ئابووریی وڵات پێویستین، یا لە بنەڕەتدا بوونیان نییە و یا ئەگەر لێرەولەوێ باسیان لێوە دەکرێت، نە لەڕووی باوەڕمەندی، بەڵکوو بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی کەڵکی لێ وەردەگیریت، لەم وڵاتەدا نە سیاسەت بۆ وڵامدانەوە بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک پەیڕەو دەکرێت و نە ئابووری وەک زانستێک کە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکە ڕەچاو دەکرێت، لەم ڕێژیمەدا سیاسەت بریتییە لە شۆڕکردنەوەی بنەما ئیدئۆلۆژییەکانی تاقمێکی دواکەوتوو و گۆچکراو بە عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ئابووری نە زانستە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی مەرامە سیاسییەکانی تاقمی خۆسەپێن، کەرامەتی مرۆڤ و دێمۆکراسی و



> لەنیزامە ئیدئۆلۆژییەکان و یەک لەوان کۆماری ئیسلامیدا ئامانج نە گەشەی ئابووری و بردنەسەری داهاتی سەرانە و دابەشکردنی سامان و داهاتی وڵات بە سەر کۆی جەماوەردا، بەڵکوو بەشێوەیەکی سیستماتیک لە هەژارهێشتنەوەی کۆمەڵگە و دابەشکردنی هەژارییە

هەڵبژاردن و دەیان بەهای ئینسانی جیهانپەسەندی تر لە باوەڕی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمەدا دەکەونە بەر تانە و تەشەر و گاڵتەیان پێ دەکرێت، هەڵبژاردن وەک دەلاقەیەک بۆ نمایشی ئیرادەی خەڵک و ئامرازێک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات سەیر ناکرێت و دەبێتە دەرفەتێک بۆ هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکاری. لەوەها نیزامێکدا بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕاستەقینە کە دەبێ سیاسەت بەستێنساز و یارمەتیدەری گەشەی ئابووری بێت و بە قەول وەک ئەسپی ئابووری بۆ هەر شوێنێک بەرژەوەندی وڵات و خەڵک بخوازێت بچێت، لەم بەستێنەدا هەموو زانستەکانی تر دەبنە قوربانیی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم و لە گرێژنە دەردەچن.

لە نیزامە ئیدئۆلۆژییەکان و یەک لەوان کۆماری ئیسلامیدا ئامانج نە گەشەی ئابووری و بردنەسەری داهاتی سەرانە و دابەشکردنی سامان و داهاتی وڵات بە سەر کۆی جەماوەردا، بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستماتیک لە هەژار هێشتنەوەی کۆمەڵگە و دابەشکردنی هەژارییە. لە وەها دۆخێکدا ڕێژیم هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک بۆ چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندنی هەژاران بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بەکار دێنێت و ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی لە بێ خاسیەتبوونی هەڵبژاردن و لێکەوتەی پێچەوانەی پێشکەوتنی وڵات، بینەری بووین و بە شێوەیەکی گشتی ئابووری و دێمۆکراسی و هەڵبژاردن و هەموو چەمک و بەها ئینسانییەکان دەبنە گاڵتەجاڕی دەستی دەسەڵاتدارانی پۆپۆلیست و بەرژەوەندیخواز کە وەک زەروو دەمیان لە هەڵمژینی خوێنی خەڵک هەڵنابڕن.

# لێکدانەوەیەک لە سەر بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردن

**باهۆز خۆرهەڵات**





ڕوون و ئاشکرایە کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مژاری هەڵبژاردن یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی شرۆڤە و شیکاریی سیاسی لە ناو کۆمەڵگای سیاسیی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بووە. بەو هۆیەوە تا ئەمڕۆ گەلێک وتار و نووسراوە لەدژی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دا نووسراون و لەبەرامبەردا، زۆر نووسەر و چالاکی سیاسیش داکۆکییان لە هەڵبژاردن کردووە.

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لەو دەقەدا هەوڵ نادرێ ڕیشەی دووانەی «بەشداری/بایکۆت» لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە شەن و کەو بکرێ و زیاتر هەوڵ دەدرێ لە دەلاقەی سیاسەتی ڕێئالەوە ئاوڕ لەو مژارە بدرێتەوە.

حیزبی دێموکڕات وەک حیزبێکی سیاسی بەرپرسیار لە هەمبەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لە وێستگە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا هیچکات سەبارەت بە سیاسەت و دەنگدانەکان،

لــە ئێــڕان و کوردســـتان پەســیڤ نەبــووە و هــەردەم هەوڵیــداوە بەپێــی تایبەتمەندییــە سیاســییەکانی ڕێژیمــی زاڵ لــەو ســەردەمەدا، هەڵوێســتێکی هاوئاراســتە و تەبــا لەگــەڵ ســتراتێژی سیاســی خــۆی بگــرێ و بەوپێیــە هاوکێشــەکان بخوێنێتــەوە. لەبــەر ڕوناکایــی ئــەم خوێندنەوەیــە، حیــزب لــە ســەرەتای شۆڕشــدا بەپێــی هەلوومەرجــی ناســک و ناڕوونــی ژینگــەی سیاســیی ئــەوکات، ڕێفراندۆمــی کۆمــاری ئیســلامی(بەهۆی لێــڵ بــوون و ناڕوونیــی چییەتــی سیســتەمی کۆمــاری ئیســلامی و نادێموکڕاتیــک بوونــی شــێوازی داڕشــتنەوەی پرســیاری گشتپرســی) و هەڵبژاردنــی خولــی یەکەمــی ســەرۆک کۆماری(بەهــۆی نکۆڵــی کردنــی بەربژێــرەکان لــە دۆزی نەتەوەیــی کــورد) بایکــۆت کــرد، بــەڵام لــە هەمــان کات دا، لــە هەڵبژاردنەکانــی مەجلیســی خوبرەگانــی قانوونــی ئەساســی و مەجلیســی شــووڕای میللــی بەشــداریی کــرد و دەنگــی زۆرینــەی شــارەکانی کورســتانی وەدەســتهێنا(جێی ســەرنجە کــە ئــەوکات درووشــمی ڕووخاندنــی ڕێژیمــی خومەینــی و دوابــەدووای ئــەو «ڕووخاندنــی کۆمــاری ئیســلامی» نەهاتبــووە نــاو بەرنامــەی سیاســی حیزبــەوە). کەوابــێ هەڵوێســتی حیزبــی دێموکــڕات، دوور لــە خەســڵەتی دۆگماتیــک و ئایدیۆلۆژیکــی زۆربــەی هێــزە سیاســییەکانی ئــەو ســەردەمە، لەســەر بنەمــای ڕێئالیتــەی سیاســیی و بــە شــێوەیەکی حیســابگەرانە دیــاری کــراوە.

دوای ئــەو قۆناغــە حیزبــی دێموکــڕات زۆربــەی هەڵبژاردنەکانــی ٤٠ســاڵی ڕابــردووی بایکــۆت کــردووە، بــەڵام پێویســتە لــە هەمانــکات دا تیشــک بخرێتــە ســەر ڕەفتــاری سیاســیی ئــەو بەشــەی کۆمەڵــگای کوردســتان کــە بەشــێوەی فۆڕماتیــڤ و شــکڵی لــە هەڵبژاردنــەکان دا بەشــدارییان کردووە. بــە تیرۆرکرانی ڕێبەرانــی کــورد لــە کۆتاییەکانــی شەســتەکان و ســەرەتاکانی حەفتاکانــی هەتــاوی و کزبــوون و ڕاگیرانــی خەباتــی چەکــداری، ناڕەزایەتییەکــی پەنگخــواردوو هەمــوو کۆمەڵگای کوردســتانی تەنیبۆوە. دوای تیرۆری شــەهید دوکتــور شــەرەفکەندی، بەشــێک لــە خەڵکــی کوردســتان کــە لەژێــر گوشــاری دەســەڵاتی ســتەمکار و تۆتالیتێــری کۆمــاری ئیســلامی ناچــار بــوون بڕۆنــە ســەر ســندووقەکان، هــەر زوو پەیامێکــی سیاســیی هێمایــی و واتاداریــان بــۆ

تـاران نـارد!. زۆرینـەی دەنگەدەرانـی کـورد لـە خولـی شەشـەمی هەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆمـاری، بـۆ ڕیسـواکردنی ئەکبـەر ڕەفسـەنجانی(کە بـە نوێنـەری حاکمییـەت و پلاندانـەری تیـرۆری ڕێبەرانـی کـورد دادەنـدرا)، دەنگیـان بـە ئەحمـەد تەوەکولـی دا. لەڕاسـتیدا ئـەوە سـەرەتای ڕەفتارێکـی سیاسـیی جیـاوازی «ئەوبەشـە لـە خەڵکـی کوردسـتان» بـوو کـە لـە هەڵبژاردنـەکان دا بەشـدارییان کردبـوو.

دەتوانیـن بڵێیـن لـە دوای هاتنـە سـەرکاری ڕێفۆرمخـوازان لـە جۆزەردانی ١٣٧٦وە تـا بـە ئەمڕۆ، بـە گشـتی ڕەفتـاری سیاسـیی دەنگدەرانـی کـورد لـەو چوارچێوەیـە دا تەحلیـل دەکـرێ کـە: دەنگـدەری کـورد ویسـتوویەتی هەردەم دەنـگ بـەو بەربژێرانـە بـدات کە لـە بلۆکـی حاکمییەت تـۆڕاون یـان دەرکراون. بەدیوێکـی دیکـە دا لـەو سـاڵانەدا دەنگدەرانـی کـورد «نا»یەکـی سیاسـییان بـۆ حاکمییـەت لـە تـاران موخابـرە کـردووە. هەڵبـەت دیـارە هێندێـک کـەس و لایەنـی سیاسـیی کـورد( مەبەسـت ڕێفۆڕمخـوازە کوردەکانـی ناوخـۆ و نـاو ئۆپۆزسـیۆن) لـە چارەکـە سـەدەی ڕابـردوودا لەژێـر کاریگەریـی تۆخـی گوتـاری ڕێفۆڕمخوزانـی ئێرانـی دابوونـە. لـە درێـژەدا پێویسـتە لەنگەرێـک لەسـەر ئـەو باسـە بگریـن و بـە خێرایـی سـتراتێژی ڕێفۆڕمخـوازان تاوتـوێ بکـرێ و بخرێتـە بـەر نەشـتەرگەری ڕەخنـە.

بـە چاوخشـاندنێکی خێـرا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە لەنـاو ڕەوتـە فیکـری و ڕووناکبیرییـە جیاوازەکانـی نـاو بزاوتـی سیاسـیی ڕێفۆڕمخـوازی دا، کۆدەنگییـەک پێکهاتـووە کـە دێموکڕاتیزاسـیۆنی هەنگاوبەهەنـگاوی دەسـەڵات، لـە ڕێگـەی بەشـداریی سیاسـی، وەک سـتڕاتێژی سـەرەکی دیـاری دەکات. کەوابـێ ئـەو ڕەوتـە ئەساسـەن پێکـدژ و نەقیـزی هەر چەشـنە دیسکۆڕسـێکی شۆڕشـگێڕانەیە کـە دەیهـەوێ دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بڕوخێنـێ و ئالتێرناتیڤێکـی دێموکڕاتیـک سـەربخات.

ڕەوتـی فیکـری هێژمۆنیـک و زاڵ لـە نـاو ڕێفۆڕمخوازانـی ئێرانـی هـەر لـە سـەرەتاوە لەژێر کاریگەریی تیۆریی «شـەپۆلی سـێهەمی دێموکڕاتیزاسیۆن»ی سـاموئێل هانتینگتـۆن و هەروەتـر مۆدێلەکانـی دێموکڕاتیزاسـیۆنی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ئورووپـا و باڵکانـدا بـووە. شـایەنی باسـە کـە سـەرکەوتنی

دێموکڕاسی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوروپا لە ڕێگەی سازبوونی کەلێن لەنێوان بلۆک و گرێچنی دەسەڵات و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و لە ئاکامدا سەرکەوتنی بەرەی چاکسازیخواز لە هەڵبژاردن دا مسۆگەر بووە.

هەر بۆیە ڕیفۆڕمخوازان پێیان وابوو لە درێژەی خەباتی ڕیفۆڕمخوازانەدا هەردووک بلووکی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم بەسەر دوو بەرەی ڕادیکاڵ و میانەڕەودا دابەش دەبن. بەپێی ڕوانینی ئەوان بەرەی میانەڕەو- ڕیفۆڕمخواز لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕێژیم(ناو ئۆپۆزسیۆن) بە ئامانجی سەرخستنی دێموکڕاسی یەک دەگرن.

کەوابوو دێموکڕاتیزە کردنی دەسەڵات، لەڕێگەی بەشداریی سیاسی و چاکسازییەوە، و هەروەها پەرەپێدان بە ناسیۆنالیزمی مەدەنی و تێگەیشتنی لیبراڵیی ئۆرتۆدۆکس لە تێگەی شارۆمەندی ئێرانی، وەک بنەمای مەعرەفەتیی پڕۆژەی ئیسلاحات خۆی دەرخست و لە بەرامبەردا خواستی نەتەوەکانی «بندەستی ئێران» بە لەونێکیتر پەراوێز خران و لەژێر تایتڵی مۆدێلی پەرەسەندنی ئابووریی «ناوەند - پەراوێز» بەلاڕێدابردران!. ئەو بەشە لە سیاسییە کوردەکانیش کە دەیانهەویست ئاراستەکردنی دەنگەکانی دەنگدەرانی کوردستان وەک کاتالیزۆرێک بۆ قوڵکردنەوەی کەلێنی ناو باڵەکانی دەسەڵات دەکار بکەن، مخابن ماهییەتی پڕپێچ و چەند ڕەهەندی گوتاری ئیسلاحاتیان نەناسی و کەوتنە ناو گۆڕەپانی دیسکۆرسیڤی ڕیفۆڕمخوازی و بەرەبەرە بەپێی نۆڕمەکانی ئەو گوتارە گۆشکران.

بە واتایەکی تر، ڕیفۆڕمخوازانی کوردی ناوخۆ و ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد کە ئاواتیان لەسەر سەرکەوتنی ڕیفۆڕمخوازان و وەدیهاتنی بەشێک لە مافەکانی کورد هەڵچنیبوو، تووشی سەرلێشێواوییەکی وێژمانی قووڵ بوون و لە مەودای نێوان جوگرافیای نەزەریی ناسیۆنالیسمی مەدەنی ئیسلاحات و ناسیۆنالیسمی کورد دا سەرگەردان مانەوە!. هەربۆیە لە بیستساڵی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ شکستە سیاسییەکانی پڕۆژەی نەزۆکی ڕیفۆڕمخوازی(بە واتایەک مەرگی

سیاسیی ئیسلاحات)، لە کوردستانیش لایەنگرانی ئەو دیسکۆڕسە ئیعتباریان لەدەست داوە و پێگەی سیاسی و جەماوەرییان هێندەی دیکە لێی هەڵوەریوە.

بەپێی فاکت و بەڵگەی جۆراوجۆر دۆخی قەیراناوی کوردستان و شکستی پرۆژەی بەشداریی ڕێفۆڕمخوازان لە کوردستان لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا، کارێکی کردووە کە ئیتر لە بەرهەڤدانی تیۆری نێوان لایەنگرانی «بەشداری یان تەحریم»دا، ئەوە لایەنگرانی سیاسەتی بەشدارین کە دەبێ ئارگیۆمێنت پێشکەش بکەن و دەلالەتی سیاسی و مەنتقی بۆ دەربازکردنی ئەو فازە بهێننەوە نەک لایەنگرانی بایکۆت!. هەر بۆیە بۆ چوونە ناو وتووێژێکی گریمانەیی و فەرزی لەگەڵ لایەنگرانی بەشداری و بایکۆت، لە شێوازی «بەرهەڤدانی سوقراتی» کەڵک وەردەگرم و پرسیارەکان بێ وڵام دەهێڵم!

- بە پێی زۆربەی توێژینەوە ئاکادێمیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، سیاسەتی تەحریم لەو وڵاتانەی لانیکەمی ستانداردەکانی پلۆڕالیسمی سیاسی، پارلێمانتاریسم و هتد...تێیدا چەسپاوە، کەمتر وڵامدەر بووە و تەنیا لەو کاتە دا کاریگەری ئەرێنیی هەبووە کە ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی وەک کارتێکی گوشاری مەقتەعی و تاکتیکێکی سیاسی دەکارکردووە. بەڵام لە وڵاتێک دا کە لانیکەمی سیستەمی فرەحیزبی و پارلمانتاریزم جێکەوت نەبووە، ئاخۆ سیاسەتی بایکۆت لە بەرامبەر ڕێژیمێکی تۆتالیتێری ئایدیۆلۆژیکدا ڕەهەندێکی بوونناسانە بەخۆیەوە ناگرێ؟ ئایا لەو کەیسە دا بایکۆت وەک ڕێکارێک بۆ وەرگرتنی پشکێک لە دەسەڵاتی ئەو سیستەمە پیشنیار دەکرێ یان ئەکسیۆنێکی سیاسیی ڕادیکاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ناسنامەی سیاسیی سیستەمی زاڵ و خەباتە بۆ بەفەرمی ناسرانی ناسنامەیەکی جیاواز؟

- ئایا بایکۆتی هەڵبژاردن خۆی سیاسەتی ڕاستەقینەیە یا دوورکەوتنەوەیە لە سیاسەت؟ هێزێکی سیاسی کە لە سیستەم دا مافی چالاکی کردنی یاسایی پێنەدراوە و لە دارشتنەوەی «سنوور و یاساکان»ی گۆڕەپانەکەدا دەوری نەبووە، دەتوانێ دەورێکی بنیاتنەر و ستراتێژیک

بگێـڕێ؟ ئایـا بەشـداری لـە هەلومەرجێکـی لـەو شـێوەیەدا خودموختـاری لە بڕیاردانـدا بـۆ ئـەو ڕێکخراوەیـە دەهێڵیتـەوە یـان ناچـار دەبـێ لـە گۆڕەپانێـک دا گەمـە بـکات کـە نـە سـنوورەکەی خـۆی دیـاری کـردووە، نـە یاسـاکان خـۆی دیـاری کـردوون و نـە لـە جێبەجـێ کردنـی یاسـاکان دا دەور دەگێـڕێ؟

- ئایـا بانگەشـەی بایکـۆت توانیویەتـی سـنووری درووشـم تێپەڕێنیـت؟ ئیلزاماتـی وێژمانـی و دیسکۆڕسـیڤی سیاسـەتی بایکـۆت چەنـدە گرینگـی پێـدراوە؟

- گەلـۆ لـە ڕوانگـەی ئەخلاقـی سیاسـی و شۆڕشـگێڕانەوە، حیزبێکـی شۆڕشـگێڕ کـە دەرەتانـی خەباتـی یاسـایی و فەرمـی لـە پرۆسـەی سیاسـی وڵاتـدا پێنـەدراوە و درووشـمی ڕووخاندنـی ئـەو سیسـتەمەی بـەرز کردۆتـەوە (واتـا تەواوییەتـی ئـەو ڕێژیمـەی ڕەد کردووەتـەوە) دەتوانـێ داوا لـە کۆمەڵـگا بـکات کـە لـەو سیسـتەمەدا بەشـداری سیاسـیی هەبـێ؟ ئەگـەر بەڵـێ، چ گەرەنتییـەک بـۆ تێپەڕینـی سیسـتماتیک لـە «نەزارەتـی ئیستسـوابی» هەیـە؟

- ئایـا مومکینـە کەسـانێکی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەر لـە فیلتێـری نەزارەتـی ئیستسـوابیی شـۆڕای نیگابـان تێپـەڕن؟ ئەگـەر بەڵـێ، ئایـا دەبـێ دەنگیـان پـێ بـدرێ؟ ئایـا بوروکراسـیی پێچەڵپێـچ و ناڕوونـی پارێـزگار و شـارەوانی، سنوورداربوونی دەسـەڵاتی خۆجێـی شـۆڕا، کێشـەی پێکهاتەیی و بەربەسـتی سـانەوییەی ناوەنـدە سـەربازی و ئەمنییـەکان ڕێگرنابـێ لـە جێبەجێکردنـی پـلان و بەرنامەکانـی ئـەو بەربژێـرە چاکسـازیخوازانە؟

- گریـمان دەکەیـن کەسـانی دلسـۆز و جـێ متمانـەی خەڵـک هەڵبژێردران و لـە لایـەن دەسـەڵاتەوە هەلـی کارکردنیـان بـۆ ڕەخسـا، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا لـە نەبوونـی حیزبـی سیاسـی و فرەحیزبیـدا، تاکـە دڵسـۆزەکان خـاوەن چ ناسـنامەیەکی سیاسـی دەبـن؟ پێوەنـدی و نیسـبەتی ئـەو کەسـانە لەگـەڵ ئارمانجـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان چییـە؟ لەبـواری فەنییـەوە، لـە نەبوونـی حیزبایەتـی و سیسـتەمی نوێنەرایەتیـدا، هیـچ چەشـنە مێکانیزمێـک بـۆ داڕشـتنی بەرنامـە و چاوەدێـری سـەبارەت بـە شـێوازی جێبەجێکردنـی ئـەو بەرنامانـە لـە ئارادایـە؟ ئەگـەر نەخێـر، حیزبـی شۆڕشـگێر چـۆن دەتوانـێ خەڵـک بـۆ بەشـداری لـە هەڵبژاردنێکـدا هانبـدات

کــە ناتوانــێ چاوەدێــری بەســەر بەڕێوەبەرایەتیــی ئــەو دام و دەزگایــەدا بــکات کــە نوێنەرەکــەی خــۆی کاری تێیــدا دەکات؟ چ گەرەنتییــەک هەیــە کــە گەندەڵــی سیاســی و ئابــووری سیســتماتیک ئــەو تاکــە دلســۆزە ئاتۆمیــک، پەرتــەوازە و ســازمان نەدراوانــە قــوت نــەدات و ناکاریگەریــان نــەکات؟ (لــە هەلومەرجێکــدا کــە گەندەڵــی ئابــووری هەمــوو جومگەکانــی دەســەڵات، بــە تایبــەت شــۆڕا و شــارەوانییەکانی کوردســتانی گرتووەتــەوە و ڕۆژانــە هەواڵــی گەندەڵیــی شــۆڕا و شــارەوانییەکانی کوردســتان بــڵاو دەبێتــەوە و متمانــەی خەڵــک لــە کەمتریــن ئاســتی خۆیدایــە).

- بەپــێ زۆربــەی ڕاپرســییەکان، ڕەوایــی دەســەڵات لــە داکشــانێکی تونــد دایــە و دوابــەدوای ڕاپەڕینەکانــی بەفرانبــاری ٩٦ و گەلاڕێزانــی ٩٨، ڕێژیــم گیــرۆدەی هەمــوو چەشــنەکانی قەیرانــی ئابــووری، سیاســی، بەڕێوەبەرایەتــی و قەیرانــی ڕەوایــی ئایدیۆلۆژیــک بــووە. لەئاســتی هەرێمایەتــی و نێودەوڵەتیشــدا کۆمــاری ئیســلامی ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ لەبــواری دیپلۆماتیکــەوە ئیزۆلــە و گۆشــەگیرتر دەکــرێ. لــە کەشــوهەوایەکی ئەوتــۆدا، مانگرتنــی سەراســەریی کوردســتان بــۆ شــەرمەزارکردنی موشــەکبارانی حیزبــی دێموکــرات و لــە ســێدارەدانی لاوانــی کــورد، یەکرِیــزی خەڵکــی کوردســتان لــە نــەورۆزی جامانــەکان و پێشــوازی بەرینــی جەمــاوەری لــە بایکۆتــی هەڵبژاردنەکانــی ســاڵی ڕابــردووی مەجلیســی شــووڕای ئیســلامی و بێهیوایــی خەڵــک لــە سیاســەتەکانی حکوومــەت بــۆ کۆنتڕۆلکردنــی قەیرانــی کرۆنــا، هیــچ ئیمکانێکــی بــۆ بەشــداریی هێشــتووەتەوە؟

- پێوەندیــی بایکۆتــی ئەکتیــڤ و چــالاک، لەگــەڵ بەرخۆدانــی مەدەنــی و خەباتــی شــار چۆنــە؟ ئایــا حیزبــەکان دووبــارە چاوپۆشــی لــە هەڵویســتی دابــڵ ســتانداردی هێندێــک لــە ئەندامەکانــی دەرەوە و ناوخۆیــان (ســەبارەت بــە هەڵبــژاردن) دەکــەن یــان هــەوڵ دەدەن بــە هەمــوو هێــز و ســەرمایەی سیاســیی خۆیانــەوە بێنــە گۆڕەپانــی سیاســیی کوردســتانەوە و بــە ڕادیکالیزەکردنــی ژینگــەی سیاســیی کوردســتان، هەوڵــی زاڵ بــوون بەســەر گوتــاری بەشــداریدا دەدەن؟

- ئایــا لەبــواری تەکنیکییــەوە دەکــرێ جیاوازییــەک لەنێــوان هەڵبژاردنــی

شووڕا و سەرۆک کۆماری دابنێین؟ بەپێی ئەو ڕاستییە کە دەسەڵات دوای ناڕەزایەتییەکانی جۆزەردانی ٨٨ پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٩٢ دا هەبوو، بە شێوەیەکی تاکتیکی هەڵبژاردنی شۆڕای کە دەبووا ساڵی ١٣٨٩ بەڕێوەچووبا، بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ کردەوە و هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەرێوەی برد. دیارە بەپێی تایبەتمەندیی ناوچەیی هەڵبژاردنی شووڕا، ئەگەری بەشداری زیاتر دەبێ. ئایا جیاکردنەوەی هەڵبژاردنی شووڕا لە سەرکۆماری و سەربەست کردنی خەڵک لە بەشداری لە هەڵبژاردنی شووڕا بە شێوەیەک نێوبۆشکردنی سیاسەتی سەرەکیی تەحریم نییە؟

- گەلۆ کورد دەبێ لەو ناوچانەی لەبواری ئێتنیکییەوە تێکەڵاوە، بایکۆت بشکێنێ؟ ئاخۆ ئەوە ئارگیۆمێنتێکی بەهێزە کە پێمانوابێ دەنگهێنانەوەی شووڕا و نوێنەری کورد دەتوانێ کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بسەلمێنێ؟ ئایا ئەو کوردانە دەتوانن پارسەنگی هێز لە نێوان تورک و کورد بگۆڕن؟ لە ڕابردوودا ئەو ناوچانە کۆمەڵێک شووڕا و نوێنەری بەناوکوردیان بەخۆوە دیتووە، پرسیار ئەوەیە: دۆخی ئەو ناوچانە بۆ نەگۆڕاوە، بەڵکوو ئاڵۆزتر لە بەرێیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کەسانی نیشتمانپەروەر بتوانن بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەریی «دووجار ئەندازیاری کراو!»(جارێک لەلایەن تارانەوە و جارێکیش لەلایەن تورکەوە) هەڵبژاردنی شووڕای ئەو ناوچانە شیاوەتییان پەسەند بکرێ؟ بۆ وێنە بڕوانە کارنامەی نوێنەر و شووڕا کوردەکانی ئەو ناوچانە لە سی ساڵی ڕابردوودا. کەسانێک کە داکۆکی لە پێویستیی جووت ستانداردبوونی تەحریم بۆ ئاوردانەوە لە تایبەتمەندیی ئەو ناوچانە دەکەن، پێویستە ئاماژە بە دەسکەوتێکی ستراتێژیک و مەلموسی ئەو سیاسەتە لە ماوەی ڕابردوودا بکەن. بۆ نموونە، لوتکەی هەڵوێستی عابد فەتاحی نوێنەری «کوردزمان!»ی ئورمییە لە کاتی ڕێفراندۆمی باشووردا، دژایەتی کردن بوو لەگەڵ دامەزرانی ئیسرائیلی دووهەم! و عەبدولکەریم حوسێنزادەی نوێنەری ڕووهەڵماڵاوی دەسەڵات لە شاری نەغەدەش سەبارەت بە

کارەساتی قەرەسەقەڵ، تێرۆریسمی «زیددی ئینقلابی» مەحکووم کرد.

- لەکاتێکدا دەسەڵات پێشتر نیشانی داوە هەرکات بیهەوێ دەتوانێ ئاماری ڕێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن و هەروەتر ئیرادە و خواستی زۆرینە دەستکاری بکات، ئایا ڕێژەی بەرزی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ناوچەیی وەک هەڵبژاردنی شووڕای ئیسلامی یان هەڵبژاردنی مەجلیس دەتوانێ پێوەرێکی ئەخلاقی و عەقلانی بێ بۆ هەڵسەنگاندنی سامانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هیزە سیاسییە کوردەکانی بەرەی بایکۆت؟ ئاخۆ بەراوردکردنی ڕێژیمێکی سەقامگیر کە هەموو جومگەکانی سیاسەت، ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگای مۆنۆپۆل کردووە، لەگەڵ هێزگەلێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن کە تەنانەت دەرەتانی چالاکیی یاساییان لە ناوخۆی وڵات بۆ تەبلیغی ڕوانینی سیاسیی خۆیان پێنەدراوە، مەغلەتەی مەنتقی نییە؟ گەلۆ ئەوە گۆڕینی سوورەتی مەسەلە نییە؟ ئایا هەر ئەوەیکە دەسەڵات دەترسێ لەوەیکە ئەو هێزانە لە هەڵبژاردنێکی شەفاف، ئازاد و دێموکڕاتیکدا کێبڕکیی لەگەڵ بکەن، ڕاستییە شاراوەکە سەبارەت بە ڕەوایی ئەو هێزانە دەرناخا؟

- لە ڕابردوودا تاقمێک لەناو ئۆپۆزیسیۆنی کورددا، ڕێژەی بەرچاوی بەشداریی خەڵکی کوردستانیان وەک بەڵگە بۆ درووستیی سیاسەتی خۆیان و چەوتبوونی هەڵوێستی بەرەی بایکۆت دەهێنایەوە. وەک دەزانین بایکۆتی هەڵبژاردن لە سیستەمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا کە لەسەر بایکۆت کردنی هەڵبژاردن، خەڵک و بە تایبەت توێژی خوێندکار تووشی دەیان جۆری گرفتی یاسایی و تەنانەت بێبەش بوون لە دامەزران و ...هتد دەکات، فۆبیای خەڵک لە بێبەشکران، گوشارێکی دروونی ساز دەکات بۆ چوونە سەر سندووقی دەنگدان. لەبیرمان بێ سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠١ دا زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی وەدەست خست! ڕاستییەکی تاڵە کە ڕێژیمە پاوانخواز و تۆتالیتێرەکان زۆر زوو فێر دەبن بۆ ڕەواییدان بەخۆیان بە چ شێوەگەلێک خەڵک بکێشنە سەر سندووق!. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە ئایا خەڵک(بە چوونە سەر سندووق) پێشوازی لە خیتابێکی تایبەتی حیزبی و ئیسلاحتەڵەبی

کردووه یان زەبرووزەنگی سیستماتیکی دەسەڵات خەڵکی تۆقاندووە؟!
بەڵام لەجێدا پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە خەڵک بۆچی و چۆن هاتنە سەر سندووق، بەڵکوو پرسیارێک کە دەبێ لە دژبەرانی بایکۆتی بپرسین ئەوەیە کە دەستکەوتی ستراتێژیکی ئەو بەشداریکردنە بۆ کورد چ بووە؟ وڵامی لایەنگرانی بەشداری لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا ئەوەیە کە ئایا دەستکەوتی سیاسەتی بایکۆت لە چل ساڵی ڕابردوودا چ بووە؟ بەڵام مەنتقی دەروونی ئەو پرسیارە گرێیەکی سەرەکی تێدایە و چەواشەکارانەیە. چۆن دەکرێ پێگەی یاسایی هێزێکی کوردیی ڕێفۆڕمخواز کە دەرەتانی بەشداری سیاسیی پێدراوە و لە گۆڕەپان خۆی تاقی کردۆتەوە، لەگەڵ هێزێک بەراورد دەکرێ کە ناتوانێ بۆ ڕێکخستنی خەڵک ئازادانە بێتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و چالاکی بکات؟ ئاخۆ لە دۆخێکی گریمانەیی دا، ئەگەر حیزبەکانی لایەنگری بایکۆت لە ناوخۆ حزووری قانوونییان هەبا و خەڵکیش بە هۆی بەشدارینەکردنەوە لێپێچینەوەی لێنەکرابا، بایکۆتی کارا و ئەکتیڤ بە کردەوە سەردەکەوت یان نا؟



- دوای سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی گەلاڕێزانی ٩٨، ڕێژیم نیشانی دا کە پڕۆژەی یەکدەست کردنی دەوڵەت و حاکمییەتی دەست پێکردووە. فازی یەکەمی ئەو پڕۆژەیە «دەستنیشان کردن»ی پێکهاتەیەکی بناژۆخوار-نەریتخواز بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بوو. وێدچی فازی دووهەمی ئەو پڕۆژەیە دوای هاتنە سەرکاری بایدێن، دەستنیشانکردنی سەرکۆمارێکی نەریتخواز بێ کە دوای یەکدەستکردنی دەسەڵات پڕۆژەی «ڕاکردنی خێرا» بەرەوە چەکی ناوەکی دەست پێبکا.

# چۆنیەتی ئەندازیاریی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای ورمێ!

ئەلبورز رۆئینتەن



لەسەر تۆتالیتێربوونی سیستمی حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن شرۆڤەکارانەوە زۆر وتراوە، خەسڵەتەکانی حکوومەتە تۆتالیتێرەکان بۆ هەموان ڕوونە، هەر ئەوەندە بڵێم کە نموونەیەکی ئەو جۆرە حکوومەتە لە مێژوودا نازییەکانی ئاڵمانن، پێگەی ئەو حکوومەتەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندە ڕەشە، چۆن ژیانی ملیۆنها مرۆڤی لەپێناو ئیدئۆلۆژییەکی هەڵەدا کردە قوربانی، بۆیە ئەوە لە زەینی مێژوودا ناسڕێتەوە.

کارنامەی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیدۆلۆژییەکەی و تاقمی دەسەڵاتدار بە بەراورد بە نازییەکان زۆر کەمتریش نییە، چونکە لە چل ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی جیاواز و بە بیانووی جۆراوجۆر چۆن جیابیرانی ئەو ڕێژیمە چەوسێندراونەتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم بینراوە. هەر بۆیەش لە ڕوانگەیەکی ئاوەزمەندەوە باسکردن لە ئەگەری دێمۆکراسی و خەسڵەتەکانی لە چوارچێوەی حوکمڕانیی کۆماری

ئیسـلامیدا بێهوودەیـە، پێموایـە دوای چـل سـاڵ ئەگـەر تـا ئێسـتاش بـاس لـە هەبوونـی بابەتێـک بـە نـاوی هەڵبژاردنێکـی ئـازاد و دێمۆکراتیـک کـە پێداویسـتییەکی دێمۆکراسـییە، لـە چوارچێـوەی کۆمـاری ئیسـلامیدا دەکرێـت، بـە لاڕێدابردنـی هێـزی دژایەتیـی ئـەو حکقومەتـە توتالیتێرەیـە، لەلایەکـی دیکـەوە هاوکاریـی بەردەوامیـی تەمەنـی ئـەو حوکمڕانییـە دڕەندەیـە دەکات، بـە تایبەتـی دوای ڕوونبوونـەوەی سـناریۆکانی ڕێفۆرمخـوازان بـۆ هەمـوان ئیـتر بەردەوامیـی ئـەو باسـە لەگـەڵ لۆژیـک ناگونجێـت.

سـەرەڕای ئـەو ڕاسـتییە حاشـاهەڵنەگرەی سـەرەوە، پرسـیاری ئـەوەی کـە بۆچـی تـا ئێسـتاش کەمینەیـەک هـەر بەشـداری لـە سـناریۆی بەنـاو هەڵبژاردنـەکان دەکـەن؟ جێـگای سـەرنجە. وەڵامـی ئـەو پرسـیارە و پرسـیارگەلی وەک چییەتـی و چۆنیەتیـی نێوەڕۆکـی ئـەو سیاسـەتەی ڕێژیـم کـە هـەوڵ دەدات خەڵـک بـەرەو سـندووقەکان پەلکێـش بـکات، وێـڕای ڕوونکردنـەوەی پیلانەکانـی ڕێژیـم، دەتوانـێ ڕۆشـنگەرییەکی زیاتریـش بێـت لـەو بـوارەدا.

بەرلـە هەمـوو شـتێک پێویسـتە ئـەو بابەتـە ڕوون بکرێتـەوە کـە بەشـداریی خەڵـک تەنانـەت ئەگـەر زۆریـش بێـت، ناتوانـێ ڕەوایـی بـەو سـناریۆیە بـدات. چونکـە لـە ئێرانـدا ئـازادی نییـە، کـە خەڵـک بتوانێـت بـە ئـازادی بڕیـاری خـۆی بـدات، بەڵکـوو حوکمڕانیـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە بەردەوامیـی سـەرکوت و چەوسـاندنەوە و سـەدان پیلانـی دیکـە لەوانەیـە بتوانـێ بەشـێکی کەمـی خەڵـک بـە نابەدڵییـەوەش بـێ بـەرەو بەشـداری لـە سـناریۆکانی خـۆی بهێنێـت، ئـەو باباتـەش ناتوانـێ ببێتـە بیانـووی ڕەواییـدان بـە هەڵبـژاردن، یـا هـەر بابەتێکـی دیکـە لـە چوارچێـوەی ئـەو سیسـتمە توتالیـترەدا. لـە لایەکـی دیکـەوە ئـەوەی لـە ئێرانـدا بـە هەڵبـژاردن دەناسرێـت، سـناریۆیەکە زۆر پێشـتر سـەرەتا و نێـوەڕۆک و کاراکتـەر و لـە کۆتاییشـدا ئاکامەکـەی دیـاری کـراوە، بەڵگـەی ئـەو وتەیـەش یاسـا بـەرکارەکان و شـێوازی حوکمڕانیـی کۆمـاری ئیسـلامییە.

لـە هەمانکاتـدا ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی وەک زۆربـەی دیکتاتـۆر و تۆتالیتەرەکانـی دیکـە دەیهـەوێ سـناریۆی بەنـاو هەڵبژاردنـی خـۆی لـە

نــاوەوە وەک هیوایــەک بــۆ قەیرانگەلــی کەڵەکەبــوو لەســەر شــانی خەڵــک نیشــان بــدات و بــە ڕواڵــەت بــە دنیــای دەرەوەش بڵــێ کــە ئێمــەش خــاوەن دێمۆکراســییەکی لــە شــێوازی خۆمانیــن. کۆمــاری ئیســلامی ئــەو هەوڵانــەی لــە ئاســتی جیــاوازی دەزگای پڕۆپاگەنــدەی خــۆی کاری بــۆ دەکات و تەنانــەت توانیویەتــی کاریگــەری لەســەر هەندێــک خەڵــک دابنێــت. ئــەوەی پێویســتە زیاتــر ببێتــە جێــگای بــاس و گفتوگــۆ، چۆنیەتیــی بەرەنــگاری ئــەو پڕۆپاگەندەیــە بــۆ ئــەوەی دەنگــی بەرەنــگاری بتوانــێ زیاتــر بــە خەڵــک بــگات و ببێتــە هیــوا بــۆ شــۆڕش دژی ئــەو ڕێژیمــە.

پڕۆپاگەنــدەی ڕێژیــم وێــڕای هەبوونــی هەندێــک ڕەهەنــدی سەرتاســەری خاوەنــی لایەنــی ناوچەییەشــە، کــە دەیهــەوێ بــە گوێــرەی تایبەتمەندییەکانی ناوچەیــی بەشــێک لــە سیاســەتەکانی پڕۆپاگەنــدەی خــۆی دابڕێژێــت، لــە ئاســتی سەرتاســەریدا دەتوانێــن ئامــاژە بــە ســناریۆگەڵی وەک باڵەکانــی ڕێفۆرمخــواز و توندئــاژۆ بکەیــن، یــا هەڵبــژاردن لــە نێــوان خــراپ و خراپــتر، یــا لــە نێــوان بڕۆکــرات و سیاســی یــا لەشــکری و ســیڤیل یــا ئاخونــد و ســیڤیل. واتــە ڕێژێــم کــە لەڕێگــەی شــووڕای نیگابانــەوە دەســەڵاتی ئەندازیاریــی هەڵبژاردنــی هەیــە، بــە دیاریکردنــی ئــەو کەســانەی کــە لــە هەڵبژاردنــدا هــەن دەتوانێــت ئەندازیاریــی ســناریۆیی کێبڕکــێ لــە نێــوان لایەنەکانــی بــە نــاو ڕێژیمیشــدا دروســت بــکات، ئــەو ســناریۆیە وای کــردووە کــە ئــەو بــاوەڕە لــەلای خەڵــک دروســت بــکات کــە ئەگــەر ئــەو تاکــە بێــت، یــا ئــەو لایەنــە بێــت، ئەگــەر باشــیش نەبــێ، لانیکــەم باشــترە لــەوی دیکــە.

ئــەو جــۆرە ســناریۆیانە هیوایەکــی درۆییــن لــە نێــوان بەشــێک لــە خەڵــک کــە لەژێــر گوشــاری بــێ ئەمــلاو ئــەولای قەیرانگەلــی دروســتکراوی ڕێژێمــن دروســت دەکات، کــە هانیــان دەدات بەشــداری لــەو ســناریۆیانە بکــەن. تاکــەکان لــەلای خۆیــان وا بیــر دەکەنــەوە کــە بــەو بەشــدارییە لانیکــەم ناهێڵــێ خراپــتر بێــت، بــەڵام دەبــێ بــۆ هەمــوو لایــەک ڕوون ببێتــەوە کــە ئــەوە ئەندازیارانــی بــە نــاو هەڵبژاردنــی کۆمــاری ئیســلامی دروســتی دەکــەن بــۆ ئــەوەی ئــەو هەســتە لای خەڵــک دروســت بکــەن، خەڵــک لێــرە تەنیــا بــۆ وێنەگرتنــە، ئەگــەر نــا هــەر نووســەر و داڕێژەرانــی ســناریۆ ئەنجامــی کۆتایــی

سـناریۆکەش دەنووسـێتەوە. ئـەوە تەنیـا بەشـێکی کەمـی ئـەو سـناریۆیانەن کـە ئاسـتی گـەورەدا دەکەونـە بـواری جێبەجێکردنـەوە بـە دەیـان و سـەدان پیـلان و ڕێگـەی دیکـە لـە ئاسـتی بچووکـتردا بەڕێـوەی دەبـەن کـە ترسـاندن و بڕینـی یارانـە و بابەتـی لـەو شـێوەیە لەخـۆ دەگرێـت.

بـەڵام ئـەوەی زیاتـر جێـگای سـەرنجە لای ئێمـە بـە تایبەتـی لـەو بابەتەدایـە سیاسـەتەکانی پڕۆپاگەنـدەی ڕێژیـم لـە ئاسـتی ناوچەیـی و بەتایبەتـی لـە پارێـزگای ورمـێ هەمیشـە کوردسـتانە کـە کـورد و ئـازەری تێیـدا نیشـتەجێن.

سـەرەتا: پێویسـتە ئـەو بابەتـە ڕوون بکەمـەوە، سیاسـەتی حکوومەتـی ناوەنـدی ئێـران هـەر لـە کاتـی شـا عەباسـی سـەفەوییەوە کـە ڕووبـەڕووی خانـی لەپزێڕیـن بـووەوە، دواتـر کـوردی ئـەو ناوچـەی بـۆ خـوارووی ئێـران بـە ناچـاری گواسـتەوە، ئەفشـارییەکان بـۆ ئـەو ناوچـەی هێنـاو جێگیـری کـرد، تـا بـە ئەمـڕۆ ئـەوەی کـە کۆمـاری ئیسـلامی دەیـکات، هیـچ جیاوازییـەک ڕووی نـەداوە، بەڵکـوو لـە هەمـوو حکوومەتەکانـدا بـە شـێوازی جۆراوجـۆر ویسـتوویانە سیاسـەتی تەتریـک و سـەرکوت و دروسـتکردنەوەی ناکۆکـی لـە نێـوان ئـەو نەتەوانـە کـە لـەو ناوچەیـە دەژیـن کـە دەبێتـە هـۆی لاوازیـی بەرەنـگاری دژی حکوومەتـی ناوەنـدی.

ئـەوەی شـا عەباسـی سـەفەوی بـە دروسـتکردنی شـەڕ لـە نێـوان تـورک و کـورد لـەو ناوچەیـە دەیکـرد، کۆمـاری ئیسـلامی لـە کاتـی جیـاوازدا وێـڕای دروسـتکردنی شـەڕی گـەرم، لـە کاتـی هەڵبژاردنەکانـی بەنـاو مەجلیـس و شـوورای شـار و گونـددا دەیـکات. هـەر بۆیـەش بـەر لـە هـەر باباتێـک دەبـێ ئـەو لایەنـەی مێنتالیتـەی حکوومەتـی ناوەنـدی بـۆ ناوچـە بزانیـن، دواتـر بـاس لـە هەڵبژاردنـەکان لـەو ناوچانـە بکەیـن کـە بەشـێکە لـەو سیاسـەتەی حکوومەتەکانـی ناوەنـدی.

دووهـەم: ڕێژیـم دەرفەتـی زیاتـری بـە ئازەرییـەکان لـە حکوومەتـی ناوەنـدی و ناوچەیـش داوە، بـەو شـێوەیە بـۆ بەردەوامیـی ئـەو دەرفەتـە ئـەوان بـە بەرەنـگاری زیاتـر بـۆ کـوردەکان ڕادەکێشـێت، کـە ئەگـەر لـە بەرەنـگاری کـورددا سـەرکەوتوو نەبـن، ئـەوە کـوردەکان شـوێنی ئـەوان

دەگرنــەوە و دەرفەتــەکان دەکەونــە دەســتی کــورد، لــە لایەنــی بەرانبەریــش دەیهــەوێ ئــەو بابەتــە بــە کــورد نیشــان بــدات کــە ئــەوە ئازەرییەکانــن کــە مافــی کــورد زەوت دەکــەن، دەبــێ لــە کێبڕکێیەکــی بــەردەوام لەگــەڵ ئازەرییەکانــدا بــن، بــۆ ئــەوەی بتوانــن دەرفەتــی زیاتــر بەدەســت بێنــن، هــەر بۆیــەش لــە کاتــی هەڵبژاردنــی سەرتاســەری لایەنــە بەشــداربووەکان بــە پێدانــی ســۆز بــە هــەردوو لا ئــەو کێبڕکێیــە درووســت دەکــەن. دوای چــل ســاڵ تــا بــە ئەمــڕۆش هیــچ یــەک لــەو پەیــمان و بانگەشــانە جێبەجــێ نەکــراون و جێبەجێــش ناکرێــن بــۆ ئــەوەی کێبڕکێیەکــە بــەردەوام بکــەن.

ســێیەم: ســناریۆیەکی دیکــەی ڕێژیــم گرێدانــی بابەتــی خزمەتگوزاریــی زیاتــرە بــۆ هــەر یــەک لــە نەتەوەکانــی ئــازەری، یــا کــورد کــە لــە هەڵبژاردنەکانــدا ســەرکەوتن بەدەســت بێنــن، ئــەو بــاوەڕە لەنێــو خەڵکــدا دروســت بــووە چونکــە حکوومەتــی ناوچەیــی زیاتــر لەلایــەن ئازەرەییەکانــەوە بەڕێــوە دەبرێــت، ئەگــەر کــورد ســەربکەوێت، ئــەوا قورســایی ئــەو خزمەتگوزارویانــە دەکەوێتــە لایەنــی کــوردی، ئــەو بابەتــە خەڵــک هــان دەدات کــە هــۆی دواکەوتوویــی ئــەو ناوچانــە گــرێ بــدات بــە ســەرنەکەوتن لــەو بــوارەدا، هــەر بۆیــە هــەوڵ دەدات کــە لــەو بــوارەدا ســەرکەوتن بەدەســت بێنێــت. ئــەو بابەتــەش وێــڕای ئەزموونــی چــل ســاڵە لــە سیســتمی حکوومەتــی کۆمــاری ئیســلامیدا، زۆر ڕوونــە کــە هەڵبژێــردراوەکان پێشــتر دیــاری دەکرێــن، بۆیــە هیــچ بابەتێکــی خزمەتگــوزاری لــەو بــوارەدا چارەســەر نابێــت، تەنیــا ئــەو کەســەی کــە دیــاری کــراوە ســەر بکەوێــت، بــۆ بەرژەوەندیــی کەســایەتیی خــۆی و دەوروبــەری بەشــداری لــە بەشــێکی زۆر بچووکــی ئــەو گەندەڵییــە زۆرەدا دەکات کــە لەنێــو سیســتمدا هەیــە.

چــوارەم: گرێدانــی بابەتــی هەڵبــژاردن بــە ناســنامەی ئــەو ناوچانــە، ئــەو هەســتە بەتایبەتــی لەنێــو کــوردەکان زیاتــر کاریگــەرە، چونکــە بــاس لــەوە دەکرێــت کــە ئەگــەر هەڵبژێــردراو کــورد بێــت، ئــەوا ناســنامەی کوردبوونــی ئــەو ناوچانــە زیاتــر دەســەلمێنرێت. تەنانــەت ئــەو بابەتــە لــە گوتــار و جلپۆشــینی کاندیداکانــدا زیاتــر دەبیندرێــت، دەیانهــەوێ لــەو هەســتە پاکــەی خەڵــک زیاتــر کەڵــک وەربگــرن، بــەڵام ئــەوە زۆر مەترســیدارە کــە

کوردەکان ناسنامەی ناوچەیی خۆیان ببەستنەوە بە سناریۆیەک کە حکوومەتی ناوەندی لە پێشدا بە مینتالیتەیەکی دژەکورد دەینووسێت، ئەو بابەتە دروست وەك ئەوەیە بڵێین دوژمن بۆمان دیاری بکات کە کوێ کوردستانە، ڕوون و ئاشکرایە کە ئاکامی لەو شێوەیە چۆن دەبێت، بۆیە دەبێ زۆر وریاتر لەو بوارەدا ڕۆشنگەری بکرێت، کە ڕاستی کوردستانیبوونی ورمێ پێویستی بە سناریۆی بەناو هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامییەوە نییە.

پێنجەم: بەهێزکردنی سیستەمی عەشیرەیی و کەڵکوەرگرتن لە ئاغاکان و تەنانەت کێبڕکێی نێوانیان بۆ ئەوەی بازاڕی هەڵبژاردن گەرمتر بکەن، شایانی باسە ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی زیندوو هێشتنەوەی سیستمی عەشیرەیی لە ناوچەکە دەدات، ئەو شێوازە لە عەشیرەگەرییە وێڕای هەوڵدان بۆ بە دواکەوتوویی هێشتنەوەی خەڵک و دروستکردنی دژایەتی بەرانبەر دۆزی کوردی و بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانیشدا کەڵکی لێ وەردەگرێت. بەو خۆشییەوە ئاستی پێشکەوتنی خەڵک بۆ پارستنی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر بەهێزترە لەو هەوڵە نەزۆکانە.

هەمووی ئەو هەوڵانەو زۆرتریش دەست بە دەستی یەکتر دەدەن بۆ ئەوەی کەمینەیەکی کەم بەشداری بە ناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بکەن و ڕێژیمیش درێژە بە بانگەشەی خۆی بدات و قەیرانەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و قووڵتر بن. لە دوایین ساتەکانی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا ئیتر هیچ یەک لە سناریۆکانی ناتوانن یاریدەدەری پێشگرتن بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بن، بەڵکوو ئەو ڕێژیمە دژە خەڵکییە وەک هەر دیکتاتورییەکی دیکە مەحکوومە بە نەمان و لە کۆتاییدا ئیرادەی خەڵک هەر سەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی وەک مێژوو تۆمار دەکرێت ئەوەیە، کە کێ بەشداری لەو سناریۆ دژە خەڵکییانەی کۆماری ئیسلامی دەکات و کێ لە ڕێزی بەرەنگاری، واتە ڕێزی خەڵکدایە؟

# لە سەرەڕۆیی دینیدا هەڵبژاردن جێگای دەبێتەوە؟

**هیوا کوردی**





گەلانی ئێران، ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە لە ڕێژیمی پاشایەتی وەزاڵە هاتبوون، بە شۆڕش ویستیان کۆتایی بەم شێوە دەستەڵاتدارییە بێنن. تێکەڵبوونی زۆربەی گەلانی ئێران لەگەڵ شۆڕش، شۆڕش سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئاخوندەکان لە هەستی مەزهەبیی خەڵک کەڵکی خراپیان وەرگرت. کۆمەڵگەیەکی ئارمانیان لە خەیاڵدا بە خەڵک نیشان دا و سەرەنجام بە درۆ و فریو توانیان بە دەسەڵات بگەن.

کاتێک جێی پێی خۆیان قایم کرد، بێ ئەوەی بۆ بیروڕای گشتیی خەڵک بگەڕێنەوە، بۆ خویان بڕییان و بۆ خۆشیان دروویان. ئەوەی گرینگ نەبوو، بیروڕای گشتی بوو کە بەشێکی لە هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ دەنگ و ویستی خەڵکدا خۆی دەبینییەوە.

## ناتەبایی ئەسڵ و بنەماکانی دەستوور

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی پڕە لە ناتەبایی. لە هندێک ئەسڵدا جەخت لەسەر کۆماریبوون دەکات، لەلایەکیترە دەسەڵاتی بێسنوور بە ویلایەتی ڕەهای فەقیهی دەدات.

ئەسڵی پێنجی دەستوور جەخت لەوە دەکاوە کە لە زەمانی غەیبەتی ئیمامی دوازدەدا ویلایەتی فەقی سەرپەرستیی ئومەت لە ئەستۆ دەگرێت. لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیدا، ئیمامەکان هەڵبژێردراوی خەڵک نین، بەڵکوو وەک پێغەمبەران چاویان لێ دەکەن کە ئیمامی دوازدەیەم غاییبە و وەلی فەقی لە جێگەی ئەوە. یانی لێرەدا ویلایەتی فەقی خۆی وەک ئەوان دادەنێت و دەبێتە شتێکی ئاسمانی .

لە ئەسڵی ٦ و ٧ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمدا جەخت لەسەر کۆماریبوون و شوراییبوون دەکرێتەوە .هەر ئەم دوو ئەسڵەن کە لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین کێشەیان لێ دەکەوێتەوە. باڵی بەناو ڕیفۆرمخوازەکان جەخت لەسەر ئەسڵی ٦ و ٧ دەکەنەوە و پاوانخوازەکانیش جەخت لەسەر ئەسلی پێنجی هەڵبژاردنی ڕواڵەتی دەکەن. کەڕووبی لەم هێنان و بردنەدا قسەیەکی جوانی کرد و وتی: «کۆماری ئیسلامی نە کۆمارییە و نە ئیسلامی».

لەم ناتەباییانەی کە لە دەستووردا هەن، لە کردەوەدا ئیستبدادی ویلایەتی فەقی زاڵە و هەڵبژاردن شێوازێکی ڕواڵەتیی پێ دراوە .لە مەجلیسی شەشەمدا کە بەشێک لە نوێنەرانی خەڵک چوون، خامنەیی بە حوکمی حکوومەتی مەجلیسی کردە هیچ و زاڵبوونی ئیستبداد بە ڕوونی خۆی دەرخست.

لە سەردەمی سەرکۆماریی «بەنی سەدر» دا یازدە ملیۆن کەس دەنگیان بە بەنی سەدر دا. خومەینی بە یەک قسە هەموو دەنگەکانی کردەوە هیچ و دەنگی خومەینی بەسەر دەنگی یازدە ملیۆن کەسدا زاڵ بوو. کەوابوو لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامی و لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لەو وڵاتە، ئەوەی قسەی سەرەتا و کۆتایی دەکات، ویلایەتی فەقیهە.

## بوونی دەور و تەسەلسول لە هەڵبژاردندا

> “لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامی و لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لەو وڵاتە، ئەوەی قسەی سەرەتا و کۆتایی دەکات، ویلایەتی فەقیهە

لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمیشدا هاتووە کە تەنانەت وەلیی فەقیهیش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەڵک هەڵیدەبژێرێت. مەجلیسی خوبرەگان ئەم ئەرکەی وەئەستۆ گرتووە، بەڵام شێوەی هەڵبژاردنی مەجلسی خوبرەگانیان وا ڕێک خستووە کە کەسانێک لە مەجلسی خوبرەگان هەڵدەبژێردرێن کە سەر بە ڕێبەر بن و لە قسەی ئەو دەرنەچن.

شەش ئەندام کە فەقیهی شووڕای نیگابانن، ڕاستەوخۆ ڕێبەر هەڵیاندەبژێرێت، هەروەها شەش ئەندامی دیکەی شووڕای نیگبان کە مافناسن، ناڕاستەوخۆ ڕێبەر هەڵیاندەبژێرێت. چونکە ڕێبەر سەرۆکی دەزگای دادیش هەڵدەبژێرێ، سەرۆکی دەزگای دادیش ئەو شەش کەسە بە مەجیلس شووڕای نیگابان پێشنیار دەکات. نوێنەرانی مەجلیسیش شووڕای نیگابان دیاریی کردوون؟!

کەوابوو شووڕای نیگابان هەڵبژێردراوی ڕێبەرن. ئەوە شووڕای نیگابانە نوێنەرانی مەجلسی خوبرەگان پەسند دەکات، کەوابوو کەسانێک پەسند دەکرێن کە ڕێبەر پەسندییان دەکات. بۆیە ئاشکرایە ئەو مەجلیسەش هەموویان گوێلەمستی ڕێبەر دەبن. بۆیە ڕێبەر ناوەبەناو لەگەڵیان دادەنیشێت و ئامۆژگارییان دەکات!. کە وابوو ڕێبەر بۆ خۆی، خۆی هەڵدەبژێرێت و دەنگی خەڵک هیچ کاریگەرییەکی نابێت. دەوری ئەوەی کە ڕێبەر ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان (شارەزایان) دیاری دەکات و خوبرەگان ڕێبەر دیاری دەکەن تا مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەوامی دەبێت.



## «نظارت استصوابی (چاودێریی دەستنیشانکراو) و بێ ناوەرۆککردنی جەوهەری هەڵبژاردن

لە سەردەمی خۆمەینیدا ئەرکی چاوەدێریکردنی هەڵبژاردن بە شووڕای نیگابان سپێردرا، کاتێک خامنەیی هاتە سەر کار، ڕێفراندۆمێک بەڕێوە چوو کە ڕۆڵی شووڕای نیگابان لە چاوەدێری تێپەڕی و

حاڵەتـی دەسـتێوەردانی پەیـدا کـرد و پێـش دەنگـی خەڵـک کـەوت و دەبـێ خەڵـک کەسـانێک هەڵبژێـرن کـە شـوورای نیگابـان هەڵیاندەبژێرێـت، هـەروەک پێشـتر گوتمـان ئەندامانـی شـوورای نیگابانیـش ویلایەتـی فەقیهــە دیارییــان دەکات. لێــرەدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە ئیســتبدادی ویلایەتـی فەقیهـە زاڵـە بەسـەر هەڵبژاردنـدا.

> هەڵبژاردنەکانی ئێران ڕواڵەتین و بە دەستێوەردانی ویلایەتی فەقیهە لە ناوەڕۆک بەتاڵن و تەنیا فیگۆرگرتنێکە بە دێمۆکراسی و دەنگی خەڵکی بۆ دیوی دەرەوەی خۆی دەوێت

## دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران لە هەڵبژاردندا

لــە ســەردەمی خومەینیــدا ســپای پاســداران بــۆ ســەرکوتی ئازادیخــوازان و بەتایبــەت ئازادیخوازانــی کوردســتان دامــەزرا.

حیزبـی دێموکـرات بـۆ بەدیهێنـان و دەسـتەبەرکردنی مـاف و داخوازیـی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان خەبـات دەکات، سـپای پاسـداران بێبەزەیانـە و سـەرکووتکارانە بـەرەوڕووی حیزبـی دێموکـرات و مـاف و داخوازییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان بووەتـەوە.

مـاف و داخوازیـی خەڵکـی کوردسـتان کـە حیزبـی دێموکـرات خەباتـی بـۆ دەکات، لـە سـەردەمی خامنەییـدا دڕندانەتـر و داعشئاسـا سـەرکوت کـرا. سـپای تێرۆریسـتی پاسـداران لـە بەنـاو هەڵبژاردنەکانیشـدا دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی دەسـت پێکـرد. نموونـەی هـەرە بەرچـاوی، دانانـی مەحمـوودی ئەحمـەدی نـژاد وەک سـەرکۆماری ڕێژیـم لـە سـاڵی ١٣٨٤ و کوودەتایـەک کـە بەسـەر مووسـەوی لـە سـاڵی ١٣٨٨ کـرا، بـە دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی سـپای پاسـداران جێبەجـێ کـرا.

## زۆربەی نوێنەرەکانی دەورەی یازدەهەمی مەجلیس سپاهین

هاتنەگـۆڕی مـاف و داخوازیـی گەلانـی ئێـران لـە بەنـاو هەڵبژاردنەکانـدا هێڵـی سـوورە. لـە هەمـوو بەنـاو هەڵبـژاردەکان کـە لـە ئێـران بەڕێـوە چـوون، لـە بانگەشـەکانیاندا مـاف و داخوازیـی گەلانـی ئێـران باسـی لـە سـەر بـووە. ئەگـەر لـە کوردسـتان بەنـاو ڕێفۆرمخوازانـی کـورد باسـی کوردیـان دەکـرد، لـە نزمتریـن ئاسـتدا بـوو.

ئــەم باســکردنەش بــۆ گەرمکردنــی تەنــدووری بەنــاو هەڵبــژاردن

بووە. ئەگەر خاتەمی دەیگوت نەتەوەی کورد ڕەسەنە لە ئێراندا، چ هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ خەڵکی کوردستان هەڵێناوە؟ هەڵبەت لە خوێن خەڵتانی خەڵکی سنە لە سێی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی، دزێوترین دیاریی خاتەمی بوو بۆ خەڵکی کوردستان.

کەوابوو ئەگەر بۆ سەراسەری ئێران بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆمای ئیسلامی کەمترین دەسکەوتی هەیە، بۆ گەلانی تری ئێران بەگشتی و بۆ کوردستان بەتایبەتی، هیچ دەسکەوتێکی نەبووە، بۆیە گەلانی ئێران ئەرکیانە بایکۆتی بکەن. لەم پێوەندییەدا سیاسەتی بایکوت لە لایەن حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەوە باشترین شێوە و مێتۆدی بەرەنگاربوونەوە و خەبات لەدژی ئەو ڕێژیمە و ناسینی ناوەڕۆک و چییەتیی ئەو ڕێژیمە بووە. حیزبی دێموکرات لەمبارەوە ڕووسوور هاتووەتە دەر و مێژوو واقیعگەرابوونی سیاسەتەکانی حیزب باشتر دەسەلمێنێت.

## ئەنجام

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنەکانی ئێران ڕواڵەتین و بە دەستتێوەردانی ویلایەتی فەقیهە لە ناوەڕۆک بەتاڵن و تەنیا فیگۆرگرتنێکە بە دێمۆکراسی و دەنگی خەڵکی بۆ دیوی دەرەوەی خۆی دەوێت، واتە تەنیا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە لە ئاستی ناوخۆ و بیروڕای گشتیی دەرەوە. چونکە ئەوەی سەردەکەوێت و لە سندووقەکان دێتە دەرەوە، ئیرادەی خەڵک نییە، بەڵکوو ئیرادەی ویلایەتی فەقیهە.

هەڵبژاردن بە بوونی ئەو ڕێژیمە توتالیتێر و ئیدئۆلۆژیکە و سەرووی هەمووشیان وەلیی فەقیهی کە خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێ، لەڕاستیدا ئیستبداد و سەرەڕۆییەکی دینییە و لەم چوارچێوەیەدا هەڵبژاردن بە مانای راستەقینەی خۆی، هیچ جێگایەکی نییە و تەنیا لە ئاستی شانۆ و دروشمدا بووە و دەبێت.

# دووفاقیگەری لە ڕووی دیزاینەوە: سیستەمی هەڵبژاردنی ئێران

یاسەمین عالەم
وەرگێڕان: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

بەناو هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا، چ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، چ مەجلیس و چ شووراى شار و گوندەکان، هەڵبژاردنگەلێکی ڕووکەشن، لەو ڕووەوە کە شووراى نیگابان دەسەڵاتی تەواوی بەسەریانەوە هەیە و ئەندامانی ئەو شوورایەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن خامنەییەوە دادەنرێن.

«بنیاتی نێونەتەوەیی بۆ سیستەمە هەڵبژاردنییەکان» لێکۆڵینەوەیەکی «یاسەمین عالەم»ی لە ساڵی ٢٠١١ لەژێر ناوی «دووفاقیگەری لە ڕووی دیزاینەوە: سیستەمی هەڵبژاردنی ئێران» بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا بە وردی یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانی بەناو هەڵبژاردنی لە ئێراندا خراوتەوە ڕوو. ئەوەی لە خوارەوە دێت وەرگێڕانی ئەو بەشانە لە لێکۆڵینەوەکەیە کە باسی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، و دەسەڵاتی شووراى نیگابان لەمبارەوە دەکەن.

## هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری

دەستکاریکردنی یاسای بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٨٩ بە شێوەیەکی بەرچاو پێکهاتەی سیاسیی ئێرانی گۆڕی. پۆستی سەرۆکوەزیران نەما و سەرکۆمار، کە لە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێت، بوو بە سەرۆکی لقی بەڕێوەبەری. بەپێی یاسای بنەڕەتی، سەرکۆمار «بەرزترین پۆستە فەرمییەکانی وڵات لە پاش ئەوەی ڕێبەر داگیر دەکات». سەرکۆمار بەرپرسیاریی جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتییە و وەکوو پردێک لە نێوان سێ لقی دەوڵەتە، لقی دادوەری، لقی بەڕێوەبەری و لقی یاسادانان. ئەو لە لایەن دەنگی خەڵکەوە بۆ ماوەی دەورەیەکی چوار ساڵی هەڵدەبژێردرێت و ڕەنگە زیاتر لە دوو دەورەی بەڕێوەبەری لەسەر کار نەبێت. بۆ هاتنە نێو هەڵبژاردنەکانەوە، بەربژێرێک دەبێت:

- کەسایەتییەکی ئایینی، یان سیاسی بێت،
- بە ڕەگەز ئێرانی بێت،
- کەسێکی شایان بێت بە توانایی بەڕێوەبەری و ڕێبەرییەوە،
- کەسێکی خۆشناو، جێی متمانە و دیندار بێت،

کەسێکی ئیماندار بێت کە وەفاداربوونی خۆی بە پرەنسیپەکانی کۆماری ئیسلامی و ئایینی فەرمی حکوومەتەکە دەردەبڕێت.

ڕێوشوێنە هەڵبژاردنییەکانی پەیوەندیدار بە خاوەن سەلاحییەتبوونی بەربژێرەکان توندتر کراون و هاوکات هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری تووشی چالێشی کردەیی کردووە. لەوێڕا کە نە یاسای بنەڕەتی و نە یاساکانی هەڵبژاردن باسی نزمترین، یان بەرزترین ئاستی تەمەن یان پێشمەرجی خوێندەواری ناکەن، زۆر خەڵکی ناشایستە ناوی خۆیان بۆ بەربژێربوون دەنووسن. پتر لەوەش، ناڕوونبوونی وشەی «رێجاڵ» (کەسایەتیی پیاو)، کە بەشێکە لە یەکەم مەرجەکانی بەربژێربوون، بە کردەوە پێشی بە ژنان ـ کە چل و هەشت لە سەدی حەشیمەتی ئێران پێک دەهێنن ـ گرتووە کە بە خاوەن سەلاحییەت بناسرێن. موسوڵمانە سونییەکان، کە وەکوو کەمینەی ئایینی دانیان پێدا نراوە،

و هەروەهــا نەتــەوەکان و باوەڕمەندانــی ئایینەکانــی دیکــە لەســەر بنەمــای «ئیمانــداری و وەفــاداری بــە ئایینــی فەرمــی حکوومەتەکــە» لــە بازنــەی ئــەو کەســانەی ئەگــەری تەئیــدی ســەلاحییەتیان هەیــە، دەرهاوێــژراون. بەپێــی یاســاکانی پەیوەندیــدار بــە هەڵبژاردنەکانــی ســەرکۆماری کــە لەســەر بنەمــای سیســتمی زۆرینەیــە، زۆرینەیەکــی تــەواو (پەنجا لەســەدی زێــدە یــەک) بــۆ بردنــەوە لــە دەوری یەکــەم پێویســتە، و ئەگــەر ئەمــە نەهاتــەدی، دەوری حەزفــی بەڕێــوە دەچێــت. دەنگــدان لــە دەرەوەی وڵات لــە کونســوولخانە و باڵوێزخانەکانــی ئێرانــدا بەڕێــوە دەچێــت. جگــە لــە هەڵبژاردنــی ســاڵی ٢٠٠٥، ئاکامــی هەمــوو هەڵبژاردنەکانــی ســەرکۆماری لــە دەوری یەکەمــی هەڵبژاردنــدا دیــاری کــراون.

ئەوانــەی خوازیــاری بەربژێربوونــن پێویســتە لــە مــاوەی پێنــج ڕۆژ و پــاش ڕاگەیاندنــی دەســتپێکردنی هەڵبژاردنــەکان، فۆرمێکــی بەربژێــری پــڕ بکەنــەوە و بیدەنــە وەزارەتــی ناوخــۆ. وەزارەتــی ناوخــۆ، فۆرمــەکان کــۆ دەکاتــەوە و دەینێرێــت بــۆ شــوورای نیگابــان.






پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەربژێرەکانی سەرکۆماری

لــە کاتێکــدا کــە شــوورای نیگابــان لیســتی بەربژێــرەکان لێــک دەداتــەوە، کاندیــداکان ئــەو دەرەتانەشــیان هەیــە کــە زانیــاری، یــان شــەهادەی پشتڕاســتکەرەوەی خــاوەن ســەلاحییەتبوونیان بنێــرن. شــوورای

نیگابــان لــە مــاوەی پێنــج ڕۆژدا چاوێــک بــە فۆرمەکانــدا دەخشــێنێت و لیســتێکی بەربژێــرە خــاوەن ســەلاحییەتەکان دەنێرێــت بــۆ وەزارەتــی ناوخــۆ. وەزارەتــی ناوخۆیــش دواییــن لیســتی بەربژێــرەکان بــە جەمــاوەر رادەگەیێنێــت.

## دەزگاکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن

دوو دامــەزراوە ئەرکــی بەڕێوەبردنــی کاروبــاری چالاکییــە پەیوەندیدارەکان بــە هەڵبژاردنەکانــی ســەرکۆماری و مەجلیــس (شــوورای ئیســلامی)یان لــە ئێرانــدا لــە ئەســتۆدایە. شــوورای نیگابــان و وەزارەتــی ناوخــۆ. شــوورای نیگابــان خودموختــاری تــەواوی لــە چاودێریکــردن و دیاریکردنــی سیاســەتە پەیوەندیــدارەکان بــۆ بەڕێوەبردنــی هەڵبژاردنەکانــی هەیــە، لــە کاتێکــدا وەزارەتــی ناوخــۆ کاروبــاری بەڕێوەبردنــی هەڵبژاردنــەکان لەژێــر دەســەڵاتی شــوورای نیگابانــدا بەڕێــوە دەبــات. بــۆ هەڵبژاردنەکانــی شــووراکانی شــار و گونــدەکان، مەجلیــس دەســەڵاتدارە و وەزارەتــی ناوخــۆ کاروبــاری بەڕێوەبردنــی و ڕێکخســتنی بەڕێــوە دەبــات.



## شوورای نیگابان

بیرۆکــەی دامەزراندنــی شــوورای نیگابــان لــە یاســای بنەڕەتیــی ســاڵی ١٩٠٦ی ئێرانــەوە وەرگیــراوە کــە تێیــدا باســی دامەزراوەیەکــی دەکــرد کــە لــە ئاخونــدە پایەبــەرزەکان پێــک دەهــات و لەپێنــاو دڵنیابــوون لــەوەی کــە یاســا پێشــنیارکراوەکانی «مەجلیــس» دژی بەهــا ئیســلامییەکان نەبــن، کاتێــک پەســند دەکرێــن، پێداچوونــەوەی بەســەر ئــەو یاســاگەلە دەکــرد. مــاددەی ٢ی یاســا بنەڕەتییــە تەواوکەرەکانــی ئۆکتۆبــری ١٩٠٧، پێکهاتنــی شــوورایەک بــە لانیکەمــی پێنــج ئەندامــی ئایینناســی ئیمانــدار بــە پێویســت دەزانێــت، بــەو جــۆرەی کــە مەجلیســی شــوورای میللــی ئــەو پێنــج کەســە لەنێــو لیســتێک کــە لــە لایــەن «عولەمــا»وە پێشــنیار کــراوە، هەڵدەبژێــرن. ســەرەڕای ئەمــەش، پێکهاتنــی وەهــا شــوورایەک تــا کاتێــک سیســتمەکە پاشــایەتی بــوو، وەدی نەهــات و تەنیــا پــاش شۆڕشــی ١٩٧٩

بۆ یەکەمجار، «شووراى نیگابان» پێک هات.

شووراى نیگابان دامەزراوەیەکی دوانزدە ئەندامییە کە پێکهاتووە لە (١) شەش ئاخوندی خاوەن سەلاحییەت کە شارەزایی تەواویان لە فیقهی ئیسلامی هەیە و، (٢) شەش دادوەری موسوڵمان کە لە بوارە جیاجیا یاساییەکانەوە پسپۆڕن. ڕێبەری ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەر شەش ئاخوندەکە دادەنێت، لە کاتێکدا شەش دادوەرە موسوڵمانەکە لە لایەن سەرۆکی دەزگای دادوەرییەوە پێشنیار دەکرێن و بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی مەجلیس هەڵدەبژێردرێن. لەوێڕا کە ڕێبەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەندامانی شووراى نیگابان دادەنێت، مەیلە ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو ئەندامانە ڕەنگدەرەوەی ئەوانەی ڕێبەرە. دەورەی ئەندامەتییەکەیان شەش ساڵە و نیوەی ئەندامەتییەکە هەر سێ ساڵ جارێک بە شێوەی راکێشانی دەنگەکان بە ڕێکەوت دەگۆڕدرێت. هەر لە دامەزراندنییەوە تا هەنووکە، شووراى نیگابان، دامەزراوەیەکی شێعە بووە و هەموو ئەندامەکانیشی لە پیاوان پێک هاتوون. سیاسەت و یاسا هەڵاواردنییەکان بوونەتە هۆی دەرەهاویشتنی ژنان، موسوڵمانە سونییەکان و کەمایەتییە ئایینە دانپێدانراوەکان لە بازنەی یەکێک لە بەهێزترین دامەزراوەکانی ئێراندا. لە کاتێکدا هیچ بەربەستێکی یاسایی لەبەردەم هەڵبژاردنی دادوەرێکی ژن بۆ شووراى نیگابان نییە، تا هەنووکە، سەرۆکی دەزگای دادوەری نەیتوانیوە تاقە دادوەرێکی ژن بۆ مەجلیس بناسێنێت. ئەمە بۆ موسوڵمانە سونییەکانیش هەر وا بووە. لە کۆتاییدا، ئەندامانی کەمایەتییە ئایینییە دانپێدانراوەکان ناتوانن ببنە ئەندامی شووراى نیگابان، لەوێڕا کە یاسای بنەڕەتی بە پێویستی دەزانێت هەموو ئەندامانی ئەو شوورایە موسوڵمان بن.

شووراى نیگابان لێژنەیەکی بەڕێوەبەری هەیە کە پێکهاتووە لە سکرتێرێک، جێگری سکرتێر و وتەبێژێک. بەپێی ئاییننامەی شووراى نیگابان، ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەری بۆ دەورەیەکی یەک ساڵە بە دەنگی زۆرینەی رەها هەڵدەبژێردرێن. پێنج کەس لە

ئەندامانی ئاخوندی هەنووکەی شوورای نیگابان، ئەندامی مەجلیسی خوبرەگانیشن، مەجلیسێک کە بەرپرسی چاودێریکردن بەسەر مەرجەکان و کردەوەی ڕێبەرە.

شوورای نیگابان دەسەڵاتێکی بەرینی دادوەری بەسەر بوارەکانی یاسادانان و بەڕێوەبەریدا هەیە. ئەم شوورایە پێداچوونەوە بەسەر هەموو یاسا پەسندکراوەکانی مەجلیسدا دەکات و دەسەڵاتی پەسندکردن، یان ڕەتکردنەوەیانی لەسەر بنەمای گونجاوبوونیان لەگەڵ بڕیارە ئیسلامییەکان و یاساکانی یاسای بنەڕەتیدا هەیە.

تەنیا شەش ئەندامە ئاخوندەکەی شووراکە مافی دیاریکردنی گونجاوبوون و گونجاونەبوونی یاساکانیان لەگەڵ یاسا ئیسلامییەکان هەیە، لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی شووراکە مافی بڕیاردانیان لەسەر گونجاوبوون یان گونجاونەبوونی یاساکانی مەجلیس لەگەڵ یاسای بنەڕەتیدا هەیە. بەپێی مەزندەکان، لە نێوان ٢٧ بۆ ٤٠ لەسەدی یاساکانی مەجلیس لە دەورەی جیاجیادا لە لایەن شوورای نیگابانەوە ڕەت کراونەتەوە.

شوورای نیگابان دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە ئاییننامەکانی کابینەی دەوڵەت و ئۆرگانە حکوومەتییەکانی دیکە لەپێناو گونجاوبوونیان لەگەڵ تایبەتمەندییە ئیسلامییەکان هەڵبسەنگێنێت. بەپێی ماددەی ٤ی یاسای بنەڕەتی، «هەموو یاسا و ڕێوشوێنەکان، لەوانە، یاسا و ڕێوشوێنە مەدەنی، سزایی، ماڵی، ئابووری، بەڕێوەبەری، کولتووری، سەربازی و سیاسییەکان دەبێ لەسەر بنەمای ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان بن» و، «ئەوەش دەبێ لە لایەن ئاخوندەکانی شوورای نیگابانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، داخوا وەها یاسا و ڕێوشوێنگەلێک لەگەڵ ئەم ماددەیەدا دەگونجێن.»

هەروەها خوێندنەوەی یاسای بنەڕەتی دراوەتە دەست شوورای نیگابانەوە. ماددەی ٩٨ی یاسای بنەڕەتی دەڵێت کە، «دەسەڵاتی خوێندنەوەی یاسای بنەڕەتی دراوەتە دەست شوورای نیگابان، کە بە دەنگی سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی جێبەجێ دەکرێت» و دەکرێ

سەرەتا لە لایەن داواکارییەک لە لایەن ڕێبەر، سەرکۆمار، سەرۆکی مەجلیس، سەرۆکی دەزگای دادوەری و ئەندامێکی شوورای نیگابانەوە پێشنیار بکرێت. بڕیاردان لەسەر پێداچوونەوە بەو داواکارییەکە پێویستی بە زۆرینەی ڕەها دەنگی هەموو ئەندامانی شوورای نیگابان هەیە. لە رابردوودا، لە چەند بواردا، شوورای نیگابان بڕیاری لەسەر خوێندنەوەی خۆی بۆ یاسای بنەڕەتی داوە، لەوانە، پەیوەندیی ئابووری لە نێوان ئێران و وڵاتانی بیانی، پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە جیاجیا حکوومەتییەکان، هەروەها ڕادەی دەسەڵاتی دراو بە دامەزراوەی دەوڵەتی.

شوورای نیگابان هەروەها لەباری سیاسییەوە هەستیاری چاودێریکردن بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگان، سەرکۆماری، مەجلیس و ریفراندۆمەکانی ئەرکی لە ئەستۆیە. ئەو شوورایە کە توندڕەوەکان تێیدا زاڵن، ئامرازێکی کۆنترۆڵی سیاسی بووە، بەتایبەتی لە پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی.

بەپێی ماددەی ٩٩، شوورای نیگابان بەرپرسی چاودێری بەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، مەجلیس و ریفراندۆمەکانە. لە ١٩٩١، شووراکە خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەم ماددە بەو شێوە خستە ڕوو کە «چاودێریکردنی بەسەر هەڵبژاردنەکان، چاودێریکردنی پەسندکراوەکان و ئەمەش هەموو قۆناخەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، لەوانە پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی بەربژێرەکان، دەگرێتەوە». ئەگەرچی ئەم خوێندنەوەیە هەتا ساڵی ١٩٩٥ لە یاسای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا بە فەرمی نەگونجێندرا، شوورای نیگابان هیچکات دەستی لە پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی بەربژێرەکان نەپاراستووە. سەرەتا لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ١٩٩٢ بوو کە شوورای نیگابان دەسەڵاتی خۆی بۆ وەدەرنانی زۆر بانگەشەکەری بەربژێری لە بیاقی سیاسیدا بەکار هێنا. ژمارەی بەربژێرە ڕەتکراوەکان بە شێوەی نێونجی پانزدە لەسەد بۆ مەجلیسەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمەوە بەرز بووەوە بۆ سی و پێنج لەسەد بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی چوارەم لە ساڵی

١٩٩٢ و بۆ ٣٩ لەسەد بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پێنجەم لە ساڵی ١٩٩٦دا. ئەم ڕەوتە درێژەی هەبووە بە رەتکردنەوەی بە شێوەی نێونجی ٣٠ لەسەدی بەربژێرەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس.

| ڕێکەوت | ژمارەی بەربژێرە خۆپاڵاوتووەکان بۆ سەرکۆماری | ژمارەی بەربژێرە سەلاحییەتکراوەکان بۆ سەرکۆماری | %ی بەربژێرە ڕەدی سەلاحییەتکراوەکان بۆ سەرکۆماری |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ١٢٤ | ١٢٣ | ١ |
| ١٩٨١ | ٧١ | ٤ | ٩٤ |
| ١٩٨١ | ٤٦ | ٤ | ٩١ |
| ١٩٨٥ | ٥٠ | ٤ | ٩٢ |
| ١٩٨٩ | ٧٩ | ٢ | ٩٧ |
| ١٩٩٣ | ١٢٨ | ٤ | ٩٧ |
| ١٩٩٧ | ٢٣٨ | ٤ | ٩٨ |
| ٢٠٠١ | ٨١٤ | ١٠ | ٩٩ |
| ٢٠٠٥ | ١٠١٤ | ٧ | ٩٩ |
| ٢٠٠٩ | ٤٧٥ | ٤ | ٩٩ |

ژمارەی ئەو بەربژێرانەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری کە لە لایەن شوورای نیگاهبانەوە ڕەدی سەلاحییەت کراون، ١٩٨٠-٢٠٠٩ (سەرچاوە، وەزارەتی نێوخۆ)





ملکەجیی شووراى نیگابان بۆ دەسەڵاتی ڕێبەریش بووەتە هۆی رەتکردنەوەی سەلاحییەتی بەربژێرەکانی سەرکۆماری بە شێوەیەکی بژارەکراو، بە شێوەیەک کە یاساکان بە شێوەیەکی توندڕەوانە لەدژی ئەوانەی ڕەخنەگری ڕێژیم بوون، بەکار هێنراون. کونترۆڵی تەواو بەسەر پەسەند و رەتکردنەوەی بەربژێرەکان، بووەتە هۆی رەتکردنەوەی بە شێوەی نێونجی ٨٦ لەسەدی ئەوانەی خۆیان پاڵاوتووە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا.

| ڕێکەوت | ژمارەی بەربژێرە خۆپاڵاوتووەکان | ژمارەی بەربژێرە ڕەدی سەلاحییەتکراوەکان | %ی بەربژێرە ڕەدی سەلاحییەتکراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ٣٦٩٤ | ٤٤٧ | ١٢ |
| ١٩٨٤ | ١٥٩٢ | ٢٦٦ | ١٧ |
| ١٩٨٨ | ١٩٩٩ | ٣٣٣ | ١٦ |
| ١٩٩٢ | ٣١٥٠ | ١١٠٠ | ٣٥ |
| ١٩٩٦ | ٥٣٦٥ | ٢٠٨٩ | ٣٩ |
| ٢٠٠٠ | ٦٨٥٦ | ٥٧٦ | ٨ |
| ٢٠٠٤ | ٨١٧٢ | ٢٠٠٠ | ٢٤ |
| ٢٠٠٨ | ٧٦٩٧ | ٢٢٠٠ | ٢٩ |

ژمارەی ئەو بەربژێرانەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسەوە کە لە لایەن شووراى نیگاهبانەوە ڕەدی سەلاحییەت کراون، ١٩٨٠-٢٠٠٨ (سەرچاوە، وەزارەتی نێوخۆ)

جگە لە دەسەڵاتی تەئیدی سەلاحییەتی بەربژێرەکان، شووراى نیگابان دەسەڵاتێکی زۆر بەرینی چاودێرکردنی هەیە، لەوانە:

ـ پەسەند و دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان.
ـ وەرگرتنی نارەزایەتییەکان و داوەریکردن لەسەر ناکۆکییەکان.
ـ چاودێریکردن بەسەر «کۆمیسیۆنی چاودێریی کەمپەینی هەڵبژاردنەکان» کە ڕێوشوێن بۆ بەربژێرەکانی سەرکۆماری و چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە کەمپەینەکانیان دیاری دەکات.
ـ هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان لە دەڤەری هەڵبژاردنی جیاجیا و ڕاگرتنی پرۆسەی هەڵبژاردن.
ـ تەئیدکردنی هەر جۆرە دەستکاریکردنی یاسا هەڵبژاردنییەکان و پێداچوونەوە بەسەر ئەو یاساگەلەدا.
ـ تەئیدکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن.

شوورای نیگابان چالاکییە چاودێرییەکانی خۆی لە ڕێگەی کومیتەکانی چاودێری لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و مەجلیسدا بەڕێوە دەبات.

ئەم کومیتانە لە ئەندامانی کاتی پێک هاتوون و لە سەرەتای کەمپەینی هەڵبژاردندا پێک دێن. هەموو ئەندامانی کومیتەی چاودێری و چاودێرەکان حەقدەست وەردەگرن.

بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، شوورای نیگابان «کومیتەیەکی چاودێریی ناوەندی» پێک دێنێت کە پێکهاتووە لە حەوت ئەندام کە بە دەنگی زۆرینەی رەهای شووراکە هەڵدەبژێردرێن. دوو ئەندام لەو حەوت ئەندامە، ئەندامی شوورای نیگابانن و پێنجەکەی دیکە دەبێ موسوڵمانی جێی متمانە و خۆشناو بن. زۆر جار، شوورای نیگابان پتر لە دوو ئەندامی خۆی دەکاتە ئەندامی «کومیتەی چاودێریی ناوەندی».

بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا، چوار ئەندامی کومیتەکە ئەندامی شوورای نیگابانیش بوون. ئەو کومیتەیە بەرپرسی چاودێری بەسەر هەموو قۆناخەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، چاودێری بەسەر چۆنیەتیی کارکردنی وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها هەموو پرسە پەیوەندیدارەکان تایبەت بە هەڵبژاردنەکانن. کومیتەکە هەروەها دەبێ

چاودێرانی هەڵبژاردن بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن دابنێت. بۆ ٣٦٨ بازنەی هەڵبژاردن لە ئێراندا، کومیتەکە دەبێ ٣٦٨ موسوڵمانی تێگەیشتوو، جێی متمانە و خۆشناو دابنێت. ئەم چاودێرانە بەرپرسی چاودێریکردن بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئاستی ناوچەکانن، هەروەها ڕاپۆرتی هەر جۆرە لادان، یان فێڵکردن دەدەنەوە بە کومیتەکە. بەپێی یاسا، شوورای نیگابان سەلاحییەتی ئەوەی هەیە، کە چاودێرانی بازنەکانی هەڵبژاردن بە شێوەی ڕاستەوخۆ، ئەگەر بە پێویستی بزانێت، دابنێت. لە کۆتاییدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە چاودێرییەکە لە هەموو ئاستەکاندا تەواوە، ئەوا لە هەر وێستگەیەکی دەنگدان لە سەرانسەری ئێران شوێنێک بۆ چاودێرێکی شوورای نیگابان دانراوە.



چاودێری هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە لایەن شوورای نیگاهبانەوە

هەروەک ئەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، شوورای نیگابان «کومیتەیەکی چاودێری ناوەندی» بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسیش دادەمەزرێنێت. ئەم کومیتەیە لە ئەندامێکی شوورای نیگابان و چوار موسوڵمانی جێی متمانە و خۆشناو کە بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی شوورای نیگابان هەڵدەبژێرن، پێک دێت. ئەم کومیتەیە دوو بەرپرسایەتیی سەرەکی هەیە:

- تەئیدکردنی سەلاحییەتی بەربژێرە خۆپاڵاوتووەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس.
- چاودێریکردنی هەموو قۆناخەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، لەوانە چۆنیەتیی کارکردنی وەزارەتی ناوخۆ.

کومیتەکانی چاودێری لە ئاستی پارێزگاییدا هاریکاریی

«کومیتەی چاودێری ناوەندی» دەکەن. هەروەک «کومیتەی چاودێری ناوەندی»، ئەو دەزگایانەش وا بڕیارە کومیتەگەلێکی کاتین بۆ ماوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دامەزراون. سەرەڕای ئەمەش، لە ماوەی دەیەی رابردوودا، کومیتەکانی چاودێری دەفتەری هەمیشەییان لە بازنەکانی هەڵبژاردن و پارێزگاکانی ئێران دامەزراندووە کە چەندین ساڵە هەر لەسەر کارن. لە ٢٠٠٣دا، سەید ڕەزا زەوارەیی، ئەندامێکی شوورای نیگابان وتی کە ٣٨٤ دەفتەری چاودێری لە تاران و پارێزگاکان دامەزراون تا تاکەکان لەبارەی یاساکانی هەڵبژاردنەوە بار بهێنن و بۆ کارکردن وەکوو ئەندامانی کومیتەکانی چاودێری لە ماوەی هەڵبژاردنەکان ئامادەیان بکەن. گرینگە ئاماژە بەوە بکرێت کە یاسامەندبوونی وەها کارێک زۆر جێگەی موناقشە بووە.



چاودێری هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە لایەن شوورای نیگاهبانەوە

بەپێی مادەی ٥ی «یاسای چاودێریی شوورای نیگابان بەسەر هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی»، کومیتەی چاودێریی پارێزگاکان، هەم لەباری ژمارە و هەم لەباری شێوەی دانانی ئەندامانییەوە، هاوشێوەی «کومیتەی چاودێری ناوەندی»ن. ئەو کومیتە چاودێرییەی پارێزگاکان، چاودێری بەسەر چۆنیەتیی کارکردنی کومیتە بەڕێوەبەرییەکانی هەڵبژاردنەوە دەکەن کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دیاری کراون. ئەو کومیتە بەڕێوەبەرییانەی هەڵبژاردنەکان پێویست دەکات لەمەڕ کێشە پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنەکانەوە پرس بە کومیتەکانی چاودێری لە ئاستی پارێزگاکان بکەن و بەو جۆرە بجووڵێنەوە کە ئەوان پێیان

پێشـــنیار دەکـــەن. پـــتر لەمـــەش، کومیتەکانـــی چاودێـــری لـــە ئاســـتی پارێـــزگاکان تەئیـــد، یـــان رەتـــی ســـەلاحییەتی ئـــەو کەســـانە دەکـــەن بـــۆ ئەندامەتـــی کومیتـــە بەڕێوەبەرییەکانـــی هەڵبـــژاردن بەربژێـــر کـــراون و بەســـەر لیســـتی ئـــەو بەربژێرانـــەی هەڵبژاردنەکانـــی مەجلیســـدا بچنـــەوە کـــە لـــە لایـــەن کۆمیتـــە بەڕێوەبەرییەکانـــەوە ســـەلاحییەتیان پەســـەند کـــراوە.

کومیتـــە چاودێرییـــەکان لـــە ئاســـتی پارێـــزگاکان، بـــە تەئیـــدی کومیتـــەی چاودێـــری ناوەنـــدی، ســـێ ئەندامـــی کومیتـــەی چاودێـــری لـــە ئاســـتی ناوچەیـــی لـــە پارێزگاکانیـــان دادەنێـــن. بـــۆ هەڵبژاردنەکانـــی مەجلیـــس، ٢٠٧ ناوچـــە هەیـــە و هەرکامیـــان کومیتەیەکـــی چاودێـــری ناوچەیـــی هەیـــە کـــە ئەندامانیـــان هـــەر بـــەو شـــێوە دادەنرێـــن کـــە ئەندامانـــی کومیتـــە پارێزگاییـــان دادەنرێـــن. بەپێـــی مـــاددەی ٧، کومیتـــە چاودێرییەکانـــی ئاســـتی ناوچـــەکان موســـوڵمانی جێـــی متمانـــە، تێگەیشـــتوو و خۆشـــناو وەکـــوو چاودێرەکانـــی شـــوورای نیگابـــان لـــە وێســـتگەکانی دەنگـــدان دادەنێـــن.

# هەڵبژاردنی ئێران لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە

**ئارش ساڵح**



لــە چەنــد رۆژی رابــردوودا نێــردراوی تایبەتیــی ئامریــکا بــۆ ئێــران، ڕایگەیانـد کـە ئاکامـی هەڵبژاردنەکانـی ئێـران کاریگەرییەکـی لەسـەر ڕەوتـی کاروبـاری گشـتیی ئـەوان بـە نیسـبەت ئێرانـەوە نابێـت. ئەمـە لـە خۆیـدا هەڵگـری ئـەو راسـتییەیە کـە هەڵبژاردنەکانـی چیـدی ناتوانـن هەمـان کارکـردی نێودەوڵەتـی بـۆ ئێـران بگێـڕن کـە پێشـتر گێڕاویانـە. بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە یـەک دەیـە ڕێچکەیەکـی بەهێـز لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی پێـک هاتبــوو کــە سیاســەتی جیهانــی بــە نیســبەت ئێرانــەوە گــرێ دابــوو بــە هیوایەکـی بێهـوودە بـە نیسـبەت کێبڕکێـی ئیلیتـی سیاسـی لـە ئێرانـدا و پێیــان وابــوو کــە هەڵبــژاردن دەتوانێــت ئــەو کەلێنانــەی کــە لەنــاو تاقمــی دەسـەڵاتداری ئێرانـدا هـەن، بـە شـێوەیەکی بەفـراوان بکـەن کـە کۆمـاری ئیسـلامی تووشـی گۆڕانێکـی بنەڕەتـی بکـەن.

هــەر بۆیــە سیاســەتی ئامریــکا بــە نیســبەت ئێــران بــۆ ماوەیەکــی زۆر بــە نیســبەت ئێرانــەوە، سیاســەتی گۆڕینــی هەڵســووکەوتی ڕێژیــم

بوو. ئەم سیاسەتە لە راستیدا ئامانجی ئەوە بوو کە گوشاری نێودەوڵەتی هاوڕاستای کەلێنە نێوخۆییەکان بە شێوازێک بەکار بێنێت کە ئێران بەرەو ئەوە ببات کە بە بەرپرسیارییەکی زۆرترەوە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەڵسوکەوت بکات.

لە ماوەی نزیک بە دوو دەیەدا بۆ ماوەیەک کۆمەڵگەی جیهانی بە تەمای رەفسەنجانی و بۆ ماوەیەکیش بە تەمای خاتەمی بوو، بەڵام مەرجە پیکهاتەییەکانی ناو رێژیمی ئێران ئەو رێگایەی بە هیچ چەشنە کێبڕکێیەکی ناوخۆیی نەدەدا کە بە شێوەیەکی واتادار کاریگەری بەسەر هەڵسوکەوتی رێژیم لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەبێت.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ماوەیەکی زۆر لە دوو جەمسەرییەکی شەڕ و ئاشتی لەگەڵ رێژیمدا دەسووڕایەوە، کۆماری ئیسلامی توانی لەو کەشەی کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێکهاتبوو، کەڵک وەربگرێت و ئەو تێگەیشتنە بە توندی بڵاو بکاتەوە کە هەرچەشنە گوشارێک بۆ سەر ئێران دەتوانێت رەوتی دێمۆکراتیزەبوونی ئێران تووشی لە رەیل دەرچوون بکات. واتە کۆماری ئیسلامی توانی لەو رەوایەتەی کە خودی غەربییەکان بۆ ناساندنی دۆخی ناوخۆی ئێران پێکیان هێنابوو، کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر لە قووڵایی نائاگایی خۆیاندا نوقم بکات.

لە ماوەی یەک دەیەی رابردوو لابیی سەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوو شێوە لە هەڵبژاردنەکان کەڵکیان وەرگرتووە. یەکەم بە ئاماژە بە هەڵبژاردنەکان و کێشمەکێشەکانی، هەوڵی داوە لەڕێگەی ئەو رۆژنامەوانانەی کە خۆی تەغزیەیان دەکات، ئەوە لەناو کۆمەڵگەی جیهانیدا جێ بخات کە لانیکەمی دێمۆکراسی لە ئێراندا هەیە و ئەو وڵاتە بە نیسبەت ئازادی و دێموکراسییەوە بە بەراورد لەگەڵ دراوسێکانی دۆخێکی زۆر باشتری هەیە.

دووەم، کۆماری ئیسلامی هەردەم بە ئاماژە بە رێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکان هەوڵی داوە کە ئەوەی لە ئێراندا دەگوزەرێت،

خواستی زۆرینەیە و لەگەڵ بەهاکانی زۆرینەی کۆمەڵگە دێتەوە، بۆیە بە هاودەستی لەگەڵ هەندێک ڕەوتی چەپ و پۆست کۆلۆنیالیستی هەوڵی ئەوەیان داوە ئەوە جێ بخەن کە مافی مرۆڤ چەمکێکی جیهانشموول نییە و مافی مرۆڤ لە ئێراندا جیاوازە و ئەو بەهایانە کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەیان بۆ دەکات، خاوەنی ڕەوایین و ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکیەتی بە ناوی مافی مرۆڤ، لە ڕاستیدا سەپاندنی هەندێ بەهای ڕۆژئاواییە لەڕێگەی زەخت و زۆرەوە بەسەر خەڵکی ئێراندا.

سەرەنجام هەردوو ڕەهەندی ئەو ئاراستەیەی کۆماری ئیسلامی تووشی کێشەی بنەڕەتی بوون. ئەو گوشارە ئابووریانە کە بەسەر ئێرانەوە بوون، بوونە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی ناوخۆی ئێران زیاتر لەلایەن خەڵکییەوە هەستیان پێ بکرێت و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بڕژێنە سەرشەقام. لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە دۆخی گوشاری ناوەکی و دەرەکی بۆ رووخان دەدیت و لەژێر کاریگەریی بیردۆزی پیلانگێڕی پەرچەکردارێکی هیستیریکی بە خۆپیشاندانەکان نیشان دا و ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە چییەتیی ڕێژیم زیاتر بۆ جیهانیان روون ببێتەوە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەریخست کە دەتوانێت بە باشترین شێوە ئاکامی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکات، وای کرد کە بۆ ڕۆژئاواییەکان هەڵبژاردن ئیتر وەکوو جاران خاوەنی گرینگیی ستراتیژیک نەبێت. بێجگە لەوە، پاش ئەوەی ئێران لە کاتی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاددا دەستی بە دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا کرد و لە کاتی سەرکۆماریی ڕۆحانیدا ڕێککەوتنەکە گەیشتە ئاکام بۆ ڕۆژئاواییەکان زیاتر یەکدەستبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئێران روون بووەوە. بۆیە بۆ ئەوان دەرکەوت کە چەند دەستەبوون و کەلێنی ناوخۆیی دەستەی دەسەڵاتدار لە ئێراندا ناتوانێت زۆری بەسەر تەمەرکوزی دەسەڵات لەناو بەیتی ڕێبەری و سوپادا بشکێتەوە، هەر بۆیە تێگەیشتن کە ناتوانن بەو کەلێنەش دڵخۆش بن.

ئەو گۆڕانکارییانە وای کرد کە رۆژئاوا و دنیای ئازاد زیاتر لە چییەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و جۆمگەبەندیی دامەزراوە نەرم و سەختەکانی ئاشنا بن. بۆ رۆژئاوا هەڵبژاردن چیدی ناتوانێت جێی هیوا بێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە بۆ سیاسەتێکی بەرپرسیارانە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە نابێت لەبیرمان بچێت کە هەڵبژاردن دەتوانێت دەنگی خەڵکی ئێران بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. واتە هەر جارێک کە خەڵکی ئێران بە شێوازێکی بەرچاو بایکۆتی هەڵبژاردنی ئێران دەکەن، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بە لادانی دەمڕاستی حکوومەت لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی قسە دەکەن و خواست و شێوە ڕوانینی خۆیان بەو کۆمەڵگەیە رادەگەیەنن. واتە عورف و تێگەیشتنی زاڵی جیهانی ئەوەیە کە لە هەر وڵاتێک دەزگا فەرمییەکان وەکوو دەزگای دیپلۆماسی هەڵگری پەیام هەر وڵاتێکن و ئەوان پەیامەکان بە حکوومەت و کۆمەڵگاکانی تر دەگەیەنن. ئەمە شێوازی فورمگرتنی دنیایە لە ئەمڕۆدا، هەر بۆیە ئەگەرچی دنیا لە چییەتیی دیکیاتۆربوونی کۆماری ئیسلامی ئاگایە، بەڵام لەبەر ئەوەی دنیای ئەمڕۆ بەو شێوازە فورمی گرتووە لە کۆتاییدا جیهان ناچارە کە قسەی حکوومەتی ئێران بە قسەی خەڵکی ئێران وەربگرێت.

لە روانگەی زانستی یاسا و لە حقووقدا هەرکات کەسێک نوێنەرایەتی بە کەسی دووەم بدات، بۆ جێبەجێکردنی کارێک، ئەوا ئەگەر کەسی یەکەم دەستی دایە جێبەجێکردنی ئەو کارە، ئەوە بەو واتایە دێت کە نوێنەرایەتیی کەسی دووەم تەواو بووە. بایکۆتی هەڵبژاردن تەنیا رێگەیەکە کە خەڵکی ئێران دەتوانن هەر دوو ساڵ جارێک بە شێوەی راستەوخۆ بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێن کە ئەوا ئەو حکوومەتەی لە نوێنەرایەتیی خۆی لا بردووە و ناتوانێت بە نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێرانەوە قسە بکات.

ئاکامی ئەو کردەوە لە سێ رەهەندا گرینگە. لە رەهەندی تیۆریکەوە هەر دوو ساڵ جارێک ناڕەوابوونی رێژیمەکە دووپات

دەکرێتەوە و رێژیم و دەزگا و کاربەدەستە ناوەندی و خوارییەکانیشی پێوەندییەک لە نێوان خۆیان و خەڵکدا نادۆزنەوە و ئەمە یارمەتی دەدات بە قەیراناویتر بوون و ناکارامەبوونی حکوومەت و لە ئاکامدا لە دارمان نزیکتر دەبێتەوە.

دووەم، سیاسیبوون دەبێت بە رەهەندی سەرەکیی هەر بزاڤێک و لە ئاکامدا نیزامی دەلالەتی رووبەڕووبوونە سەرەکییەکە سەرڕێژ دەکات و هەر بزاف و جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەش بە نیسبەت چارەنووسی سیاسی خۆی وشیارتر دەکاتەوە.

سێیەم، کۆماری ئیسلامی لە ئاوا دۆخێکدا بە نیسبەت گوشاری نێودەوڵەتییەوە لاوازتر دەبێت و زیاتر ئەو گوشارانە کاری تێ دەکەن. واتە لە وەها دۆخێکدا ئەگەری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتێک هەڵبژێرێت کە بەرەو ڕووخان یان گۆڕانی بنەڕەتی ببات، زۆرترە.

# یک نه دیگر به رژیم اسلامی ایران

چیا ارومیه



چهـل و دو سـال از انقـلاب ۵۷ گذشـت. دو سـال اول بخاطـر شرایـط بحرانـی و گـذار از رژیـم پهلـوی بـه نظـام منفـور جمهـوری اسـلامی گذشـت. سـال ۵۹ جنگـی خانمانسـوز و پرهزینـه، کـه هشـت سـال طـول کشـید، درگرفـت ایـن جنـگ بـرای رژیـم آخونـدی نعمتـی بـود بـرای فـرار از مسـئولیت‌ها و وعـده و وعیدهایـی کـه بـه مـردم داده بـود، از سـویی هـم روزنـه‌ای بـرای صـدور انقـلاب بـه کشـور همسـایه کـه اکثریـت شـیعه مذهـب داشـت و دادن شـعار «راه قـدس از کربـلا می‌گـذرد» کـه بـا قیمـت جـان یـک میلیـون ایرانـی، آواره شـدن چندیـن میلیـون نفـر، ویرانـی اسـتانهای مـرزی کـه چهـار اسـتان آن کوردنشـین بودنـد و میلیاردهـا دلار ارز و نابـودی بنیـان اقتصـاد کشـور تـداوم یافـت سرانجـام در سـال ۱۳۶۷ بـه دلیـل تـه کشـیدن خزانـه ملـی و عـدم اسـتقبال مـردم از رفـتن بـه جبهه‌هـا و رو بـه اتمـام رفـتن سـلاح و مهـمات و تـدارکات لجسـتیکی، خمینـی مجبـور بـه پذیـرش قطعنامـه ۵۹۸ و سرکشـیدن جـام زهـر شـد

و چند ماه بعد هم با قلع و قمع مخالفان در زندآن‌ها و اعدام چندهزار زندانی سیاسی، بقول خودشان «سر موضع» و کنار زدن حسینعلی منتظری از قائم مقامی رهبری، درگذشت.

یک دهه از انقلاب گذشته بود نه تنها خبری از وعده‌های پر زرق و برق خمینی به مردم نبود بلکه ویرانی‌های عظیمی هم به مردم تحمیل شده بود. با شروع رهبری خامنه‌ای و ریاست جمهوری هاشمی رفسنجانی، یک دهه هم با وعده سازندگی و آبادانی استآن‌های جنگ‌زده و تامین مسکن برای میلیون‌ها آواره جنگ و تسویه حساب‌های دو جناح موسوم به چپ و راست و نیز ترور رهبران اپوزیسیون در داخل و خارج از کشور گذشت. رژیم بعد از دو دهه هنوز همه تقصیرها را پای رژیم طاغوت و جنگ هشت ساله و نقشه‌های استکبار در منطقه می‌نوشت و به خورد ملت می‌داد. اما در خفا مشغول پروژه اصلی خمینی و نظامش یعنی صدور انقلاب بودند. با فارغ شدن از جنگ و فروش نفت، این بار با فراغ بال بیشتری پیگیر صدور انقلاب و صرف هزینه‌های هنگفت برای حزب‌الله لبنان، جنبش امل لبنان، تاسیس حماس بعنوان رقیب جنبش آزادیبخش فلسطین (یاسر عرفات) و نیز تاسیس جنبش جهاد اسلامی و دست اندازی در مساله فلسطین و ایجاد بن بست در مذاکرات بین اسرائیل و فلسطینیان و شعله‌ور کردن قیام موسوم به انتفاضه مشغول بود و در شرق کشور نیز مشغول تمهید و تدارک گروه‌های جهادی افغانستان و دخالت در امور داخلی آن کشور و ایجاد بحرآن‌های پی در پی بود. در تاجیکستان یک حزب اسلامی تشکیل دادند و آنرا موی دماغ سیستم تازه تاسیس بعد از فروپاشی شوروی کرده بودند در همه کشورهایی که اقلیت‌های شیعه مذهب داشتند دخالت می‌کردند در هندوستان و پاکستان بویژه کشمیر، شیعیان مورد حمایت رژیم اقدام به تحریک سنی‌ها و در نتیجه جنگ‌ها و ترورهای خونین در آن نواحی می‌کردند.

دو دهه گذشته بود هنوز مردم هیچ ثمره‌ای از انقلابی که تا پای

جان برایش هزینه داده بودند مشاهده نمی‌کردند. سایه سنگین یاس و ناامیدی مردم و نیز دخالت‌های بی‌مورد رژیم در کشورهای منطقه، هم مردم ایران و هم جهانیان را متوجه خطر بزرگی کرده بودند مخصوصا که کشورهای اروپایی بعد از ترور دکتر صادق شرفکندی در آلمان و نیز محکومیت سران رژیم در دادگاه آلمان، سفرای‌شان را از ایران فراخوانده بودند، همه کشورهای منطقه از اقدامات رژیم دچار وحشت شده بودند. لذا در انتخابات دوم خرداد ۱۳۷۶ با روی کار آمدن فردی کمتر شناخته شده بنام محمد خاتمی و شعارهای مردم فریبش در داخل کشور مبنی بر زنده باد مخالف من و در بعد خارجی هم شعار پر طمطراق «گفتگوی تمدن‌ها»، ورق مجددا به نفع رژیم برگشت. اروپائیان سفرای‌شان را به تهران گسیل داشتند و بخاطر شرایط جدید و بازار گسترده ایران و منافع اقتصادی، چشم بر همه جنایت‌های رژیم بستند. در این اثنا رئیس‌جمهور جدید یک اصل اجرا نشده قانون، که انتخابات شوراهای شهر و روستا بود را، به اجرا درآورد و بدلیل ناشناخته بودن ماهیت مردم فریب او اتفاقا در اولین دور انتخابات شوراها، طرفداران و نزدیکان خاتمی موسوم به اصلاح طلبان (چپهای سابق موسوم به پیروان خط امام) اکثریت قاطع را در کشور بدست آوردند و این دو پیروزی پی در پی در انتخابات جایگاه او را در ساختار حاکمیت و نزد افکار عمومی تقویت کرد.

مردم منتظر بودند تا میوه شرکت در انتخابات و به قدرت رساندن فرد مورد نظر خود در انتخابات ریاست جمهوری و شوراهای شهر و روستا را بچینند که جنگ زرگری اصولگرا-اصلاح‌طلب شروع شد و بعد از دو دوره ریاست‌جمهوری و نیز پیروزی در اولین انتخابات شوراها، خاتمی در پایان کار با ریختن اشک تمساح و ابراز شرمندگی گفت در طول هشت سال ریاست‌جمهوری او تدارکاتچی‌ای بیش نبوده و در باب انتخابات شوراها هم، سربسته اعلام کرد که جناح رقیب مخالف احیا و اجرای این اصل معطل مانده قانون اساسی بوده

و لـذا آن‌هـا سـنگ انـدازی کردنـد و مانـع تحقـق وعده‌هـا شـده‌اند و بدیـن ترتیـب آب سردی رو دسـت و روحیـه مـردم ریخـت.

رژیـم، مشـخصا سـپاه و امنیتی‌هـا، دریافتـه بودنـد کـه مـردم بشـدت مخالف‌شـان هسـتند، در عرصـه جهانـی هـم دوسـتان و طرفدارانـی ندارنـد لـذا بـا وارد گـود کـردن فـردی مثـل احمـدی نـژاد گارد تهاجمـی گرفـت. احمـدی نـژاد هـم بـا ادا و اطوارهـای پوپولیسـتی، سـفرهای اسـتانی را شروع کـرد و گونـی گونـی پـول نقـد بـا خـود می‌بـرد و بیـن اقشـار آسـیب پذیـر و البتـه سـاده لـوح توزیـع می‌کـرد و بـا تصویـب یارانـه ماهانـه ٤٥٥٠٠ تومانـی در صـدد اغـوا و فریـب طیف‌هایـی از مـردم برآمـد کـه هنـوز هـم بعـد از گذشـت بیـش از یـک دهـه و بـا توجـه بـه تـورم چندصـد درصـدی و گرانی‌هـای سرسـام آور و از کار بیـکار شـدن بیـش از نصـف جمعیـت کشـور، یارانـه هـمان چهـل و پنـج هـزار تومـان اسـت کـه احمدی‌نـژاد مدعـی اسـت آنـرا بـزور از سران و تصمیـم گیـران اشرافـی رژیـم، بـرای مـردم گرفتـه و خـود را خـادم ملـت نامیـد.

دوره روحانـی هـم کـه بـرای عمـوم مـردم اظهـر مـن الشـمس اسـت و نیـاز بـه توضیـح اضافـی نـدارد در وصـف شـیادی او هـمان بـس کـه مـردم نـام «روبـاه بنفـش» را بـر او گذاشـته‌اند. فـردی محافظـه‌کار بـا سـابقه امنیتـی زیـاد کـه بـا ترفندهـای اصـلاح طلبـان و بازیهـای رژیـم توانسـت بـر اریکـه قـدرت بنشـیند، بـه هیـچ یـک از وعده‌هایـش هـم عمـل نکـرد. اگـر درد بـی درمـان کرونـا و بنزیـن سـه هـزار تومانـی و اعتراضـات دی‌مـاه ٩٦ و آبانمـاه ٩٨ را بـر ایـن رزومـه بلندبـالا بیفزاییـم، مثنـوی هفتـاد مـن خواهـد شـد.

**دوستان عزیز کورد!**

بـا وصـف همـه آنچـه بـه تفصیـل در بـالا بـه آن پرداختـه شـد، شـما عزیـزان تحـت سـتم مضاعـف رژیـم بودیـد چـون «نـه»ای کـه امـروزه مـردم سـایر مناطـق ایـران بـه رژیـم می‌گوینـد، شـما از هـمان فـردای انقـلاب و بـا شرکـت نکـردن در رفرانـدم نمایشـی و فرمایشـی رژیـم بـه آن گفتیـد کـه اینهـم یکـی از افتخـارات شـما و رهـبری فرزانـه و فرهیختـه

خلـق کـورد در آن سـال بـود.

رژیـم کینـه شـما را بـه دل گرفـت بدلیـل کـورد بـودن و همچنیـن رای نـدادن بـه رفراندومـش، لـذا بیـکار ننشسـت و خلخالـی را بجـان فرزنـدان شـما انداخـت و هـزاران نفـر از فعالیـن و مبارزیـن کـورد را یـا تیربـاران و اعـدام کـرد یـا در جنگـی کـه خمینـی بـرای آن فتـوای جهـاد داده بـود، قتل‌عـام کـرد. بـه جنـگ فرزنـدان پیشـمرگه شـما آمدنـد و دسـتور دادنـد تـا شـورش و قیـام کوردسـتان را یـک سره نکننـد، پوتیـن از پـا درنیاورنـد. خمینـی، بنـی صـدر، رفسـنجانی، خامنـه‌ای، چمـران، صیـاد شـیرازی، سـپاه جنایتـکار پاسـداران در حـق دخـتران و پـسران معصـوم و آزادیخـواه شـما، مرتکـب جنایـت در حـق بشریـت شـدند. حکـم جهـاد را اسـلام بـرای کفـار پیشـنهاد کـرده اسـت، خمینـی شـما را کافـر می‌دانسـت و ویدئـوی سـخنان او هنـوز موجـود اسـت. همـه اسـناد و مـدارک جنایـات رژیـم آخونـدی علیـه شـما وجـود دارد.

رژیـم پـا را از اینهـم فراتـر گذاشـت و گفـت، آهـن را بایـد بـا آهـن بریـد لـذا بـا تطمیـع و فریـب عـده‌ای از بـه اصطـلاح سران عشـایر، آن‌هـا را بـه جنـگ مسـلحانه پیشـمرگان شـما فرسـتاد. کـورد را بـا دسـت کـورد بـه کشـتن داد و تخـم کینـه و نفـرت را بیـن فرزنـدان کوردسـتان کاشـت.

رژیم پا را از اینهم فراتر گذاشت و گفت، آهن را باید با آهن برید لذا با تطمیع و فریب عده‌ای از به اصطلاح سران عشایر، آن‌ها را به جنگ مسلحانه پیشمرگان شما فرستاد. کورد را با دست کورد به کشتن داد و تخم کینه و نفرت را بین فرزندان کوردستان کاشت

چـه بخواهیـم چـه نخواهیـم ملـت مـا هنـوز در برخـی مناطـق روسـتایی وابسـته بـه ایـل و عشـیره و طایفـه اسـت و بشـدت باورمنـد بـه دیـن و مذهـب خویـش اسـت و ایـن کار را بـرای سران رژیـم و مسـئولین محلـی آن‌هـا آسـانتر می‌کنـد چـون بـا تطمیـع سران عشـایر و اسـتخدام ملاهـای طرفـدار خویـش سـعی میکنـد بـه افـکار عمومـی منطقـه سـمت و سـو بدهـد و بـه نفـع خـود بسـیج کنـد.

امـا ایـن بـار همـه بـا هـم بـرای احـترام بـه خـون بناحـق ریختـه هـزاران کولـبر، خـون بناحـق ریختـه شـده هـزاران پیشـمرگه، خـون بـه ناحـق ریختـه شـده زندانیـان سیاسـی، بـه احـترام حـق و حقـوق بناحـق تضییـع شـده‌مان در طـول چهـل و دو سـال گذشـته، فریـب انتخابـات فرمایشـی و نمایشـی رژیـم بـرای انتخـاب رییس‌جمهـوری

دیگر، مخصوصا در انتخابات محلی شوراهای شهر و روستا، شرکت نمی‌کنیم و آنرا تحریم و بایکوت می‌کنیم. انتخابات ۱٤۰۰ رژیم را تبدیل به مبارزه علیه جمهوری اسلامی می‌کنیم چون اعتقاد راسخ داریم تا زمانیکه جمهوری جهل و جنایت، جمهوری ترور و وحشت سرکار باشد هیچ یک از حقوق ملتمان محقق نمی‌شود و حتی خواهران و برادران ما در سایر بخش‌های کوردستان روی امنیت و آسایش نخواهند دید. برای احترام به شخصیت خودمان و نیز ادای دینمان نسبت به سرنوشت ملتمان پای صندوق‌های رای حاضر نمی‌شویم.

# تحریم انتخابات و سراشیبی سقوط

علی منظمی



رژیـم ضدبـشری جمهـوری اسـلامی ایـران از بـدو تأسـیس تـا بـه امـروز بـا بـه سـخره گرفـتن شـعور مـردم و کشـاندن آن‌هـا بـا انـواع ترفندهـا بـه پـای صندوق‌هـای رای همـواره در صـدد مشروعیـت بخشـیدن بـه نظـام قـرون وسـطائی‌اش بـوده و بـرای ایـن دوره از انتخابـات ریاسـت‌جمهوری نیـز از یـک سـو بـا برگـذاری همزمـان آن بـا انتخابـات شـورای شـهر و روسـتا و از سـوی دیگـر بـا کوبیـدن در بـوق و کرنـا بـرای واقعـی جلـوه دادن رقابـت نامزدهـا، بـر آن اسـت کـه بـا کشـاندن مـردم بـه پـای صندوق‌هـای خیمه‌شـب‌بازی اخـذ رای، مشروعیـت کاذب خـود را بـه رخ جهانیـان کشـیده تـا بدیـن وسـیله، هـم از فشـارهای بین‌المللـی بکاهـد و هـم بـا بـه تصویـر کشـیدن مـردم در پیونـد بـا ایدئولـوژی‌اش، بـه نیروهـای اپوزسـیون نشـان دهـد کـه هنـوز از اقتـدار کافـی و خدشـه‌ناپذیری برخـوردار اسـت. لیکـن واقعیـت ایـن اسـت کـه رژیـم توتالیـتر آخونـدی نـه تنهـا قـادر بـه برگـذاری

انتخابات‌های دمکراتیک و آزاد نیست، بلکه از معدود رژیم‌های قرن بیست‌ویکم است که توانسته بر کلیت آزادی در جامعه‌ی تحت اسارتش، خط بطلان کشیده و جامعه را از آزادی‌های فردی و جمعی، بطور کامل محروم نماید.

رژیم آخوندی تمام افراد و گروه‌های خارج از دایره‌ی ایدئولوژی‌اش را منحرف و فاقد مشروعیت و حق کاندیداتوری در انتخابات قلمداد می‌کند و تنها افرادی می‌توانند کاندید شوند که از قبل کلیه‌ی وابستگی‌های مرتبط خود با جامعه و خویشاوندان را از دست داده و چنان ذره‌ای و خُرد شده باشند که تنها برای اهداف رژیم فعالیت کنند. اینگونه اشخاص از قبل باید تمامی خصوصیات و جنبه‌های انسانی خویش را فدای رژیم نموده و از درک هرگونه ارتباط بر مبنای ادراکات انسانیو عاجز باشند تا آنگونه که رژیم انتظارش را دارد، همچون وسیله‌ای برای پیشبرد اهدافش سکان قدرت را در دست بگیرند.

با نگاهی گذرا به اسامی کاندیداتورها و سوابقشان می‌توان به سهولت دریافت که این افراد عوامل و اوامر بکارگیری خشونت در وادار کردن مردم به سکوت، اطاعت از سران رژیم و تحمیل اردهی آن‌ها بر مردم از انجام هیچ جنایتی کوتاهی نکرده و نخواهند کرد. رژیم با برگذاری انتخابات می‌خواهد بر چهره‌ی کریه انحصار قدرت، ترویج تروریسم و ایجاد رعب و وحشت در جامعه ماسک موجه مردم‌سالاری زده و وانمود نماید که افکار و اعمالش برخاسته از اراده‌ی مردم است. اما مردم با تحریم انتخابات می‌توانند در این لحظه‌ی سرنوشت ساز که رژیم اعتبار بین‌المللی‌اش را از دست داده، مشروعیت آنرا برای همیشه از آن سلب نموده و بر آن مهر «باطل شد» بزنند.

خواست ما از مردم برای تحریم انتخابات بر دلایل کاملا بی‌طرفانه و آبژکتیو استوار است:

۱- سیاست‌های رژیم در تمام عرصه‌های سیاسی، فرهنگی،

اقتصـــادی و... در ارتبــاط بــا شــهروندان بــه گونــه‌ای بــوده کــه تمامــی گروه‌هــای متنــوع ملــی، اتنیکــی، دینــی و زبانــی را تحــت فشــار قــرار داده و در همرنــگ ســازی آن‌هــا بــا ایدئولــوژی رژیــم، بی‌وقفــه جریــان داشــته اســت.

۲- سیاســت‌های رژیــم در جهــت هویت‌زدایــی از مــردم و تعویــض هویــت واقعــی آن‌هــا بــا یــک هویــت ســازگار بــا اســلام «خمینیســتی» بــوده و ایرانیــان را از خــود بیگانــه نمــوده اســت.

۳- بـا بـه جریـان انداخـتن «انقـلاب فرهنگـی» و برجسـته‌کردن دروغیـن «تهاجـم فرهنگـی»، از شـکوفایی و رشـد فرهنگـی مردمـان ایـران جلوگیـری نمـوده و آن‌هـا را از کسـب علـوم واقعـی بـه دور نگه‌داشـته اسـت.

٤- از نظـر اقتصـادی کشـوری غنـی از منابـع و ذغایـر طبیعـی را بـه یکـی از عقب‌مانده‌تریـن کشـورهای جهـان مبـدل نمـوده بـه طـوری کـه اکـثر هم‌وطنـان بـه نـان شـب محتاج‌انـد و در نتیجـه‌ی سیاسـت‌های ضدمردمـی، فقـر و فلاکـت فراگیـر شـده و کرامـت انسـانی را از جامعـه زدوده اسـت.

۵- رژیـم بـا قائـل شـدن حـق انسـانی بـرای زنـان، ملـل تحـت سـتم ایـران و دیگـر گروه‌هـای متنـوع دینـی و غیـره بـه سـختی مخالفـت کـرده و تبعیـض را در ابعـادی باورنکردنـی، چنـان گسـترده اعـمال می‌کنـد کـه اخـلاق و ارزش‌هـای والای انسـانی را از جامعـه زدوده اسـت.

٦- تنهــا کســانی در سیاســت‌گذاری و اتخــاذ تصمیــمات مشــارکت دارنـد کـه از نظـر روحـی و اخلاقـی در سیسـتم رژیـم حـل شـده‌اند و از درک خواسـته‌ها و احتیاجـات مـردم عاجزنـد.

۷- سران رژیــم، فرمانده‌هــان و گرداننــدگان دســتگاه‌های سرکوبگــر رژیــم هســتند کــه بــا بــه خدمــت گرفــتن آدمکشــان و شــکنجه‌گران جوانـان، زنـان و مـردان مملکـت را بـه فجیع‌تریـن شـکل ممکـن شـکنجه و یــا اعــدام می‌کننــد.

۸- رژیـم آخونـدی هـر از چنـد گاهـی بـا نمایـش انتخابـات در صـدد ایجـاد امیـد و اعتـماد و بـه هیجـان واداشـتن افـکار عمومـی می‌خواهـد

با پذیرش ریسک، مشروعیت خود را محک زده و وانمود نماید که هنوز از پایگاه مردمی و مشروعیت برخوردار است. رژیم با بازی اصلاح طلبان و اصولگرایان، حداقل بیش از ٢٤ سال است که مردم کشور را سرکار گذاشته است. اگر قرار بود چیزی تغییر کند، قطعا باید در عرض این ٢٤ سال تغییر می‌کرد. البته چیزهای زیادی در جهت منفی و بدتر شدن شرایط تغییر کرده‌اند.

البته می‌توان برای تشویق به عدم شرکت در انتخابات صدها دلیل و مدرک ارائه کرد. مردم برای گرفتن نتیجه‌ای امید بخش از رژیم، خیلی راه‌ها و روش‌ها را آزموده است. لیکن زمان آن رسیده که یک صدا، با تحریم انتخابات رژیم را در نزد افکار عمومی در جهان و داخل کشور مشروعیت‌زدایی کنیم. قطعا چنین روشی اگر به رژیم جمهوری اسلامی پایان هم ندهد، آن را چنان در سراشیبی سقوط قرار خواهد داد که برگشت‌ناپذیر باشد.

# ڕاسان و هەڵبژاردن

**وریا کوردی**





لــە چەنــد مانگــی داهاتــوودا کۆمــاری ئیســلامی بــە هەڵبژاردنەکانــی ســەرکۆماریی و شــۆرای گونــد و شــارەکان قۆناغێکیتــر لــە ژیانــی سیاســیی خــۆی ئەزمــوون دەکات. بــە واتایەکیتــر کۆمــاری ئیســلامی دەیــەوێ ســیمایەک ســاز بکاتــەوە، کــە سیســتمی سیاســیی لــە ئێــران لــە فۆرمــی ئاســاییی خۆیــی بەردەوامــە و هەڵبــژاردن وەک کەرەســەیەکی ســەرەکیی ئــەم سیســتمە خەریکــە کاری ئاســاییی خــۆی دەکات و لــەو ڕێگــەوە جــۆری پەیوەندییەکانــی خــۆی لەگــەڵ کۆمەڵــگا ڕێــک دەخــات یــان ڕێکــی دەخاتــەوە. ئــەم ســیمایە لــە دەرکەوتنــی سیســتمی سیاســی، ســیمایەکی بــاوە تاکــوو لــەو ڕێگــەوە پەیوەنــدی خــۆی لەگــەڵ کۆمەڵــگا پێشــان بــدات و لــە هەمــان کاتــدا کەرەســەیەکە بــۆ ئــەوەی کــە پانتایــی سیاســیی نێوخــۆ و دەرەوەی خــۆی بــۆ کۆمەڵــگای جیهانــی ئاســایی پێشــان بــدات.

کۆمەڵــگای خۆرهەڵاتــی وڵات یەکێــک لــەو کۆمەڵگایانــەی کــە بــە

شـێوەی نەخـوازراو بـەردەوام ڕووبـەڕووی ئـەم پرسـیارە دەبێتـەوە کـە چـی لـە هەڵبـژاردن بـکات؟ لـە ئەساسـدا هەڵبـژاردن مکانیزمێکـی دێموکراتیکـە بـۆ خەڵـک تاکـوو لـەو ڕێگـەوە بەشـداری سیاسـیی خـۆی نمایـش بکـەن. بـە واتایـەک هێـزی خۆیـی پێشـان بـدات. بـەڵام گرفتەکـە ئەوەیـە کـە لێـرەدا بژاردەیـەک نییـە تاکـوو هەڵبـژاردن یـان نەبوونـی واتـای هەبێـت. بەڵکـوو ژینگەیەکـی سـەپێنراو و دۆخێکـی نەخـوازراو هەیـە.

لـە ژینگـەی سـەپێنراودا هاووڵاتـی دەکەوێتـەوە پانتایەکـی داگیرکـراوەوە و لـە ژینگـەی نەخـوازراودا هاووڵاتـی ناچـار دەکرێـت کـە دەنـگ بـۆ نەخوازراوەکـە بـدات، بەپێچەوانـەی ویسـتی خـۆی. بەگشـتی ئـەم پرۆسـەیە بـە درێژایـی ژیانـی دەوڵەتـی ئێرانـی و لـە ئەمـڕۆدا کۆمـاری ئیسـلامی، ململانێـی کۆمەڵـگای خۆرهـەڵات لەگەڵیانـدا بـەردەوام بـووە. هەرچەنـد لـە هێنـدێ وێسـتگەدا کۆمەڵـگای خۆرهـەڵات هەوڵـی داوە کـە لـە نەبوونـی توانـا بـۆ لابردنـی ژینگـەی سـەپێنراو، لـە دۆخـی نەخـوازراودا گەمـە بـکات. بـەو مانایـە کـە هەرچییـەک کـە سیسـتمی سـەپێنراو دەیـەوێ پێچەوانەکـەی ڕەفتـار بـکات. بـۆ نموونـە دەنـگ بـە ڕێفراندۆمـی کۆمـاری ئیسـلامی نـادات، هـەر کاراکترێـک کـە نوێنەرایەتـی ئیـرادەی و گوتـاری سـەروەری کۆمـاری ئیسـلامی-ئێرانی بـکات، دەنگـی پـێ نـەدات و پێچەوانەکـەی دەنگـی بـە کەسـێک دەدات کـە وەک نەیـار یـان ڕەکابـەری ئـەو سیسـتمە نـاو دەردەکات. هـۆکاری ئـەم ململانێیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە کوردسـتانیان خۆیـان بـە خاوەنـی پرسـەکە نازانـن، بەڵکـوو بـە سـەپاو و نەخـوازراو هەژمـاری دەکـەن.

بەهەرحـاڵ ئـەم ململانێیـە بـۆ زیاتـر لـە چەندیـن دەیەیـە بەردەوامـە، بـەڵام لـە ئێسـتادا پرسـیارەکە ئەوەیـە کـە بـە هاتنـە کایـەی ڕاسـان چـۆن دەبـێ بەرەنـگاری ئـەم دۆخـە ببینـەوە؟ ئاخـۆ دەبـێ جڵـەوی ئـەم پرسـە دیسـان لـە مکانیزمـی ژینگـەی سـەپێنراو و دۆخـی نەخـوازراو خوێندنـەوەی لەسـەر بکەیـن یـان پێویسـتە بـە دیدیکـی تـر سـەیری بکەیـن؟ بـەو مانایـە کـە واتایەکـی ڕاسـان ئاسـایی پـێ بدەیـن و لـەو دەلاقـەوە جـۆری ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەم بابەتـە دەسنیشـان بکەیـن؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسانە سەرەتا پێویست دەکات کە ئاوڕ لە خودی ڕاسان بدەینەوە، پاشان لەو سونگەوە بابەتەکە ڕوون بکەینەوە. بەڵام لە بۆچوونێکی سەرەتاییدا، دەتوانین بەم شێوە خوێندنەوە بۆ بابەتەکە بکەین. هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا کەرەسەیەکی دێموکراتیک نییە، بەڵکوو مکانیزم یان دەسپێکێک بووە بۆ ئاساییکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، بەو مانایە کە هەڵبژاردن هەرچەند لە ئەساسی خۆیدا ڕێکخستنێکە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەیەک کە تێیدا هاووڵاتییان جۆری بەشداریی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنێنن، بەڵام فۆرمی ئەم بەشدارییە لە وڵاتانی دێموکراتیک و نادێموکراتیکدا جیاوازە. بەو واتایە کە هەڵبژاردن کە دەبێ پرسی خەڵک بێت، دەبێتە کەرەسەیەک بۆ جێگیرکردنی زیاتری نیزامی سیاسی یان ئاساییکردنەوەی زیاتری. بۆیە لە وڵاتگەلێک وەک ئێران ئەم کەرەسە دەبێتە ئامرازێک بەدەستی دەسەڵاتی زاڵ تاکوو لەو ڕێگەوە بوونی خۆیی ئاسایی بکاتەوە. ئاساییبوونەکە لە نۆرمێکی نامۆوە دەکرێت بە بەهایەکی ئاسایی تاکوو هاووڵاتی وا هەست بکات کە لە گۆڕەپانێکی ئاساییدا خەریکی ڕاقەی بەشداریی سیاسی خۆیەتی. بۆیە ڕەنگی ژینگەی سەپێنراو و دۆخی نەخوازراو بەرەبەرە سیما ناشیرینەکەی خۆی لە دەست دەدا یان کەمڕەنگ دەبێتەوە و ئیتر وەک ڕاستییەک دەردەکەوێت.



## ڕاسان

ڕاسان گوتارێکە کە ژینگە فکرییەکانی خۆیی لە بەرەنگارییەوە وەر دەگرێت. بەو مانایە کە دۆخی هەنووکەیی پێی ناڕەوایە و ژینگەی ژیانی تاک و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای خۆرهەڵات بە نەخوازراو پێناسە دەکات. بەواتایەکیتر دەیەوێ لە دۆخی هەنووکەیی دەربازی ببێت و ژینگەیەکی ویستراو بۆ خۆرهەڵات بەرهەم بنێت. لەم پرۆسەیەدا هەموو چەشنە دەسەڵاتێک کە کوردستانیان بخاتە حاڵەتی ناچارییەوە ڕەت دەکاتەوە و ئەو پەیامەیان پێ دەدات کە ئاودیوبوون لەم دۆخەیە کە

دەبێ پێوانەی هەموو ئەندێشەو و کرداری ئێمە بێت. لەم سونگەوەیە کە بەرەنگاری هەموو چەشنە ژینگەیەکی سەپێنراو و دۆخی نەخوازراو دەکاتە ئامانج. تاکوو ئیرادەیەک بەرهەم بێنێت کە کوردستانیان چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵگا لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان بڕیار نەدەن و بەشداری سیاسییان وەک ئامانجێک بێت نەک کەرەسە یان ئامرازێک.

ئەگەر سەیری ڕابردووی ڕاسان لەم ساڵانەدا بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕاسان خەتێکی ئەساسی لە پێش گرتووە، ئەویش ڕەتکردنەوەی هەموو جۆری ئاساییبوونەویەکە لە خۆرهەڵاتی وڵات. مەبەست لە ئاساییبوونەوە، ئەو دۆخە لە داگیرکارییە کە پرسی کورد و ژیانی تاکەکانی کوردستان ئەزموونی دەکەن. بەو مانایە کە لە لای ڕاسانییەکان هیچ شتێک لە ژیانی تاکی کوردستانی ئاسایی نییە. بەڵکوو هەموو بوارەکانی ژیانی خۆرهەڵاتییەکان جۆرێکە لە حاڵەتی نائاسایی کە تاکی و کۆمەڵگای کوردستانی کردووەتە کۆیلەی خۆی و لەو ڕێگەوە جۆرەکانی توانەوە لە نێو سیستەمەکەدا پەیڕەو دەکرێت. بۆیە کاتێک دەڵێین ڕاسان بەرانبەر بەم دۆخە ڕادەوەستێت، لە ڕاستیدا دەیەوێ بەر بە شەپۆلی ئاساییبوونەوەی داگیرکەر بگرێت. چونکە هەموو جۆرە دەسەڵاتێک کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، مەودایەکە بۆ توانەوەی کوردستانیان بەرهەم دێنن. ئەم توانەوە لە شێوەی نەرمەکەیدا دەتوانێت هەڵبژاردنە ویستراوەکەی داگیرکەر بێت و لە شێوە سەختەکەیدا دەتوانێ لەنێوبردنی جەستەی بێت و بەرهەمهێنانی ترسێک کە ڕاستەوخۆ مەیلی ئاوێتەبوون بە بەرەنگاری بەرانبەر بە ئاساییبوونەوەی داگیرکەر لاواز بکات.

لە لایەکیترەوە ڕاسان هەموو بوارەکانی تەنیا بە شێوەی ڕەق نابینێت، بەڵکوو مەودایەکی گەورە بۆ سیاسەتی نەرم دەهێڵێتەوە. مەبەست لە سیاسەتی نەرم ئەو جۆرە لە بەرەنگارییە کە تاکی کوردستانی بتوانێت لە پاڵ ژیانی ڕۆژانەی خۆی ڕاقەی بەرەنگاریی خۆی بکات. لە نموونەی خەباتی شاخدا دەتوانێت وەک پێشمەرگەی شار دەرکەوێت و لە نموونەی بەرخۆدانی مەدەنیدا بە دوای داهێنانێک

بــێ کــە چــۆن بــە شــێوەیەکی هێمایــی و لــە کــردە گشــتییەکاندا ئاســاییبوونەوەی داگیرکــەر ڕەت بکاتــەوە. لــەم بــوارەدا هەمــوو ئــەو نــەورۆز و کەمپەینانــە کــە تێیانــدا ڕەفتــاری تاکــە تاکــەی هاوواڵتیــان لــە خانــەی ڕەفتارێکــی گشــتیدا جۆرێــک لــە بەرەنگارییــان بەرهــەم هێنــاوە یــان توانیویانــە کــە وێنایەکــی نیشــتمانی پێــی ببەخشــن، دەتوانــن نــاو ببەیــن. بۆیــە لێــرەداش ئامانجەکــە هەمــان ئامانجــی دەرکردنــی داگیرکــەرە، بــەاڵم لــە فۆرمــی نــەرم و واتــاداردا.

لــەم شــێوازەدا «نا»وتــن بــە داگیرکــەر لــە قــەوارەی بەربەرەکانێــی چەکــداری دەردەچــێ و فۆرمێــک دەگرێتــە خــۆی کــە هەمــوو هاوواڵتیــان یــان زۆربــەی هاوواڵتیــان لــە توانایاندایــە. هۆکارەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی کــە ژینگــەی ســەپێنراو و دۆخــی نەخــوازراو مــەودای ئــەوەی پــێ نــادات کــە ئەوپــەڕی توانایــی خــۆی کــە دەرکردنــی داگیرکــەرە بــەکار بێنێــت. بۆیــە پەنــا دەباتــە بــەر بەرهەمهێنانــی ئــەو دەرفەتانــە کــە لــە واتــادا ڕووبەڕووبوونــەوەی داگیرکــەرە و لــە کــردەوەدا ڕەفتارێکــی گشــتین بــۆ گەیاندنــی هەمــان پەیــام. لێرەدایــە کــە ســەنگەری شــار پانتایەکــی فراوانــە کــە لێوانلێــوە لــە بەرەنــگاری و ڕاســانە بەرانبــەر بــە ئاســاییبوونەوەی داگیرکــەر. هەمــان پانتایــی کــە زۆرتریــن داهێنــان تێیــدا لــە دایــک دەبــن و زۆرتریــن ململانێــی خۆیــان نمایــش دەکــەن.

هەمــوو ئەمانــە ئاماژەیەکــن بــۆ ئــەوەی لــە واتاکانــی ڕاســان بگەیــن. هەمــان ئــەو واتایانــە کــە نمونەیەکــی دەتوانێــت کۆســاڵان بێــت و نمونەیەکیشــی دەتوانــێ نــەورۆزەکان و پێشــمەرگەکانی شــار بــن. لــەم ســونگەوەیە کــە دەکــرێ دەروازەیــەک بکەینــەوە بــۆ چوونەنێــو بابەتــی هەڵبــژاردن.

## هەڵبژاردن و ڕاسان

هەڵبــژاردن لــە ســەرەتای هاتنەســەرکاری کۆمــاری ئیســلامی لــە فــۆرم و بــواری جیــاوازدا بوونیــان هەبــووە. ئــەم ڕەوتــە لــە ڕێفراندۆمــی «ئــەرێ» یــان «نــا» وتــن بــە کۆمــاری ئیســلامی دەســتی پــێ کــرد و دواتــر

لـە وێسـتگە جیاوازەکانـدا خـۆی پێشـان داوە. دەسـپێکی ئـەم ڕەوتـە زۆر گرینگـە. واتـا سـەرەتایەک کـە تێـدا سیسـتمی سیاسـی بیچـم دەگـرێ و بەرەبـەرە ڕێـگا بـۆ ئاسـاییبوونەوەی خـۆی خـۆش دەکات. ئـەم وێسـتگەش ڕێفراندۆمـە. لێرەدایـە کـە دۆخەکـە لـە خۆرهـەڵات لـە ڕزگارییـەوە بـۆ داگیـرکاری دەسـت پـێ دەکاتـەوە. لێرەیـە کـە قـەوارەی کۆمـاری ئیسـلامی ڕێـگای خـۆی بـۆ دابەزیـن و داگیرکردنـی کۆمەڵـگا خـۆش دەکات. بـۆ ئێرانییـەکان، کۆمـاری ئیسـلامی دادەبەزێتـە نێـو کۆمەڵگاکەیـان و بـۆ ئێمـە کۆمـاری ئیسـلامی دەسـەڵاتی ئێرانـی لـە فۆرمێکـی تـردا دێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی کوردسـتانی پـێ داگیـر بـکات.

لـە بەرانبـەردا کۆمەڵـگای خۆرهـەڵات هەیـە کـە لـە یەکـەم هەنـگاوەوە بەرەنـگاری دۆخەکـە دەبێتـەوە و ژینگـەی داگیرکـراو و دۆخـی نەخـوازراو قەبـووڵ نـاکات. بۆیـە دەنـگ بـە ڕێفرانـدۆم نـادات و ئاوێتـەی گەمەکـە نابێـت. بەپێچەوانـە ڕاڤـە و تێگەیشـتنی خـۆی دەخاتـە ڕوو کـە پێشـمەرجەکەی ڕەتکردنـەوەی دۆخێکـە کـە داگیـرکاری و مکانیزمەکانـی ئاسـاییبوونەوەی ڕەت دەکاتـەوە. ئـەم ململانێیـە لـە فـۆرم و ڕەوتـی جیـاواز بـەردەوام دەبـێ و کاتێـک کـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی جوغرافیـای دەسـەڵاتداری لـە دەسـت دەدات و ئاودیـوی جوغرافیایـی خەباتـی چەکـداری دەبـێ، ئیـتر کۆمەڵـگای خۆرهـەڵات دەچێتـە ژینگـەی سـەپێنراو و دۆخـی نەخـوازراوەوە. لێرەدایـە کـە «نا»وتـن بـە داگیرکـەر لـە فۆرمـی بەرەنـگاری جۆغرافیـا دەبێتـە فۆرمـی بەرەنگاریـی سـیمبۆلیک یـان هێمایانـە. بـەو مانایـە کـە ئەگـەر لـە توانایـدا نییـە خـۆی لـە دۆخەکـە ڕزگار بـکات، پەنـا بـۆ شـەڕێکی مانـادار دەبـات. هەمـان ئـەو شـەڕە کـە لـە نموونەیەکـدا بـە ڕەفسـەنجانی وەک نوێنـەری گوتـار و پراکتیـک و کاکڵـەی دەسـەڵاتداری ئێرانی-ئیسـلامی نـا دەڵێـت و پاشـان کـە ڕێفۆرمخـوازەکان دێنـە کایـەوە، فۆرمەکـە بـۆ دەرکەوتنـی تاکتیکـی دەگۆڕێـت و دواتـر ئـەم تاکتیکـە بـە شـێوازی جیـاواز بـەردەوام دەبێـت. لـە هەمـوو ئـەم سـاڵانەدا ئـەوەی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان لـە کوردسـتاندا ویسـتوویەتی، تەنیـا بەڕێکردنـی هەڵبـژاردن بـووە. ئەگینـا

هیچکات کوردستان ئاوێتە نەبووە یان نەبووتە بازنەیەکی پتەو لە ئاوێتەبوون بەم گەمەیەوە. چونکە کۆمەڵگای خۆرهەڵات هەرچەند کۆسپ و ململانێی زۆر توندی بەڕێ کردووە. لەهەمان کاتدا هێشتا سنوورەکانی خۆی لەگەڵ پرۆسە و پرۆژەی ئاساییبوونەوەی داگیرکەر پاراستووە یان وەک خۆی وەک ناسنامەیەک هێشتووەتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم بابەتانە، لە ئەمڕۆدا ئێمە دیسان بەرەورووی هەمان پرسیارین، بەو جیاوازییەوە کە لە ئەمڕۆدا باوەڕمان وایە کە ڕاسان زیاتر بەرچاوڕوونیمان دەداتێ و زیاتر لە جاران ئەگەری چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڵبژاردنەمان پێ دەدا. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاسان فاکتەری خەباتی شاری نەک تەنیا بە فەرمی ناسیوە، بەڵکوو بووەتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێناسەی خەبات لە خۆرهەڵات. ئەگەر جاران جۆرێک لە دڵەڕاوکێمان بەرانبەر بە ڕەفتاری شار بەرانبەر بە ئاساییبوونەوەی داگیرکەر هەبوو، هەنووکە خەریکن بە جۆرێک لە دڵنیایی دەگەین کە خەباتی شار جێگای خۆی گرتووە و بەر چاوی ڕوونە، بۆیە دەکرێ لەو سونگەوە بیر لە خولقاندنی ئەو دەرفەتانە بکەینەوە کە دەتوانێ هەڵبژاردنەکان بکاتە گۆڕەپانی ململانێیەکی دووبارە لەگەڵ ئاساییبوونەوەی داگیرکەر کە هەڵبژاردنی وەک ئامراز یان کەرەسەیەک جێگیر کردووە.

## شێواندن یان ئافڕاندن

جۆری ڕێکخستنی خۆمان بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی پرسیارێکی گرینگە کە پێویستی بە وڵامدانەوەیە. بە واتایەک کۆمەڵگای خۆرهەڵات وەک زۆربەی جاران چاوی لەوەیە کە بزاڤی سیاسیی کوردستان چۆن ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە. بۆیە پێویستی بە دیتنەوەی مکانیزمێکی پراکتیکییە کە تاکی خۆرهەڵاتی بتوانێت هەستی پێ بکات.

پەرچەکرداری ئێمە دەتوانێت لە نێوان دوو بژاردەدا بێت. بژاردەی

یەکەم یان هەمان شێواندنە. بژاردەیەک کە ڕاستەخۆ پەیوەستە بە خەباتی شاخ یان هەمان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها پێشمەرگەی شارەوە. لایەنی دووەمی کە بەردەستە ئافراندنە. لە ئافراندندا هێنانە ئارای دەسپێشخەرییەکە کە پێشان بدات خودی کوردستانیانن کە ئاراستەی پرسەکە بەدەستەوە دەگرن نەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی پلانی بۆ دادەڕێژێت.

شێواندن زۆربەی جاران لەو خانەوە سەرچاوە دەگرێ کە هێزێکی سیاسی یان بەرەیەکی سیاسیی ئۆتۆریتەی زاڵ بخەنە ژێر پرسیارەوە. بەو مانایە کە ئەو پەیامە بگەیەنن کە دەسەڵاتی زاڵ، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکوو هێزێکی تر دەسەڵاتی ڕاستەقینەن. ئەم بژاردە دەتوانێ هەموو کوردستان بگرێتەوە یان تەنیا ناوچەیەکی دیاریکراوە بکاتە ئامانجی خۆی. گرینگ ئەوەیە کە تێگەیشتنی ئێمە لە کۆی خۆرهەڵاتدا چییە یان چۆن خوێندنەوە لەسەر دۆخی ناوچە جیاوازەکاندا دەکەین.

تاکتیکی دووەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڵبژاردنە ئافراندنە. لێرەدا قورساییی بابەتەکە دەکەوێتە ئەستۆی خەباتی شار. خەباتێک کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕاسانی خۆرهەڵاتە. لەم ئافراندنەدا بەرهەمهێنانی ڕەفتارێکی گشتی مەبەستە کە بتوانێت بە شێوەیەکی هێمای و کردەیی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم ئافراندنەدا کۆمەڵگای خۆرهەڵات بە دەور پەیامێک کۆ دەبێتەوە تاکوو لەو ڕێگەوە پەیامێک بگەیەنێت، ئەویش پەیامی ڕەتکردنەوەی ژینگەی سەپێنراو و دۆخی نەخوازراوە. لێرەدا کۆمەڵگا دەبێتە سەنگەری یەکەم لە ململانێی لەگەڵ داگیرکەر(دیارە بە پشتیوانیی بەرەی سیاسی).

پێدەچێت ئەم جۆرە لە بۆچوونە ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنە ببێتەوە کە هەڵبژاردن لە ئێران شتێک نییە جگە لە شانۆ، بۆیە تاکە ڕێگا بایکۆتە و نابێ بیر لە هیچی تر بکەینەوە. لەم ڕەخنەدا هیچ گومانێک نییە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە چونکە داگیرکەر

گۆڕەپـان و دۆخەکـەی بەدەسـتەوەیە، خەڵـک ناچـار دەبێـت لـە نەبوونـی ئاڵترناتیڤـدا بـە شـێوەیەک نەخـوازراو ڕەفتـار بنوێنێـت. لـەم ڕەهەندیـە کـە ئەرکـی ئێمـە ئەوەیـە یارمەتـی کۆمەڵـگا بدەیـن کـە خـۆی لـە دۆخـی بەرکاربـوون دەربـاز بـکات. بـەو مانایـە بـژاردەی خـۆی هەبێـت. بەگشـتی پرسـەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بـژاردەی ئافرانـدن بژاردەیەکـی گرینگـە و دەتوانێـت ڕاوەسـتەی لەسـەر بکرێـت، خسـتنە بەردەسـتی هـەر چەشـنە تاکتیکێـک پێویسـتی بـە کـۆی بـەرەی کوردسـتانییە.

لـە ئەنجامـدا ئـەوەی دەتوانیـن بڵێیـن سـەبارەت بـە ڕاسـان و هەڵبـژاردن، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە پانتایـی هەڵبـژاردن، پانتایەکیـترە بـۆ تاقیکردنـەوەی ڕاسـان و بەرۆژەڤکردنـی مکانیزمێـک کـە بـەر بـە ئاسـاییبوونەوەی داگیرکـەر بگرێـت. چونکـە ڕاسـان وەک وەرزێکـی نـوێ لـە خەباتـی خۆرهەڵاتـە و پێویسـتە ئـەم وەرزە نوێیـە وڵامێکـی ڕوون و کردەیـی بـۆ کۆمەڵـگا هەبێـت. ئەمـەش بەرهـەم نایـەت تـا ئیـرادەی کۆمەڵـگا و هێـزە چالاکەکانـی لـە چوارچێـوەی بەرەنگاریـی دۆخەکـەدا خۆیـان ڕێـک نەخـەن و نەڵێـن، ئێمەیـن ئەنجامـی گەمـەکان دیـاری دەکەیـن نـەک ئێـوە.

"لەو شوێنەی کە ئازادی
نییە، ئەگەر دەنگدان
شتێکی بگۆڕایە، ڕێگایان
نەدەدا کە دەنگ بدەن"

مارک تواین